# فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی
# لە
# جیهانی عەرەبدا

**وەرگێڕانی**

**ئاسۆ کەریم**

کوردستان — هەولێر

٢٠٠٥



**ناوی کتێب: فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە جیهانی عەرەبدا**

- نووسینی: ریچارد هرایەر دکمەجیان
- وەرگێڕانی: ئاسۆ کەریم
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- پیتچنین: ژیار ئاسۆ
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ٦٧٥
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپی یەکەم
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

**زنجیرەی کتێب** — ٤٠ — (١٤٣)

**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com**

**ژمارەی تەلەفۆن : 2260311**

www.mukiryani.com

# ناوەڕۆک

لەجیاتی پێشەکی:........................................................ ٥
دانەر.................................................................. ٧
بەرایی: ................................................................ ٨

بەشی یەکەم

فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی هۆکارەکانی

سەرهەڵدان، هێما و تایبەتمەندییەکان، بەرسف ........................... ١١
١- بووژانەوەی ئیسلامی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا ......................... ١٣
٢- دیرۆکی بزووتنەوەکانی ئیسلامی ....................................... ٢٤
٣- بنچینە دەروونی- کۆمەڵایەتییەکانی زیندووبوونەوەی ئیسلامی ......... ٥٠
٤- ئایدیۆلۆجیا و کردەی ئیسلامیی ....................................... ٧١
٥- پۆلینکردنی کۆڕوکۆمەڵە ئیسلامییەکان و کاردانەوەی دەوڵەت ......... ١١١

بەشی دووەم

رابوونی ئیسلامی لە جیهانی عەرەبدا ..................................... ١٤٣
٦- میسر: بێشکەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی ............................ ١٤٥

بەشی سێیەم

فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی دەرەنجام و ئەگەرەکان .......................... ٢٠١
٧- فاکتەرەکانی پێشبینیکردن لە ژینگەگەلی قەیرانەکاندا ................. ٢٠٣





PDF 4 KURD

## لەجیاتی پێشەکی:

خوێنەری بەڕێز ئەم کتێبەی بەردەستت، لە چاپی سێیەمی کتێبی "**الاصولية في العالم العربي**"ی پرۆفیسۆر دکمەجیان کە "**عبدالوارث سعيد**" لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە عەرەبی و ساڵی ١٩٩٢ پەخش بووە، تەرجەمە کراوە. چاپی ئینگلیزیی ئەم کتێبە ISLAM IN REVOLUTION “Fundamentalism in the Arab World” ساڵی ١٩٨٥ بۆ یەکەمجار لە Syracuse University Press چاپ و پەخش کراوە. شایانی گوتنە ئەم کتێبە، **حەمید ئەحمەدی** کردوویە بە فارسی و لە ژێر ناوی "**اسلام در انقلاب: جنبشهای اسلامی در جهان عرب**"، ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، "انتشارات کیهان" لە چاپی داوە.

هەروابێتەوە، لەم کارەمدا، کتێبە عەرەبییەکەم کرد بە بنەما و دواتریش لە گەڵ تەرجەمە فارسییەکەدا پێکم گرتوون.

لە بەرانبەر زاراوەی "**الاصولية**"دا فەندەمێنتالیزم، بنەوانخوازی، بنیادگەری–یم بەکار هێناوەو بۆ بابای "**الاصولي**"یش: فەندەمێنتالیست، بنەوانخواز.. بەرانبەر وشەی "**الحركي**"یش، دەستەواژەی نەبەردخواز–م بەکارهێناوە.

ئەم کتێبە، لە سێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم زێتر تیورییە، لە بەشی دووەمیشدا وەکو نموونە دیراسەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە چەند وڵاتێکی عەرەب: میسر، سوریا، عیراق، سعودیە و وڵاتانی کەنداو کراوە، بەشی سێیەمیش تەرخانە بۆ دەرەنجام و ئەگەرەکان، من لە بەشی دووەمدا تەنیا نموونەی میسرم تەرجەمەکردووە و لە تەرجەمەکردنی نموونەی وڵاتەکانی دی خۆم بواردووە و بە پێویستم نەزانیون، ئەو ژی لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان:



داتاکانی ناو ئەم لێوەکۆڵینەم وەکو دیراسەیەکی پراکتیکیی کۆن هاتە بەرچاو. دووەمیان: پێم وابوو، میسر وەکو نموونەیەك، بەو پێیەی زێد و واری کۆنترین ڕێکخراوی ئیسلامی سیاسی، واتە "**الاخوان المسلمون**" بووە، بەسە و ئەم کەلێنە پڕ دەکاتەوە.

بەهەرحاڵ، ئەوەی کردم کردم، ماوەتەوە ئێوە قسەی خۆتان بکەن!

ئاسۆ کەریم

هەولێر – ئابی ٢٠٠٥

## دانەر

ریچارد هرایەر دکمەجیان Richard Hrair Dekmejian، ساڵی ١٩٣٣ لە شاری حەلەب–سوریا لە دایك بووە و بە بنەچەکە ئەرمەنە و ئێستا لە ئەمریکا دەژی. مامۆستای زانستە سیاسییەکان بووە لە زانکۆی نیویۆرك لە بینگهامتون. هەروا وانەبێژی کاروباری ڕۆژهەلاتی ناڤین–یش بووە لە ئەنیستیتۆی خزمەتگەلی دەرەکی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. ریچارد لە زانکۆی کۆلۆمبیا دەرچووە و لە "ئاژانسی گەشەسەندنی نێودەولەتی" لە وەزارەتی دەرەوە، هەم لە "ئاژانسی فراژیبوونی نێودەولەتی"یش وەکو راوێژکار کاری کردووە.

دکمەجیان چەندین وتار و کتێبی نووسیوە، لەوانە:

Egypt under Nasir, 1971

Patterns of Political Leadership: Egypt, Israel & Lebanon, 1975



## بەرایی:

لەم دەیەی دواییدا*، ئاگایی ئیسلامی لە تەواوی کۆمەڵگە موسڵماننشینەکانی سەرانسەری جیهاندا، فراژی بووەو قووڵ بووەتەوە.. ئەم ژیانەوەو رابوونەی ئیسلام، لە هەمانکاتدا رواڵەتگەلی رۆحی، جڤاکی، ئابووری و سیاسی هەیە. رووکارە بەرچاوەکانی رابوونی هاوچەرخ، تەبای سەدەکانی رابردوو، بریتین لە گەڕانەوە بۆ سەر رەگ و ریشە ئیسلامییەکان– بۆ ئوسوڵەکانی باوەڕ– هەروەکو بە وەحی بۆ پێغەمبەر محمد (صلی الله علیه وسلم)** هاتوون و جێبەجێی کردوون.

ئەم کتێبە، لە چوارچێوەی تەنگوچەلەمەی کۆمەڵگەی ئیسلامیی هاوچەرخدا لە رەگ و ریشە و تەرزە مێژووییەکانی رابوونی ئیسلامی و شێوە جۆربەجۆرەکانی ئەم ژیانەوەیە، دەکۆڵێتەوە. ئەم کتێبە، بە نیاز نییە، لێوەکۆڵینێکی هەمەگری ئیسلام بخاتە روو، یان وێنەیەکی فەندەمێنتالیزم، پێشکێش بکات، بەڵکە قسە و باس لە ئیسلامی سیاسی و نێوەڕۆکە "شۆرشگێری"یەکەی لە جیهانی عەرەبدا دەکات.

لەم لێوەکۆڵینەوەدا، تا ئەو جێیەی کە توانراوە، پشت بە سەرچاوەو ژێدەری رەسەنی عەرەبی لەبابەتی بلاوکراوەو بەلاڤۆکی نهێنی و ناميلکە و نامەگەل، بەستراوە. نزیکەی ٩١ کۆڕو کۆمەڵ و گروپی ئیسلامی دراوەتە بەرباس و لیوەکۆڵین کە هەندێ بەڵگەی واقیعی لەبارەی بزووتنەوەی بنەوانخوازی دەخەنە روو.

---

* مەبەست حەفتاکانی سەدەی رابردووە.

** لە هەر شوێنی ناوی پێغەمبەر هاتبێ ئێمە (ص) مان بۆ زێدە کردووە. بە قسەی وەرگێری عەرەبی لە ئە سڵە ئینگلیزییەکەدا ، دکمجیان (صلی الله علیه وسلم) دانەناوە.

وەکو عیساییەکی ئەرمەن، کە لە کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسڵمانئنیشندا، هاتوومەتە دنیاوە و پەروەردە بووم، بە پێی توانا، هەوڵم داوە لە روانگە و دیدی ئیسلامییەوە، باش لە دیاریدەی فەندەمێنتالیزم حاڵی ببم. بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە قورس و سەختەش، بە بیٚ خۆهەڵنان هەولّ و تەقەلاّم بەخت کردووە تا لەم فەرمایشتەی قورئان بگەم و رەچاوی بکەم: قل الروح من أمر ربي وما أوتيتم من العلم الا قليلا.

ئەم کتێبە بە هەموو خەوشەکانیەوە، بەرەنجامێکی چکۆلەی "ئیجتیهاد"ی هاوبەشی دانەر و زۆرێك لەو کەسانەیە کە یارمەتیان داوە.

**ریچارد، هرایەر دکمەجیان**

**پاییزی ١٩٨٤ بینگهامتون/ نیویۆرك**

# بەشی یەکەم

## فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی

### هۆکارەکانی سەرهەڵدان، هێما و تایبەتمەندییەکان، بەرسڤ





PDF 4 KURD

-1-

## بووژانەوەی ئیسلامی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا

دنیای ئیسلام، لە سێ سەدەی دیماهیدا، چەندین قەیران و گرفتی ناوەکی و دەرەکیی قەوارە خواروو ژووری بە خۆوە بینیوە. رەنگە داوەشانی بەرە – بەرەی هێزو شنگی عوسمانلی و ئێرانییان لە بەردەم هێز و برستی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپیدا، سۆنگەی چەکەرەکردنی حەزێکی هەمیشەیی بوبێت بۆ چاوگێڕانەوە بە ئوسوڵەکانی ئیسلام. کۆمەڵگەی ئیسلامی – هەروەکو لە سەدەکانی بەرێ وابووە– بە بەرسڤ و کاردانەوەی کولتووریی خۆیی: بە گەڕانەوە بۆ ئیسلام و ئوسوڵە بنەڕەتییەکانی، بەرەنگاری تەنگژەکانی خۆی بووەوە.. لە دەسپێکی سەدەی ١٤ی کۆچییەوە (١٩٨٠ی زایینی) بزاڤی گەڕانەوە بۆ سەر ئوسوڵ و رەگ و ریشەی ئیسلامی، گوڕ و تینێکی بەهێزی بە خۆوە گرتووە کە شوێنەواری ستراتیجی و ئابووری و سیاسیی گرنگی لێ رەچاودەکرێ. فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە بەرگی نەبەردخوازانەیدا، لە نیوەی ئەم دەیەی دواییدا، لە هەر وڵاتێکدا باری جیا–جیای بە خۆوە گرتووە:



- شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران.
- گرتنی "المسجد الحرام" لە مەککە.
- تێکهەڵچوونەکانی ناوچەی رۆژهەڵات لە شانشینی عارەبیی سعودی.
- بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی سۆڤیاتی لە ئەفغانستان.
- شۆڕش دژی حوکمی بەعس لە سوریا.
- بەرهەڵستکاریی چەکدارانە دژ بە حزبی بەعسی عیراق.
- تیرۆرکردنی سەرۆك سادات.
- هێرش و پەلاماری خۆکوژیی و خەباتی چەکدارانەی دژ بە ئیسرائیل و هێزەکانی ئەمریکاو فەرەنسا لە لوبنان..
- تێکهەڵچوونەکانی بەحرەین و بۆمب تەقاندنەوەکانی ناو کوێت.
- بشێوی و خۆنیشاندانەکان لە جەزایر و تونس و مەغریب.

فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی هاودەم بە هەردوو رووە نەبەردخواز و ئاشتیخوازییەکەیەوە، سێ سیفەتی گشتی هەیە:

١– بڵاوبوونەوەو پەرتبوون

٢– فرە سەنتەری

٣– خۆگری و پێداگرتن.

بڵاوەیە چونکە کۆڕو کۆمەڵە و بزاوتی ئیسلامی لە هەموو کۆمەڵگەیەکی موسڵماننشیندا جا قەبارەی ئەو کۆمەڵگەیە هەر چەند، یان باری سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکەی هەر چۆنێ بێ، سەریان دەرهێناوەو ژیاونەتەوە، هەروابێتەوە وەئاگاهاتنەوەی ئیسلامی تایبەت نییە بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی، یان ئابووری، وەلێ فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی بەزۆری لەلایەن رۆڵەی چینەکانی خوارێ، خوارێی– ناوەند و نێوەنجی پشتەوانی لێ دەکرێ، هەروا تا دێ بەڵگەی ئەوەش خویاتر دەبێ کە رۆڵەکانی هەردوو چینی باڵا–



PDF 4 KURD

ناوەند و بالآش لە ژیاندا دەست بە ڕێبازی ئیسلامییەوە دەگرن. هەروابێتەوە بزاڤی لە دایکبوونەوەی ئیسلامی، بزاڤێکی فرە سەنتەرە، لەو ڕووەوە کە تاکە سەرکردایەتییەکی "نەبەردخوازانە"، یا تاکە ناوەندێکی ڕێکخراوەیی نییە. گەڕانەوە بۆ ئوسوڵی ئیسلامی تا رادەیەکی زۆر مۆرکێکی خۆجێی وەرگرتووە لەبەرئەوەی بەرسڤ و کاردانەوەیەکە لە ڕاست قەیرانی تایبەت بە ژینگە نەتەوەییە جۆراو جۆرەکانی وڵآتان. وێڕای ئەوەش بزاڤی ئیسلامی دەشێ لە ئایندەدا بەڕاست مۆرکێکی بان ئاقاری نەتەوەیی بەخۆوە بگرێ پێ بە پێی پلەی وێکچوونی ئەم قەیران و ئەو قەیران لە کۆمەڵگە جیا–جیاکاندا. لە دیماهی، فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لەم سەدەی دوایی و لە چاخەکانی رابردووشدا، پلەیەکی لە ئاسایی بەدەری سووربوون و خۆگری لە خۆ نیشانداوەو لە ڕێگەی بەخۆداهاتنەوەدا، شێوەی سووڕئاسایCycle لە پرۆسەی سیاسی– کۆمەلآیەتیدا بەخۆوە گرتووە[١].

ڕەوەند و بیچمی وەهۆشهاتنەوەی ئیسلامی بەناو و فۆرمۆلەی جیا–جیا نەخشێندراوە وەکو: زیندووبوونەوە، لەدایکبوونەوە، پاکدینی، فەندەمێنتالیزم، وەئاگاهاتنەوە، چاکسازیی، هەستانەوە و ژیانەوە، نوێبوونەوە، رابوون، تین تێگەڕانەوە، "خەباتگێڕیی"، جووڵەگەری، متمانە بە گەڕانەوەی سەر لەنوێی سەردەمی زێڕین، دەرکەوتنەوەی مەهدی، گەڕانەوە بۆ ئیسلام، هورووژمی ئیسلامی.

1- Hrair Dekmejian, The Anatomy of Islamic Revival: Legitimacy Crisis, Conflict and the search for Islamic Alternatives, Middle East Journal 34, No. 1 (Winter 1980), P. 1-3

سەبارەت بە تەرزەکانی داهێزران و بووژانەوە، سەیری ئەم کتێبە بکە:

Abul Ala Maududi, A Short History of the Revivalist Movement in Islam (Lahore: Islamic Publication 1963)



ئەم زاراوانە سەرلەبەر بۆ وەسفکردنی ئاڵۆز و پاڵۆزیی دیاریدەی ئیسلامی بەسوودن، وەلێ ئەو مانایەشیان هەیە کە ئیسلام لە باری بۆرژاندا بووە. ئەمەش لەگەڵ ڕاستیدا یەکناگرێتەوە. چونکە ئیسلام سەرکەوتووانە بەرەنگاری پرۆسەی لە قاوغنانەوە (تەریك خستنەوە) بووەوە کە لە رۆژئاوادا بەسەر(مەسیحیاتی) دا سەپێندراوە، ئەم بەرەنگاربوونەوەیە سۆنگەی ململانەی لە ئارادابووی نێوان دەوڵەت و ئایینە لە جیهانی ئیسلامیدا. ژ بەر هندێ، دەبێ سەبارەت بە دیاریدەی ئیسلامی چاو بە زاراوە و ئاوێتەی بەکارهاتووی عەرەبانەی رەسەندا، بخشێندرێتەوە. راڤەکاران و لایەنگران و هاوسۆزانی ئەم بزووتنەوەیە بە زۆری ئەو تێرمانە Terms بەکاردێنن: بوژانەوەی ئیسلامی، وەئاگاهاتنەوەی ئیسلامی، زیندووکردنەوەی ئایینی، فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی[٢].

لەبارترین زاراوە فەندەمێنتالیزمی ئیسلامییە. لەم ڕووەوە کە ئاماژە بۆ لێوەکۆڵینی ئوسوڵەکانی باوەڕو بنەماکانی کۆمەڵگەی دەوڵەتی ئیسلامی و ڕێساکانی سیستەمی حوکمی شەرعی دەکا. ئەم تێرمە زێتر جەخت لەسەر رەهەندی سیاسیی بزاڤی ئیسلامی دەکاتەوە تا ڕووە دینییەکەی. بە گوێرەی بەکارهێنانی باوی وشەگەلی ئیسلامی، هزری لەگوین "نوێبوونەوە" ئاماژە بۆ تازەکردنەوەی ناوبەناوی باوەڕ و ئیمان دەکا. لە کاتێکدا زاراوەی ریفۆرم بەمانای گەڕانەوە بۆ سەر باری جاران دێ. هەروا کۆمەڵە زاراوەیەکی گرنگی دیش هەن کە لە زمانی عارەبیدا بۆ وەسفکردنی ئوسوڵییەکان بە تاك و کۆمەڵەوە بەکار دێن. لایەنگرانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی هەمیشە بۆ

[٢] سەبارەت بەو زاراوانە، سەیری ئەو وتارە چڕوپڕەی ( حسن حنفي، الحركة الاسلامية المعاصرة، الوطن، ١٩٨٢/١١/٢٠) بکە. زاراوەی فەرەنسی Integrisme یش بە سوودە.

خۆیان " **ئیسلامییەکان**"، یان "**رەسەنەکان**" واتە راستەقینەکان بەکاردێنن. هەروا زاراوەی "**بەدین/ بەدینەکان**" بەمانای خواپەرست، یان دڵسۆزیش بەکاردێ کە ئاوەژووی "**دەمارگیر "فەناتیك"/دەمارگیرەکان**" ە کە بەمانای دڵگەرم و حەماسەئامێز، یان سەختگر دێت. وشەی "**دەمارگیر**" بەزۆری غەیرە ئوسوڵییەکان بۆ وەسفکردنی "نەبەردخوازە" ئیسلامییەکان، ئەوانەی بەلای بەکارهێنانی توندوتیژیدا دادەشکێننەوە، بەکاری دێنن. زاراوەی پەرگیریش لەمەوە نزیکە. زاراوەی "بەدین" دوو مانای بنچینەیی هەیە: مانایەکی گشتی کە هێمایە بۆ موسڵمانی دڵسۆز، مانایەکی تایبەت کە هێمایە بۆ ئوسوڵییەکان خۆیان واتە بۆ خۆ–جیاکردنەوە لە خەڵکی دیکەی موسڵمان. لەم تۆژینەوەیەدا دوو زاراوەی: فەندەمێنتالیزم – بنەوانخوازی – الاصولیة– Fundamentalism و ئیسلامی Islamist بەیەك مانا بەکار دێنین.

## ئامانجگەلی شرۆڤەکاری

ئەم لێوەکۆڵینە پێوەیە دیدو تێروانینی ئیسلامی و رۆژئاوایی و هی دیش سەبارەت بە فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی بۆ حاڵیبوونێکی هاوسەنگ و ماقوڵانەی رووکارەکانی ئەم دیاریدەیە لە جیهانی عەرەبدا بەیەکەوە کۆبکاتەوە. لە پێناو گەیشتن بەم مەبەستە، باسەکە بەشێوەیەکی فراوانی وا دابەشکراوە کە: هۆکارە مێژوویی و ئایینی و دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کار لەم دیاریدەی بنەوانخوازییە دەکەن، بگرێتەوە. ئەم شیکارە، یازدە بابەتی دیار دەداتە بەرباس و لێوەکۆڵین:

١- پێگە مێژوویی و ئایینییەکانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و تەرزە ناوبەناوەکانی.



٢- هۆکارەکانی هاتنەئارای فەندەمێنتالیزمی هاوچەرخی ئیسلامی.

٣- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دەروونیی تاکی بنەوانخواز.

٤- توخمەکانی ئایدیۆلۆجیای فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی.

٥- شێوازو ئامانجەکانی پرۆپاگندەی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی.

٦- هێماو نیشانەکانی رەوتاری بنەوانخواز.

٧- پۆلینکردنی ٩١ کۆڕ و کۆمەڵەی بنەوانخواز.

٨- سەرکردایەتیی بزووتنەوەگەلی ئیسلامی.

٩- بەرسڤ و کاردانەوەی دەوڵەتان لە هەمبەر فەندەمێنتالیزمدا.

١٠- پەرەسەندنە چاوەڕوانکراوەکانی بزووتنەوەگەلی بنەوانخواز لە هەلومەرجی پێکناکۆکی عەرەبیدا.

١١- فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و بەربەرەکانێی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

## چوارچێوەی هزرەکی

ئەو باسانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە، وا دەخوازن میتۆدێکی هزرەکیی بەربژێر (انتقائی)، بەکار بهێنین کە تیۆریگەلی قەیرانەکان، سەرکردایەتی، کەسایەتی، ململانەی چینەکان و هۆکاریی دیالەکتیکی بگرێتەوە. دەکرێ پێوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی ئەو چوارچێوە تیۆرییەی لە شێوەی ژمارە (١)دا روونکراوەتەوە، لەم چەند گریمانەیەدا پوخت بکەینەوە:



PDF 4 KURD

**١– قەیرانی کۆمەڵایەتی:**

وەکو دیاریدەیەکی ناوبەناو کە وەڵامدەرەوەی ئاریشەیەکی کۆمەڵایەتی سەخت و بەربڵاوبێ، سەیری فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی دەکرێ.

**٢– تایبەتمەندییەکانی ژینگەی قەیران:**

ئاقاری بەرسف و توندیی کاردانەوەی فەندەمێنتالیستی، لە بێداربوونەوەی رۆحییەوە دەستپێدەکا تا توندوتیژیی شۆڕشگێرانە، ئەمەش لەسەر مەودای قووڵیی کەشوهەوا و ژینگەی قەیرانەکە دەوەستێ کە شەش تایبەتمەندیی هەیە:

أ– قەیرانی پێناسە

ب– قەیرانی شەرعییەت

ت– گەندەڵیی حوکم/ فشارو داپلۆسین

پ– ململانەی چینەکان

ج– پەککەوتوویی سەربازی

ح– قەیرانی کولتووری.

**٣– کاردانەوەی بنەوانخوازانە:**

فەندەمێنتالیزمی ئایینی– سیاسی، وەکو کاردانەوەیەك بۆ قەیرانی کۆمەڵایەتی خۆی نیشاندەدا لە رێگەی:



أ– سەرکردایەتییەکی کاریزماییەوە کە بە گۆڕینی رۆحیی کۆمەڵگە، یان گۆڕینی شۆڕشگێری، یان بە هەردووکیانەوە پابەند بێت.

ب– بوونی ئایدیۆلۆجیایەك کە بڕوای بە هاتنەوەی سەردەمی زێڕین هەبێ، ئەم ئایدیۆلۆجیایە، بانگەشە بۆ رزگارکردنی بەهاگەل و بڕوا و پراکتیکە بنچینەییەکان بکا کە بەیەکەوە سیستەمی بنەوانخوازیی نوێ پێکدێنن.

ت– کەسایەتی بنەوانخواز کە لە ژێر کاریگەریی ژینگەی قەیران و دژە–کاریگەرییەکانی هاوبەند بە ئایدیۆلۆجیای ئوسوڵی، دروستدەبێ.

پ– کۆڕو کۆمەڵەو چینە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە بەر ئاراستە و بۆچوونە کولتووری و دەروونی و رەوشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە دیاریکراوەکانی خۆیان و لەبەر سیستەمی ئابووریی جیهان، هەر زوو بانگەشەی بنەوانخوازی کاریان تێدەکا.

ج– ئەو بزووتنەوە و کۆمەڵە بنەوانخوازانەی – بەشێوەیەکی نموونەیی– کەسایەتی کاریزمایی رابەرایەتیان دەکەن و جۆرەها رەوتار کە لە نێوان دڵگەرمی و تاو و تینی رۆحی و کاری شۆڕشگێڕانەدا دەخولێنەوە، دەنوێنن.

**٤– کاردانەوەی دەوڵەتان و ئەنجامەکانیان:**

رووکارە سیاسییەکانی فەندەمێنتالیزم و بۆچوون و ئاڕاستەکانی بەرەو توندوتیژی، بوون بە مایەی بەرسف و کاردانەوەی سیاسەتی دەوڵەت هەر لە بەزەبری هێز خامۆشکردنەوە بگرە تا سات و سەودا و سازش و پشی –پشی



PDF 4 KURD

و هاریکاریکردن. بووژانەوەی فەندەمێنتالیزم، یان داهێزرانی لە ئایندەدا لەسەر سروشتی سیاسەتەکانی دەوڵەت دەوەستێ، هەروا لەسەر کارێکتەرە دەرەکییەکان و جۆری سەرکردایەتیی بزووتنەوە بنەوانخوازەکانیش بەندە.

بووژانەوەی رۆحیی ئیسلامی لە هەلومەرجی ئێستادا، دیاریدەیەکی ئاڵۆزە، چونکە لە هەمان کاتدا ئەم دیاریدەیە سروشتێکی رۆحی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی هەیە. ئەو رێبازەی تا ئێستا رۆژئاوا لە هەمبەر فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیدا، لەسەری رۆیشتووە ئەوەیە کە خەتی سووری لەبن کێشاوەو، لە خانەی "فاناتیزم– دەمارگیری" داناوە. ئەم بەکاربردنە لە بواری شرۆڤەکارییەکی بێگەردو هاوسەنگیی بابەتەکە جێگەی نابێتەوە. بە هەق، بەرەنگاریی ئیسلامی، بەگوێرەی جیهانی رۆژئاوای داماو بەدەست گیروگرفتە ئابوورییە روو لە زیادەکان و بایەخگەلی ئاسایشەوە، کتوپڕو شووم بووە. تەنیا کەمینەیەك لەدەرەوەی ئاقاری دنیای ئیسلامیدا، توانای پێشبینیکردنی بووژانەوەی ئیسلامییان هەبووە لە ژینگەی هاودەمدا[٣]. چاوکزی و بێ زەینی لە بواری ئەو هزرو وێناکردنەدا کە ماتریالیزمی رۆژئاوایی و مارکسیزم هێناویانەتە گۆڕێ، هەم چاوی ئەو زانا و هەم ئەو دەوڵەتدارانەی خراپ کوێر کردووە کە پێیانوابووە ئیسلام هێز و توانی ژیان تێگەڕانەوەی نییە، یان ئەو هێزو توانایەیان بە کەم بایەخ سەیرکردووە. هەر میتۆدێکی ساغ و دروست بۆ لێوەکۆڵینی ئەم بابەتە روانگەیەکی واقیعبینانەی لە رووی کولتوورییەوە گەرەکە کە لەسەر بنەمای بڕوا و مێژووی ئیسلام و نووسینی تیۆریسینە ئیسلامییەکان رۆنرابێ. ئا ئاوا، ئەم لێوەکۆڵینە هەوڵ دەدا تەکز بکاتە سەر روانگەی ئیسلامی لەتەك روانگەی

---

[٣] Bernard Lewis, The Return of Islam, Commentary , 16/12/ 1976, p.39-49



ورد و کارای تیۆریگەلی کۆمەڵایەتی رۆژئاواییدا، بەوەشەوە کە "ئەریکسۆن Erickson" لەبارەی کەسایەتی و سەرکردایەتی ئایینی پێشکەشی کردووە، هەروا هزری ڤیبەر Maxs Weber لەمەڕ بەهرە و لێهاتوویی کەسایەتی و بەڵگەی پەیامبەرایەتی Prophetic authority هەروەکو لە نووسینەکانی پۆلس St. Paul—ەوە پوختەکراوە.

ژمارەیەکی زۆر لە تیوریسینە رۆژئاواییەکان، لە مارکس و ڤیبەرەوە بگرە تا دورکهایم و بیرگەر Berger بە توندی وای بۆ دەچوون کە بێبەشی ئابووری و کۆمەڵایەتی، پابەندبوونی زێتر بە ئایینی لێدەکەوێتەوە[٤]. ئەم دیراسەیە، بەبێ نکوڵیکردن لە گرنگیی کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، بە لێبڕاوییەوە پابەندبوونی خۆی بەو چوارچێوەیە دەردەبڕێ کە بە هەمەگیری و فرە– رەهەند بۆ شیکردنەوەی باکگراوندی قەیرانی هاوچەرخی ئیسلامی لە لێوەکۆڵینی تر، جیا دەکرێتەوە. ئا لێرەوە، جەخت لەسەر قەیرانی رۆحی و قەیرانی پێناسە و کولتوور و قەیرانی شەرعییەت، لەدەستچوونی بنەمای ئاکارەکی دەسەڵات و دیاریدە بەدەکانی کارڕاپەڕاندن وەکو گەندەڵیی فەرمانڕەوایی دەستەبژێر و پەککەوتەیی سەربازی و ململانەی چینەکان دەکرێتەوە. ئەم وێناکردنە کە لەسەر بەرلێگرتن وەستاوە، بە کۆکردنەوەی تیۆریگەلی رۆژئاوایی لەبارەی قەیران و قامکڕاکێشانی ئیسلامییان بۆ هەلومەرجی قەیرانەکانیان جیادەکرێتەوە: لە فەسڵەکانی دادێ بە پێی ئەوەی کە لە شێوە هێڵکارییەکەی ژمارە (١) دا خراوەتە روو، پێکهاتەکانی چوارچێوەی وێناکردنەکە دارێژراون.

---


[٤] Dala W. Wimberley, Socioeconomic Deprivation and Religious Salience, A cognitive behavioral Approach, The Sociological Quarterly, 25, (Spring 1984), P. 223-224.



PDF 4 KURD

**شێوەی ژمارە (١)**

**چوارچێوەی هزرەکی**






-2-

## دیرۆکی بزووتنەوەکانی ئیسلامی

یەکێ لە تایبەتمەندییە زەقەکانی بزووتنەوە ئاینییە فەندەمێنتالیستەکان، تایبەتمەندی و سەمتی ناوبەناوی ئەو بزاڤانەیە کە لە سووڕو ماوەی بەرودوای مەیین و بۆرژان و ژیانەوە پێك دێت. دەشێ بە ئاشکرا تەرزێکی هۆکارێتی بدۆزینەوە کە لە دووتوێیدا رواڵەتەکانی رابوون و ژیانەوەی ئاینی، هاوکاتی قەیرانە توند و تیژە رۆحی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بووە°. لە راستیدا، بە درێژایی مێژووی ئیسلامی، هەستانەوە و بووژانەوەی ئیسلامی هاوبەندییەکی توندوتۆڵی بە ماوەگەلی تێهەڵچوونی توند و تیژ هەبووە کە لەو کاتانەدا خەتەر بۆ سەر بوونی ئوممەی ئیسلامی، یان بۆ سەر یەکگرتووییە رۆحییەکەی، یان بۆ سەر هەردووکیان هەبووە.

° سەرچاوەی پێشوو، ل ٢-٦. هەروا بڕوانە: R. H. Dekmejian, The Islamic Revival in the Middle East and North Africa, Current History 78, no 458 (April 1980), pp. 169- 74,

دەكرێ سەیری ئەم خولەی ئێستای بووژانەوەی ئیسلامی، وەكو سووڕێك، بكەین كە لەگەڵ سەرهەڵدانی ناوبەناوی بزاڤی زیندووبوونەوەی ئیسلامیدا هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (ص) لە هەنگامەی قەیرانەكاندا ڕێكدێتەوە. ئەم میتۆدە دیالەكتیكییە (كارلێكەرییە) كە میراتی ئیبن خەلدونمان وەبیر دێنێتەوە، تەنێ سەرچاوەی لە فاكتی مێژوویی وەرنەگرتووە، بەڵكە لە دیدی شەخسی و تێڕوانینی جیهانیی ئەمڕۆی بزاڤی ئیسلامیش. بەراستی، فەندەمێنتالیستە هاوسەردەمە ئیسلامییەكان، خۆیان بە خەلیفەی ڕاستەوخۆ و شوێنكەوتەی پێڕەوی سەركردەو بزاڤگەلی ژیانەوە و نوێبوونەوەخوازی دەزانن.

## سووڕەكانی قەیران و وەڵام و باوەگۆی فەندەمێنتالیزم

فەندەمێنتالیستەكانی سەردەمی ئێستا، بەو تێڕوانینە ڕاهاتوون كە دیرۆكی ئیسلامی، دیرۆكی داڕمان و بووژانەوەیە، بەشێكی زۆر ڕاستیی مێژوویی تێدایە.

بە هەق پێوەندیی هۆكاریی Causality، لە نێوان بێسەروبەریی ڕۆحی – كۆمەلأیەتی – سیاسی و بووژانەوەی بزووتنەوەی ئوسوڵیدا تەرزێك بووە كە بەردەوام لە دیرۆكی ئیسلامیدا چەند پات بووەتەوە هەروەكو لە وێنەی مێژوویی ژمارە –٢ دا ڕوونكراوەتەوە. ئەم بزاڤە ناوبەناوەی تەنگژە و بووژانەوە، لە سەردەمە جیاجیاكانی مێژووییدا كارێكی خوّیایە.

١– ڕووخانی ئەمەوییەكان– عومەری كوڕی عەبدولعەزیز (مێژووی مردن ٧٢٠). ابو حنیفة (٦٩٩– ٧٦٧). مالك بن انس (٧١٤– ٧٩٨). ڕاپەڕینی شیعە/ شۆڕشی عەبباسی (٧٥٠).



٢– كز و كەنەفتبوونی عەبباسییەكان – ابن حنبل (٧٨٠– ٨٥٥). الـشافعي (٧٦٧– ٨٥٤). سەرهەڵدانی شیعەی ئیسماعیلی: قەرمەتییەكان (دەوروبەری ٨٩٠). عبیدالله المهدي (٩٠٩).

٣– ڕووخانی ئەمەوییەكان لە ئەنەدلوس – ابن حزم (مردن: ١٠٦٤).

٤– ڕووخانی فاتمییەكان، خاچپەرستان – صلاح الدین (١١٧١– ١١٨٧).

٥– ڕووخانی عەبباسییەكان / سەركەوتنەكانی تورك و مەغۆل: النـووي (١٢٧٧)، ابن تیمیة (١٣٢٨)، ابن القیم (١٣٥٠)، ابن كثیر (١٣٧٣).

٦– هێرشی مەغۆل/ تورك و ئاژاوە– سەرهەڵدانی شیعە: الحلـي (١٣٢٥)، المشعشع (١٤٦٢)، شا ئیسماعیلی سەفەوی ( ١٤٢٤).

٧– كزو كەنەفتبوونی عوسمانلییەكان: عبـدالوهاب (١٧٩١)، الـسنوسیة (١٨٠٠)، المهدیة (١٨٨٠- )، الـسلفیة (١٨٩٠- ): الافغـاني (١٧٨٩)، عبدة (١٩٠٥)، رضا (١٩٣٥).

٨– ژینگەی قەیرانی ئیسلامیی هاوچەرخ– الاخوان المـسلمین (١٩٣٠- ): البنا، السباعي، القطب، المودودي، شۆڕشی ئیسلامی، بووژانەوەی شیعە: خومەینی، باقر الصدر، شریعتي. بووژانەوەی سوننە (١٩٧٠–): العتـیبي، فرج، حوي، الترابي، التلمساني، الصادق المهدي.

هەر قۆناخێكی كەنەفتبوون، وەلأمدانەوەیەكی زیندووگەرایی– بزاڤی گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی كەسایەتییەكی كاریزمایی بە دوادا هاتووە. (سەیری: وێنەی ٢ بكە). هەندێ لەم ڕێبەرانە ڕۆڵی (**نوێكەرەوە – المجدد**)، واتە نوێكردنەوەی ئەقیدەیان گێڕاوە، كەچی هەندێكی تریان ویستویانە لە ڕێگەی بزاڤگەلی – **ڕزگاریكەر** –ی توندئاژۆوە

گۆڕانکاریی کۆمەلأیەتی وسیاسی بکەن و دەوری **"المهدي"**- نێردراوی خودا، ببینن. ئەم ڕێبەرانە، لەوانەیە بەسای سازماندەیی ئایدیۆلۆجی و بزووتنی سیاسییانەی خۆیان، لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوە بە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (ص) و ئەو پێشینە مێژووییانەی کە دەچنەوە سەر کۆمەڵگەی یەکەمی ئیسلامی، شەرعیەت بە خۆیان بدەن.

## ئوممەتی پێغەمبەر (ص) ( ٦٢٢– ٦٣٢)

موسڵمانان، کۆمەڵگەی یەکەمی ئیسلامی کە پێغەمبەر **محمد** (ص) ڕۆینا، بە نموونەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕی لەقەڵەم دەدەن. **هە**ردوو ڕووی: پێغەمبەرایەتی و ڕێبەرایەتی لە ڕۆڵی ناوەندیی **محمد** دا (ص) خۆیان نواندووە و لە ڕێگەی ئەوەوە، وەحیی خوایی تەرجەمەی کۆمەڵگەیەکی سیاسی کراوە. ئا ئاوا پەیامنێری خودا لە ژیانی خۆیدا، تیۆری و پراکتیکی کۆکردەوە – ئەم پێشینەیە بە درێژایی سەردەمان، زۆر بە قووڵی کاری لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان کردووە. نەوەکانی بەرودوای موسڵمانان بۆ شوێنپێ **هە**ڵگرتنی ئەم نموونەیە دوو سەرچاوەیان لەبەردەستە: یەکەمیان: قورئان – کە کەلامی خوایە و لە ڕێگەی پەیامبەر **محمد** (ص) ەوە **ها**تۆتە خوارەوە. دووەمیان: سوننەتە: میتۆدی نمونەیی پێغەمبەر، واتە: وتەو کردەوە و بڕیار و حوکمەکانی دەگرێتەوە. **هە**روا لە **"حدیث"**ە ریوایەتکراوەکانیشدا ڕەنگدەداتەوە. لە دیدی بنەوانخوازانەوە، دەرچوون لە نموونەی ڕەسەنی ئیسلامی، بە گەڕانەوە بۆ **" سەردەمی نەزانی – الجاهلیة"** بە ئەژمار دێ، واتە کۆمەڵگەی بەر لە ئیسلام بە نەزانی و ململانێیەکانییەوە.



## قەیرانی خەلافەت (٦٣٢– ٦٦٠)

یەکەمین تەنگژەی سەرەکی لە مێژووی ئیسلامیدا، لە دوای وەفاتی پێغەمبەرەوە (ص)، ململانێ بووە لە سەر خەلافەت. **(ابو بكر)** لە ڕێگەی کۆدەنگی ڕێبەرانی ئوممەوە **هە**ڵبژێردرا چونکە دەقێکی خویا لەمەڕ خەلیفە نەبوو. دوای وی **(عومەر)** جێی گرتەوە و لە سەردەمی ئەودا دەوڵەتی ئیسلامی **"فتووحات"** ێکی فرەوانی دەستپێکرد. ئەمما خەلیفەی سێیەم **(عوسمان)**، لە سەرینی دەسەلأت پەیداکردنی ڕۆڵەکانی خێڵی (**بني أمیة**) و ئەو سامانەی لە فتوحاتەکان کەوتبۆوە، ڕووبەڕووی ئوپۆزیسیۆنێکی خێڵەکی بۆوە. **عوسمان** ساڵی ٦٥٦ لە دەوردانی ماڵەکەیدا کوژرا. دوای وی، **عەلی** زاوای **محمد** (ص) جێی گرتەوە. عەلی باوکی **هە**ردوو نەوەی پەیامبەر، **حەسەن و حوسێن**، بوو. پێڕەوانی وی، عەلییان بۆ خەلیفایەتی لە **هە**ر سێ خەلیفەکانی دی بە **هە**قتر دەزانی. **هە**ر کە ساڵی ٦٥٦ **عەلی** خەلافەتی وەرگرت، **هە**ندێ لە صەحابەکان و **عایشە** و خەواریجەکان و **مەعاویەی** پێشەوای (بني امیة) بەرهەڵستیانکرد. **عەلی** توانی صەحابە بەرهەڵستکارەکان ببەزێنێ، وەلێ ڕووبەڕووی ئاریشەی خەواریجە توندڕەوەکان بۆوە کە دژی حەزو ویستی **(عەلی)** بوون سەبارەت بە مەسڵەتیکردن لەگەڵ **(مەعاویە)**دا. خەواریجەکان بانگەشەیان بۆ پرەنسیپی وەکیەکی دەکرد و جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە **هە**ر پێڕەوێکی شەریعەتی خودا، شایانی ئەوەیە ببێ بە خەلیفە. ئا بەمجۆرە خەواریجەکان دژی ئەوەبوون کە خەلافەت تەنیا لە **هۆ**زی قورەیش، **هۆ**زی پەیامبەردا، قەتیس بکرێ. **هە**رچی شیعەکان بوون لەسەر پیرۆزراگرتنی نەوە و نەتیژەکانی – یان ڕەچەڵەکی– **محمد** (ص) کە لە **(عەلی و فاتیمە)ی** کچی کەوتبنەوە، سووربوون. دوای تیرۆرکردنی **(عەلی)** بە دەستی خەواریجان



PDF 4 KURD

(٦٦١)، (**مەعاویە**) سەرکەوت و قۆناخی فەرمانڕەوایی میراتی لە ئیسلامدا دەستپێکرد. ئێستاشی پێوە بێ ئەو درز و کەلێنەی ناو ئوممەی ئیسلامی کە لەو دەمەوە لە نێوان پێڕەوانی (**عەلی**) و موسڵمانانی دی کەوتەوە، لە ئارادایە.

نەوەکانی بەرودوای موسڵمانان ڕێزێکی زۆر لەو پێشینانەی کە لە سەردەمی پەیامبەر (ص) و هەر چوار خەلیفەکەیدا بنجیان داکوتاوە دەگرن. وەلێ لە سەردەمی ئێستادا، سەبارەت بە داخوازی گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی ئیسلامی لە نێوان بنەوانخوازانی سوننە و شیعەدا جیاوازی ڕوون و ئاشکرا لەمەڕ کۆمەڵگەی یەکەمی ئیسلامی لە ئارادا هەیە– لە کاتێکدا سوننەمەزەبان، بە شکۆوە بۆ پەیامبەر (ص) و چوار خەلیفەکانی ڕاشدین دەڕوانن، کەچی شیعەمەزەبان تەنیا (**محمد و عەلی**) و نەوەکانی بەپیرۆز ڕادەگرن. وێڕای هەوڵوتەقەلای تازە بۆ نزیککردنەوەی ئەو دوو مەزەبە، هێشتاش ئاریشەی نێوانیان نەك هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، بەڵکە لە چوارچێوەی شەڕی عیراق– ئێراندا گەورەتر بووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە نێوان شیعە مەزەب و سوننە مەزەبە ئوسوڵییەکاندا هاوسۆزییەکی ئاشکرا هەیە، بە تایبەتی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێراندا.

### قۆناخی یەکەمی فەرمانڕەوایی ماڵباتان:

### ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی (٦٦٠–٧٥٠)

قۆناخی فەرمانڕەوایی ماڵباتان لە دیرۆکی ئیسلامیدا، جێگەیەکی تایبەتی لە پێکهێنانی ناوەڕۆکی بیری ئوسوڵی دا گرتووە. پاوانکردنی خەلافەت لە لایەن ئەمەوییەکانەوە بە تێڕوانینی زۆر لە بنەوانخوازان، کارەساتێکی گەورە بوو



بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی. ئەوەی ئەم هەنگاوە دەسکردە، واتە فەرمانڕەوایی ماڵباتان، جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە زۆربەی بنەوانخوازە هاوچەرخە سوننە مەزەبەکان ڕەتی دەکەنەوە. هەرچی خەڵکی شیعە مەزەب بوون توندتر کەوتنە دژایەتی (**بـني اميـة**)، چونکە بەو چاوەوە سەیریان دەکردن کە خەلافەتی شەرعییان لە **عەلی و حوسێن** زەفتکردووە. هەرچی ئیسلامییەکانی دی بوون ئەوا ناڕازیبوونیان لە (**بني امية**) سەبارەت بە سیاسەتی بە عەلمانی کردنی بەردەوامی کۆمەڵگە بووە. لە ڕاستیدا، زۆر لە موسڵمانان ڕەوایی فەرمانڕەوایی (**بني امية**)یان قەبوڵ نەبووە، چونکە (ابا سفیان ی باوکی مەعاویە)، شەڕی **محمد** (ص) کردووە و نەوەکانی **ئەبی سوفیانیش** لە بەر بەرژەوەندخوازی خۆیان نە بەبڕواوە، هاتبوونە سەر دینی ئیسلام، تا هێز و توانا بۆ خۆیان پەیدا بکەن.

یەکەمین کاردانەوە لە بەرانبەر داڕمانی ئەخلاقیی ئەمەوییەکان، کاردانەوەی خەلیفەی ئەمەوی **عومەری دووەم** (**ابـن عبـدالعزيز**) بووە. (**عومەر**) دوای ئەوەی لە تەمەنی سی و حەفت ساڵیدا چووە سەر تەختی فەرمانڕەوایی ئەمەوی، بزووتنەوەیەکی هەمەگیری بۆ چاکسازیی حکوومەت لەسەر بنەمای ئیسلامی دەستپێکرد. لە هەمان کاتدا ڕێبەرایەتی بزاڤێکی زیندووگەریی بە گوڕی دەستپێکرد کە بووە مایەی ئەوەی بە نوێکەرەوەی یەکەم لە ئیسلامدا بناسرێ. پاش ماوەیەکی کورت کاری (**عومەر**) وەستا، چونکە خەلیفەی لاو ژەهرخوارد کراو مرد (٧٢٠). وەلێ ئەم کارە لە دوای وی لە سەر دەستی ئیمامی ( **أبي حنيفـة**) و (**ئیمامی مالك**) کە هەردووکیان بارگرانیی دەوری

نوێکەرەوەیان گرتە ئەستۆی خۆیان وێڕای ستەم وچەوساندنەوەیان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە[٦].

ساڵی ٧٥٠ کارەساتێکی گەورە بەسەر ئیسلامدا هات. لوتکەی ئەو کارەساتە، ئەو کودەتا خوێناوییە بوو کە بە دەستی هاوبەندییەکی شۆڕشگێڕانە بە سەرکردایەتیی **"ابي العباس"**، کە یەکێ بوو لە نەوەکانی مامی پەیامبەر (ص) دوایی بە خەلافەتی ئەمەوی هێنا. دەستبەسەراگرتنی عەبباسییەکان بەسەر دەسەڵاتدا لە بزاڤێکی **"خلاصية"** ەوە سەری هەڵدا کە شیعە هاوپشتی بوون و بانگی گەڕانەوەی بۆ ئوسوڵەکانی ئیسلام رادەهێڵا[٧].

### داڕمانی عەبباسییەکان (٨١٣–٩٠٩)

لە کاتێکدا دەوڵەتی ئایینیی عەبباسییەکان لەو پەڕی برست و توانا و دەوڵەمەندی خۆیدا بوو، وازی لە ئایدیۆلۆجیای بنەوانخوازیی توندئاژۆی خۆی هێنا و پشتی کردە لایەنگرە شیعەکانی و خۆی وەکو ئیمپراتۆریایەکی سوننی مەزهەبی جیهانیی ناساند. لەسەردەمی **"مەأمون"**دا، پرەنسیپەکانی **(موعتەزیلە)** بوون بە ئایدیۆلۆجیای رەسمیی دەوڵەت (٨٢٧). هەروا **(موعتەزیلە)** بۆ باوەڕێکی عەقڵانی پەرەی گرت کە تیایدا ئاوەز باڵادەست بوو بەسەر وەحیی قورئانیدا، **(مەئمون) یش**، دادگەیەکی پشکنینی بۆ

[٦] Abul Ala Maududi، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥–٥٠. بەقسەی Hitti نەوەکانی بەرودوا، عومەری دووەمیان بە "نێردە" ی خوا، نوێکەرەوەی ئیسلام دادەنا، بڕوانە:
Philip K. Hitti, History of the Arabs, 10th ed (London: Macmillan, 1980), p. 222

[٧] Bernard Lewis, Islam in History, (New York: Library Press, 1973), pp. 245-49



گوێڕایەڵبوون بۆ باوەڕی فەرمی **(موعتەزیلە)** دانا. ئەم هەنگاوە، بەرهەڵستکارییەکی گەلێریی و شەپۆڵێکی بنەوانخوازیی تازەی بە رێبەرایەتی ( **احمد بن حنبل**) لێ کەوتەوە. وێڕای دادگاییکردنی (**ابن حنبل**) و زیندانکردنی، رازی نەبوو، واز لە باوەڕی ئیسلامەتی رەسەنی خۆی بهێنێ. لە ئاکامدا وا کەوتەوە کە (**ابن حنبل**) وەکو یەکەمین **" داکۆکیکار"**ی فەندەمێنتالیزمی سوننی بە ئەژمار بێ[٨]. لەسەر بنەمای ئوسوڵەکانی مەزهەبی حەنبەلی لە فیقهدا، فەندەمێنتالیزمی وەهابی کە ئایدیۆلۆجیای شانشینی عارەبی سعودیە هەڵنرا. لەو ماوەیەدا، (**ئیمامی شافیعی لە دایکبووی ٧٦٧**) لە میسر وەکو پشتەوانێکی دی نوێخوازیی ئیسلامی پەیدا بوو ( شێوەی–٢).

تەنگژەی ئاقیدە، کە لە ئەو پەڕی هێزو برستی عەبباسییەکان لە سەردەمی **(مەئمون)** دا سەری هەڵدا، بووە قەیرانێکی مەزنتر، قەیرانی شەرعیەت، ئەم قەیرانە لە سەدەی دەیەمدا ماڵباتی حوکمڕانیی گرتەوە. چەوساندنەوەی دڕندانەی شیعەکان کە هاوپەیمانی جارانی عەباسییەکان بوون، بەرەنگارییەکی زێتری لێ کەوتەوە. ئەم بەرەنگارییە لە رێگەی دزە کردنی دەستەو تاقمی شیعە مەزهەب بۆ ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت و دواتر هەڵگەڕانەوەی بە ئاشکرادا گەیشتە چلەپۆپە. یەکێ لە رواڵەتەکانی ئەم

[٨] Hitti ، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٩٩–٤٢٩. **"هەروا سەدەی نۆیەم** ، نووسین و لێکدانەوەی خەڵکانێکی تری لایەنگری "سەلەفیەتی" توندرۆی بەخۆوە بینی، وەکو: **"ابو داود السجستاني"** (لە ٨٢٠ لە دایکبووە) کە لە بارەی جیهادەوەی نووسیووە، هەروا"مسلم– **لەدایکبووی ٨٨٣**" کە فەرموودە راست ودروستەکانی کۆوە کرد. **محمد عبدالسلام فرج** وەکو دوو نمونەی مێژووینە ئاماژەی بۆ کردوون لە کتێبی ( **الجهاد: الفريضة الغائبة**) ( کندا، د.ت) ص ٣٧. **هەروا** هێمای تریش لە " سبع رسائل "ی جهیمان العتيبى (د.ن،د.ت) ل ٦٥،٢٨،٢٥ دا کراوە.

بەرهەڵستكارییە، پەیدابوونی بزاوتی یاخیگەریی چەكدارانەی قەرمەتیی بوو (٨٧٧– ٩٥١) كە لەسەر پرەنسیپگەلی پەنامەكی و كۆمۆنیستی دامەزرابوو. قەرمەتییەكان، زەوینەیان بۆ سەرهەڵدانی دەسەلآت و هێزی فاتمیی لە تونس بە سەرۆكایەتیی (**عبیدالله المهدي** ٩٠٩) و دامەزرانیان لە میسر خۆشكرد. ئەم بزاوتە، دەربڕی شۆڕشێكی ئوسوڵیی شیعەی ئیسماعیلگەریی دژی فەرمانڕەوایی عەبباسیی سوننەگەر بوو. لەو هەللایەدا، بانگەشەی بنەوانخوازیی لە رۆژهەلآتیشدا لەسەر دەستی "**ابي القاسم بن سلامة**- مردووە لە: ١٠٣٢ " دەنگی دایەوە، ئەم پیاوە لێتێگەیشتنێكی توندڕەوانەی بۆ جیهاد دژی كافران لە سەردەمی داڕمانی عەبباسیدا هێنایە ئاراوە[9]. هەروا هاوپێوەند بەمە، بەشداری بەرچاوانەی " **ابو حامـد الغـزالي** –لەدایكبووی ١٢٥٨" بوو لە تیۆلۆجی، و تێكۆشان بۆ چەسپاندنی مەزەبی سەلەفییانەی" **ابي الحسن الاشعري** – مردووە لە: ٩٣٥" ی دژ بە موعتەزیللان، تا ببێ بە باوەڕی گشتیی لە ئیسلامی سوننیدا. یەكێ لە "حواری" یەكانی (غەزالی) لە سەدەی بیستەمدا حەسەن ئەلبەنناى دامەزرێنەری "**ئیخوانولموسلیمین**" بوو[10].

[9] لە ( الفريضة الغائبة)دا، ل ٣٧ بۆ پاساودانی زەبروزەنگ ، هێما بۆابن حزم و ابن سلامە كراوە.

[10] Richard P. Mitchell, The Society of the Muslim Brothers, (London: Oxford University Press, 1969), p.3



## داڕمانی ئەمەوییەكان لە ئیسپانیا (١٠٠٢–١٠٣١)

سەردەمی (**عەبدولرەحمانی سێیەم**) بە لوتكەی حوكمڕانیی موسڵمانان لە ئیسپانیا دەناسرێ. دوای ساڵی ١٠٠٢، هەر زوو بشێوی و بێ سەروبەریی سیاسی ئیسپانیای تەنییەوە و بووە هۆی رووخانی ئەمەوییەكان، وێڕای ئەو هەوڵوتەقەلایەی كە فەیلەسووف و وەزیری هەڵكەوتوو (**ابن حزم الاندلسي– لەدایكبووی** ٩٩٤) بەختیكرد. ئەم قەیرانە، بانگەشەیەكی تازەی بۆ نەریتگەلی ئیسلامی كە (**ابن حزم**) پێی رابوو، لێ كەوتەوە. ئەم موسڵمانە دڵگەرمە كە بە بنەچە دیان بوو، سەرچاوەیەكی گرنگی ئیلهامبەخش بوو بۆ بنەوانخوازە هاوچەرخەكان.

## داڕووخانی فاتمییەكان، خاچپەرستان (٩٩٦–١١٧١)

داڕووخانی خەلافەتی فاتمییەكان لە سەردەمی ( **الحاكم لە دایكبووی**: ١٠٢١) ەوە دەستیپێكرد و لە ساڵی ١١٧١دا بە دەستی (**سەلاحەدینی ئەیوبی**) بە یەكجارەكی رووخا. تا لەم ماوەیەدا، جیهانی ئیسلامی رووبەرووی مەیدانخوازیی خاچپەرستان بووەوە. بەرسڤ و كاردانەوەی ئەم مەیدانخوازییە، شەپۆلێكی دیكەی ژیانەوەو هەڵدانی ئیسلامی بوو بە رێبەریی (**سەلاحەدین**) كە لە شەڕی "حطين" (١١٨٧)دا، خاچپەرستانی تێكشكاند. وەلێ ئەوەش ساغبووەوە كە ئەستەمە بەر بە رووخانی خەلافەتی عەبباسییەكان بگیرێ و هەر زوو بەزوو ئەو خەلافەتە كەوتە بندەستی سەركردە جەنگاوەرەكانی تورك و لە ئاكامدا بە دەستی مەغۆلەكان بە سەركردایەتی **هۆلاكۆ** (١٢٥٨) رووخێندرا.

## ڕووخانی عەبباسییەکان و بووژانەوەی ئیسلامی (١٢٥٨– ١٥٠٠)

لە دیدی نووسەرانی بنەوانخوازەوە، تێکوپێکدانی دەوڵەتی عەبباسی بە دەستی مەغۆلە **"گاورەکان"** بە خاڵە وەرچەرخانێکی گرنگ بە حیساب دێ و پێیان وایە لێکچوونێك لە نێوان سەدەی سێزدە و قۆناخی ئێستای هەرەسهێنانی ئیسلامیدا هەیە. هەروا نێوەڕۆکی تێکۆشەرانەی بیری سیاسیی ئیسلامی کە دوا بەدوای داگیرکاریی مەغۆلی هاتەئاراوە، هەمان پلەی گرنگی هەیە. ئەو وێرانکارییە هەمەلایەنەی کە (**هۆلاکۆ**) هێنایە ئاراوەو، ئەو بشێوی و بێ سەروبەرییەی لە دوای خۆی جێهێشت، بۆشاییەکی سیاسی و قەیرانێکی ڕۆحی قەبەی لێ کەوتەوە. ئەم قەیرانە چەند لایەنەیە، بەرسڤێکی ئیسلامیی نەبەردخوازانەی بەگوڕی لەسەر دەستی زانای سەلەفیی بڕوا قایم (**تقی الدین احمد بن تیمیة**– ١٢٦٣–١٣٢٨) و هاودەمەکانی[11] لێ کەوتەوە.

پەیامی نەبەردانەی ئەو لەلایەن (**ابن قـیم الجوزیـة**– لەدایکبووی:١٣٥٠)ی شاگرد و (**عماد الدین بن کثیر**– لەدایکبووی: ١٣٧٣)، کە هەردووکیان بە سەرانی فەندەمێنتالیزمی سوننەگەرا دادەنرێن، درێژەی پێدرا[12].

[11] Encyclopedia of Islam, Vol. 3 (Leiden: E. J. Brill, 1971), pp. 951-55

[12] محیی الدین النووي الدمشقی (لەدایکبووی: ١٢٥٣)، کۆکەرەوەی فەرموودان و، ابن حجر العسقلاني (١٣٧٢– ١٤٤٩)، موفتی هەرە مەزنی قاهیرە، لە دیدی نووسەرانی ئێستای ئیسلامییەوە پڕ گرنگن. سەیری فەسڵی چوارەم بکە.



## فەندەمێنتالیزمی شیعەگەری (١٣٠٠– ١٥٠٠)

دوا بە دوای ڕووخانی فاتمییەکان، لە ئاخیر و ئۆخری سەدەی سێزدەڕا، لە ئێران و عێراقیێ، نمودو رواڵەتگەلێکی تازەی بنیادگەریی شیعەی دوازدە ئیمامی دەرکەوت. ئەم بنیادگەرییە، وەڵامدەرەوەیەکی هەلومەرجی شێواوی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ناوچەکەو هەروابێتەوە ئاکامی پێگەو پایەی کزو لاوازی شیعەکان بوو لە ڕاست زۆرینەی سووننەدا. نامیترین پشتەوانی شیعەکان، ( **ابن المطهر الحلي** – لەدایکبووی: ١٢٥٠)ی زانا بوو کە وردترین و بڕواپێکراوترین ڕاڤەی بۆ ئاقیدە و ئایینزای دوازدە ئیمامی خستەڕوو. لە سەدەی پازدەمدا بزووتنەوەی **"المشعشعین"** سەری هەڵدا، ئەم بزووتنەوەیە لە ئەهواز بە سەرۆکایەتی **"محمد بن فلاح المشعشعي** – لەدایکبووی: ١٤٦٢" هاتە ئاراوە و ئەم پیاوە خۆی بە **"المهدي"** و سەکردەی عارەبی خوزستان ناساند[13]. ئەم ڕواڵەتانەی ژیانەوەی شیعی، زەوینەی بۆ مەزەبی شیعەی دوازدە ئیمامی خۆشکرد کە لەسەر دەستی (**شا ئیسماعیلی سەفەوی لەدایکبووی**: ١٥٢٤) بووە مەزەبی ڕەسمیی دەوڵەتی ئێران. ئەم شایە لە ماڵباتی **"سەفەوییەکان"** بوو کە ڕابەرایەتی شیعە **"قزلباش"**ەکانیان لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتدا دەکرد[14].

[13] Matti Moose, “Ahwaz : An Arab territory” The Future of the Arab Gulf and the Strategy of Joint Arab Action ( Basra, Iraq: Center for Arab Gulf Studies, 1981), pp. 17-20

[14] Nikki R. Keddie, Iran: Religion, Politics and Society (London: Frank Cass, 1980), pp. 90-91.



PDF 4 KURD

## رووخانی عوسمانلییان (١٦٩٩– ١٩٢٢)

سەرهەڵدانی عوسمانلییان نیشانەی گواستنەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی بوو لە عەرەبەکانەوە بۆ تورکان. وێڕای ئەوەی کە سوڵتانەکانی عوسمانلی بە بنەچەکە نەدەچوونەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام (ص)، کەچی سوڵتان **سەلیمی یەکەم** دوای گرتنی میسر (١٥١٧) نازناوی خەلیفەی لە خۆ نا. لە بارێکدا چەند سوڵتانێکی دوای وی، خۆیان بە خەلیفە دەزانی، لێ لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی عوسمانلی، کەس بە رەسمی بە خەلیفەی نەدەزانین. داوەشانی روو لە زیادی دەسەڵاتی عوسمانلی لە دوای سەدەی حەڤدەڕا، هاوکات لەگەڵ زێدەخەرجیی و دەسبڵاوی سوڵتانەکان و توندوتیژی و دڵڕەقیی فەرمانڕەوایی ئەوان، بزووتنەوەگەلێکی ژیانەوەی ئیسلامی لە نێوان عارەبەکانی ئیمپراتۆریا هێنایە ئارا. سەرلەبەری ئەم بزووتنەوانە لە دەوری کەسایەتی **"کاریزمایی"** کۆببوونەوەو بانگەشەیان بۆ پەیامی رزگاریخوازانە دەکرد کە دەیانویست هزرو بۆچونی تایبەتی خۆیان سەبارەت بە ئیسلام بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن.

## وەهابییەکان، سنۆسی و مەهدییەکان

لە دیماهیی سەردەمی عوسمانلییاندا، سێ بزووتنەوەی ژیانەوەخوازی — واتە بزووتنەوەی وەهابی و مەهدیی و سنۆسی— لە ناوچە چەپەك و دوورەدەستەکانی ئیمپراتۆریا هاتنە گۆڕێ. هەم بە هۆی دووربوون لە دەسەڵاتی عوسمانلی، هەم بەهۆی دەمارگیریی نەبەردانەی خێڵەکی کە لە ژێر رێبەرایەتی کەسایەتیی کاریزمایی، ئەم بزووتنەوانە سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەستهێنا. بە رامان لە رووداوەکانی رابردوو، دەبینین



بزێوترینیان، بزاڤی "الموحدون"ی پێڕەوانی (محمد بن عبد الوهاب) ە، کە بووە هێزێکی بەتوانا بە دەستی **(محمد بن سعود)** و نەوەو نەتیژەکانییەوە. (ابن عبد الوهاب)، لە رێنوێنییەکانی (ابن حنبل) کە (ابن تیمیة) لێکی دابوونەوە، ئیلهامی وەرگرت، خوازیاری ئەوەبوو تەنیا لە رێگەی پێڕەویکردنی قورئان و سوننەتەوە، ئیسلام لە رێ لادان و بیدعەت پاك بکاتەوە. وەهابییەکان، ساڵی ١٨١٩، دەرەقەتی (محمد علی) فەرمانڕەوای میسر نەهاتن و تێشکان، وەلێ جارێکی دی لە سەرەتای دەیەی ١٩٠٠دا بە ناوی بزووتنەوەی **"الاخوان"**ەوە بۆ پشتەوانی کردنی فەرمانڕەوایی سعوودی، هاتنەوە مەیدان. هەر لەو دەمانەدا، بزووتنەوەی ژیانەوەی تر لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی عوسمانلییان و فارسەکان سەریانهەڵدا. وەك بزووتنەوەی لە گوین **"شا وەلی الله"** لە دەلهی (لەدایکبووی: ١٧٦٣) لە هندستان هاتە گۆڕێ.

بزووتنەوەی سنوسی — بە پێچەوانەی بزووتنەوەی پەیکۆڵانەی وەهابی— بە بانگەشە لە نێو عارەبە بەدو و کۆچەرە نیوە موسڵمانەکانی باکووری ئەفریقیاوە دەستیپێکرد. ئەم بزووتنەوەیە بە رابەری (**محمد بن علي السنوسي** ١٧٨٧– ١٨٥٩)و دەستەو تاقمە پرۆپاگندەچییەکانی، لە سەرانسەری بیابانی رۆژهەڵاتدا، لە رێگەی بەرەکەی دامەرێنەرە بەشکۆکەیەوە، گەشەی کرد و خورت بوو. سنوسی — بە بنەچەکە مەغریبی بوو— سۆفی و ریفۆرمخواز بوو نەك کابرایەکی شۆڕشگێڕ. ئەو پیاوە، دامەزرێنەری دەوڵەت نەبوو بەڵکە بزووتنەوەیەکی سۆفیگەریی ئەوتۆی دروستکرد کە خۆی لەگەڵ فەرهەنگ و کولتوور و نەریتی خێڵەکیدا گونجاندبوو. ئەم بزووتنەوەیە نەبووە



PDF 4 KURD

بزاڤێکی نەبەردانە، تەنیا لە نەوەی سێیەمی خۆیدا، کاتێکی کۆلۆنیالیزم، جیهادی بەسەردا سەپاند[١٥].

بزووتنەوەی مەهدیاتی لە چەند روویێکەوە لە وەهابی و سنووسی جیا دەکرێتەوە، لە کاتێکدا لەگەڵ بزووتنەوەی وەهابیدا، لە نەبەردخوازیدا یەکدەگرنەوە، وەلێ بزووتنەوەیەک بوو بۆ رزگاربوون هەوڵی دەدا و چاوەڕوانی سەردەمێکی زێڕین، واتە دەرکەوتن و پەیابوونی **"مەهدی"** دەکرد کە هەموو دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی و سەربازیی لە دەستی یەک کەسدا، (**محمد احمد بن عبد الله**)، کە خۆی بە "المهـدي المنتظـر" بە پێی چەمکی سوننیانەی مەهدیاتی، ناساندبوو[١٦] کۆکردبۆوە. مەهدی – وەکو سۆفییەکی جەنگاوەر– توانی لەشکری میسر کە لە ژێر سەرپەرشتی جەنەراڵ (**گۆردۆن**)ی بەریتانی دابوو، ببەزێنێ و دەوڵەتێکی ئیسلامی دامەزرێنێ و چاویش ببڕێتە بەزاندنی دەوڵەتی عوسمانلی. ئەم بزووتنەوەیە دوای دامەزرێنەرەکەی، تا دیماهی دەیەی ١٨٩٠ ژیا، تا لە ئاکامی ئاگری تۆپخانەی ئینگلستان، خۆی نەگرت و پووکایەوە.

وێڕای ئەوەی کە ئەم بزووتنەوە خێڵەکییانە، لە باری جوگرافیاییەوە، لە پەراوێزی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریای عوسمانلی سەریانهەڵدابوو، لێ پەردی

---

[١٥] R. Stephen Hamphreys, The Contemporary Resurgence in the Context of Modern Islam, in Islamic Resurgence in the Arab World edited by Ali E. Hillal Dessouki (New York, Praeger, 1982), p. 74.

[١٦] R. Hrair Dekmejian and M. J. Wyszomirski, Charismatic Leadership in Islam: The Mahdi of the Sudan, Comparative Studies in Society and History, 14, no. 2 (March 1972). Haim Shaked, The Life of the Sudanese Mahdi (New Brunswick, N. J. Transaction, 1978) pp. 51- 61, 204- 207, 213- 223.



پەڕینەوەی موسڵمانە بنەوانخوازەکان بوون بۆ ناو سەدەی بیستەمەوە. بەڵام لە بەر سەرەتایی بوونیان، هیچ کام لەم بزووتنەوانە نەبوونە نموونەی لەبار و دڵخوازی ژینگەی شارستانیی مۆدێرن و ئەم ئەرکەیان بۆ بزووتنەوەی سەلەفی جێهێشت.

## بزووتنەوەی چاکسازیی ئیسلامی (سەلەفییەت)

گەندەڵی و بوودەڵەیی و پاشەکشەی دەوڵەتی عوسمانلی لە هەمبەر ئیمپریالیزمی ئەورووپایی، کاردانەوەی چاکسازیخوازانەی لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لێ کەوتەوە. بزوێنەری هەرە دیاری ئەم بزووتنەوە رووناکبیریە، (**جەمالەدینی ئەفغانی ١٨٣٨– ١٨٩٧**)بوو. ئەم پیاوە بانگەشەی بۆ هاریکاری ئیسلامی و بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزمی ئەورووپایی دەکرد لە رێگەی گەڕانەوە بۆ ئیسلام کە تایبەتمەندیی زانستانەی هەبێ. (محمد عبدة)ی مرید و شاگردی، جەختی لەسەر ئەقڵانی بوونی نەریتگەلی ئیسلامی دەکردەوە و توانای خۆنوێکردنەوەی ئەو نەریتانەی روونکردەوە. ئا ئەمە نێوەڕۆکی ئەو بزاڤە سەلەفییە بوو کە (محمد عبدة) و شاگردە سوورییەکەی (**رەشید رەزا**) رێبەرایەتیان دەکرد. هەر چەندە دوای وەفاتی (محمد عبدة– ١٩٠٥)، بزووتنەوەی سەلەفی لە درێژەدان بە مۆدێرنیزەکردنی قانوونگەلی ئیسلامی لە سەر بنەمای قورئان و فەرموودە بەردەوام بوو، وەلێ زێتر بە لای کۆنەپارێزیی دایشکاندەوە. لە ماوەی نێوان هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهاندا، چاکسازیخوازانی سەلەفی لە میسر و جەزایر خەریکی کار و چالاکی سیاسییانەی نا شۆڕشگێڕانە بوون. لە هەمووان سەرسەختتر، (**رەشید رەزا**) بوو کە رێگەی بە جیهادی داکۆکی

لەخۆكردن دا ئەگەر موسڵمانان دووچاری چەوساندنەوە بوونـەوە. (رەشـید رەزا)، لەبەر ئـەوەی خـۆی، كابرایـەكی حەنبـەلی مـەزەب بـوو، لایـەنگری لـە بزووتنەوەی ژیانەوەخوازیی وەهابییەكان كـرد[17]. لـە ناوەڕاسـتی سـییەكاندا، بزووتنـەوەی **"الاخوان المـسلمون"**ی رادیكـالی بـە سـەركردایەتی (حەسـەن **ئەلبـەننا**)، جێگـەی بزووتنـەوەی میانـەڕۆی (**رەشـید رەزا**)ی گرتـەوە. لـەم سەردەمەدا كە قەیرانگەلێكی توند و تیژ لە ئاكامی بێ سـەروبەری سیاسـی و سـەركردایەتیی ناكـارا و نـاكۆكی ئـابووری و كۆمەڵایـەتی و كۆلۆنیـالیزمی ئەورووپایی، لە ئـارادابوون، گـەڕان بـە دوای ئاڵتـەرناتیڤێكی ئیـسلامی ببـووە كارێكی لە چار نەهاتوو.

## ژینگەی قەیرانی هاوچەرخ (١٩٣٠–١٩٨٠)

خویاترین بەرسڤ و كاردانەوەی بنەوانخوازانە دەرهەق بە رەوشی قەیراناوی دنیای عەرەب، خۆی لە كۆمەڵەی (**الاخوان المسلمین**) ی میسری و لقەكانی ئەم كۆمەڵەیە لە سوریا و ئەردەن نواندووە. دوای ئەوەی بزاڤی (**الاخوان**) لەسەردەمی (**عەبدولناسر**)دا بەتوندی لێدرا جارێكی دی لە سەردەمی (**سادات**) دا وەكو بەشێك لە شەپۆلی نوێی بنیاتگەریی سەری هەڵدایەوە. ئەم رابوون و بووژانەوە نوێیە، وێڕای (**الاخوان المسلمین**)، چەند تەوژم و پەلێكی لە (**الاخوان**) جیابووەوەو لەمانەیش زێتر كۆڕ و كۆمەڵەی ئیسلامی تری گرتەخۆی. هەر لەمكاتدا، رەواڵەتەكانی رابوون و بووژانەوەی رۆحی و

[17] بۆ زیاتر بگەڕێوە بۆ:
Albert Hourani, Arab Thought in the Liberal Age 1798-1939 (London: Oxford University Press, 1970) pp. 231-32.



نەبەردخوازیی سەرانسەری دنیای ئیسلامییان داگرت. هاتنەئارای حكوومەتێكی ئیسلامی لە ئێراندا، شەپۆلێك نەبەردخوازیی شیعەگەریی لە عیراق و لوبنان و دەوڵەتانی كەنداو لەگەڵ خۆیدا هێنا. سەرباری ئەوەش، شۆڕشی ئێرانی سەرچاوەی ئیلهام بوو بۆ بەرەو پێشبردنی كاری شۆڕشگێریی كۆمەڵە بنیاتگەرە سوننە مەزەبەكانیش.

## تەرزەكانی كاردانەوەی ئیسسلامگەریی

شەپۆڵە یەك لەدوای یەكەكانی رابوون و بووژانەوە، وەك بەرسڤدانەوەی رەوش و باری قەیراناوی، بزاڤێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی خۆبەخۆ بوون كە شنگ و توانی خۆ– نوێكردنەوەیان بەبەر ئیسلامدا كردەوە كە بشێ لە هەمبەر كزی و كەلەلایی ناوەكی و هەڕەشەی دەرەكیدا خۆی رابگرێ و بنوێنێ. وێڕای رووە لێكچووە خویاكانی نێوان بزاڤگەلی جیا–جیای رابوون و بووژانەوە، لەبارەی ناوەڕۆكی ئایدیۆلۆجی و شێوازەكانی جێبەجێكردندا جیاوزای گرنگیان لە نێواندا هەیە. ئەم جیاوازییانە سەروچاوەیان دەچێتەوە سەر كاودانی تایبەتی ئەو قەیرانەی لەسەردەم و جێگەی جودا– جودا، داوێنی كۆمەڵی موسڵمانانیان گرتووە. كەواتە، سروشتی هەر بەرسڤێكی ئیسلامی لەسەر بناخەی كەشوهەوای قەیرانی تایبەت بەخۆی و كەسایەتیی ئەو رابەرەی[18] سەركردایەتی ئەم پرۆسەی رابوونەوەیە دەكات، دیاری دەكرێ. بۆ نموونە، بزوێنەری بنەڕەتی بانگەشەی (**ابن حنبل**) بۆ گەڕانەوە بۆ رەگ و ریشەی ئیسلامی، دارمانی ئەخلاقیی كۆمەڵگەی عەبباسی بوو. هەروا

[18] Fazlur Rahman, Islam challenges and opportunities, in Islam: Past influence and present challenge, Allord T. Weeich and Pierre Cachia, eds. (Edinburgh University Press, 1979), pp. 318-323.



PDF 4 KURD

دارمانی ئەخلاقی لە کۆمەڵی موسڵمانشینی نیمچە دورگەی عارەبیدا، لە پشت بزووتنەوەی بێگەردی بنیاتگەریی (**ابن عبد الوهاب**) بوو.

ئەم دوو بزووتنەوەیە، بەبەراورد لەگەڵ بزاڤی **(ابن تیمیة)**، دوو بزاڤی نوێکردنەوەی ناوەکی بوون. کاودانی تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی **(ابن تیمیة)** دوو ئەرکی خستبووە سەرشانی بزووتنەوەکە: هەم زیندووکردنەوەی ناوەکی و هەم بەرەنگاربوونەوەی دەرەکی دژی تەتارەکان.

هەراوبوونی دەسەڵات و کاریگەریی کولتووریی ئەوروپایی لە سەدەی نۆزدەدا، کاودانێکی نوێی هێنایە گۆڕێ کە قۆناخەکانی بەرودواتری بەرسڤ و کاردانەوەی ئیسلامیی رەنگڕێژکرد. بۆ نموونە بزاڤی **سنووسی** وەکو بزاڤێکی بانگەشەکاری ئایینی هاتە مەیدان و ئاخیرەکەی لەبەر بێ توانایی عوسمانلییان لە داکۆکیکردن لە باکووری ئەفریقیا، کەوتە شەڕ دژی ئیتالییەکان.

هۆکاری هەرە لەپێش و یەکەمی هەڵگەڕانەوەکەی **مەهدی**، شوێنەواری بەد و چەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی فەرمانڕەوایی عوسمانلی بوو لە سوودان کە خۆی لە شێوەیەك لە کۆلۆنیالیزمی سێ لایەنەی: میسری و تورکی و بەریتانی دەنواند. لەم بارانەدا، رابوونی ئیسلامی هەم بەرسڤ بوو بۆ هەلومەرجە ناوەکییەکانی ئیمپراتۆریا و هەم بۆ کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی.

لە هەرێمە ئیسلامییە پێشکەوتووەکانی وەکو میسرو تورکیا و هیندا، لەبەر باڵادەستیی ئەوروپا لە باری سیاسی و کولتوورییەوە، رەوشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز هەبوو. ئەم کاودانانە، بزاڤگەلی نوێخوازیی ئیسلامییان لەبابەتی بزاڤی سەلەفیی **(محمد عبده)ی** لێکەوتەوە کە هەوڵی دەدا سوود لەبیروڕای رۆژئاوایی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی ئیسلامی وەربگرێ. لێ هەم پێ



چەقاندنی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوایی، لەسەر مانەوە و هەم فراژیبوونی گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ئیسلامی، سەرهەڵدانی بزاڤی رابوون و بووژانەوەی تازەی لە جۆری پۆپۆلیستی لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا، لە دەوری **(الاخوان المسلمین)** بەتاو خست و گردکردەوە و رووبەرووی میتۆدی سەلەفیەت سەبارەت بە رۆژئاواگەریی بوونەوە و بانگەشەیان بۆ فەندەمێنتالیزمێکی رادیکاڵی بەرتەنگ کرد وەکو بناخەیەك بۆ رژێمێکی ئیسلامیی نوێ. دوای ماوەیەك لە دامرکان و نیشتنەوە لەساتەوەختی هەڵکشانی شەپۆلی پان-عارەبیزم، سەرلەنوێ فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی وەکو هێزێکی رۆحی و کۆمەڵایەتیی کارا بەزۆری بەئاراستە و رەنگ و رووی شۆڕشگێڕانە، هاتەوە مەیدان.

### تێڕوانینی دیالەکتیکی بۆ کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئیسلامی

هەڵکشان و داکشانی بزووتنەوەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، بە درێژایی مێژوو، هێمایە بۆ بوونی پێوەندییەکی دیالەکتیکیی بەردەوام لە نێوان ئیسلام و ژینگە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەیدا. بەم پێیە، پێگە و رەوشی ئیسلامیی هاوچەرخ، تەبای نموونە مێژووییەکان، لە ژێر کاریگەریی پرۆسەیەکی چەند لایەنەی دیالەکتیکی کە لە ماوەگەلی قەیرانەکاندا، ئەو کاریگەرییە چەند قات دەبێتەوە، دیاری دەکرێ. دەکرێ ئاماژە بۆ نۆ جۆرە پێوەندیی دیالەکتیکی بکرێ:

### عەلمانیەت لەهەمبەر حکوومەتی ئایینی (تیۆکراتی)دا

ململانەی نێوان پشتەوانانی دەوڵەتی عەلمانی و ئەوانەدا کە بانگەشە بۆ هاتنەئارای دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکەن، لە هەموو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا شێوەی پێوەندییەکی دیالەکتیکیی بنەڕەتیی وەرگرتووە. ئەم دوو بارە تەواو دژ بە یەکە، ناسیۆنالیستە عەلمانییە رۆژئاواگەرەکانی خستووەتە سەنگەری رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو فەندەمێنتالیستە ئیسلامگەرانەی کار بۆ دامەزراندنی ئوممەی ئیسلامی دەکەن.

### نوێخوازیی ئیسلامی لە هەمبەر کۆنەپارێزیی ئیسلامیدا

لە بەرانبەر یەکتر راوەستانی نوێخوازانی ئیسلامی و کۆنەپارێزان، خەسڵەتێکی هەمیشەیی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئیسلامی بووە. لە کاتێکدا نوێخوازان پەیتا– پەیتا لەخەمی چاکسازیی ئیسلام و گونجاندنی دان بە گوێرەی ژیانی سەردەم، کۆنەپارێزان توند دەست بە پرەنسیپە سوننەتییەکانی ئیسلامییەوە دەگرن و نفووزو کاریگەریی رۆژئاوایی و خەڵکی تر رەت دەکەنەوە. بەم مانایە فەندەمێنتالیستەکان لەسنووربەدەر کۆنەپارێزی سەختگرن بەئاقاری رادیکاڵی پەڕگیر.

### ئیسلامی رەسمی لەهەمبەر ئیسلامی بنەوانخوازدا

لەم ململانەیەدا، زانایانی پلەو پایە باڵا، کە بە زۆری حکوومەت خۆی دایان دەنێ و پشتیان دەگرێ، لە سەنگەری دژ بە سەرکردە ئایدیۆلۆجییەکانی کۆڕ و کۆمەڵە ئیسلامییە پۆپۆلیستەکان دان. ئەم ململانەیە، سەرچاوەی



دەچێتەوە سەر جیاوازی رەوش و باری کۆمەڵایەتی و وەزیفی و جیاوازی و ناتەبایی توند و تیژی لێکدانەوەی ئیسلام. زانایانی پلە و پایە باڵا، چونکە لەبەرەی فەرمانڕەوایان دان، بەلای پتەوکردنی شەرعییەتی دەستەبژێری حوکمڕان و رەوتارو کار و ئاکارەکانیان لە رێگەی راڤە و لێکدانەوەی خۆیان بۆ شەریعەتی ئیسلامی دادەشکێننەوە، دەق بە پێچەوانەی ئەوان، ئایدیۆلۆجیستە ئیسلامییەکان، "حجە"یەتی راڤە و لێکدانەوەکانی زانا رەسمییەکان رەتدەکەنەوە و پرەنسیپی سەرەڕۆی بەسروشت سیاسی – کۆمەڵایەتی دادەڕێژن.

### دەستەبژێری حوکمڕان لەهەمبەر رادیکالە ئیسلامییەکاندا

لێرەدا حوکمڕانان و ئەو بەرهەڵستکارانەی، دەیانەوێ رەوشی ئارا بگۆڕن، بەرەنگاری یەکدی دەبنەوە. لەم دەیەی دواییدا، توندترین جۆری ئۆپۆزیسیۆن لەدژی حوکمڕانانی ولآتانی عارەب و ولآتە ئیسلامییەکانی تردا هاتنە مەیدان. واتە ئەو "خەباتگێڕە" ئیسلامییانەی، بۆ بەرپاکردنی گۆڕانکاریی ریشەیی بەپێی ئاراستە و رەنگ و رووی ئوسوڵییانەی خۆیان فشار دێنن. سەرچاوەی کێشەی ئەوان لەگەڵ دەسەلآتدا، هەم بناخەیەکی ئاکارەکی هەیە و هەم ناڕەوایی دەستەبژێر و دامەزراوە حوکمڕانەکان.

### دەستەبژێری ئابووری لەهەمبەر سۆسیالیستە ئیسلامییەکاندا

پرۆسەی بلۆکبەندی نێوان دەوڵەمەندان و نەداران، فەندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی خستووەتە سەنگەری

بەرەنگاربوونەوەی رژێمی ئابووریی ئاراوە، کە بەتێڕوانینی ئەوان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و شەرعییەتی ئاکارەکی تێدا نییە. پێوەندیی هزرکراوی نێوان ئەم دەستەبژێرە ئابووری و سیاسی و ئایینییە پاساو بۆ پێویستیی دەستدانە کاری شۆڕشگێڕانە دێنێتەوە لە پێناو بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە بەپێی ئاڕاستەی ئیسلامییانە. تیۆریسینە ئیسلامییەکان لە رێگەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامانەوە بانگەشە بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی دەکەن.

### ناسیۆنالیزمی ئیتنی لەهەمبەر پان ئیسلامیزمدا

ئەم دوو سەمتە پێکناکۆکە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ئێستا بەردەوام بووە. لەمبارەوە، لایەنگرانی ئاڕاستەی نەتەوەیی، ئیتنی یان تیرەگەری راستەوخۆ بەرەورووی ئەو کۆمەڵگە ئیسلامییە یەکگرتووە دەبنەوە کە محمد (ص) جەختی لەسەر پیرۆزراگرتنی کردۆتەوە.

### ئیسلامی سۆفییانە لەهەمبەر خەباتگێریی فەندەمێنتالیستیدا

وێدەچێ ئیسلامی سۆفییانە بە جەختکردنەوە لەسەر رزگاریی رۆحی لە رێگەی رامان و عیرفان و زوهدەوە، وەکو سەنتەرێکی ئۆپۆزیسیۆن بێتە بەرچاوی فەندەمێنتالیستانەوە. رۆحانییەتی لە ناوەوە ئاراستەکراو و هەڵقولاوی سۆفییەکان، وەکو باوە، گرنگی بە هەوڵ و کۆششی تاکەکەسی دەدا بۆ یەکگرتن لەگەڵ خودا لە چوارچێوەی لێکدانەوەیەکی ئازادانەی پرەنسیپە ئیسلامییەکان. هەرچی فەندەمێنتالیزمە، بە پێچەوانەوە، پێ لەسەر پابەندبوونێکی توند بە ئیسلام و بە بزاڤێکی سیاسییەوە دادەگرێ وەکو دەستاوێژێك بۆ سازکردنەوەی کۆمەڵگە و وەدیهێنانی رزگاری.



### ئیسلامی سوننەتی لە هەمبەر ئیسلامی بنەوانخوازدا

پرەنسیپی بنەڕەتی لە ئیسلامی ئوسوڵیدا گەڕانە بەدوای پرەنسیپە بێگەرد و متمانەپێکراوەکانی باوەڕ. بنەوانخوازان، بە پلەی جیاواز، زۆربەی ئەو نەریت و بیدعانەی لەدوای سەردەمی یەکەمەوە لە دیرۆکی ئیسلامیدا دەرکەوتوون و کەڵەکەبوون، رەتدەکەنەوە. ئوسوڵییەکان پێیانوایە بۆ سەرلەنوێ بووژانەوەی رۆحیی ئیسلامی، پێویستە بە راستی کار بۆ لێکدانەوەیەکی نوێی ئیجتیهادی ئیسلامی بکەن بەبێ چوونەوە سەر بیروبۆچوونە فیقهییە کلاسیکییەکان کە نوێنەرایەتی ئیسلامی سوننەتی دەکەن.


### خانەی ئیسلام لە هەمبەر خانەی شەڕدا

ئەم دیالەکتیکە، لەباری مێژووییەوە، ململانەو ناکۆکییەکی بەردەوام و هەمیشەیی نێوان پانتایی جوگرافیی ئیسلام (**خانەی ئیسلام**) و باقیی جیهانە. موسڵمانان بە قەڵەمڕەویی ئەمەی دوایی دەڵێن خانەی جەنگ، بەو مانایەی جیهانێکە لە ململانێیەکی بەمیرات بۆماوە و لەئاشت نەهاتوو دایە لەگەڵ ئیسلام و لە هەر جێگەیەکی ئەم دنیایەدا دەبێ ئیسلام بەرەنگاری ببێتەوە. ئەم بەرەنگاربوونەوەیە، بەشێکی گرنگی جیهانبینیی فەندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان و زۆر لە موسڵمانانی سوننەتی پێکدێنێ. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، خانەی جەنگ، بریتییە لە جیهانی رۆژئاوا بلۆکی کۆمۆنیستی.

کارلێکی ئەم نۆ پێوەندییە دیالەکتیکییەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا لە دنیای ئیسلامی و هەلومەرجی نێودەوڵەتیدا، بەردەوام قەیرانێکی قەبارە گەورەیان بەرهەمهێناوە کە لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا تایبەتمەندییەکانی دەخەینە بەرچاو.

**شێوەی ژمارە (٢)**

**قۆناغەکانی قەیرانی کۆمەڵایەتی و بەرسڤدانەوەی ئیسلامی**






## -3-

## بنچینە دەروونی– کۆمەڵایەتییەکانی زیندووبوونەوەی ئیسلامی

هەر لێوەکۆڵینێکی هەمەگیرانەی فەندەمێنتالیزمی هاوچەرخی ئیسلامی، وا دەخوازێ لە رەگ و رەگەمای ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیتسمی رۆحی و دەروونی بگەڕێین و ورد بینەوە — واتە ئەو ژینگەیەی کە باوەڕ و رەوتارە بنیادگەرانەکەی لێ پەیدابووە. یەك دیاریدەی چەند پات بووەوە لە مێژوودا هەیە، ئەو ژی پێوەندیی هۆ و ئەنجامە لە نێوان تەنگژە کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئایینیەکاندا، بە هەردوو باڵی شۆرشگێرانە و زیندووگەراییەوە، کە کار بۆ گۆڕینی رژیمی ئارا و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ بە گوێرەی بنەما ئایدیۆلۆجییە تایبەتییەکانی خۆیان، دەکەن. لە ئەنجامدا، ئایدیۆلۆجیای ئەم بزووتنەوانە، هەم هەمەگیر و هەم توندگرن، باوەگۆ و کاردانەوەی نموونەیی رێبەرە کاریزماییەکانە لە راست قەیرانەکان. ئەمە بەرێککەوت نییە کە دەبینین کۆر و کۆمەڵەی بنیادخواز لە ژینگەی جیا– جیای ئایینی و سیاسیدا، ئەو دەمە کارایی رۆحی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدەست دێنێ، کە دوو مەرجی بەیەکەوە گرێدراو بێنە دی: یەکەمیان هاتنەمەیدانی رێبەرێکی کاریزمایی و دووەمیان بوونی کۆمەڵگەیە



PDF 4 KURD

له بارێکی بێسەروبەریی قوڵدا. بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە رابردوودا وەڵامی داخوازییەکانی ئەم هەر دوو مەرجەیان داوەتەوەو بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆش، لەمە هەڵناوێردرێن.

## ژینگەی قەیرانەکان

ئەگەر بە وردی ژینگەی هاوچەرخی ئیسلامی — عارەبی بە مەبەستی قامك لەسەر دانان بپشکنین، دەبینین تەنگژەیەکی کۆمەڵایەتیی فرە رەهەند و کێش لە ئارادایە. دوو سەدە زێترە، جیهانی ئیسلامی تەنگوچەلەمەیەکی درێژخایانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری، بە شێوەیەکی تایبەتی، رۆحی بەرۆکی گرتووە. ئیسلام، لە سایەی حوکمی عوسمانلیدا، وەکو سەرچاوەیەکی رەوایی دان بە بەردەوامبوونی دەسەڵاتی خانەوادەی تورکی و دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایی زۆر هێزو شنگی خۆی لە دەستدا. لە هەمانکاتدا، کەمایەتی غەیرە ئیسلامیی ناو دەوڵەتی عوسمانلیش بۆ رزگاربوون لە ستەم و چەوساندنەوەی حکوومەت و بۆ چاکسازیی سیاسی و پشت و پەنا پەیداکردن بە تایبەتی ئەرووپی، فشارو پاڵەپەستۆیان دەخستە سەر دەوڵەت. هەرچی هەریٚ و بەڵێنی شۆرشی ١٩٠٨ بوون لە مەڕ بەدیهێنانی وەکیەکی کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، هیچیان نەهاتنەدی، چونکە پێشەواکانی "تورکیای جەوان" بڕیاریان دابوو سیاسەتی بە تورککردن لە ژیر ناوێکی نویٚ "پان– تۆرانیزم" پێڕەو بکەن. سیاسەتی بە تورککردن، لەعنەتێك بوو بۆ عەرەب، لە تەك هەڕەشەکردن لە پێناسەی عەرەبی وەکو کۆمەڵەیەك، لەسۆنگەی ئەوەوە کە زمانی عارەبی زمانی وەحیی یەزدانی بووە بۆ پەیامبەری محمدی عارەبی (ص) هەروەکو لە



قورئاندا هاتووە. ئەو دژمنکارییەی کە لە نێوان موسڵمانە عارەبەکان و حکوومەتی "تورکیای جەوان" کەوتبۆوە، لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆجیای ئەورووپایی بە تاو کەوت و بەشداریی لە بڵاوبوونەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا کرد. کاتێ کە شەڕی یەکەمی جیهانیش قەوما، حکوومەتی "تورکیای جەوان" داوای لە عارەبان کرد دژی "هاوپەیمانان" جیهاد بکەن، وەلیٚ گویٚ بەم داوایەی تورکان نەدرا. سەرکردایەتیی نەتەوەیی عارەبی، هەر لەو ساتەوەی کە ئەرمەنەکان قڕدەکران، لە بەڵێنەکانی تورکان دڕدۆنگ و بەگومان کەوتبوون. شۆرشی ساڵی ١٩١٦ی عارەبان، کە بەریتانیا پشتەوانی کرد، حوکمی مردنی بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانلی بڕیەوە.

لەت و پەتکردنی دەوڵەتی عوسمانلی، لەت و پەتکردنی جیهانی عارەبی بە سەرکردایەتیی فەرەنساو بەریتانیای لێکەوتەوە. دەستەبژێر "نخبە– ئیلیت" ی ناسیۆنالیستی عارەب خۆی لەبەردەم دوو ئەرکدا دیتەوە: وەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو لە دەسەڵاتی ئەورووپی، فۆرمەلەکردنی پێکهاتەیەکی ئایدیۆلۆجی ئەوتۆ کە توانای خۆڕاگرتن و مانەوەی هەبیٚ، لە پێناو دامەزراندنی حکوومەتێکی شەرعیی. ئەم دوو ئامانجە بەشێوەیەکی نیوەچڵ هاتنە دی. ئەمەش بەجاریٚ ئەو تەنگژەیەی کە عەرەب تووشی هاتبوون، توندوتیژتر کرد. نەهێشتنی نفووزی کۆلۆنیالیی ئەنگلۆ– فەرەنسی، بۆشاییەکی دروستکرد کە هەر زوو هێزەکانی سۆڤیات و ئەمریکا و ئیسرائیل پڕیان کردەوە. ناکامی عەرەب لە باوەگۆدانەوەی "پێداویستیی ئایدیۆلۆجی"، کارێکی هەرە جەوهەری، هەرە لە چار نەهاتوو بوو. ئەمە ئاریشەیەکی لە چارنەهاتووە لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا. سەرهەڵدانی تازەی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامیی دەکریٚ بە شێوەیەکی پاژەکی بگێڕدرێتەوە



PDF 4 KURD

بۆ گەڕانێکی بێهودە و نەزۆك بە دوای ئایدیۆلۆجیاگەلێکی عەمەلی بۆ بنیادنانی نەتەوە و پەرەئەستاندنی ئابووری.

باری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخی عارەب چەند خەسڵەتێکی دیاریکراو و بەجیا هەڵکەوتووی هەیە کە بەسەریەکەوە هۆکاری وروژێن بوون بۆ بەتەوژم خستنی کاردانەوەی بنیادگەرانەی ئیسلامی. بۆ ناسینەوە و زانینی هەقیقەتی ئەم هۆکارە وروژینانە، دوو ئاست هەڵگێڕو وەرگێڕکردنی دەوێ:

١- وروژێنێکی سەرچاوەگرتوو لە تەنگوچەڵەمەی تایبەت بەم، یان ئەو وڵاتی عارەبی، یان تایبەت بە کۆڕ و کۆمەڵەی عارەبی.

٢- وروژێنی سەرچاوەگرتوو لە کەشوهەوای تەنگوچەڵەمەی عەرەبی لە مەوداو ئاقارێکی گەورەتردا.

بەشی دووەمی ئەم لێوەکۆڵینە، لە شیکردنەوەی تەنگوچەڵەمە بچووکەکانی تایبەت بە ئەم یان ئەو رەوشی تایبەتمەندی نەتەوەیی دەدوێ. وەلێ هەندێ رووی وێکچوون لە نێوان رەوشی تەنگوچەلەمەی سەروو- وڵاتانەوە هەیە کە دەرفەت دەدا وروژێنی ئاستە گەورەکە بە هەند وەربگرین کە سەرچاوەی لە ژینگەی تەنگوچەلەمەکان لە کۆمەڵگەی عارەبی وەرگرتووە. دەکرێ خەسڵەتەکانی تەنگژەکە بکەینە شەش گروپ، کە لە کارلێکردنی دینامیکیاندا بە شێوەی یەکدی بە هێزکردن، دەبنە هۆی زێدە بێسەروبەربوونی کۆمەڵایەتی و نا سەقامگیریی سیاسی.



**قەیرانی پێناسە**

هاتنە ئارای قەیران لە پێناسەی تاکەکەسیی و بە کۆمەڵی ناو موسڵمانان یەکێ لە دەرەنجامەکانی کزی و نابوودیی ئیسلامی بووە. لەبەرئەوەی ئیسلام سیستەمێکی هەمەگری ژیانە بە ئایین و دەوڵەت و شەریعەتەوە، دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ کەسایەتی، ئەگەر کارێکی کەس نەکردەش بێ، ئەوا سەخت و زەحمەتە. ئا لێرەوە، ئەم قەیرانی پێناسەیە بەرچاو بوو، کاتێ ئیسلام خرایە پێگەی بەرگری لەخۆکردن لە بەرانبەر هێزی میلیتاریستی رۆژئاواو نفوز و کاریگەرییە ئایدیۆلۆجییەکانییەوە.

هەرەس و داتەپینی بەردەوامی هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانلی و فارسی، ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستیی رکابەر بەیەکتری لێکەوتەوە کە لەسەر پێناسەی ئیتنی - زمانەوانی بناخەیان دانا. لە ئەنجامدا، پرۆسەیەکی دیالەکتیکی فرە قۆناخ بە درێژایی سەدەیەکی تەواو هاتە ئارا کە لە دەیەی ١٩٧٠دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ( سەیری شکڵی ٣ بکە)[١٩].

[19] Hrair Dekmejian, The Anatomy of Islamic Revival: Legitimacy Crisis, Conflict and the search for Islamic Alternatives, Middle East Journal 34, No. 1 (Winter 1980), P.10



PDF 4 KURD

له ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، سێ جۆرە ناسیۆنالیزمی خۆجێی لە جێگەی ئوممەی ئیسلامی: ناسیۆنالیزمی تورکی، ئێرانی و عارەبی/ میسری هاتنە گۆڕێ.

هەروەکو لە شێوەی ژمارە ٣دا روونکراوەتەوە، ناسیۆنالیزمی تورکیی کە چاکسازیخوازانی عوسمانلی بە رێبەری ئەحمەد رەزا جارِیان بۆ دا، رێگەی بۆ پان– تۆرانیزم –ی کۆمەڵەی تورکیای جەوان کردەوە بە ئیلهام وەرگرتن لە"زیا گوك ئالپ" و ئەتاتورك– یش بۆ ناسیۆنالیزمی تورکی عەلمانی گۆڕی کە ئەمڕۆ بنیادگەرە ئیسلامی و ناسیۆنالیستە ئێتنییەکان (کوردەکان، بۆ نموونە) رووبەرووی دەبنەوە. لە ئێران، بزاڤێکی ناسیۆنالیستی فارسیی خۆجێی نەشونمای کردو لە سەردەمی رەزا شادا پەرەی گرت و بووە ئایدیۆلۆجیایەکی پان –ئێرانیست –ی ناوەڕۆك ئاریایی بەر لە ئیسلام، هەر زوو لەلایەن شۆرشی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی دەرکەوتووی ئێتنی رەتکرایەوە.

له چوارچێوەی عارەبیدا، هەردوو ناسیۆنالیزمی عارەبی و میسری، هەر یەکە بە جیا لەوی دی، تا پەنجاکان نەشونمای کرد. تا لە سەردەمی عەبدولناسردا، لە شێوەی ئایدیۆلۆجیایەکی پان– عارەبیدا یەکیانگرتەوە. بەهەق، ئەمە یەك پێکهاتەی خواروخێچ بوو، قووڵی و هەراویی قەیرانی ژینگەی عارەبیی نیشان دەدا. لە میسر، چەند ئایدیۆلۆجیایەکی پێکناکۆك هەبوون: بزاڤی ریفۆرمی ئیسلامی (محمد عبدە) و ناسیۆنالیزمی فیرعەونی (تەها حوسێن) و لیبرالیزمی رۆژئاوایی (نەحاس پاشا) و فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی (حەسەن ئەلبەننا) و ناسیۆنالیزمی توندڕۆ (ئەحمەد حوسێن) و کۆمۆنیزم. لە رۆژهەڵاتی عارەبیدا، ناسیۆنالیزمی عارەبی لە ناو رووناکبیرانی عیسایی پشکوت و هەر زوو بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان و لە کاتی شەڕدا، لایەنگری لە ناو موسڵماناندا بۆ پەیدا بوو. ناسیۆنالیزمی عارەبی، تەبای



ناسیۆنالیزمی میسری، لە ساڵەکانی نێوان هەردوو شەڕی جیهاندا، رووبەرووی فاشیزم و سۆسیالیزم و ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی و رۆژئاوایی بووەوە. وەلێ هەوڵ و تەقەلا بۆ بەدیهێنانی یەك ئایدیۆلۆجیای یەکگرتوو لە رۆژهەڵاتی عارەبیدا، لە ئاکامی رکابەریی نێوان سوریا و عیراق و ئوردن و عەرەبستانی سعودیدا، لەچاو میسر پەرش وبڵاو تر بوو: ناسیۆنالیزمی عارەبی عەلمانیی سورییایی لەگەڵ پان– عارەبیزمی پاشایەتی کە هاشمییەکانی عیراق و ئوردن بەرچاویان گرتبوو، لەگەڵ فەندەمێنتالیزمی وەهابیی سعودی رووبەروو بووەوە.

لەم چوارچێوەیەی ئایدیۆلۆجیای پێکناکۆك و رکابەریی دەستەبژێرە دەسترۆیشتووەکان، جیهانی عارەبی رووبەرووی ساتەوەختی هەق: شەڕی عەرەب – ئیسرائیل (١٩٤٧–١٩٤٨) و ئاکامە نەگبەتهێنەکانی بووەوە. مەیدانداریی ئیسرائیل، کە هیچی لەکاریگەریی کۆلۆنیالیی رۆژئاوایی کەمترنەبوو. سەرکردایەتیی ژیرانەی عەبدولناسر، هۆکاری پابەندبوونی توندو بەهێزی کۆمەڵانی خەڵك بوو بە ئایدیۆلۆجیای پان عەرەبیزم. عەبدولناسر، بە وێنەی قارەمانی دۆزی عەرەبان، لەبەر سەرکەوتن– لە چوارچێوەی عەلمانیدا– لە چارەسەرکردنی قەیرانی تەشەنەسەندووی پێناسەی عەرەبی و رامالینی هەموو ئاستەنگە تایەفی و بنیادگەریی و راسترەو و لیبرالی و چەپڕەوەکان خۆی نواند. وەلێ پان– عارەبیزمی ناسری – لەهەمانکاتدا– خەنیمێکی بۆ پەیدا بوو: بەعسی سوری، لێ ئەمە بزووتنەوەیەکی بێ کەسی کاریزمایی بوو.

نسکۆی عەرەب لە ساڵی ١٩٦٧ و مردنی ناسر لە ١٩٧٠، زەمینەی بۆ هەرەسهێنانی خێرای تەوژمەکانی پان– عارەبیزم و سەرلەنوێ گەڕان بە دوای ئایدیۆلۆجیایەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ سەرکەوتن خۆشکرد. لە راستیدا، لە



PDF 4 KURD

کۆتایی حەفتاکاندا، دیالەکتیکی ئایدیۆلۆجیای عارەبی، سووڕی خۆی تەواو کرد: بیرمەندان و سیاسەتکارانی عارەب، لە ماوەی سێ چارەکە سەدەدا بەبێهودە، جۆرەها ئایدیۆلۆجیاو سیستەمی سیاسیی خۆجێی و ئەوروپاییان، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، جەڕباند. ئا لەم ماوەیەدا، گەلی عارەب و ڕووناکبیرانی، لە نێوان سیستەمی لێکجیای بەهاکاندا لە گەڕان بە دوای پێناسەدا، وێل و سەرگەردان بوون. پان عارەبیزمی ناسری، لە ماوەیەکی کورتی دە ساڵەدا، ڕێگەچارەیەکی بۆ قەیرانی کولتووریی عەرەبی دیتەوە. وەلێ تێکشکانی ١٩٦٧، خەونی پان عەرەبیزمی تێکدا و هاوڕێ لەگەڵیدا ستراکتوری کەسایەتیی تاك و بە کۆمەڵی عارەب داڕما. ئا ئاوا، قەیرانی پێناسەی دەروونی و ڕۆحیی عارەبی هاتەوە گۆڕێ، بەڵام ئەمجارە بە شێوەیەکی توندتر کە لەمەوبەر نموونەی نەبووە. گەڕانی نا ئومێدانە وەدوای ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕانەو لیبرالیزمی ڕۆژئاوایی و فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی. لە حەفتاکاندا، هێلی ئیسلامی وەکو ئەلتەرناتیڤێکی کۆنترۆڵبەدەست، هاتە پێشەوە.

## قەیرانی ڕەواییبوون

قەیرانی پێناسە، قەیرانی ڕۆح و کەسایەتیش دەگەڵ خۆی دێنێ[٢٠]. بە زۆری ئەم قەیرانە بە خۆ بێگانەبوونی توند، هاوڕێ لەگەڵ هەست بە نا ئاساییبوون، دەستەوەستان، نا تەناهی و بە خۆ نامۆبوونە، کە دورکایم بە

[20] See: Erik Erickson, Young Man Luther, New York: Norton, 1958. And Identity, Youth and Crisis, New York: Norton, 1968.



Anomie ی ناولێناوە[٢١]. ئەگەری ئەوە هەیە، ئەم نەخۆشییە، لە باری ناخۆش و توندا، هەستێکی ڕوو لە فراژیبوون بە پەشێوی دەروونی، زێدە چاوەڕوانی و ئامادەگیی بۆ لەخشتەبردنی جەماوەر لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. ئا ئەمانە پێداویستی لەبارن بۆ شۆرشێك کە کەسایەتییەکی کاریزمایی سەرکردایەتی بکات. یەکەمین دەرەنجامی قەیرانی پێناسە، بەخێراخستنی هەرەسهێنانی ڕەواییبوونی دەستەبژێرو دامەزراوەکانی حوکمڕانی بوو. تەنانەت پێش کارەساتی ١٩٦٧، دەستەبژێری عارەب بە دەست قەیرانێکی توندوتیژی شەرعییەت دادەدادی بوو. کەسایەتیی کاریزمایی ناسر شتێکی ناوازە بوو. ئایدیۆلۆجیای پان —عارەبیزمی ناسر، بە شێوەیەکی کارا، ڕەواییبوونی سەرکردەکانی عارەبی تێشکاند. تێکشکانی ئەم ڕێبەرانە، لەبوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی، قەیرانی شەرعییەتیان چەند قات لێکرد.

## بەدڕەفتاری و سەرکوتکردن لە حوکمڕانیی ئیلیتدا

هەمیشە بە گوێرەی ڕەوتارگەلی ڕابەران، شەرعییەتی سیستەمگەلی سیاسی و دەستەبژێران، ڕەگ دادەکوتێ یان لاواز دەبێ. ڕابەرانی عارەب، کە لە پێگەی شەرعییەتێکی لاوازەوە کار دەکەن، بەزۆری "سەرمایەی سیاسی" لەپێشینەیان نییە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتگەلێکی کاراو بە توانا کە خشت لەسەر خشت دابنێ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی گەلێری سەقامگرتوو،

[21] Emile Durkheim, Suicide: A Study in Sociology, Glencor, II.: Free Press, 1951, pp. 246-254
And see: Daniel Bell, Sociology: A Guide to Modern Usage, The American Scholar 35, no.4 (Autumn 1965), p. 700-701. and also see: Ali E. Hillal Dessouki, The Resurgence of Islamic Organizations in Egypt: An Interpretation, in Islam and Power, edited by A.S. Cudsi and A.E.H. Dessouki, Baltimore: John Hopkins University Press, 1981, p. 115.



PDF 4 KURD

تەنانەت لە بواری سیاسەتیشدا، کە ڕەوشەکە چێترە، دارشتنی سیاسەت و کاربەڕێوەبردن، ڕەمەکی و هاکەزایی و پچڕپچڕ بووەو لە کەشێکی پڕ گەندەڵیی کارگێری بەربڵاودا پراکتیزە دەکرێ. تێکشکانی چەندپاتبۆوەی دەستەبژێران، کە نەشیاون سیاسەتگەلێکی بەسوودی کۆمەڵایەتی پەرەپێبدەن و جێبەجێ بکەن، وایکرد شەرعییەتە ڕفۆك و لەرزۆکەکەیان بهەڕفیت، ئەمەش سۆنگەی پەنا بردنی دەستەو تاقمی حوکمڕان بووە بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ درێژەدان بە دەسەلاتی خۆیان. ئەگەر قەیرانی پێناسەو شەرعییەت، بەشێوەیەکی بنچینەیی کاریان لەسەر رووکاری سیاسی و دەروونیی کۆمەڵگەی عارەبی کردبێت، ئەوا پەرەسەندنی پشتبەستن بە دەستئاوێژەکانی داپڵۆسین و فشارهێنان کاری لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی کردووە. لەم دەیانەی دیماهیدا، دەستەبژێری حوکمڕانی عارەب بۆ خۆقایمکردن زۆریان پەنا بۆ هێز بردووە، لە ڕێگەی ئاستێکی بەربڵاوتری داپڵۆسینی ئەو نەیارو ناحەزانەی کە کەناڵی دەستووریی ئازادیی رادەربڕینیان لێ حەرامکراوە. لە هەمانکاتدا، زێدەبوونی شیانی سەرکوتانەوە لە لای ئەم دەستەبژێرانە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە ڕێگەی لە خۆگرتنی خیبرەی ئیداری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی بووە. ئەم زێدەبوونە چەندایەتییەی شیان و توانی داپڵۆسین و خۆسەپاندن، زۆرتر بەشداریی لە قەیرانی ژینگەی عارەبی کردووە.

## ململانەی چینەکان

یەکەمین دەرەنجامی لێنەوەشاوەیی دەستەبژێر و بێکەڵکیی حوکمی ئەوان، خراپ بەشینەوەی سامان بووە لە هەموو ولاتانی عارەبدا. هەروا سەروەت و سامانی پیترۆل و کاریگەریی هێزەکانی بازاڕی جیهانی، کەلێنی ئابووریی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانیان زۆر فرە کرد لە کەشوهەوای فەسادو ڕواڵەتبازیی دەستبڵاوی ئیستیهلاکی لە نێو حوکمڕانان و کرێگرتەکانیان. لە



ئاکامی ئەم هۆکارانەدا، جەمسەربەندیی و راکێش راکێشی چینایەتی و ململانە لە نێوان خودان داهاتی فراژیبووی دانیشتوان هاتە ئاراوە. وێڕای ئەو بەڵێنانەی بەدرێژایی دەیان ساڵ دراون، ژمارەیەکی گەورە لە حکومەتەکانی عارەب لە هێنانەدی دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی سەرنەکەوتن.

لە ناوەندی حەفتاکاندا، لە میسر و مەغریب و سوودان، ٢٠٪ی داهات هی ٥٪ مەللاکە هەرە دەوڵەمەندەکان بوو. کەچی ٢٠٪ لە مەللاکە هەرە هەژارەکان، داهاتیان ٥٪ بوو. (سەیری خشتەی-١ بکە). لەهەمانکاتدا، هەرە نەدارو رووتەڵەکان لە میسر ٩٪ی دانیشتوان، لە مەغریب ٢٨٪ و لە سودان ٤٠٪ بوون. لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ، ژمارەی نەدارو رووتەڵەکان لە مەغریب لە ٢٨٪ بووە ٤٥٪ [٢٢] و کەلێنی هەراوی نێوان دەوڵەمەندو هەژاران یەکێکە لە رووەوە هەرە بەدەرەوەکانی قەیرانی باری عارەبی.

[22] سەبارەت بە کەسایەتییە مەغریبییەکان سەیری لۆمۆندی دیپلۆماتی بکە (ینایری ١٩٨٤)، ل٨.

## خشتەی ژمارە (١)

## پێکهاتەی دابەشکردنی داهات (١٩٧٥)[٢٣]

| ولأت | ٪ی داهات بۆ ٥٪ی مەللاکی هەرە دەوڵەمەند | ٪ی داهات بۆ ٢٠٪ی مەللاکی هەرە هەژار | ٥ی داهات بۆ ٤٠٥ی مەللاکی هەرە هەژار | ٥ی دانیشتوان کە بەپێی تێکرای نرخگەلی گۆڕینەوەی فەرمی، دەستکورت و رووتەن. |
|---|---|---|---|---|
| میسر | ٢١ | ٥,٢ | ١٣,٩ | ٩ |
| سودان | ٢٠,٩ | ٥,١ | ١٤ | ٤٠ |
| مەغریب | ٢٠ | ٤ | ١١,٣ | ٢٨ |
| عیراق | ٣٥,١ | ٢,١ | – | – |

### پەککەوتوویی سەربازی

تێکشکانی یەك لەدوای یەکی سەربازی، پێنجەم هۆکاری کاریگەر بووە لەسەر رەوشی قەیرانی عەرەبی. خویایە کە عەرەب داوای سەربەخۆییان دەکرد، بە ئاوات و ئۆمێدی ئەوە بوون هێزێکی سەربازی ئەوتۆیان هەبێ کە بەرژەوەندە زیندەگییەکانیان پێ بپارێزن. لێ هەرگیز ئەم هیوا و ئاواتە خۆشەویستە، واتە بوون بە خاوەنی توانای سەربازی، وێڕای قوربانیدانی بێ ژمارەی دەسەلأتە میلیتاری و پاشاییەکان، بە سەرچاوەی ئابووری و مرۆیی، نەهاتە دی. جەزایری لێ دەرچێ دەنا هیچ ولأتێکی تری عەرەبی لە رێگەی دەستئاوێژی سەربازییەوە سەربەخۆیی خۆی وەدەستنەهێناوە. تێکشکانی یەك لەدوای یەکی سەربازی لە بەرانبەر ئیسرائیلدا، هەستێکی قووڵی ترس و خۆف و نا دڵنیایی و رك و تورەیی لە نێو

[٢٣] Hrair Dekmejian, The Dialectics of Islamic Revival, Hellenic Review of International Relations 1, no. 1 (1980)



عارەب و موسڵماناندا خولقاندووە. هەروابێتەوە، دەستەوەستانی ئاشکرای سەرانی عەرەب لەڕاست کۆتاییهێنان بە داگیرکردنی خاکی عەرەبان لە لایەن ئیسرائیلەوە، رەواییەکی ئەوتۆی بۆ ئەو سەرکردانە نەهێشتووەتەوەو ئەمەش ئەو هەستە باوەی لە ناو خەڵکدا زێدەکرد کە سەبارەت بەو راستییە تاڵ و رك و بێ ئومیدییەی لە ئاراداهەبووە. ئاکام ئەوەبووە، هەستی خۆ بە گچکەزانینی عارەب کە لەسایەی فەرمانڕەوایی ئەورووپیدا هاتبووە ئاراوە، بەهۆی پەککەوتوویی بەردەوامی سەربازی لە رووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیلدا بەهێزتر ببێت[٢٤].

### مۆدێرنیتە و قەیرانی کولتووری

تەنگژەی کولتووری لە کۆمەڵگەی عارەبی لە پڕ مەترسیترین ئاستەکانی بوونی کۆمەڵایەتی پەنگی خواردووەتەوە. ئەم تەنگژەیە لە ئاکامی کارلێکی ئەم پێنج هۆکارەی لە پێشەوە باسکران، تەشەنەی کردووە: پێناسە، شەرعییەت، گەندەڵیی فەرمانڕوایی دەستەبژێر، ململانەی چینەکان و پەککەوتوویی سەربازی. (سەیری شکڵی ژمارە ١ بکە). لێ هۆکاری هەرە کارا لە هاتنەئارای تەنگژەی کولتووریی عارەبی، شۆپ و شوێنەواری شیتاڵ– شیتاڵکارانەی مۆدێرنیتەیە. دیارە دینامیکی مۆدێرنیتە لە بنەڕەتدا بەهۆی خولیاو ئارەزووی لاساییکردنەوەی رۆژئاوا بووە بۆ وەدەستهێنانی هێزو توانای سەربازی و نەشونمای ئابووری. ئەم هەوڵە دوو قۆڵییە بەرەو مۆدیرنیتەی سەربازی و ئابووری، بە گشتی سەرینەگرتووە و بشێوی و ئاژاوەی ناوەتەوە و کەلەبەرێکی فرەوانی لە نێوان نەریتخوازەکان و مۆدێرنیستەکاندا دروستکردووە، چونکە مۆدیرنیتە بەهاو تەرزە رەوتاری هاوردەی لەگەڵ خۆیدا هێنا. لە کاتێکدا مۆدێرنیتەکان دەیانەوێ لە رووی بۆچوون و

[٢٤] Hadad, Yvonne Yazbeck, Contemporary Islam and the Challenge of History, Albany, N.Y.: SUNY Press, 1982. pp. 33-45



PDF 4 KURD

پراکتیکەوە لاسایی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی بکەنەوە، نەریتخوازەکانیش بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە دەبێ ئەو لایەنانە لە تاقیکردنەوەی رۆژئاوایی وەربگرن کە پێیانوایە لەگەڵ ئیسلامدا دەگونجێن: ئەو ژی زانست و تەکنیکە. توێژەکانی مۆدێرنیتە، لەو کۆڕو کۆمەڵە دەستەبژێرانە پێکدێن کە لاسایی کوێرانەی مۆدی رۆژئاوایی دەکەنەوە لە رووی جلوبەرگ و پراکتیکەوە کە لەگەڵ بەهاو رەوتارە کۆنەپارێزەکانی ئیسلامی تێکناکەنەوە. ئەم بەرۆژئاواییبوونە سادەیەی دەستەبژێرە سیاسی و ئابوورییەکان، هاوڕێ لەگەڵ رەوتاری لە داب و نەریت بەدەرو دەستبلاویی بێ سنووریان، بووە بە مایەی دوورکەوتنەوە و دوورەپەرێزیی ئەوان لە رەعیەتە کەم داهات و نەریتخوازەکانیان. ئەم کەلێنە کولتوورییەی نێوان حوکمڕانان و حوکملێکراوان کە خەتەرێکی سیاسی هەیە، بەهۆی ئەو بۆشاییە ئایدیۆلۆجییە هەراوتر بووە کە لە ئاکامی پوکانەوەی یەکبوونی عارەبی و نەبوونی چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆجی ئەلتەرناتیڤ، پەیدابووە. ناسریزم و بەعسیزمی لێ دەرچێ، دەنا دەستەبژێری سیاسی هیچ هەوڵێکی هۆشمەندانەی نەداوە بۆ گەیشتن بە دارشتەیەکی ئاوێتە لە تیوریگەلی رۆژئاوایی و سۆسیالیستی و ناسیۆنالیستی کە لەگەڵ گیانی کولتووری و داخوازییەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی عارەبی لەباربن. لەئاکامی ئەمەشدا، تامپۆن لە نێوان کولتووری رۆژئاوایی دەستدرێژکارو سیستەمی بەهای خۆجێی روویداو بووە هۆی دابڕان لە ئەقڵ و هۆشی عارەبی و هەست بە کەمایەتی کردن لە بەرانبەر رۆژئاوادا[٢٥]. حاڵی

[25] Shakir Mustafa, Arab Cultural Crisis and the impact of the past, the Jerusalem Quarterly 11 Spring 197, (reprinted in abridged form Al-Adab, Beirut), p.43-50.

سەبارەت بە کارلێکی قەیرانەکانی کەسایەتیی و شەرعییەت و کولتوورو ئابووری بگەڕێوە بۆ:

Jurgen Habermas, the Legitimating Crisis, Boston, Beacon Press, 1975, pp. 18-20, 45-50.



حازر، قەیرانی کولتووری لە هەموو ولأتێکی عارەبی بلأوبووەتەوە، وێڕای ئەوەی کە لە ولأتانی دەوڵەمەندی کۆنەپارێزی دوورگەی عارەب قەیرانەکە توندو تیژترە.

## گیانی دەمارگر "فەناتیك"

ناشێ و ناکرێ بەراست و دروستی لە دیاریدەی ئیسلامی بگەین بەبێ ئەوەی پێکهاتەی کەسایەتیی تاکی فەندەمێنتالیست بناسین کە ژینگەی ئەو قەیرانە هێناویەتیە ئاراوە. بەپێی بنەمای تیوریی دەروونناسی– کۆمەڵأیەتی، بەیارمەتی تێبینی ئەزمونگەری، دەشێ وێنەیەکی پێکهاتەی کەسایەتیی "ئیمانداری راستەقینە" بکێشین. لەم پیڤاژۆیەدا، ئەو فۆرمۆلانەی کە "ئەریکسۆن" و "لاسوسیل" و "ئینگلز" و "دورکایم" و "ئەدەرنو" و "هوڤەر" و "ریسمان" خستویانەتیەڕوو بەکەڵکمان دێن، هەرچەند بە تەواویش بۆ لێکدانەوەی بیچم و رووخساری تایبەتی تاکی بنەوانخوازی توندڕەو (فەناتیك) لەبار نەبن. ئاشکرایە، ژینگەی کولتووریی ئیسلامی خەسڵەت و سەرو سیمای ستراکتۆریی تاقانەی خۆی هەیە کە کار دەکاتە سەر پەرەسەندنی کەسایەتیی تاکی بنەوانخواز، بۆیە، هەوڵدەدەین لێرە "کەسایەتیی فۆرمالیستی" بنەوانخوازی موسڵمان لە جۆری توندڕۆ بناسین، بەپشتبەستن بە روخسارو بیچمگەلێکی دیاریکراوی کەسایەتیی کە لە ناو خەڵکدا چەند پات دەبنەوە و وێدەچێ ئەمە تەرزی نموونەیی دەربڕینی دەروونکاری بێ[٢٦]، ئەم رووخسارانەش ئەمانەن:

[26] Gordon J. Direnzo, Personality and Politics, Garden City, N.Y. Anchor Press Doubleday, 1974, p.19

## دوورەپەرێزیی

بابای بنەوانخواز، بەر لەهەر شتیّ، تاکێکە حەز بە لا تەریکی دەکا. ئەم دوورەپەرێزییە، کە خۆی ئاکامێکی راستەوخۆی ژینگەی قەیرانی عارەبی- ئیسلامییە، رەتکردنەوەی ناسریزم و بەعسیزم و لیبرالیزمی سەرمایەداری و سۆسیالیزمی کۆمۆنیستی و رەوایی دەستەبژێری عارەبیی حوکمڕانە. دوورەپەرێزیی کابرای فەناتیك لە ژینگەی هەرە مەزنی عارەبان، بە زۆری دابڕان لە کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە کە خۆی بەسەر خۆیدا دەسەپێنیّ و لە رێگەی چوونەناو سیستەمی عەقیدەی ئیسلامییەوە قەرەبووی دەکاتەوە، ئەمەش پێناسەیەکی نویّ بە کابرای بنەوانخواز دەبەخشیّ، کە لەوانەیە ئەندامێتی بیّ لە رێکخراوێکی بنەوانحواز[٢٧].

## پێگەیشتی پێشوەخت- دەمارگیری

هەر کە بابای گەرمەتەریق، عەقیدە تازەکەی دۆزییەوە، بەراستی وەکو ئیماندارێك بەتەواوی دەستی پێوە دەگریّ. لە باری لاوە گەرمەتەریقەکانەوە، دەستپێوەگرتنی توند، "پێگەیشتنی پێشوەختە" لەتەمەنێکی هەرە زووەوەی، لێدەکەوێتەوە، کە بە توندوتیژی و سەرەرۆیی لە بیروباوەڕ و رەتکردنەوەی هەر بەهایەکی نویّ بۆ ناو چوارچێوەی ئایدیۆلۆجی دەناسرێتەوە[٢٨]

---

[27] سالم البهنساوي، وراء القضبان ولدوا، العربي، يناير ١٩٨٢، ص ٤٤-٤٧

[28] See: Erik Erickson, Childhood and society, New York, Norton, 1950, p. 270-274



## خۆبەکەمزانین- لوتبەرزی

خۆبەکەمزانین لە ناو بنەوانخوازاندا ئاکامی دوورەپەرێزی و دەستەوەستانی خۆیانە کە نەشیاون ژینگەیەکی لەبار لە ناو کۆمەڵگەدا بۆ خۆیان ببیننەوە. ئەم هەستی خۆبەکەمگرتنە، بەچوونە ناو عەقیدەی ئیسلامییەوە رواڵەتی لووتبەرزی و شەڕانگیزی لێدەکەوێتەوە.

## بزۆزی – شەڕانگیزی

بنەوانخوازان لە رەوتاریاندا لەگەڵ کافراندا شەڕانگێزن، بەزۆری تەرزی باوی موسڵمانان، وەکو قەرەبووکردنەوەیەکی بێبەشبوونیان لە کۆمەڵگە، و لەبەر بڕوا بوونیان بەوەی کە هەرکەسیّ لەگەڵ ئەواندا نەبیّ گومڕایە. بنەوانخوازان لە هەوڵ و کۆششیان بۆ سەپاندنی باوەڕ و بنەماکانی رەوتاری خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا، وەکو بانگەشەکاری ئایدیۆلۆجی، یان وەکو خودان ئامادەگی شۆرشگێڕی، پلەیەکی باڵای بزۆزی و هەڵسوڕاوی لە خۆ نیشاندەدەن. ئەمە تەواو پێچەوانەی سۆفیزمە خەڵوەتنشینەکانە کە زێتر بەڕامانی سۆفییانە خەریکن تا هەڵسوڕانی سیاسی[٢٩].

## فاشیزم

کەسایەتیی بنەوانخوازەکان، زۆرێك لەو رەنگ و رووانەی تێدایە کە لە "کەسایەتیی فاشیستی" دا هەن[٣٠]. ئەم فاشیزمە راستەوخۆ لە رێنوێنی و راسپاردە بەردەوامەکانی کەسایەتیی دیسپۆتیزمیی هەڵدەقوڵیّ کە داوای

---

[29] Nazih N. M. Ayubi, The Political Revival of Islam: The case of Egypt, IJMES, 12, no. 4 (Dec. 1980), pp. 491-496

[30] Adorno, T. W. et al. The Authoritarian Personality, New York: Norton, 1982, pp. 282-292

هێنانەئارای گۆڕانکاریی رادیکاڵی لە کۆمەڵگە دەکەن — ئا لێرەوەیە کە بنەوانخوازان زێدە گرنگی بە هێز دەدەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری[31].

## نا لێبوردەیی

نالێبوردەیی لە جەم توندڕەوە ئیسلامییەکان لەو ناوەڕۆکە سەلمێنراوەی ئاقیدەو پابەندبوونی تەواو بە پرەنسیپە توندەکانییەوە هەڵدەقوڵێ[32]. هەڵویستی لێنەبوردووانەشیان دەرهەق بە "لەرێگەلادەران" هەر پێوەندی بەمەوە هەیە. ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیانە کە خودا لە گوناهان خۆش نابێ[33].

## گومانکاری — لەسەرخۆ لادان

بابای فەناتیك حەزی لەوەیە ئەو"هێزە بەدو شەڕانی"یانەی لە ژینگەیەکی دژمنکارانەدا کار دەکەن، وەدۆزێ. گومانێکی قوڵی لە خەڵك و لەو دامەزراوە حکوومەتیانەی کە نیازو مەرامی کینەلەدڵیان دەداتە پاڵ، هەیە[34]. خولیای دابەشکردنی دنیای بۆ سینفی جۆراو جۆری وەستاو بەپێی قالبەندیی ستاتیك هەیە.

---

31 يوسف القرضاوي، ست علامات للتطرف الديني، يناير ١٩٨٢، ص ٣٢–٣٦

32 احمد كمال ابو المجد، التطرف غير الجريمة والتشخيص الدقيق مطلوب، يناير ١٩٨٢، ص ٣٦–٤٠

33 يوسف القرضاوي، ص ٣٢–٣٦

34 سەرچاوەی پێشوو، هەروا محمد فتحي عثمان، القمع سبب التطرف وليس علاجا له، يناير ١٩٨٢، ص ٥٦–٥٧



## دیدی پیلانگێڕی

پابەندبوونی توندڕۆیە ئیسلامییەکان بە گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە، سەرباری هزرو تێڕوانینی نیگەتیڤانەیان لەبارەی کۆمەڵگەوە، دنەیان دەدا سازمانگەلی نهێنیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات و ژێرەوژوورکردنی دەسەڵاتی شەرعی دروست بکەن. هەروابێتەوە، ئاراستەو سەمتی پیلانگێڕی وەکو ئەنجامێکی داپڵۆسینی کوڕو کۆمەڵەو رێکخراوە ئیسلامییەکانە لەلایەن دەوڵەتەوە.

## نموونەیی بوون— هەست بە ئەرکی خۆ کردن

بنەوانخوازە ئیسلامییەکان، وەکو بڕواداری دڵسۆز، بەمانای هەرە ئایدیال و دڵسوزیی نواندن بۆ دۆزی خۆیان رادەنێن. ئەمەش لەو بڕوایەوە دێ کە ئیسلام هەقێکی رەهایە لە پەیام و ئەرکی خۆیدا و تێکوپێکدانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی خەتابار لە فەزیلەو چاکە هەرە مەزنەکانە[35].

## دڵرەقی— جورئەت

فەندەمێنتالیستەکان بەسەرچاوەگرتن لە لێکدانەوەی توندو سەخت و پەرگیری خۆیان بۆ ئیسلام، لە چالاکی کۆمەلایەتی و سێکسی و سیاسی خۆیاندا رێگەی ئاسان و پاسان رەتدەکەنەوە[36]. سەختگیری لە خواپەرستی و تەرزی ژیان و ئامادەگیی نواندن بۆ خەبات و قوربانیدانیان پێوەدیارە.

---

35 محمد عبدالسلام فرج، الجهاد: الفريضة الغائبة، كندا، د.ت، ص ٣٥– ٥٥

36 محمد الغزالي، حذار من الدين المغشوش، العربي، يناير ١٩٨٢، وكذلك خالد محمد خالد، العربي، يناير ١٩٨٢.



PDF 4 KURD

## بەرفەرمانبوون– پابەندبوون

بابای بنەوانخواز لە ڕێگەی بەیعەتـەوە بـەڵێنی بەرفـەرمانبوونی رەهـا بـە خـوا و پێغەمبەرو سەرکردەی کاریزمایی دەدا[٣٧] و ڕەوتـاری خـۆی زۆر بـە وردی لەگـەڵ ئەو پێوەرانەکانی کۆمەڵە دەگونجێنێ کە رابەر جارپیان بۆ دەدا.

وێدەچێ خەسڵەتەکانی لەمەوبەر، کەسایەتیی رووبەدەرەوەی فەندەمێنتالیستی پەرگیر پێکبهێنن. دەبێ جەخت لەسەر ئەوەش بکەینەوە کە ئەم وێنەیە بهەڤرا، وێنەیەکی نموونەیی پریمیتیڤە. هەرچی بنەوانخوازانن ئـەوا وەکـو تـاك لـە ژیـانی واقیعـی خۆیانـدا لەوانەیـە بـە پلـەی جیـا–جیـا لـە رووی جیـدی بوونـەوە ئـەم سیفاتانەیان تێدابێ. لەڕاستیدا، هەندێ لە بنـەوانخوازان لەوانەیـە سـەرجەم ئـەم خەسڵەتانەیان بە وێنە هەرە پەرگیرەکەی تێدابێت. هەروا هی واشیان هەیـە لـەم پێـوەرە لادەدەن و لـە هەوڵوکۆشـشدا بـەدوای شـێوەیەکی نـەرم و سـووکتری بنەوانخوازی، ئەمەش لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لە کـاروکردەی بـە ئاشـکرای دژە دەوڵەت. نموونەی ئەم تاکانە هەمیشە لە پەراوێزی کۆڕو کۆمەڵـە ئیـسلامییەکان وەکو هەوادار، یان "ڕێڤینگ" دەمێننەوە. کۆمەڵێکی دی بنەوانخوازان کە کـۆڕ و کۆمەڵـەی نـاڕوون و خـەڵکی زۆر بـەدینیان تێدایـە کـە هـەموو خەسـڵەتەکانی کەسێکی فەناتیکیان تێدایە جگە لە "ولاء" بۆ سەرکردە برۆزەکـان و چـوونە نـاو کـۆڕو کۆمەڵـە خـەباتگێڕەکان"ەوە. بەسیاسـی کردنـی ئـەم کۆمەڵـە هـەوادارە، بابەتێکی سیاسیی زەقە و لە بەشی سێیەمدا وتووێژی لەسەر دەکەین.


---

[٣٧] یوسف القرضاوي، العربي، ینایر ١٩٨٢.



### شێوەی ژمارە ٣

### دیالەکتیکی گۆڕانکاری ئایدۆلۆجی



-4-

## ئایدیۆلۆجیا و کردەی ئیسلامیی

ئایدیۆلۆجیای فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، بەشێوە هاوچەرخەکەی، بەرەنجامی وەحی، ئەو داوو نەریت و کردەیەیە کە لە سەردەمی پەیامبەری خودا محەمەد (ص)ەوە تا ئێستا کەڵەکەبووە. بەم پێیە، ناوەڕۆك و رەوایی ئایدیۆلۆجیای مۆدێرنی فەندەمێنتالیستی، لەسەر راڤەو لێکدانەوەی هەڵبژێرداوی دەورانی مێژووی ئیسلامی دامەزراوە.

لەڕاستیدا، کۆڕو کۆمەڵە فەندەمێنتالیستەکانی ئێستا، لە خەمی ئەوەدان لە رێگەی ئەرك و وەزیفەی سەپێنراوی خودایی و پێشینەی مێژووییەوە، بوون و پەیامی خۆیان پاساو بدەنەوە. ئەم پرسە، مێژووی تایبەتی ئەوان کە تێکەڵەیەکە لە رامان لە خۆ و لە جیهان، نیشاندەدات. باری مێژوو بە قورسایی خۆیەوە، بە ئەستۆی ئایدیۆلۆجیستە ئیسلامییەکانەوەیە، لە کاتێکدا رەنج و تەقەلا بۆ بنیادنانەوەی رابردوو لەبەر رۆشنایی هەلومەرجی هەنوکەیی قەیران، لە پێناو وێناکردنی ئایندەدا، دەدەن.





تیوردارێژانی ئیسلامیی هاوچەرخ، پشت بە قورئان و لێکدانەوە و ئەو کۆمەڵە حەدیس و فەرموودانە دەبەستن کە نووسەرە نامیّ و نەناسراوەکانی سەدەی ٢ و٣ی کۆچی کۆیان وەکردوون. گرنگ ئەوە، ئەم تیوریسینانە رەگ و ریشەی فیکریی خۆیان دەبەنەوە سەر زنجیرەیەك زانای گەورە کە نوێنەرایەتی سەمتی کۆنەپارێزو شەرعی و خەباتگێڕانەی بەجیا هەڵکەوتوو دەکەن لە فیکری ئیسلامیدا. لەم کۆمەڵە تیورییە گشتگیرەدا شتێکی کەم بەبەر بیرمەندە ئیسلامییە ئازادیخوازەکان دەکەوێت.

زنجیرەی فیکری ئیسلامی بە قورئان و کتێبەکانی "فەرموودە"وە، کە راستتر سەرچاوەگەلی فەرموودەن، بەندە: البخاري، مسلم بن الحجاج، ابو داود والترمذی وابن ماجة والنسائي. سەرباری ئەوە، نووسەرە فەندەمێنتالیستەکان زۆر بەڵگە بە لێکدانەوەو راڤەی زانا نەریتخوازەکان و قازی و بیرو بۆچوونەکانیان دێننەوە. یەکیّ لەوانە: (ابو یوسف– لەدایکبووی: ٧٩٨ ز)، کە شاگردی "ابي حنيفة" و "مالك بن انس" بوو لە سەردەمی هارونە رەشیددا، بووەتە "قاضی القضاة".

دوای ئەو سەرچاوە یەکەمینە متمانەپێکراوانە، فیکری فەندەمێنتالیستیی هاوچەرخ پشت بەو پێشینە مێژووییانانە کە بزووتنەوەو فاکتە شورشگێرییەکان چەسپاندوویانە دەبەستیّ. بەم مانایە، کۆڕو کۆمەڵە ئیسلامییەکانی ئێستا، لاسایی شێوەو میتۆدی کۆڕو کۆمەڵە یاخیگەرەکان دەکەنەوە لە بەکارهێنانی ئیسلامی بەسیاسیکراو وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی نارەزایی دەربڕین دژی دەستەبژێری حوکمڕان کە بە لادان لە عەقیدەی هەق

و راست ودروست تاوانبار دەکرێ. فەندەمێنتالیزم، لەساتەوەختی خەواریج و شیعەوە، بووە بە ئایدیۆلۆجیای ئۆپۆزیسیۆن دژ بە دەسەلأتدارو کاربەدەستان. لەباری شیعەکاندا، ئەم سەمتە شۆرشگێرییە بووە بە مایەی سەرهەڵدانی فاتمی و قەرمەتییەکان و پرەنسیپە پەنامەکییەکانیان کە بە زۆری دانەری نەزانراوی وەکو "اخوان الصفا" دایانڕشتوون و دەرپێژن. ئەم بزاڤە یاخیگەرانەو هاوشێوەکانیان، نموونەگەلی گرنگن لەبەردەم ئیسلامییەکانی ئەمڕۆدا، نەك تەنیا لەباری ئاراستە ئایدیۆلۆجییەکانیانەوە، بەڵکە بەهۆی شێوازە شۆرشگێرانەکانیانەوە. دۆزی گونجاو بۆ بابەتی ئێمە، دۆزی یاخیبوونی خەواریجەکان و تیۆری و پراکتیکەکانیانە لە جیهاددا. خەواریجەکان، جیهادیان کردە مەرج و بنچینەیەکی بنەڕەتی لە مەرج و بنەڕەتەکانی ئیمان، بنەڕەتی شەشەم[٣٨]، بە پێچەوانەی شیعەی دوازدە ئیمامی کە بڕوایان وایە دەبێ جیهاد لە ژێر رابەری ئیمامی پێوار "مەهدی" دا بکرێ. خەواریجەکان بۆ سەپاندنی بیروڕا سەختگرەکانی خۆیان سلیان لەوە نەدەکردەوە کە جیهاد دژی موسڵمان و نا موسڵمانان وەکو یەك بکەن، ئا لێرەوەیە کە ئەوان کاریگەرییان بەسەر تازەخوازانی ئێستا لەبارەی جیهادەوە هەیە.

[38] بۆ زانینی جۆرەکانی جیهاد، بڕوانە:

Majid Khadduri, War and Peace in the Law of Islam, (Baltimore, Johns Hopkina University Press, 1969), pp. 51-82. Also, see: Rudolph Peters, Islam and Colonialism (The Hague, Mouton, 1979).



**پێشەنگەکانی خەباتی ئیسلامی: سەرنجێ**

ئاقیدەو سەمتی فەندەمێنتالیستی، لە مەزەبی سوننەدا، لە لایەن کۆمەڵ بیرمەندێکی بەکار و بزۆز و هەڵسوڕاوەوە خراوەتە روو کە پێشینەیەکی گرنگیان لە تیۆری سیاسی و کاری سیاسی کە بە بناخەی بزووتنەوەی ژیانخوازیی ئیسلامی لە سەدەی بیستەمدا بەحیساب دێ، دامەزراند. لیستی پێشەنگانی فیکری ئیسلامی سوننی هاوچەرخ زۆر مەرجەعی سەرەکی و ناسەرەکیی تیایە[٣٩]. لێرەدا (٩) کەسیان بۆ لێوەکۆڵین لێ هەڵدەبژێردرێ. (سەیری شکڵی ٢ بکە): ابن حنبل (لەدایکبووی: ٨٥٥)، ابن سلامة (لەدایکبووی ١٠٣٢)، ابن حزم (لەدایکبووی ١٠٦٤)، القاضي موسى عياض (لەدایکبووی ١١٤٩)، والنووی (لەدایکبووی ١٢٧٧)، ابن تيمية (لە دایکبووی ١٣٢٨)، ابن القيم (لە دایکبووی ١٣٥٠)، ابن كثير (لەدایکبووی ١٣٧٣) و ابن عبدالوهاب (لەدایکبووی ١٧٩٢).

ابن حنبل، بەو پێیەی یەکەمین داکۆکیکاری ئاراستەی فەندەمێنتالیستیی سەختگر (ئیسلامی ئەرتەدۆکس) بووە بە گرنگترین پێشڕەوی بزاڤی فەندەمێنتالیستی ئێستا دەژمێردرێ. ابن حنبل، فەتوادانی شەرعی و بەرگەگرتنی رەزامەندانەی چەوسانەوە و کەسایەتیی خەباتگێڕانەی بەیەکەوە گرێ دا و ئەمەش ئەوی کرد بە نموونەیەك بۆ کەسایەتییەکی هەڵسوڕاوی فەندەمێنتالیستیی تیوریسێن کە بووە بە نموونەیەکی چاو لێ کراو تا ئێستا. وێڕای ئەوەی کە مەزەبی حەنبەلی لەبەر سەختگری، لە هەموو مەزەبە فیقهییەکانی تر شوێنکەوتووی هەیە، ئەم خەسڵەتە بەناچاری کردوویە بە

[39] لە نووسینەکانی حەسەن بەنناو سەید قوتب و مەودودی و سەعید حەوا و عەبدولسەلام فەرەج و جەهەیمان عوتەیبی پێشەنگانی فیکری ئیسلامیمان هەڵێنجاوە.

نەواو پەناگەیەکی هەموو فەندەمێنتالیستە سوننییەکان. ابن حزم–ی ئەندەلووسی، فەیلەسووفی هەڵکەوتوو و ناوێکی دیکەی لایەنگری فیکری ئیسلامی، لە ژیانی سیاسیی خۆیدا کە تژی بووە لە کارەسات لە سەردەمێکی پڕ هەراو بشێوی مێژووی موسڵمانەکانی ئەندەلووسدا، تیۆری ئوسوڵی و کردەی بەیەکەوە کۆکردەوە. جەختکردنەوەی ابن حزم لەسەر پوخت و رەخت و سادەیی ئاقیدە، سەرباری بانگەشەی خەباتگێڕانە بۆ "جیهاد" لە پێکهاتە سەرەکییەکانی فیکری ئیسلامی دەژمێردرێ[40]. دوو کەسایەتی دی لێ کەم ناسراوتر هەن: ئیمامی ئیبن سەلامە (١٠٣٢) و قازی عەیاز (١١٤٩). چەمکی جیهاد لە تێڕوانینی ئیبن سەلامە و خوگرتنی توندی قازی "عياض" بەو پێیەی فەقیهێکی مالکی بووە بە داونەریت، لە نووسینەکانی ئەم دواییانەی ئیسلامیدا ئافەرین و دەستخۆشیان لێکراوە. بەرهەڵستی قازی ناوبراو بۆ ماڵباتی "الموحدين"، دوورخستنەوەو مردنی ئەوی لێکەوتەوە. جیهادکردن بەتێڕوانینی ئەم ئیمام و زانایە بزۆز و هەڵسوڕاوانە، تەنیا "فرض الكفاية" نەبووە، بەڵکە لەکن ئەوان لە هەلومەرجی ناوازەدا نەبێ، "فرض عين" ە.

لەئاکامی هەرەسهێنانی دەوڵەتی عەبباسی و رەوشی ئاژاوەو هەراو کێشە لە هەردوو سەدەی ١٣ و ١٤دا، چوار لایەنگری هێژای نوێگەریی ئیسلامی هاتنە ئارا، هەموویان لە دیمەشق ئاکنجی ببوون. یەکەمینیان محی الدين النووى (لەدایکبووی ١٢٧٧)، شافیعی مەزەب و تەرەفدارێکی هەرە بەرچاوی "جیهاد" بوو، لە فەرموودان داناو زانایەکی ناوازە بوو، بە داوونەریتپارێزێکی سازشنەکەر ناوبانگی رۆیشتبوو، سەرڕاستی نەوەوی و کەلکەلەی بەرەنگاربوونەوەی هێزو توانی حکوومەت سەبارەت بە سەپاندنی باج و سەرانەی گران، لەپشت ئەو

[40] محمد ابو زهرة، تأريخ المذاهب الاسلامية، ج٢، القاهرة، د.ت. ص ٣٥٣–٤١٤



بڕیارەی سوڵتان بیبرس –ەوە* بوو بە دەرکردنی لە دیمەشق. دوای النووى چەند ئیمامێکی فەندەمێنتالیستی پێگیر بە رابەرایەتی ئیمامی نامێ "تقى الدين ابن تيمية – لەدایکبووی: ١٣٢٨" هاتنە مەیدان. لەدیدی ئایدیۆلۆجیستە ئیسلامییە هاوچەرخەکانەوە، ابن تيمية لە دوای ابن حنبل بە دیارترین پێشڕەوی فەندەمێنتالیستی ئیسلامی هاودەم دادەنرێ. ابن تيمية –ش تەبای ابن حنبل، بە تیوریسینێکی خەباتگێڕ و داکۆکیکارێکی کارای ئاقیدەی ئیسلامی دەژمێردرێ. ئەو هیچ هێز و "حجة" یکی تر، بێ لە قورئان و فەرموودەو کارو کردەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە چاخی یەکەمدا، بەرەسمی ناناسێ. بەو پەڕی هێزو شنگی خۆیەوە، دژی بیدعە و پەرستنی چاك وپیر و تەواف وسەردانی مەزاران بوو. سەرباری ئەوەش، جاڕی جیهادی دژی مەغۆل و ئیسماعیلیزم و عەلەوی و دروزەکان دا و بانگەشەی بۆ دانانی کۆت و پێوەند بەسەر خەڵکی نا موسڵماندا دەکرد. ئەو – وەکو باوەڕدارێك، خەسڵەت و سیمای مرۆیی بە خوا دەدا و بڕوای بە لێکدانەوەی وشە بە وشەی قورئان "التفسير الحرفى" هەبوو. وێڕای کە چەندین جار چ لە دیمەشق و چ لە قاهیرە، ابن تيمية زیندانی کراوە، تا سەر لە بەرانبەر زۆر لە فەقیهەکانی مەزەبی شافیعی لەسەر رێبازی سەختگری ابن حنبل مایەوە. خاڵی تازەی ابن تيمية ئەوەبوو بەشێوەیەکی تایبەتی خۆی وەکو "مجتهد"ێکی مەزەبی سوننە سەپاند لە رێگەی ئەمەشەوە لە بیروڕا فیقهییەکانیدا، خۆی لە لاساییکردنەوەی کوێرانە و "الاجماع" لە ئوسوڵەکاندا رزگارکرد.

ابن تيمية، وەکو نوێخوازێکی هەڵسوڕاو، بایەخێکی زێدەی بە رۆنانی هاریکاریی رۆحی دەدا لەسەر بنەمای پتەوکردنەوەی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی و بەوردی

* مەلیك الظاهر ركن الدين بيبرس (٦٢٠–٦٧٦ ك) چوارەم سوڵتانی مەمامیلکەکانی میسر و شام بووە.

كاركردن پێی له كۆمه‌ڵگه‌دا. هاریكاری له كن وی، واتا ئه‌و گیانی برایه‌تییه‌ی له‌سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ره‌وه (ص) تا به رۆژی رابوونه‌وه و حیساب و كتاب ده‌گات، موسڵمانان به‌یه‌كه‌وه گرێ ده‌دا[41]. ته‌نێ له رێگه‌ی ئه‌م هاوكارییه رۆحییه‌وه، موسڵمانان ده‌شێن به قسه‌ی حه‌زره‌تی موحه‌مه‌د ببنه خه‌لیفه‌ی خودا له‌سه‌ر زه‌وی. ابن تیمیة – بۆ رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی ئه‌و مه‌ترسییانه‌ی به‌رۆكی ئۆمه‌تیان له‌و سه‌رده‌مه‌دا گرتبوو– له هه‌ڵ و خه‌می ئه‌وه دابوو، ئه‌م هاریكارییه رۆحییه‌ی نێوان موسڵمانان بۆ پابه‌ندبوونێكی به‌كۆمه‌ڵ بكات به جیهاد دژی ته‌ته‌ر و هێزه ته‌فره‌قه‌نانه‌وه‌كان له ناوه‌وه‌ی كۆمه‌ڵگه‌ی ئیسلامیدا. به‌لای ابن تیمیة-وه، جیهاد به‌شه‌ڕ له حه‌ج و نوێژ و رۆژووگرتن، فه‌رزتر بووه[42].

كاریگه‌ری و نفووزی به‌هێزی ابن تیمیة له‌سه‌ر تیۆری و كاری ئیسلامیی هاوچه‌رخ له پابه‌ندبوونی خۆی به گۆڕینی رێنوێنییه‌كانی بۆ كار سه‌رچاوه هه‌ڵده‌گرێ. واته له به‌شداریكردنی ئه‌و له شه‌ڕی ته‌ته‌رو چه‌ند جار زیندانیكردن و تاڵاوچێشتن و داكۆكیكردنی ئازایانه‌ی له باوه‌ڕی خۆی سه‌رچاوه هه‌ڵده‌گرێ. فه‌نده‌مێنتالیزمی سه‌خت و توندی ابن تیمیه و جاڕدانی جیهادی به‌شه‌ڕ و ئیجتیهادی ئازادانه‌ی ئه‌و، شوێنه‌وارێكی له‌سڕان نه‌هاتووی به‌سه‌ر نه‌وه‌كانی

[41] Victor E. Makari, Ibn Taymiyyah’s Ethics (Chico, Ca: Scholars Press, 1983), pp. 133-19
also see:

ابو زهره، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٤٢١–٤٨٦.

George Makdisi, Hanbalite Islam, In Studies on Islam. Ed and Trans. By Merlin L. Swarts (New York: Oxford University Press, 1981), pp.216-264.

[42] Victor E. Makari, Ibn Taymiyyah’s Ethics (Chico, Ca: Scholars Press, 1983), pp. 121, 11-12.



به‌رودوای فه‌نده‌مێنتالیستاندا جێهێشتووه. لێ ابن تیمیه، له‌هه‌ندێ رووشه‌وه، له‌هه‌ندێ بانگه‌شه‌كاری هاوچه‌رخی خه‌باتگێڕیی ئیسلامی، هه‌ڵویستی نه‌رمتری نواندووه. وێڕای به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی سۆفیزمی ابن عربی، ابن تیمیة سۆفیزمی دامه‌زراو له‌سه‌ر فیقهی ئیسلامی و له‌سه‌ر فه‌رموودانی پێ په‌سندبووه[43]. هه‌روا ابن تیمیة له‌گه‌ڵ ته‌كفیر و وه‌ده‌رنانی تاكه‌كه‌سان له كۆمه‌ڵگه‌دا نه‌بوو، پێی ناخۆش بوو. ابن تیمیة به‌پێچه‌وانه‌ی هه‌ندێ كۆڕو كۆمه‌ڵه‌ی ئیسلامیی ئه‌مڕۆ، په‌نای بۆ ته‌كفیركردن نه‌ده‌بردو مه‌گه‌ر وه‌كو دوا په‌ناگه[44].

دوای وه‌فاتی ابن تیمیة، رێنوێنییه‌كانی ئه‌و له رێگه‌ی شاگرده‌كانییه‌وه، هه‌ره نامێیه‌كه‌یان: ابن قیم الجوزیة – له‌دایكبووی ١٣٥٠، په‌ره‌یان پێ درا. ابن القیم، وه‌كو نووسه‌رو بیرمه‌ندێكی بزۆز، بووه راڤه‌كارێكی هه‌ره دیاری رێنوێنییه‌كانی ابن تیمیه و به‌م هۆیه‌شه‌وه دووچاری چه‌وسانه‌وه و حه‌پس و زیندان بووه‌وه[45]. عماد الدین ابن كثیر الدمشقي (له‌دایكبووی: ١٣٧٣) كه شافیعی مه‌زه‌بێكی داكۆكیكار بوو له ابن تیمیة، هاوڕێی ابن القیم بوو. ابن كثیر زۆر شایی به خه‌باتگێڕیی پوخت و روختی ابن تیمیة ده‌هات و ئه‌ویش ته‌بای وی، بڕوای به

[43] Henri Laoust, “L’influence d’ Ibn Taymiyya” in Islam: Past Influence and Present Challenge, Alford, T. Welch and Pierre Cachia, eds. (Edinburgh University Press, 1979), pp. 18-19.

[44] Victor E. Makari, Ibn Taymiyyah’s Ethics (Chico, Ca: Scholars Press, 1983), pp. 124.

كتێبی "السیاسه الشرعیه"ی ابن تیمیه به كتێبه هه‌ره به‌كارو نفووزه‌كانی ئه‌و له فیكری ئیسلامیی هاوچه‌رخدا به‌ئه‌ژمار دێ.

[45] Henri Laoust, “L’influence d’ Ibn Taymiyya” in Islam: Past Influence and Present Challenge, Alford, T. Welch and Pierre Cachia, eds. (Edinburgh University Press, 1979), p.25.

هه‌روا بڕوانه:

عوض عوض الله جاد\حجازی، "ابن القیم وموقفه من التفكیر الاسلامي"، القاهرة، ١٩٧٣.

خوداناسیی فۆرمالیستی و سۆفیگەریی خەڵك پەسند نەبوو. ابن کثیر وابن القیم، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی بەردەوامی خاچپەرستان لە ئیسلام، پێشقەرەوڵی بانگەشەکاران بوون بۆ جیهاد[46]. زۆر جاران لە نووسینەکانی ئیسلامیی هاوچەرخدا، دانراوەکانی ئەم دوو ئیمامە بەبەڵگە دەهێندرێنەوە.

محمد ابن عبدالوهاب (لەدایکبووی: ١٧٩٢)، کە دوای هەڵوەستەیەکی چوار سەدەیی، مەزهەبی حەنبەلی ژیاندەوە، بە نەوەی رۆحیی راستەوخۆی گرووپی تیۆریسین و هەڵسوڕاوانی دیمەشقیی ابن تیمیة دادەنرێ. جێ پەنجەی ابن تیمیة و ابن القیم بەسەر پرەنسیپەکانی ابن عبدالوهاب و گرووپەکەیەوە (الموحدین) دیارە. هەروا کاریگەریشی بەسەر نووسینەکانی (رشید رضا)ی سوری- یەوە خویایە کە لەسەر دەستی (محمد عبدة) پێگەیشت و ساڵی ١٨٩٧، گۆڤاری "المنار"ی دەرکرد. ئەم گۆڤارە، بووە دەستئاوێژێك بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی ابن تیمیة لە باکووری ئەفریقیا، تا ئاوا بەشداری کرد لە سەرهەڵدانی بزاڤی ناسیۆنالیستی ئیسلامی بەرابەرایەتی (عبد الحمید بن بادیس، لەدایکبووی: ١٩٤٠)[47]. هەروا کاریگەریی ابن تیمیة بەسەر "ابو الاعلی المودودی" ی هیند و

---

[46] بڕوانە:

عماد الدینابن کثیر الدمشقي، کتاب الاجتهاد في طلب الجهاد، القاهرة، ١٩٢٨.

[47] Henri Laoust, “L’influence d’ Ibn Taymiyya” in Islam: Past Influence and Present Challenge, Alford, T. Welch and Pierre Cachia, eds. (Edinburgh University Press, 1979), pp. 29-39.

بۆ نیشاندانی رادەی پشبەستنی ابن عبدالوهاب بە ابن حنبل، ابن تیمیە، ابن القیم، ابی داود و شەش کتێبی فیقهی بڕوانە کتێبی وی بە ناوی: کتاب التوحید، بیروت، دار القرآن الکریم، ١٩٧٩.

سەبارەت بە تێڕوانینێکی هەمەگیر لە فیکری سیاسیی ئیسلامی بڕوانە:



فەندەمێنتالیستە پەڕگیرەکانی عەرەب کەمتر نەبوو: (سید القطب، شوکری مصطفی، عبدالسلام فرج و جهیمان العتیس). ابن تیمیة بووە تیۆریسینی پێشڕەوی فەندەمێنتالیزمی سوننە و شوێنکەوتووانی ئەو بۆ رێزگرتن، بە "شێخی ئیسلام" ناوی دێنن.

ئەم نۆ کەسەی لەسەرەوە باسیان لێکرا- ابن حنبل، ابن سلامة، ابن حزم، عیاض، النووي، ابن تیمیة، ابن القیم، ابن کثیر و ابن عبدالوهاب- وێنەی سەرکردایەتییەکی سیاسی و فیکری نیشان دەدەن کە بە کۆمەڵێ سیماو خەسڵەتی تاك و بێ هاوتا جیا دەکرێنەوە. لەباری باکگراوندی جڤاکی و کەسایەتی و باوەڕ و رەوتارەوە، ژیانی ئەو ئیمام و زانایانە هەندێ لایەن و دیوی وێکچووی ئاشکرایان هەس:

١- پابەندبوون بەژیاندنەوەی ئۆمەت لە رێگەی گەڕانەوە سەر رەگ و ریشەی ئیسلامی.

٢- بانگەشەکردن بۆ "خەباتگێڕی" و جیهاد لە رێگەی دیفاعکردن لە ئیسلام.

٣- کۆکردنەوەی ئایدیۆلۆجیای فەندەمێنتالیستی و بزۆزیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ژیانی تاکە کەسیی خۆیاندا.

٤- ئامادەیی تێدابوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی و کەلکەی قوربانی بەخۆدان لەپێناو ئیسلامدا.

---

Charles E. Butter worth, Prudence Versus Legitimacy: The Persistent Theme in Islamic Political Thought, in Islamic Resurgence in the Arab World, edited by A. E. Dessouki (New York, Praeger, 1982), pp. 89-114.



PDF 4 KURD

## نوێخوازان و مەهدییەکان

رۆڵی ناوەندیی کەسایەتیی کاریزمایی، سیماو خەسڵەتێکی هەمیشەیی بووە لە بزووتنەوەگەلی ئایینی و شۆرشگێریدا. تێکەڵبوونی قەڵەمڕەوی ئایین و سیاسەت لە ئیسلامدا، بوونی کەسایەتییەکی کاریزمایی کردووە بەپێویست وەکو بانگەشەکارو سەرچاوەی پەیامی نوێکردنەوە.

ئاقیدەی ئیسلامی و پێشینەی دیرۆکی دەرفەتیان داوە چەند جۆرە رابەرایەتییەکی سیاسی– ئایینیی فەندەمێنتالیستی هەڵبکەون. جۆری ئەساسیی سەرکردایەتی لە نێوان سوننە مەزەباندا کە هاوڕێی هاتنەئارای بزووتنەوەگەلی نوێگەرییە، جۆری "نوێکەرەوە" بووە. ئایدیای "نوێکەرەوە" لە "سوننەت"دا هەیە، بە تایبەتی لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا کە "أبو هريرة" دەیگێڕێتەوە و لە ناو فەرموودەکانی "ابی داود"دا هەیە[48]. نوێکەرەوە هەر سەد ساڵێك جارێ پەیدا دەبێ بۆ داکۆکیکردن لە سوننەتی پێغەمبەر و شەڕکردن لەگەڵ بیدعەتدا، لە ڕێگەی ژیاندنەوەی گیانی ئیسلامییەوە، بەرەنگاری گومانی دنیایی، بەدخویی و لاساییکردنەوەی کوێرانە دەبێتەوە. هەروابێتەوە، بۆ ژیاندنەوەی رۆحی و جڤاکیی ئیسلامیش، پراکتیزەی ئیجتیهادی شەرعی دەکا. نوێکەرەوە، پێغەمبەر و نێردراوی خوا نییە، ئەو لەدوای مردنییەوە لە ڕێگەی دەسکەوتەکانییەوە دەزاندرێ کە نوێکەرەوە بووە.

مەودودی پێی وایە نوێکەرەوە لەسەر یەکێ لەم (٩) ڕەهەندە یان زیاتر بۆ نوێکردنەوەی ئیسلام کار دەکات: دەستیشانکردنی ماك و دەردی ئارا، پلانێك بۆ چاکسازی، هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی کەموکورتی یان توانا،

[48] See: Abu Ala Maududi, A Short History of the Revivalist Movement in Islam (Lahore, Islamic Publications, 1963), p.33.



کودەتایەکی فیکری، ریفۆرمگەلی عەمەلی، ئیجتیهاد، داکۆکیکردن لە ئیسلام، ژیاندنەوەی سیستەمی ئیسلامی، کودەتای جیهانی[49]. ئەوە نوێکەرەوەی "نموونەیی"یە، بەرای مەودودی، کە ئەم نۆ ئامانجەی نوێکردنەوە بەدیدێنێ و پێی وایە هێشتا نوێکەرەوەی نموونەیی پەیدا نەبووە، ئەوانەی دەریش کەوتوون، نوێکەرەوەی پاژەکیین، لە عومەری دووەم (ابن عبدالعزيز)ەوە تا ئێستا، هەرچی "نوێکەرەوە"ی نموونەییە بە شیکاریی مەودودی، بەناوی "ئیمامی مەهدی" کە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ص) مژدەی هاتنی پێ داوین، دەردەکەوێ[50].

ئیمامی مەهدی، بە پێچەوانەی نوێکەرەوە، ئەرکێکی پیرۆزی ئاسمانی بەئەستۆوەیە. وێنەی مەهدی هێندەی لەکن جووان و دیانان و شیعەمەزەبان روونە، هێندە لەجەم موسڵمانە سوننە مەزەبەکان خویا نییە. "مەهدیی چاوەڕوانکراو"– هەروەکو ابن خلدون باسی کردووە– لەئاخیری زەمانێ، لە بنەماڵەی پێغەمبەر (ص)، بەیەکەوە لەگەڵ عیسا "درودی خوای لێ بێت" بۆ بەزاندنی دژمنان و رزگارکردنی ئۆمەتی خۆی دەردەکەوێ[51]. لە بەرانبەر

[49] Ibid, p. 38-39

بۆ شیکردنەوەیەکی چێتری بیروڕایەکانی مەودودی، بڕوانە:

Charles. J. Adams, Mawdudi, and the Islamic State, in Voices of Resurgent Islam, edited by John L. Esposito (New York, Oxford University Press, 1983), pp.99-133.

[50] مەودودی ئاماژە بۆ کۆمەڵە فەرموودەیەك دەکات کە "مسلم، الترمذي، ابن ماجة" کۆیان کردووەتەوە، هەروا ئەوانەش کە "الشاطبي و اسماعيل شاهد" کۆیان وەکردوون.

[51] P. M. Holt, The Mahdist State in the Sudan 1881-1898 (Oxford, Clarredon Press, 1958), pp. 22

سەبارەت بەو فەرموودانەی لەبارەی مەهدییەوەن بڕوانە:

Themes of Islamic Civilization, edited by John Alden Williams (Berkeley, University of California Press, 1971) pp. 191-251.

ئەوەدا هزری مەودودی بۆ مەهدی زۆر خویاترە، ئەو مەهدی بەوێنەی "سەرکردەیەکی هاوچەرخ" دەبینێ کە خودان بەهرەیەکی هۆشەکی و رۆحیی ئەوتۆیە کە ئەرکە شۆرشگێڕییەکەی خۆی "خەلیفایەتی لەسەر رێبازی پێغەمبەر" بەدیبهێنێ. مەهدی بەلای مەودودییەوە، شتی لە ئاوەزبەدەر ناگورێنێ، خۆی وەکو "مەهدی" ئاشکرا ناکات، بەڵکە خەڵك لە رێگەی دەسکەوتەکانیەوە وای دەناسن[٥٢]. نموونەگەلی مەهدی لەکن سوننەمەزەبان: (محمد احمد المهدي، سوودان– ١٨٧٩)، (محمد بن تومرت، مەغریب– ١١٣٠). هەرچی هزری شیعەیە لەمەڕ مەهدی، دوورودرێژترە. شیعەی ئیسماعیلی پێیان وایە ئیمامی حەوتەم، کە لە ڕەچەڵەکی عەلییە، بەوێنەی مەهدی، چەند پات وەدەردەکەوێ. بڕوایان وایە کە ئەو ئیمامە بەشێوەیەکی کاتەکی پێوار بووە. لە بەرانبەر ئەوەدا، شیعەی دوازدە ئیمامی (جەعفەری) چاوەڕوانی زڤرینەوەی ئیمامی دوازدەم دەکەن کە پێیان وایە بەشێوەیەکی کاتی خۆی ونکردووە.

هەنووکە، ئاریشەو گرفتی سەرکردایەتی، جێگەی بایەخ و گرنگیدانی تیۆریسین و پراکتیکارە ئیسلامییەکانە. هەر کۆمەڵەیەکی فەندەمێنتالیستی بۆ خۆی، وێنەیەکی لەمەڕ سەرکردایەتی لەسەر بناخەی کۆمەڵێك سیماو خەسڵەت و مەرجی پێویست نەخشاندووە. دەستگرتنی "الاخوان" بەسەر مزگەوتی "الحرام"دا وێنەی مەهدی چەند قات گەورە کردەوە. لە کاتێکدا فەقیهێك کە وەکو نوێنەری ئیمامی پێوار کار دەکات، سەرکردایەتی کۆماری

(ئەوەی ابن خلدون باسی کردووە، لە رای شیعان وەرگیراوەو زەمە بۆ ئەو)، المقدمة "ط/الشعب: ١٧٧–١٧٨").

[52] See: Abu Ala Maududi, A Short History of the Revivalist Movement in Islam (Lahore, Islamic Publications, 1963), p. 42-44.



ئیسلامیی خومەینی دەکات. هەرچی حەسەن بەننای، دامەزرێنەری "الاخوان المسلمین"ە، وێڕای نفووزی بەهێزی ئەو وەکو نوێکەرەوەیەك، نازناوێکی سادەو ساکار، نازناوی (المرشد)ی بۆ خۆی هەڵبژارد.

## ئایدیۆلۆجیای فەندەمێنتالیستی

دیاریدەو رواڵەتگەلی فەندەمێنتالیزم، هەر جۆرە ناوەڕۆکێکی مەزهەبی هەبێ، زڤرینەوە بۆ بناخە پاك وبێگەردەکانی ئاقیدە دەگرنە خۆ. لێ بزاڤی گەڕانەوە بۆ پرەنسیپە "بێگەردەکانی" ئاقیدە، هەمیشە مانای وانییە کە لاسایی کوێرانەی شێوەکانی ژیانی سەردەمی پێغەمبەر بکرێتەوە. لەڕاستیدا، هەندێ بزاڤگەلی فەندەمێنتالیستی هاوچەرخ – بەپلەی جیا–جیا– هەوڵ و تەقەلا بەخت دەکەن بەهاو رەوتاری نوێ بێننە ناوەوە تا لە هەلومەرجی نوێی ژیاندا خۆیان باشتر بگونجێنن. بەم پێیە، ئاڕاستەی ئایدیۆلۆجیی بزووتنەوەگەلی ئیسلامیی هاوچەرخ، کەوتووەتە بەر کاریگەریی ئایدیۆلۆجیاکانی پەرەسەندنی مۆدێرن، وەکو سۆسیالیزم و سەرمایەداری. لێ ئیسلامییە بڕوا قایمەکان بە گشتی دان بەم کاریگەرییە دەرەکییانە نانێن، بەڵکە دەیانگەڕێننەوە بۆ رەگ و ریشەی ئیسلامی.

ئایدیۆلۆجیستەکانی بزاڤگەلی ئیسلامیی هاوچەرخ، لە ناوەڕۆك و ئامانجەکاندا بەشێوەیەکی بنەڕەتی وێکدەچن. لەبەشی دووەمدا، جیاوازی دیاری نێوانیان باس دەکەین. ئامانجی ئێمە لێرەدا — تەنیا– ئەوەیە خەسڵەتە گشتییەکانی فیکری ئۆسولی و ئاقیدەی ئوسولی کە زۆربەی بزاڤگەلی ئیسلامیی سوننەگەر تیایدا بەشدارن، بخەینەڕوو. ئەم خەسڵەتانە بەزۆری لە رێنوێنییەکانی بەنناو قوتب و مەودودی و حەوا و فەرەج و عوتەیبی– یەوە وەرگیراون.

## ئایین و دەوڵەت

وەکو سیستەمێکی هەمەگیری بوون (وجود) سەیری ئیسلام دەکرێ کە شایانی پراکتیزەکردن بێ لە هەموو دەورو زەمان و جێگەیەکدا بە رۆژی دواییشەوە. بەپێچەوانەی مەسیحییەت، لە ئیسلامدا جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت مانایەکی نییە. فەرمانڕەوایی بەشێکە لە زاتی ئیسلام. قورئان سەرچاوەی شەریعەتە، دەوڵەتیش قانوون جێبەجێ دەکا.[53]

## قورئان و فەرموودە

بناخەو بنچینەکانی ئیسلام، بریتین لە قورئان، فەرموودەکانی پەیامبەری خودا محەمەد (ص) و هەروابێتەوە، کاروکردەوەکانی یاران و هەر چوار خەلیفەی راشیدین. ئیسلام هەقیقەتی کۆتایی و دوا وەحییە. لەبەر ئەوەی هەم هەقیقەتی کۆتایی ل جەم موسڵمانانەو هەم پەیامی ئەوان لە ژیاندا خواپەرستی و بانگکردنی خەڵکە بۆ ناو ئیسلامەتی، ئەوا لەم رێگەیەدا "خوا پشت و پەنایانە"[54].

---

[53] عبدالقادر عودة، الاسلام واوضاعنا السياسية، القاهرة، د. ت. ص ٥٥–٦٣.

[54] Richard P. Mitchell, The Society of the Muslim Brothers (London, Oxford University Press, 1969), p.234

سەبارەت بە ئایدیۆلۆجیای ئیخوانولموسلمین بروانە:

محمود عبدالحليم، الاخوان المسلمون، اسكندرية، ١٩٧٩، ص ٤٠–٤٢.



## صراط المستقيم "رێگای راست"

دەبێ بانگەشەکردن بۆ ژیانەوەی رۆحیی لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ "الصراط المستقيم" کە ئیلهامبەخشی موسڵمانانی بەرایی بووە، دابمەزرێ[55]. ئەگەر موسڵمانان نەگەڕێنەوە سەر پاکی و رەسەنزادەیی "پێشینان"ە خواناسەکان، هیچ هیواو ئومێدێك بۆ قورتاربوون نییە. ئا ئاوا، یەکەمین کۆمەڵگە کە محمد (ص) دایمەزراندووە، نموونەیەکی پرشنگدارەو دەبێ پێڕەوی لێ بکرێ.

## بنەڕەتی شەشەم

نابێ موسڵمانی بەڕاستی هەر تەنیا (٥) بنەڕەتەکەی ئیسلام جێبەجێ بکات، بەڵکە دەبێ خۆی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئایدیالیش تەرخان بکا[56]. بەننا و پێڕەوانی ئەو، پێیان وایە دامەزراندنی سیستەمێکی ئیسلامی، ئەرکێکی ئایینیە و لەوانەیە ئەم ئەرکە پێویست بە "جیهاد"یش بکات. "جیهاد"یش لە پێشتر و گرنگترە لە "ئیجتیهاد" لەو رووەوە کە جێگەی خەباتی ماددی و شەڕ و مردن و شەهیدبوونی تێدا دەبێتەوە. لەئاکامدا، ململانەو بەرەنگاریی زەبروزەنگئامێزی هەلومەرجی ئارا، بەشێکی گرنگ و رەسەنە لە پێکهاتەکانی

---

[55] Saad Eddin IbrahimAnatomy of Egypt, a Militant Islamic Groups, IJMES 12, no 4 (Dec. 1980), p.430

هەروا:

سعيد حوى، الله جل جلاله، بيروت، ١٩٧٥، ص٩–٢٠

[56] بروانة: تعاليم شكري مصطفى في: عبدالرحمن ابو الخير، ذكرياتي مع جماعة المسلمين، الكويت، ١٩٨٠، ص ٩–١٠

فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی هەڵسوڕاودا. لەو بارەوە کە فەرزی "جیهاد" شیمانەی شەهیدبوونی تێدایە، ئیدی ئەوە ئەرکی موسڵمانانە کە دەبێ ئامادەی قوربانیدان بەخۆیان بن، چونکە تەنیا بە "هونەری مردن" دەکرێ سەرکەوتن وەدەست بێت[٥٧].

## ئۆمەتی جیهانی

ئامانجی کۆتایی موسڵمانی راست و دروست، دامەزراندنی حوکمڕانیی خوایە بەسەر تەواوی خەڵکدا، بەم پێیە دنیا سەرانسەر، بە نیشتمانی ئیسلام دەزاندرێ. بۆ ئەوەی شەرع و حوکمڕانیی خوا دابمەزرێ، وا پێویست دەکا، حوکمڕانە دنیاییەکان، چ ئیسلامی و چ غەیرە ئیسلامی، لە رێگەی "جیهاد"ەوە لە کورسی دەسەڵات لابردرێن. جیهادکردنیش نابێ "بەرگریکارانە" بێت، نابێ تەنیا پاکسازی دنیای ئێستای ئیسلامی و پاراستنی ئایین بێت، بەڵکە دەبێ تەختکردنی ئەو کۆسپ وتەگەرانەش بێ کە لەسەر رێگەی بڵاوکردنەوەی ئیسلام دان لەسەر ئاستی جیهان. ئەم کۆسپانەش ئەمانەن: دەوڵەت و سیستەمگەلی کۆمەڵایەتی و داو و نەریت کە دەبێ موجاهیدەکان جیهادێکی هەمەگیریان لەدژ بکەن بە جیهادی بە (شیر)یشەوە[٥٨]. ئا لێرەوە، گۆڕینی کۆمەڵگەی جاهیلی– جولەکەکان،

[57] Mitchell, Society of Muslim Brothers, pp.207 also: Juhayman –Utayybi, Seven Letters (n. p. n. d.) pp 180-190.
[58] Sayyid Qutb, Milestones (Kuwait, International Islamic Federation, 1978), pp. 110-118.
لە کاتێکدا قوتب و مەودودی "جیهاد"یان بە فەرز داناوە، ئەوا حەسەن بەننا بە ئەرکێکی کەمتری داناوە واتە بە "فرض کفایة".



دیانەکان، کۆمۆنیستەکان و بتپەرستان و موشریکەکان و لەدین وەرگەڕاوە موسڵمانەکان– مەرجی یەکەمی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە کە تیایدا مرۆڤ لە کۆیلایەتیی بۆ کەسانی دی و لە هەوەس و هەواو شەهواتی زاتی خۆی رزگاری دەبێ[٥٩]. ئا بەم چوارچێوەیە، وەکو تاکە رزگارکەری مرۆڤایەتی و وەکو ئایینی ئایندە[٦٠] سەیری ئیسلام دەکرێ.

## دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

ئیسلام، ژیانی مرۆڤ بە یەکەیەکی رۆحی و ماددی دادەنێ. ئا لێرەوە، رەوتاری ئاکارەکی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری دیاری دەکات. چ مڵك و ماڵ هەن، مڵکی کۆمەڵگەیە، لە کۆتادا مڵکی خودایە. مرۆڤ تەنیا سوودمەندە لەو سامانە و لە رێگەی کاسبی و کارەوە وەدەستی دەخات. ئیسلام، مڵکایەتی تایبەت بە رەسمی دەناسێ، لێ بەپێی بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگە، سنووریشی بۆ دادەنێ. سەروەت و سامان کۆ کردنەوە لە رێگەی خیانەتەوە یان مۆنۆپۆلەوە یان ریباوە حەرامە. سیستەمی زەکات هاوڕێ لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەت دەستەبەری ئەوەن کە کۆمەڵگە بەسەر چین و توێژی جیا–جیا دابەش نەبێت[٦١]. زۆر جاران بەم کاروکردانە دەگوترێ سۆسیالیزمی ئیسلامی. کەسایەتیی دیرۆکی کە هەڵوێستی توندی

[59] Ibid, pp. 148-155, 129-130.
[60] Sayyid Qutb, Islam, the Religion of the Future (Kuwait, International Islamic Federation), 1977.
[61] Mitchell, Society of Muslim Brothers, pp.252-253

"سۆسیالیستی" دەرهەق بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبووبێ، بە رای زۆربەی ئیسلامییەکانەوە، ئەبو زەری غەففاریی سەحابەی پێغەمبەرە[٦٢].

## دەسەڵاتی شەرعی

حکوومەت لە رێگەی "شوورا"وە کار بە قورئان دەکات. ئەرك و فەرمانی دەوڵەت جێبەجێکردنی شەریعەتە. دەسەڵاتی راپەراندن پابەندە بە رێنوێنییەکانی ئیسلام و خواست و ویستی گەلەوە. ئەو مەرجانەی کە دەبێ لە حوکمڕاندا هەبن بریتین لە: دەبێ موسڵمانێکی نێرینە و پێگەیشتووی بەئاوەز و تەندروست و دادپەروەری لەخواترس و زانایەکی چاکی فیقهی ئیسلامی و توانای رێبەرایەتی کردنی هەبێ. ئەگەر حوکمڕان لە راستەڕێ لای دا، دەبێ وریا بکرێتەوە و رێنوێنی پێ بدرێ، ئەگەر هەر لەسەر لەڕێ لادانی خۆی بەردەوام بوو، دەبێ لەسەر کار لابدرێ. چونکە هەر کەسێ بە شەرعی خوا نەجولێتەوە، کافرە[٦٣].

---

[62] سەبارەت بە سۆسیالیزمی ئیسلامی بڕوانە: مصطفی السباعي، اشتراکیة الاسلام، دمشق، ١٩٥٨. ئاماژە بۆ ئەبو زەر دەکرێ وەکو یەکەمین موسڵمانی سۆسیالیست یان کۆمۆنیست. سەیید قوتب یەکێ بووە لەپێڕەوە هاوچەرخەکانی ئەبو زەر. بڕوانە: العدالة الاجتماعیة في الاسلام، القاهرة ١٩٦٤، دوای ئەوەی عەبدولناسر سۆسیالیزمی عارەبی پەسند کرد، سەیید قوتب چیتر، باسی لە سۆسیالیزم نەکرد و نەنووسی. ئاواپەسندکردنی سۆسیالیزم لە لایەن ناسرەوە، وای لە سەیید قوتب کرد خۆ لە باسکردنی سۆسیالیزم بپارێزێ وەکو جۆرە بەرهەڵستیکردنێکی رژێمی ناسر.

[63] محمد عبدالسلام فرج، الجهاد: الفریضة الغائبة (کندا، د.ت.)، ص ١٥-١٩، ص٤٥-٤٦. هەروا بڕوانە:



## کۆمەڵگەی پاکژ و بێگەرد

دەبێ ئۆمەتی ئیسلامی کۆمەڵگەیەکی پاکژ و بێگەردی دامەزراو بێت لەسەر پرەنسیپەکانی "سەلەفیەت" و شوێنکەوتەی پەیام و رێبازی ئایدیالیی ژیانی پێغەمبەر (ص) بێت. هێنانەئارای کۆمەڵگەیەکی چاك وبێگەردی وا، خەڵکی لەخواترس کە لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا پێڕەوی لە ژیانی پیغەمبەر (ص) و یارانی بکەن، پێ دەوێ. خێزان لە پەیکەری کۆمەڵایەتیدا بەردی بناخەیە و تیایدا پیاوان جڵەوی سەرکردایەتی و بەرپرسیارەتی هەڵدەگرن و ئافرەتانیش سەرچاوەی خۆشەویستی و نازو سۆزن. دەبێ تێکەڵاوی نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ کۆنترۆڵ بکرێ و ئافرەتان دەبێ جۆرە جلکێکی ئاودامانپۆش بپۆشن کە ئابڕوویان بپارێزێ و لە وەسوەسەو وروژاندن لایان بدا[٦٤]. بەهاو نەریتی رۆژئاواییش نامۆن بە ئایینی ئیسلام و کولتوورەکەی.

## یەکێتیی تیۆری و کار

پێغەمبەری خودا (ص)، پەیامی ئیسلام و کارپێکردنی لە کەسایەتیی خۆیدا کۆکردەوە. بەم پێیە، رێگەی ئیسلام رێبازێکی سۆفیگەرانەی رامانئاسا نییە، بەڵکە رێبازی کارە. دەبێ ئایدیۆلۆجیا ببێتە "میتۆد"ێکی بەیەکەوەگرێدراوی

---

Mitchell, Society of Muslim Brothers, pp.246-247

[64] Fadwa El Guindi, Veiling Infitah with Muslim Ethic, Egypt’s Contemporary Islamic Movements social problems 28, no. 4 (April 1981): p.474-75.
Mitchell, Society of Muslim brothers, p. 225.

توندوتۆڵی جێبەجێکردن [٦٥]. ئەم پابەندبوونە بە بزاڤگەرێتیی هەمیشەیی وا فەرز دەکات کە لە رەوش و باری تازەدا، شەریعەت لە رێگەی "ئیجتیهاد"ی کراوەو ئاراستەکراوی دژ بە دامەزراوەی ئایینی و دەسەلآتی دەوڵەت، جێبەجێ بکرێ. بەم رەنگە، نابێ لاسایی کوێرانەو کت و متی سوننەت، بکرێتەوە، بەڵکە دەبێ نوێکاری بکرێ تا رێگە لە بەدخویی و فیسق و فەساد و جاهلیەت بگیرێ[٦٦].

## شێوەکانی پرۆپاگندەی ئایدیۆلۆجی "بانگەشە"

چالاکی نواندن بۆ بلآوکردنەوەی پەیام، هەر لەدەسپێکی ئاقیدەی ئیسلامییەوە یەکێ بووە لە رووکارە بنەڕەتییەکان. ئیسلام بەو پێیەی ئایینێکی هەمەگیر و جیهانییە، بۆ بلآوکردنەوەی پرەنسیپەکانی خۆی لە تەواوی دنیادا بەپەرۆش بووە. بەم پێیە، بانگەشە کردنی خەڵك بۆ هاتنەسەر ئایینی ئیسلام، ئەرك و فەرمانێکی "کفائی و عینی"یە[٦٧].

لە پراکتیکی فەندەمێنتالیستیدا، بانگەشەکردن بۆ ئیسلام مانایەکی تایبەتی هەیە. ئەگەرچی هەم موسڵمانی سوننەتی و هەم موسڵمانی فەندەمێنتالیست، سەبارەت بە بانگەشەکردن بۆ هاتنەسەر ئایینی ئیسلام خۆیان بە پابەند دەزانن، لێ چ لە شێوازو چ لە هۆکار و پاڵنەر و ئامانجەکاندا جیاوازی بنەڕەتی لە کاری پرۆپاگندەیی هەردوو لایاندا دەبیندرێ.

---

[65] سید قوطب، معالم في الطريق، ص ٧–٨

[66] See: Abul Ala Maududi, A Short History of the Revivalist Movements in Islam (Lahore, Islamic Publications, 1963), pp.31-34.

[67] محمد ابو زهرة، الدعوة الى الاسلام، قاهرة، ١٩٧٤، ص ١٢٥.



موسڵمانی سوننەتی لە ناو غەیرە موسڵماناندا: مەسیحی و جوولەکەو گاور و رۆحپەرستان و هیتردا، بانگەشە بۆ ئیسلام دەکات. ئەم توێژانە بەلای فەندەمێنتالیستەکانەوە بەلایەنی کەمەوە بەپلەی دووەم دێن. ئەوان تەکز دەکەنە سەر گۆڕین و مۆبالیزەکردنی موسڵمانە سوننەتییەکان بۆ پێڕەوکردنی "رێگەی راست".

ئەو فەندەمێنتالیستانەی کە لە ناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا کار دەکەن، کۆمەڵێك شێوازی تاك و ناوازەی بانگەشەکردن بەکاردێنن کە هەم روویان لە تاك تاکەی کۆمەڵگە و هەم لە سەرجەم کۆمەڵگەیە. ئیسلامییەکان، کە پێیان وایە هەقیقەت لەلای ئەوانە، بەو پەڕی حەماسەت و گەرمە تەریقییەوە، بەپێی هەلومەرجی سیاسی، چ بە نهێنی و چ هەندێ جاریش بە ئاشکرا، بانگەشەو پرۆپاگندە بۆ پەیەماکەی خۆیان دەکەن. حەسەن بەنناو هاوکارانی زۆر بەمەعلانی و شارەزایانە ئەم شێوازانەیان پراکتیزە کردوون، و شێوازو تەرزێکی کارکردنیان داهێناوە کە سەرکردە تازەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی پێڕەویان لێ دەکەن. سەرکردەی فەندەمێنتالیست، لەو تێڕوانینەوە کە رابەرو سەری کۆمەڵەیە بڕوای بە دیسپۆتیزم هەیە و بایەخ بە دوو پرسی بانگەشەکاری دەدا: ١– پتەوکردنی باوەڕی شوێنکەوتووانی خۆی لە رێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی پێڕەوەکانی ٢– راکێشانی ئەندامی تازە بۆ ناو ریزی بزووتنەوەکەی.

حەسەن بەننای سەرکردەی "الاخوان المسلمين"، چەند نامەیەکی بۆ شوێنکەوتووانی خۆی نووسیوە تا ئامانجەکەل و چالآکییەکانی کۆمەڵەکەیان پێ بناسێنێ. هەروا رێوێنی بۆ ئەندامەکانی خۆی لەبارەی سەمت و ئاقاری رۆحی و هۆشەکی و ماددی دەرکردووە تا لە ژیانی خۆیاندا پێڕەوی لێ بکەن. هەر ئەندامێکی تازە دەبێ "سوێندی بەیعەت" پێکردن بخوا کە دروشمی

"کار، گوێڕایەڵی، سەبرو حەوسەڵە" دەگرێتە خۆ[68]. توخمی کار کردن هەمیشە لە ڕێگەی بەشدارییپێکردنی ئەندامانەوە لە جڤات و کۆبوونەوەو میتینیگی گشتی، لە بۆنە ئایینی و ڕووداوە سیاسییەکاندا، بەگوڕ دەبێت. ئەم کۆبوونەوانە، کە وەك کۆبوونەوەی نوێکاریی عیساییان وان، بە تەقس و کەش و هەوایەکی پڕ سۆز و، بە سروود و دروشمگەلێك کە هەست و نەستی یەکبوون و هێزو دڵسۆزیی دەستەجەمعی دەخولقێنن، بەڕێوەدەچێ.

هەروابێتەوە، میتینگی گشتی وەکو میکانیزمێك بۆ کارتێکردن و ڕاکێشانی ئەندامی تازە بەکار دێت– ئەمەیان ئامانجی دووەمی بانگەشەکاریی سەرکردەیە. بۆ ڕاکێشانی خەڵکی دیکەش، گوتاربێژی بەتواناو بە نفووزی ناسراو و بەهێزی ئەوتۆ هەڵدەبژێرن کە بەشێوەیەکی تایبەتی، هونەری دواندن و گوتاربێژیی و نوێکاریی خۆیان وەکو پرۆپاگندەچی بەکاربهێنن، کە زۆر جیان لەو "خوتبەخوێنانە"ی لە مزگەوتەکانی سەر بە دامەزراوەی ئیسلامیدا کار دەکەن[69]. لە ناوچە نفووزی فەندەمێنتالیستیدا، زۆر جاران پرۆپاگندەچییان، لە پێشنوێژیی خەڵکدا، جێگەی "خوتبەخوێنە" رەسمییەکان دەگرنەوە و مزگەوت دەبێتە ناوەندی کۆبوونەوە[70]. بەشێکی تایبەت بۆ پەیام بڵاوکردنەوەو خانەی پەخش بۆ پاراستن و پتەکردنی

[68] Richard P. Mitchell, The Society of the Muslim Brothers (London, Oxford University Press, 1969), p.196

سەبارەت بە ڕێنوێنییەکانی بەنناش بڕوانە:

محمد شوقي زكي، الاخوان المسلمين والمجتمع المصري، القاهرة،د.ت. ص ١٣٢–١٣٤

[69] البهي الخولي، تذكرة الدعاة، (القاهرة، ١٩٥٣)، هەموو کتێبەکە.

[70] لە ناوەڕاستی چلەکاندا، "الاخوان" سەرپەرشتی ٣٥ مزگەوتیان لە "قاهيرة و جيزة" دەکرد. بڕوانە: زكي، الاخوان، ص ١٣٢–١٣٤



پابەندبوونی ئایدیۆلۆجی دروستکراون. گوتاربێژان، هەروا بابەتەکانیش، بەشێوەیەك کە لەگەڵ باری خوێندن و ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەزیفی جەماوەردا بگونجێ هەڵدەبژێردرێن. ئەمڕۆ، بۆ سوود لە پرۆپاگندە وەرگرتن پشت بەم نەریتە دەدرێ کە بۆ سەردەمی پێغەمبەر (ص) و ئەو پیلەکەو گفتوگۆیانەی لە نێوان خەلیفەکانی ئەودا کراون، دەگەڕێتەوە. لەڕاستیدا لە دیرۆکی ئیسلامی، وێکچوونێکی خویا لە نێوان ئەو شێوازانەدا هەیە کە هەم کۆڕوکۆمەڵەی ئیسلامیی هاوچەرخ بەکاریان دێنن و هەم ئەو کۆڕو کۆمەڵە خەباتگێڕانەش لەبابەتی قەرمەتی و فاتمییەکان. بەزۆری لەسەر ئاستی تاکەکەسی، بانگەشە بەنهێنی دەکرێ، بە تایبەتی کاتێکی کە کۆمەڵەیەك مەیلی پیلانگێریی هەبێ. لە بوارو دەرفەت و کایەی فرەوانتریشدا، دەستئاوێژی مۆدێرن وەکو کاسێت و ئامێرگەلی تۆمارکردن زۆر بەکار دەهێندرێ.

## جەماوەر و بانگەشەی نوێکاریی

هۆکارەکانی قەیران کە فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیان لێ کەوتووەتەوە، کۆڕ و کۆمەڵەی دیاریکراو و نادیاریکراوی بە سەرو سەمت ئۆپۆزیسیۆن بە دەسەڵاتی دەوڵەت دێننەئاراوە. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە، ئاکامی بێزارییەکی میللی تەشەسەندووە لە بەرانبەر کۆمەڵگەو دەوڵەتدا. وەلێ دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە هەلومەرجەکانی قەیران کاریگەریی جیا– جیایان بەسەر تاك و چینەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. خویایە، کە جۆرە تاکگەل و کۆڕ و کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی هەن کە لە خەڵکی تر پڕ هەستترن لە بەرانبەر واقیعی ڕژێمی

ئارادا، جا چ لەبەر رەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێکهاتەی دەروونییان بێ، یان بەهۆی تەمەن و خوێندن و وەزیفەوە.

بەهۆی جیاوازیی نێوان خەسڵەتگەلی رژێمەکانی عەرەبی و سیاسەتەکانیان، هەندێ جیاوازی لە نێوان ئەم وڵات و ئەو وڵاتدا هەیە سەبارەت ئەو جەماوەرەی کە رووی بانگەشەیان تێ دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێ هەندێ کۆڕ و کۆمەڵ و کەرتی گشتیی کۆمەڵایەتی جیا بکەینەوە کە حەزو مەیلێکی تایبەتییان بەرەو بەشداریکردن لە پرس و کێشەگەلی ئیسلامیدا هەیە. هەروا دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە ئەم جەماوەر و ناوەندو کۆڕە بەنیشانکراوانە بەزۆری لە پێکهاتەی خۆیاندا رایەڵکەو سەروکاریان لە نێواندا هەیە.

## گەنجان

لاوان لە وڵاتانی عارەبیدا، لە هەموو توێژەکانی تری کۆمەڵگەدا، پتر بەدەنگ بانگەشەی ئیسلامییەوە دەچن. ئەم جۆرە، قوتابیانی قوتابخانە دواناوەندییەکان، کۆلیجەکان، زانکۆکان و دەرچووان دەگرێتەوە، کە ئامادەگیان تێدایە ببنە بەشداریکەرێکی دڵگەرمی سەختگر لە ناو ئەو کۆڕو کۆمەڵە ئیسلامییانەی پەنا بۆ زەبروزەنگ دەبەن. کۆمەڵێ هۆکاری جۆراو جۆر لە هۆکارەکانی قەیران وایانکردووە گەنجی عارەب هەست بەنامۆیی بکات: نەمانی ئاسایش و تەنایی دەروونی، بێکاری، لەدەستدانی پێناسە، ستەمی کۆمەڵایەتی و نەمانی کەرامەتی نەتەوەیی لە بەرانبەر ئیسرائیل و رۆژئاوادا. دیارە رێککەوت نییە، کە گەنجان رێژەیەکی بەرزی ئەندامێتیی کۆڕو کۆمەڵەی فەندەمێنتالیستی "خەباتگێڕیی" پێکدەهێنن. هەروا گرنگە



تێبینی ئەوەش بکرێ کە قوتابیان و دەرچووانی زانکۆکان بە تایبەتی ئەوانەی پسپۆرێتیی زانستی و تەکنیکییان هەیە زۆرتر لە قوتابیانی بوارە مرۆڤایەتییەکاندا توانای چوونە ناو فەندەمێنتالیزمیان هەیە. ئەوانەی یەکەمیان پلەیەکی باڵای دڵگەرمی و ئایدیالیزم و توانای چوونە پێشەوەیان هەیە[٧١]. وێدەچێ سێ هۆ لەو دیو ئەو مەیلەوە هەبێ کە ژ بەر چ قوتابییە ئوسوڵییەکان حەز بە خوێندنی زانستی و تەکنیکی بکەن:

١– حەزو کەلکەلەی گەیشتن بە رۆژئاوا لەباری زانستییەوە بۆ لە ناوبردنی باڵاتریی پیشەسازی و جەنگیی رۆژئاوا، ٢– نیازو مەبەست بە زەوینە ئەسڵییەکانی خوێندن (زانست و تەکنەلۆجیا) کە کەمتر بایەخگەلی رۆژئاوایی دێنێتە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە، ٣– دڵنیایوون و یەقین دەکەونە بەر دڵان، یەقینیش سیمایەکی رەسەنە لە زانستە وردەکاندا لە بەرانبەر سروشتی شیکاری و مەزندەیی جیای دیراسەی مرۆیی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

## تازە هاتووان بۆ شار

کۆچی بەردەوام لە گوندەوە بۆ شار هۆکارێك بووە لە هۆکارەکانی ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا. ئەنجامیش ئەوە بووە کە لە پەرگەو دەوروبەری شاردا گەرەکی قەوغای پڕ دانیشتوان دروست بووە کە تیایدا کەمی خانوو، بێکاری و کەمی راژەی کۆمەڵایەتی لە ئارادان. لەوەش گرنگتر، ئەو شۆکە کولتوورییەیە کە بەشارستانیبوون لە ناو دڵ و دەروونی تازە هاتووەکاندا دروستی دەکات. ئەوانە لە ئاکامی دابڕانیان لەو سەقامگیرییەی

71 Saad Eddin Ibrahim, Anatomy of Egypt's Militant Islamic Groups, IJMES 12, no.4 (Dec. 1980), p437-440.



PDF 4 KURD

که له ناو خاوخێزانی خۆیان هەیان بووە کە سەر بە چینی ناوەند و خوارێی —ناوەندن لە شار بچووک و دێهاتەکاندا[72] بە تاقیکرنەوەی "قەیرانی کولتووری"دا تێپەڕ دەبن. ئا ئاوا، ئەم کەسانە، کاتێ لە ناو بەهاگەلی ژینگەی بێگانەدا نقوم دەبن، لە کۆمەڵگەی مەدەنیی گشتیدا، کەلەپوریی دەروونی و جڤاکی خۆیان بزر دەکەن. لە تەقس و کەشوهەوای نامۆ و کەس بەکەس نییەی کۆمەلآیەتیی شاردا، ئەم شارنشینە تازانە هەوڵ دەدەن ژینگەیەکی کۆمەلآیەتی لەبار، دەستاوێژێك بۆ رزگاربوون، کە ئەویش چوونە ناو کۆڕوکۆمەڵەی فەندەمێنتالیستییە، بۆ خۆیان بدۆزنەوە. رەوشی شار وا لەم شارنشینە تازانە دەکات، کە ببنە توخمگەلێکی ئەوتۆیی و توانایەکی تایبەتی چوونە ناو ئەو رێکخراوانەیان تێدا بێ، لەسەر دەستی کەسایەتییە کاریزماییەکان و نوێنەرانیانەوە.

## نارەزایی سیاسی

ئەم حەشاماتە نا رێکخراوە، هەندێ کەس و کەرت و توێژی ئەوتۆی ناو جیهانی عارەبییان تێدایە کە ئاگاییەکی سیاسیی بەهێزیان هەیە، لەوانەیە لەنێویاندا دەستەبژێری ئۆپۆزیسیۆن سەرهەڵبدات. بەزۆری لە ئەنجامی سیاسەتگەلی جڤاکی و ئابووری و دەرەکی، ئەوانە بەرەو بەرهەڵستکاریی دەسەلآتی ئارا دەبزوون. ئەم کۆمەڵە گەورەیەی بەرهەڵستکاران، ناسرییەکان و هەڵگرانی بیروڕای ناسیۆنالیستی و کۆمەڵەو دەستەی دابڕاوی سیاسی و ئایینی و ئابووری و ئەفسەرانی پلە ناوەند و خوارێی سوپا و قوربانیانی

[72] بەپێی راپۆرتان ئەندامی تازە لە میسر لە هەردوو چینی خوارێ و چینی ناوەندی خوارێی گوندەکییەوە دێن. بڕوانە: سعدالدين ابراهيم، تشريح الجماعات الاسلامية، ص ٤٣٩.



دەستی زەبرو زەنگی حکوومی دەگرێتەوە. توخمە سوپاییەکانی نێو ئەوانە، بەهێزترین سەرچاوەی یاخیبوونی ئیسلامیی چەکداری پێکدێنن.

## توخمگەلی نیشتمانیی سوننەتی

کەرت و توێژی سوننەتی لە کۆمەڵگەی عارەبیدا، بریتین لە: بورجوازی بچووك، کارمەندو کاربەدەستی ئاسایی، بیرۆکرات، دوکاندار، پیشەگەر، مامۆستا، نووسەرو بنووس، سنەعەتکار و وردە مالیك. ئەوانە بەرهەڵستی توانەوەی رۆحیی ئیسلامی دەکەن لە ژێر کاریگەریی هاتنەناوەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتییانەی بێگانەوە. ئەم خەڵکانە، دینداری دڵسۆزن، وەرچەرخانیان بۆ ناو بزووتنەوەی فەندەمێنتالیستی ئاکامی هزرو وێناکردنی ئەوانە بۆ ئەو مەترسییەی کە سەرچاوەکەی دەبەنەوە سەر دەوڵەت و جیهانی دەرەکی. ئەوانە بەزۆری پێیان وایە کە ئەو مەترسییە کار لە کەسایەتی ئایینی سوننەتی و بەرژەوەندە ئابوورییەکانیان پێکەوە دەکات. سیاسەتگەلی دەوڵەتان لە چوارچێوەی ئابوری جیهانیدا، لەم دەیەی دواییدا بوون بە مایەی جێ پێ لەقکردنی رەوشی جڤاکی و ئابووریی چینەکانی ناوەندی عارەبی. تا رادەیەکی گەورە دەرفەتی چوونە پێشەوە لەبەردەم تاکەکانی ئەم چینی ناوەندە نەماوەتەوە. بەڕاستی زەحمەت بووە ئەم چینە بشێ رەوشی جڤاکی و ئابووریی خۆی بپارێزێ و ئەمەش جۆرە بێبەشییەکی رێژەکی لێکەوتووەتەوە[73]. لەتەك جۆرەها شێوەی نائۆمێدی کە دڵ و دەروونی توخمگەلی چینی ناوەندیان داگرتووە، سەرباری نامۆبوونی کولتووریی ئەوان لە دەستبژێرە سیاسی و ئابوورییە رۆژئاواگەرەکان. ئەم کەلێنە کولتوورییە، لەئاکامی فراوانبوونی درزو کەلێنی ئابووری پتەوتر بووە.

[73] حسن حنفي، الوطن، (١٩٨٢/١١/٢٨)



PDF 4 KURD

توخمگەلی چینی ناوەند وێڕای ئاستی تا رادەیەك بەرزی خوێندنیان، ناتوانن باز بەسەر ئەم کەلێنەدا بدەن. ئەگەر خوێندنی بالاّ بەشداری لە چاترکردنی رەوشی ئابووریی ئەوان نەکردبێت، ئەوا بەشداری کردووە لە تیژکردنەوەی هوشیاریی کۆمەلاّیەتی لە ناو توێژێکی گەورەی چینی ناوەندی عارەبیدا بەشێوەیەك کە پێشتر لە مێژوودا وێنەی نەبووە. ئا لێرەوەیە، کە تاکەکانی ئەم چینە زۆر بەتوندی هەست بە ستەمی کۆمەلاّیەتی و ئابووری و پرکێشی کولتووریی رۆژئاوایی بۆ سەر پێناسەی ئیسلامی خۆیان دەکەن.

## چینەکانی خوارێ

خەلّکی رەشۆکی لە سێ سینفی سەرەکی پێکدێ: جوتیاری هەژارو نەدار، بەدو، هەژارو نەداری شاران. بەم چینانەی خوارێ دەگوترێ "المستضعفين" و چەوساوەو بێبەش. ئەم چینانە دوو سیفەتیان هەیە کە سەرچاوەیەکی بەپیتن بۆ بەئەندامگرتن لەپێناوی دۆزی ئوسولّیدا. ئەم "موستەزعەفانە" — لەبەر ئەوەی لەو توێژانەن کە زۆر بەتوندییەوە دەستیان بە داوونەریتەوە گرتووە– پارێزگاریی لە پابەندبوونی قولّ و هەمیشەیی خۆیان بە ئیسلامەوە دەکەن. ئەم هۆکارە، لەگەلّ رەوشی نزمی ئابوورییان، وایان لێدەکا ئامادەگی زێتریان لەخەلّکی تر بۆ پەسندکردنی پەیامی ئیسلامگەریی تێدا هەبێ. جەنگاوەرە ئیخوانەکانی سعودییەو خەلّکانی لایەنگری"خومەینی" لە نموونە هەرەگرنگەکانی موستەزعەفان دەژمێردرێن. لە کەشوهەوایەکی کلّپەسەندووی شۆرشگێریدا، ئەم موستەزعەفانە، لەگەلّ گەنجان و توخمگەلی نیشستمانی ناو هەردوو چینی خوارێ و ناوەندا، پشتگیریی جەماوەریی خۆیان بۆ سوپاییان و لایەنگرە مەدەنییەکانیان، رادەگەیەنن کە دەیانەوێ دەسەلاّت بگرنە دەست و دەبنە سووتەمەنی پێویستی ئەو بزووتنەوانە.



لێرە– هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە چوارچێوەی یەك ولاّتیشدا — لە نێوان ئەو کۆمەلّە نارازییانەی کە ئاراستەی بەهێزی ئیسلامییان هەیە کۆمەلّێ جیاوازی هەیە. بەشێوەیەکی تایبەتی ئەمە بەسەر کەرت و توێژەکانی ناوەنجی کە بڕبڕەی پشتی زۆربەی کۆڕوکۆمەلّە ئۆسولّییەکانن لە ولاّتانی عارەبیدا، جێبەجێ دەبێ. هەموو بەلّگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە جیاوازی لە ستراکتوری حکووماتی عارەبی و سیاسەتە دەرەکییەکانیاندا، کاریگەریی جیا– جیای هەبووە لەسەر کەرت و توێژە جیا– جیاکانی چینی ناوەڕاستدا. بۆ نموونە، سیاسەتگەلی "بەعسی سوریا" شوێنەواری زیانبەخشی هەبووە بۆ سەر داهات و سەرچاوەکانی چینی بورجوازیی بچووکی خەلّکی سوننە مەزەبی شارەکان و پاشان لە ئاکامی کەلّەگایی کۆمەلاّیەتی و سیاسیی کەمینەی عەلەوی، درزو کەلێنەکە فراوانترو زێدەتر بووە[٧٤]. ئا لێرەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی، بزووتنەوەی بەرهەلّستکاریی ئیسلامی لەسەر چینی ناوەڕاستی سوننە مەزەبی شارنشین دامەزراوە.

هەرچی میسرە، ئەوا هەلّوێستەکە جودایە، تایەفەگەری بەو شێوەیەی لە سوریادا هەیە، لەوێ نییە. فەندەمێنتالیزمی چینی ناوەڕاستی میسری لە بنەڕەتدا ئاکامی سیاسەتگەلی ئابووری و جڤاکی و دەرەکیی حکوومەت بووە. بەلّکە بەپێچەوانەی تاقیکردنەوەی سوریا– ئەو توێژەی کە لە هەمووان زێتر زیانی پێکەوتووە، رۆلّەکانی ئاستی خوارێی چینی ناوەڕاستی میسر بوون لە گوندنشینان و هاوشێوەکانیان لە شاران. لەلایەکی دیکەوە، لە تونس، ئەو کۆمەلّە زیان لێکەوتووانەی کە بە ئاراستە و سەمتی ئوسولّیدا کەوتوون، لە رووی پێکهاتەوە هەم لەوەی میسر و هەم لەوەی سوریا جیاوازن. ئەمانە ئەو

[74] Fred H. Lawson, Social Bases of the Hama Revolt, MERIP Reports (Nov. Dec. 1984), p. 224-228.

بۆرجوازییە سوننەتی و بیزنس مان و مالیکانە دەگرێتەوە کە لە دەستبەسەراگرتنەکانی ساڵی ١٩٦٢– ١٩٦٩ دا زیانمەندبوون، لەتەك توخمگەلی کەرتی خوارێی چینی ناوەڕاستدا، تێکرای تەمەنی خەباتگێڕو هەڵسوڕاوە تونسییەکان لە نێوان ٢٠–٣٠ ساڵ دایە[٧٥].

## ئەلتەرناتیڤی دەستخەڵەتدەری ئیسلامی

دەکرێ بەشێوەیەکی تایبەتی ئەم خەسڵەتە بنەڕەتییانەی ئەلتەرناتیڤی ئیسلامی کە بەشداری لە هێزپەیداکردن لەسەر ئاستی گشتی دەکەن ئاوا پوخت بکەینەوە. فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، وەکو ئایدیۆلۆجیایەك:

١– پێناسەیەکی نوێ بە ژمارەیەکی زۆر لەو تاکە کەسە لە خۆ نامۆ و دوورەپەرێزانە دەبەخشێ کە پێوەندیی و رایەڵکەی کۆمەڵایەتی و رۆحیی خۆیان ونکردووە.

٢– بە زمانێکی خویا، جیهانبینیی بڕواداران لە رێگەی دیاریکردنی سەرچاوەکانی خێر و شەڕەوە، دەردەبڕێ.

٣– فۆرمۆلەیەکی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ژینگەی سەخت و ناهەموار پێشکێش دەکات.

٤– ئایدیۆلۆجیایەکی بەرهەڵستکار دژی رژێمی ئارا پێشکێش دەکات.

٥– هەستێکی شەرافەتمەندانە و پێوەست بوون بە خۆ و پەناگەیەکی رۆحی لە نادڵنیایی و بەدگومانی بە تاکەکەس دەبەخشێت.

[75] Zouhaier Dhaoudi, Islamism's et Politique en Tunisie, Peuples Mediterraneens 21 (Oct-Dec. 1982), p.158.



٦– بەڵێنی ژیانێکی باشتر بە خەڵك دەدا، ژیانێکی ئایدیالیانەی ئیسلامیی لە داهاتوودا، کە شیاو بێ لەسەر زەوی و لە ئاخیرەتدا.

دەسەڵات پەیداکردنی کۆڕو کۆمەڵەی ئیسلامی لەو سەرچاوەیەوە دێ کە توانیویە تیۆری و پراکتیك سەرکەوتووانە کۆبکاتەوە لە رێگەی هەوڵ وتەقەلاوە بۆ جێبەجێکردنی هزر و چەمکە عەقیدەتی و ئایدیۆلۆجییە فەندەمێنتالیستەکەیەوە لە واقیعی بوونی کۆمەڵایەتی خۆیدا.

کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەق ئەمانە پێشکێش دەکەن:

١– لە نێو کۆمەڵگەی بڕواداراندا هەستی برایەتی باڵادەست دەبێ.

٢– ئەندامەکان، فەرمان و ئەرکی دیاریکراو رادەپەڕێنن، بەسایەیانەوە "پێگەو جێگەو رێگەی خۆیان لە ژیاندا" دیاری دەکەن و عیزەتی نەفسییان لەلا پەیدا دەبێت.

٣– هاریکاری کردنی یەکدی و متمانە لەسەر خۆکردن لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وەکو چاوەدێریی لەشساغی، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و باروبووی دارایی.

٤– جۆرە زەوینەیەك بۆ چالاکی و بزاڤی سیاسی خۆش دەکات کە لە کۆتاییدا بەڵێن بە گۆڕینی کۆمەڵگە "گوناهبارەکە" دەدا بەپێی چەمك و بۆچوونی ئیسلامییانە.

توانای ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی بۆ راکێشانی پێڕەوان، لەو توانایەوە دەردەکەوێ کە ئەو ئەرك و فەرمانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونییانەی کە دەسەڵات ناتوانێ ئەنجامیان بدا. ئەم بۆشاییەی کە لە بوارو کایەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و خۆگونجانی کۆمەڵەیی کەوتووەتەوە



PDF 4 KURD

به ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی و تواناو شیان پێدانەکانییەوە پڕ دەکرێتەوە. بەم پێیە، فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی راچێتەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان و رزگاربوون لە خۆ بێگانەبوون لە ژینگەیەکی شێواودا، پێشکەش دەکات. ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی دەکارێ، وەکو میتۆدێکی کردەنی، هەموو ئەو کەسە ناڕازی و بێزارانە لە ناو خۆیدا وەربگرێ و رێگەیەکی سیاسی بەوانەی بەدوای رزگاریی رۆحیدا عەبدالّن، نیشانبدا.

بەشێوەیەکی بنەڕەتی بانگەشەی ئوسوڵی رووی دەمی لە- لاوان، شارنشینە تازەکان، بێزار و ناڕازییە سیاسییەکان، خەڵکی سوننەتی و چینەکانی خوارێیە – لەوانەی بەڕاستی توانایی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکە نیشانداوە. لێ لەم قۆناخەی پەرەسەندندا، پەنابردنی راشکاوانە بۆ بزۆزی و زەبروزەنگ بووە بەکارێکی دەگمەن. لەگەڵ ئەوەدا، هەموو بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پرۆسەی بەسیاسیکردنی ئیسلام بە تێکڕایی جیا-جیا، بەپێی رەوشی کۆمەڵە و سروشتی حوکمڕانی، بەردەوامە.

## نیشانەکانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی

شیکردنەوەی نیشانەکانی رەوتاری فەندەمێنتالیستی، پرۆسەیەکی ئاڵۆزی قامك لەسەر دانان و هەڵسەنگاندنە. ئەرکی یەکەم ئەوەیە کە موسڵمانە سوننەتییەکان ئەوانەی بەپلەی جیا-جیا ئایینداری دەکەن لەو موسڵمانە فەندەمێنتالیستانە بەهەردوو جۆری نیگەتیڤ و پۆزەتیڤەوە لێکبکەینەوە. ئەرکی دووەم جیاکردنەوەی فەندەمێنتالیزمی نیگەتیڤ و فەندەمێنتالیزمی بەکارە. ئەم ئەرکانە وادەخوازن لەسەرینی تێکەڵاویی تایبەتی و بەردەوامیی



لە نێوان شێوە جیا-جیاکانی کاری ئیسلامی، تۆژەر بەپارێزەو بەئاگاییەوە بڕیاری خۆی بدا.

## فەندەمێنتالیزمی بەرکار "نیگەتیڤ.. پاسیڤ"

رواڵەتە دیارەکانی زڤڕینەوە بۆ سەر شێوە ژیانی ئیسلامی بووە بە شێوە رەوتارێکی بڵاو لە کۆمەڵگەی عارەبیدا. دەکرێ بەڵگەی روون و ئاشکرای ئەم رەوتارە ئیسلامییە فەردی و دەستە جەمعییە لە هەموو رووەکانی ژیانی رۆژانەدا ببیندرێ. ئەوەی دەبێ لێرەدا جەختی لەسەر بکەینەوە کە ئەو ئاڕاستە بەهێزە بەرەو رۆحی ئیسلامی، بەناچاری مانای چالاکیی سیاسیی گشتی نادات. بەڵکە لە زۆر باردا، فەندەمێنتالیزمێکی کارلێکراوە کە خەسڵەت و سیمای وای هەیە لە رووی بەهێزی یان کزی و لاوازییەوە، وەکو یەك روون و خویا نین. سیفاتی ئەم هەڵچوونە ئیسلامییە رۆحی و کۆمەڵایەتییە دەوڵەمەندە ئەمانەن:

١- پێنج فەرزە نوێژکردن بەرێکوپێکی لە مزگەوتدا.

٢- بەجێگەیاندنی وردی هەر (٥) بنچینەکە: شادە، نوێژ، رۆژوو، زەکات و حەج.

٣- هەوڵدان بۆ ژیانێکی نموونەیی کە تیایدا خۆ لە هەر شتێ قورئان حەرامی کردبێ، بپارێزرێ، وەکو مەی و ئارەق و گۆشتی بەراز و رەتکردنەوەی بەئاگایانەی کارو پیشەی کۆمەڵایەتی و سێکسی رۆژئاوایی.

٤- ئایینداری رێکوپێك و قورئان خوێندنەوە و نووسینی تری ئیسلامی.

٥- بەشداریکردن لەکارو چالاکی بەکۆمەڵ کە کۆمەڵە ئایینیەکان لە ناو مزگەوت و دەرەوەی مزگەوتدا ڕێکی دەخەن. لێرە ئەوانە مزگەوتی ئەهلییان پێ لە مزگەوتی حکوومەتی باشترە.

٦- بەشداریکردن لە کۆمەڵەی خزمەتگوزاری خۆیی و هاریکارییدا کە چاوەدێریی لەشساغی و خۆراك و خزمەتگوزاری کۆمەلآیەتی، بە تایبەتی پێشکەش بە هەژاران دەکەن.

٧- ریش بەردانەوە و بەر سمێڵ کردن وەکو نیشانەیەکی دڵسۆزی و خواپەرستی، قژ کورتکردنەوە.

٨- لەبەرکردنی جلوبەرگی دیاریکراو، پیاوان"جەلابیە" لەبەر دەکەن کە پێیان داناپۆشێ، ژنانیش جلکێکی پان و پۆڕ کە هەموو لەش دابپۆشێ لەبەر دەکەن یان تەنورەیەکی درێژ و جارجاریش سەرپۆشیش دەبەستن[٧٦].

هەڵبەت بەپێی تایبەتمەندیی میللی ولآتانی عارەب، جیاوازی جل و بەرگ و رواڵەت هەم لە ناو پیاوان وهەم لە ناو ژناندا هەیە. ژنە کۆنەپارێزەکان بەزۆری نیقاب دەپۆشن و هەرچی ئەوانی ترن لەچەك لەسەر دەکەن.

### فەندەمێنتالیزمی بزۆز

ئەم سیفاتە ئاکارییانەی لەسەرەوە باسیان لێکرا، مادام بە فیتی دەوڵەت یان کۆمەڵگە بە گشتی فیتنە نەقەوماوە، بەسەر کەرتێکی گشتی موسڵمانە فەندەمێنتالیستەکاندا، ئەوانەی هیچ بزۆزییەکی سیاسی نانوێنن جێبەجێ

[76] El Guindi, Veiling, p.465-485.



دەبن. لەباری ئاساییدا، جەماوەری ئوسوڵی، لەرووی سیاسییەوە خامۆشن، کەچی هەڵسوڕاوەکانیان ئاکارێکی جیا لەوە، لەچوارچێوەی کۆمەڵە ئەحکامێکی ڕێکوپێکدا، دەنوێنن. بەهەرحاڵ، زەحمەتە، لە زۆر باراندا، ئەگەر کارێکی کەس نەکردەش نەبێ، فەندەمێنتالیستە بزۆزەکان و ئەوانی پاسیڤ لێکجیا بکەینەوە، مەگەر لەو هەڵوێستانەدا کە ئەم سیمایانەیان تێدا هەبێ:

١- شتێکی چاوەڕوانکراوە، کە فەندەمێنتالیستە بزۆزەکان شێوە رەوتارێکی جیا لە فەندەمێنتالیستە پاسیڤەکان (خاڵەکانی ١-٨) پێڕەو بکەن، بە پلەیەکی باڵآ لەباری هێزو خۆماندووکردن و وزە بەختکردنەوە.

٢- فەندەمێنتالیستە بزۆزەکان مەیلیان بەلای دانیشتن لە ناوچەگەلی دیاریکراودا هەیە، لەباری تایبەتیشدا، خۆیان چ لە باری جێگەو چ لە رووی کۆمەلآیەتییەوە لە باقی موسڵمانان و تەنانەت لە فەندەمێنتالیستە پاسیڤەکانیش دوور دەخەنەوە.

٣- فەندەمێنتالیستە بزۆزەکان هامشۆی مزگەوتی دیاریکراو دەکەن بەشێوەیەك کە بەدەردی بانگەشەکاریی تایبەتی ئەوان بخوا. بە گشتی، وەك دەزاندرێ، فەندەمێنتالیستە هەڵسوڕاوەکان بە ئامانجی خواپەرستی و بەجەماعەت نوێژکردن بەیانیان دەچنە ئەو مزگەوتانەی کە خەڵکی کەمتر روویان تێ دەکەن، چونکە دەرفەتی لەباریان بۆ یەکدی دیتن بۆ دەرەخسێنێ بۆ کاری ڕێکخستن و پلاندانانەوە. هەندێ کۆڕو کۆمەڵەی هەڵسوڕاوی ئیسلامی، روو لەو مزگەوتانە دەکەن کە خەڵکی بڕوادار لەسەر خەرجی خۆیان دروستیانکردوون نەك ئەو مزگەوتانەی حکوومەت دروستی کردوون.

٤- جارجارە، فەندەمێنتالیستە هەڵسوڕاوەکان، بەپێچەوانەی فەندەمێنتالیستە پاسیڤەکان، لە کاروکردەی زەبروزەنگی "پاکسازی" دەگلێن کە دژی جێگەی رابواردنی حەرام ئاڕاستە دەکرێ، وەکو یانەکانی شەوان و هوتێل و سینماکان و کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی حکوومەت.

## نیشانە گشتییەکانی رەوتاری بەکۆمەڵ

سەرباری ئەو نیشانە ئاکارەکییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، دەکرێ تەرزێکی تر لە رواڵەتەکانی کۆمەڵەکیی فەندەمێنتالیزم کە لەم دەیەی دواییدا تێبینی دەکرێن، بناسین:

١- مزگەوت دروستکردن: لە سەرانسەری جیهانی عارەبیدا، بەشێوەیەکی خێرا، لە ئاکامی چوار سەرچاوەی پارەدانەوە ئەمە زیادی کردووە: بەخششی حکوومەت، باروبووی خەڵکی دەوڵەمەند، بەشداریی بڕواداران، کۆمەکی دەرەکیی حوکمڕانە دەوڵەمەندەکانی عارەب لە وڵاتانی پیترۆلی.

٢- بەرنامەکانی ئێزگەو تەلەفزیۆن: بەشێوەیەکی بەرچاو بەرنامەگەلی ئیسلامی، زیادی کردووە و لەکاتی بانگداندا بەرنامەکانی ئێزگەو تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی کاتەکی دەبڕدرێن.

٣- ئاهەنگێڕان بەبۆنەی جەژنەکان: بەو پەڕی دڵگەرمییەوە ئاهەنگ بۆ جەژنە گەورەو بچووکەکان و بۆنە و نەریتە ئایینییەکان، دەگێڕدرێ.



٤- هامشۆکردنی مزگەوتان: وەك دەبینرێ لە هەر مزگەوتێکدا بەردەوام تێکرای ئەوانەی هاتوچۆی مزگەوت دەکەن بە هەردوو رەگەزی نێرو مێ، روو لە زیادبوونە.

٥- رۆژنامەگەری: لە رۆژنامەکاندا، وتارو بەدواداچوون لەبارەی بابەتگەلی ئیسلامییەوە دەنووسرێ، ئەمە سەرباری تەرخانکردنی لاپەڕەی تایبەت بە ئیسلام لە رۆژانی هەینیدا.

٦- زیادکردنی رووناکی بەشەوان لەمزگەوتەکاندا.

٧- نووسراوی ئیسلامی: قورئان و ئەو کتێبانە کە باس لە ئایین و مێژووی ئیسلامی دەکەن بەشێوەیەك چاپ و بلاّو دەکرێنەوە کە پێشتر وێنەی نەبووە.

٨- نیشاندانی قورئان بە کۆپیی زۆر لە ماڵان و نووسینگەو ئۆفیس و بینای حکوومی و ئۆتۆمبیل و تاکسییەکاندا.

٩- دروشمگەلی ئیسلامی: لەسەر بینایە گشتییەکان، دروشمگەلی ئیسلامی دەبینرێ، هەروا لە ماڵان و ئۆتۆمبیل و تراکتۆر و وەسیلەکانی هاتوچۆی گشتی و رۆژنامەکان و تەلەفزیۆن و لە جادەکانیشدا[٧٧].

## نیشانە لەفزییەکانی رەوتاری بەکۆمەڵ

رێگەیەکی دیکەش بۆ ناسینەوەی رواڵەتەکانی فەندەمێنتالیزم هەیە ئەویش لە رێگەی ناسینەوەی ئەو وشە بنەڕەتی و دروشم و دەستەواژانەیە کە

77 حسن حنفي، "وكانت الكلمة نقطة تحول" الوطن ٢٠/١١/١٩٨٢، ص ٥

گوتاربێژ و نووسەرە ئیسلامییەکان بەزۆری بەکاریان دێنن. فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، لە واقیعدا، وەکو هەر ئایین و ئایدیۆلۆجیایەکی تر، زاراوەگەلی تایبەتمەند و دروشمگەلی خۆی هەیە. ئەم زاراوانە بە تێڕوانینی بابایەکی بڕوادار، سیستەمێکی ئایدیۆلۆجی وشەگەلی وایە کە یارمەتیان دەدا لە هێنانەکایەی هاوشێوەییەك لە باوەڕ و سۆزو کردەدا. بەڵکە تەنانەت زمانی فەندەمێنتالیزم، جیهانبینیی بڕواداران دەردەبڕێ و پاشان وێناکردنی هەقیقەت. لێرەدا هەندێ نموونەی ئەم زاراوانە دەخەینە ڕوو:

الجاهلية: کۆمەڵگەیەکی نەزان و گوناهبارە کە لە غەیرە موسڵمان و ئەو موسڵمانانە پێکدێ کە هەروەکو سەردەمی بەر لەهاتنی ئیسلام، پێڕەوی لە "ڕێگای ڕاست" ناکەن.

فساد: گەندەڵی ئەخلاقی لە کۆمەڵگەدا، بە تایبەتی لەنێو دەستەبژێری حوکمڕان و لایەنگرانیان لە بواری ئابووریدا.

توحید: بڕوا بە یەکتایی خوا، لە بەرانبەر هاوبەش پەیداکردندا "الشرك"، ئەمە بڕوابوونە بە بوونی "هاوبەش" لە خوایەتیدا.

اکتناز: شمەك و زێڕو زیو لەسەر یەکدانان بەشێوەیەك لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دژ بێت.

مکروه: ڕکبوونەوەی مرۆی موسڵمان لە ڕەوتاری لەخوانەترسانە.

افتراء: تۆمەتپێکردنی ساختەی بێ بنەما.

کافر: نابڕوادار، بەلای ئوسوڵییە توندڕەوەکانەوە ئەم زاراوەیە سەرباری شێوەی باوی ناو موسڵمانان، بەسەر ناموسڵمانیشدا بە مەسیحی و جولەکەشەوە پەیڕەو دەکرێ.



اعداء الله والانسان: دژمنانی خواو مرۆڤ.

قوى الشر والظلام والجاهلية: هێزەکانی شەڕ و تاریکی و نەزانی.

فن الموت: ئامادەگی قوربانی دان بەخۆ وەکو شەهید لە ڕێگەی "جیهاد"دا.

خرافة، بدعة، المؤمن القوى خير من المؤمن الضعيف: بڕواداری بەهێز لە بڕوداری لاواز و چروك چاترە

طاغوت: ستەمکار

ملحد: خوانەناس

ضال: ڕێ لێ هەتلەبوو، یەکێ ڕێگەی ڕاستی ونکردبێ.

زنديق، نصر من الله وفتح قريب، الظلمة: ستەم ئاماژەیەکە بۆ کاروکردەی حکوومەت و توێژە ستەمکارەکان.

المساكين، الفقراء، المفسدون في الارض، تبذير، يحللون الحرام ويحرمون الحلال: ئەمە ئاماژەیە بۆ " زانایان" و ئەحکامەکانیان کە وەکو لایەنگریکردنێکی سیاسەتی حکوومەت ڕەوتار دەکەن.

دروشمی "الاخوان المسلمين"ی میسری بەم شێوەیە: خوا مەبەستمانە، پێغەمبەر پێشەوامانە- قورئان دەستوورمانە، جیهاد ڕێگەمانە، مردن لە ڕێگەی خوادا ئاواتی هەرە بەرزمانە، الله اكبر، الله اكبر[78].

[78] Richard P. Mitchell, The Society of the Muslim Brothers (London, Oxford University Press, 1969), p.193-194

-5-

## پۆلینکردنی کۆڕوکۆمەڵە ئیسلامییەکان و کاردانەوەی دەوڵەت

زۆربوونی کۆڕو کۆمەڵەی فەندەمێنتالیستی لە وڵاتانی عارەبی و لە جیهانی گەورەتری ئیسلامیدا، راستییەکی زیندووی ئەم ساڵانەی دوایی بووە. وێڕای کە ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە لە هەندێ بەها و باوەڕ و ئاڕاستەی بنەڕەتیدا وێك دەچن، کەچی ناتەبایی ئاشکراشیان لە نێواندا هەس.

لەسۆنگەی نهێنیکاریی زۆرێك لە کۆڕ و کۆمەڵەی ئیسلامیی، کۆکردنەوەی زانیاریی ورد و دروست لەبارەی سیفاتی ئەم کۆمەڵانە، ئەگەر کارێکی کەس نەکردەش نەبێ، ئەوا کارێکی سەخت و پڕ گرفتە. زانا رۆژئاواییەکان و کارناسانی ئەم بوارە ژمارەیەکی ئێکجار کەم لەم کۆمەڵانە دەناسن. لەڕاستیدا، لە هەر وڵاتێکی عارەبیدا، چ بە ئاشکراو چ بە نهێنی، دەیان رێکخراوی فەندەمێنتالیستی بۆ وەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و رۆحی و کۆمەڵایەتییەکانیان، لە هەوڵ و کاردان. بەبڕیە، ژمارەی کۆڕو کۆمەڵەی بەکارو چالاکی فەندەمێنتالیستی خۆی لە سەدان رێکخراو دەدا. لە پاشکۆی ژمارە ١دا، ناوی ٩١ کۆمەڵە بڵاوکراوەتەوە. هەروا دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە تەریقەتگەلی سۆفی و کۆڕو کۆمەڵەی خێرخواز و مرۆڤدۆستی ئیسلامی و ئەنجوومەنی ئیسلامیی گشتی "نا سیاسی" نزیکەی بەتەواوی لەم لیستەدا جێگەیان نەکراوەتەوە.



### وێنەیەکی گشتیی کۆڕ و کۆمەڵەی فەندەمێنتالیستی

ئەو نۆهەدو یەك کۆمەڵە ئیسلامییە، وێنەیەکی گشتیی کۆڕو کۆمەڵە چست و چالاك و رێکخراوەکانی بزاڤی فەندەمێنتالیستی لە جیهانی عارەبیدا پێشکەش دەکەن. دەبێ لێرەدا جەخت لەسەر ئەو خاڵەش بکەینەوە کە ئەم زانیارییانەی لێرەدا خراونەتە روو بەهیچ شێوەیەك کامڵ و تەواو نین و پێویستە بۆ نیشاندانی وێنەیەکی تەواوی واقیعی ئیسلامی لە دەڤەری عارەبیدا، بەردەوام لێتۆژینەوە بکرێ. زانیاریگەلی تایبەت بەم نۆهەت و یەك کۆمەڵەیە، لە نزیکەی دوو سەت سەرچاوەوە وەرگیراون: رۆژنامە و بلاڤۆکی ناو بەناو و گۆڤار و کتێب بە زمانی عارەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی و فارسی، دیمانە لەگەڵ زێتر لە ٢٤ کەسی زاناو دانا لە رۆژهەلاتی ناڤیندا کە هەندێکیان ئەندامی کۆڕ و کۆمەڵەی ئیسلامین. هەروا چاپەمەنیی نهێنی–یش سەرچاوەیەکی پڕ بەها بووە. بۆ راست و دروستیی زانیارییەکان و پشتڕاستبوون تا ئەوپەڕی پلەی وردی تا پێم کرابێت گەڕاومەتەوە بۆ زۆرترین سەرچاوە و بەراوردم کردوون و پێکم گرتوون..

لێرە وەدواوە شیکردنەوەیەکی گشتیی (١٢) رووی ئەم کۆمەڵانە دەخەینەڕوو:

### ناوی کۆمەڵە ئیسلامییەکان

زۆربەی جاران، دامەزرێنەری کۆمەڵە خۆی، ناو لە کۆمەڵەکەی خۆی دەنێ، مەگەر دەسەلات و دەزگاکانی راگەیاندن ناوێکی دی لەو کۆمەڵانە بنێن. بۆ نمونە، لە میسر، دەزگاکانی راگەیاندن ناوی "جماعة الكلية الفنية العسكرية"یان لە "حزب التحرير الاسلامى" ناوەو بە "جماعة المسلمين" یش دەڵێن "التكفير والهجرة".



PDF 4 KURD

بەزۆری ناوی کۆمەڵەیەکی تایبەت، ئامانج و سەمتە ئایدیۆلۆجی و تایەفییەکەی دەردەبڕێ. بەم پێیە، وشەی "الفاطمي" و "زينب" ئاماژەن بۆ ڕێکخراوگەلی شیعەمەزەب، چونکە هێمان بۆ "بنەماڵە پیرۆزەکە"، بۆ هاوسەرێتی حەزرەتی عەلی و فاتیمەی کچی پیغەمبەر (ص) و زەینەبی کچیان. شایانی لێوردبوونەوەیە، زۆربەی ئەو کۆڕو کۆمەڵانەی پێوەندییان بە کۆمەڵەی "الاخوان المسلمين" ی میسرییەوە هەیە، وشەی "الاخوان" بەکار دێنن. کۆڕو کۆمەڵەکانی میسر، ناوی "جماعة" یان "جمعية" یان پێ چاترە، لەکاتێکا وێدەچێ شیعەکان ناوی "حزب" یان خۆشگەرەك و پێ پەسندتر بێ. هەندێ لە کۆمەڵەکان بۆ دەستخەڵەتدانی دەسەلاّتداران بە ناوێك زێتر کار دەکەن.

هەروابێتەوە، ئەو ناوانەی کە کۆڕو کۆمەڵە ئیسلامییەکان بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن خولیاو هەوڵ و تەقەلای ئەوان بۆ قایمکردنی شەرعییەتی ئایینیی خۆیان (خودایی) دەردەبڕێ. ئا لێرەوە، بەکار هێنانی چەند بارەی هەندێ دەستەواژەو زاراوە تەنیا بۆ نیشاندانی ڕەسەنایەتیی مێژوویی و ئایینیی خۆیانە، لەوانە:

حزب الله، الاخوان، الفتح، الحق، الجهاد، جنود الله، التحرير الاسلامي، الـاهدون، الدعوة، التوحيد.

### باکگراوندی ئەندامێتیی

بەڵگەکان هەموو نیشانی دەدەن کە فەندەمێنتالیزم بە ئاشکرا لە نێو هەموو کەرت و توێژێکی کۆمەڵگە، لە چینەکانی هەرە سەرەوە بگرە تا خوارەوە، هەیە. لێ چینەکانی خوارێ، خوارێی– ناوەند و ناوەند، سەرچاوەی سەرەکی ئەندامێتیی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانن، کە لە بورژوا بچووکەکانی خەڵکی شار و گوندەکی و شارنشینانی تازە پێکدێن. قوتابیانی کۆلیج و زانکۆ گەورەکانی



شاران، بە تایبەتی زۆرێك لەوانەی کە ڕەگ و ڕەگەمایان دەچێتەوە سەر خێزانی شارە گچکەکان و گوندەکانی دەوربەریان، گرنگییەکی تایبەتیان هەس. بوونی ڕێژەیەکی گەورەی گەنج و قوتابیان لە ناو کۆڕو کۆمەڵەی ئیسلامیدا، هێزی ئایندەیی ئەو کۆمەڵە بنەوانخوازانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دامەزراوە و دەستەبژێرە حوکمڕانەکان پتەو دەکات.

ئەم دیاریدەیە، جەخت لەسەر مایەپووچیی سیاسیی دەسەلاّتداران و ناکامیی ئەوان دەکاتەوە لە هێنانەئارای بەرنامەگەلێکی کارای خۆگونجاندنی کۆمەلاّیەتی کە بشێن گەنجان بۆ خۆیان کێش بکەن. سەرچاوەکانی تری ئەندام پەیداکردن: دوکاندار، کرێکار، مامۆستا، سەرباز، کارمەندان، ئەندازیاران، کوڕی تیرەو هۆزان، ئەفسەرە پلە مام ناوەندییەکانی سوپا.

### خەباتگێڕیی و ئایدیۆلۆژی

زۆرینەیەکی فراوان، واتە (٧٥٪)ی ئەو (٩١) کۆمەڵە ئیسلامییەی بە نموونە وەرگیراون، لەبەر ئاراستەو بۆچوونی شۆرشگێری و تۆماری توندوتیژیان بە "خەباتگێڕ" ناومان بردوون. ئەوە کۆمەڵەی "الاخوان المسلمين"ی میسری و لاباڵی دیمەشق —ی "الاخوان" ەکانی سوریا تا ساڵی ١٩٨٠ و ژمارەیەك حزبی سوودانی و هەندێ کۆڕو کۆمەڵەی ئیسلامی لە لبنان و کەنداوو مەغریبی لێ دەرچێ کە ناوازەی دیارو بەرچاون لەو ئاراستەیەی سەرەوە. بۆ نموونە، "الحركة الوطنية الاسلامية" لە لبنان زۆر "میانەرۆ"یەو، کۆمەڵێ پیاوی ئایینی و سیاسەتکار سەرکردایەتی دەکەن کە بۆ پاراستنی یەکێتیی کۆمەڵەکە لە بەرانبەر مارۆنییە کۆنترۆڵبەدەستەکاندا، پەنا بۆ هۆشمەندیی و ویژدانی ئیسلامیی گەل دێنن.

لێ له كات وساتی تەنگوچەلەمەدا، كه داپڵۆسینی حكوومەتی، یان داتەپینی ئابووری، یان تێشكان لەبەردەم ئیسرائیلدا، خەلقی دەكا، ڕێی تێدەچێت سنووروو ناوبڕە له نێوان پلەگەلی ناوەند و باڵای خەباتگێڕیی نەمێنێ، چونكە لەباری وادا فەندەمێنتالیستە نەگەتیڤەكان یان ئەوانەی خۆ له زەبروزەنگ دەپارێزن، بە ئاقاری خەباتگێریی جوله– جول دەكەن. سەرەنجام وێدەچێ پێوەندییەكی پێچەوانه له نێوان ئەندازەو قەوارەی ئەم كۆڕو كۆمەڵانە و "خەباتگێڕیی" ئەواندا هەبێ، هەر چەندەی بزووتنەوە گەورەو هەراش ببێ، ئەوا چالاكییەكانی ئاشكرا تر دەبن و "خەباتگێڕییەكەی" كەمتر دەبێتەوە. سەرباری ئەوەش، بزووتنەوەگەلی جێگیر و هێور، كه ئەندامگەلی كۆن و لەمێژینەیان هەس، ئاستێكی نزمتری بزۆزی لەخۆ نیشاندەدەن. ئەم دوو گریمانەیەی دوایی بە ئاشكرا له كۆمەڵەی "الاخوان "ی میسری و ژمارەیەك ڕێكخراوگەلی ئیسلامی له سوودان و مەغریب دەبیندرێ.

هەرچی چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیایە، ئەوا هەندێ ناتەبایی له نێوان سیستەمگەلی عەقیدەیی و كاروكردەی كۆمەڵه ئیسلامییەكاندا هەس. كۆڕو كۆمەڵەی تازەكارو بزۆز جەخت لەسەر "جیهاد" بەهێز وەكو ئەركی پله یەكی هەمیشەیی دەكەنەوە، له كاتێكدا كۆڕوكۆمەڵەی تر پەنا بۆ "جیهاد" نابەن مەگەر وەكو دەستئاوێژێك ئەویش له وەختێكدا كه پێیان وابێ پەنا بردن بۆ زەبروزەنگ بۆ دۆزو پرسەكانیان بەسوودترە. هەروا كۆڕو كۆمەڵەی ئیسلامی تریش هەن جەخت لەسەر بانگەشە و كاری كۆمەڵایەتیی بەكۆمەڵ و پشت بەخۆبەستنی ئابووری دەكەنەوە وەكو دەستئاوێژێك بۆ خۆسازكردن بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەكی دەوڵەت له ئایندەدا. لەمەش زێتر، هەندێ كۆمەڵەی فەندەمێنتالیست، وەكو "التكفير والهجرة"، ڕێكخستنی سانتراڵیست و ژیان له كامپ و پەناگەی وا بەچاك دەزانن كه ئەندامەكانی خۆیان له



كۆمەڵگە فرەوانەكە دوور بخەنەوە. وا پێویست دەكا، له كۆتاییدا، جیاوازی له نێوان كۆڕو كۆمەڵەی داخراو primitivist و كراوە adaptationalist بكەین. ئەوانەی داخراون وەكو "التكفير" له میسر و "الاخوان"ی سعودییە پێ لەسەر لاساییكردنەوەی تەواوی شێوە ژیانی كۆمەڵگەی پێغەمبەر (ص) دادەگرن. له بەرانبەردا، "كراوەكان" وەكو "الاخوان المسلمين" ئامادەن جێگەی بیروڕا و ڕەوتاری نوێباو له چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیاو ڕێبازی ئاكارەكی خۆیاندا بكەنەوە.

## پێناسەی تایەفەگەری

هەروەكو له پاشكۆی ژمارە (١)دا نیشاندراوە، زۆرینەی هەرە زۆری كۆڕو كۆمەڵەی ئیسلامی له جیهانی عەرەبیدا، واتە (٨٠٪)یان، سوننی مەزەبن. ئەم ئەنجامە ڕەنگدانەوەی ئینتیمای سوننیانەی زۆرینەی هەرە زۆری عارەبانە. لەمبارەوە كۆڕ و كۆمەڵە "الاثنا عشرية" ەكانی عیراق كه لافی نوێنەرایەتیكردنی زۆرینەی شیعە لێ دەدەن، هەڵسوڕاوە شیعەكانی لبنان و سعودیە و كەنداو ناوازەی گرنگ و بەرچاون. لەم نمونەیەدا، هیچ كۆمەڵەیەك نییە، نوێنەرایەتی "الاباضية" و "الزيدية" یان سەختگرەكانی ئیسماعیلیزم و عەلی ئیلاهی و عەلەوی و دروزان بكا.

## سەرکردایەتیی کاریزمایی لە بەرانبەر سەرکردایەتیی بیرۆکراتیدا

بەسەرچاوەگرتن لەو رەوشە نهێنیکاری و نیمچە ئاشکرایە، سەرکردایەتیی هەندێ لە کۆڕو کۆمەڵە فەندەمێنتالیستەکان نەناسراون. بەشێوەیەکی گشتی، دامەزرێنەرانی کۆڕو کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە جۆری کەسایەتیی کاریزمایین، لە کاتێکدا خەلیفە و جێگرەوەکانیان لە جۆری سەرکردایەتیی کارهەڵسوڕێنەری بیرۆکراتین و لە چوارچێوەی سەرکردایەتیی بەکۆمەڵدا کاری خۆیان رادەپەڕێنن. لە ناو لیستی دامەزرێنەرە کاریزماییەکاندا، کەسایەتیی بەهێزی وەکو حەسەن ئەلبەننا (الاخوان المسلمين)، ئایەتوڵلا باقر ئەلسەدر (حزبی دەعوە لە عیراق) و ئیمام موسا ئەلسەدر (أمل، لبنان) و شوکری مستەفا (التكفير والهجرة) و ساڵح سریە ( حزب التحرير الاسلامي) و جوهەیمان ئەلعوتەیبی (الاخوان، السعودية) دەبینین. لە کەسایەتییە بیروکراتە کارهەڵسوڕێنەرەکانیش: عومەر ئەلتەلسمانی (الاخوان المسلمين، میسر) و شێخ حەسەن خالید (الحركة الاسلامية الوطنية، لبنان) و نبیە بەری (أمل، لبنان)، سەرکردایەتییە دەستە جەمعییەکانی ئیخوان ئەلموسلمین لە سوریا و حزبەکانی سوودان و کۆمەڵەکانی ئیسلامی لە مەغریب. وێدەچێ چەندە بزووتنەوەکە تازەکار بێ، زێتر شیانی ئەوە هەیە کەسایەتییەکی کاریزمایی رابەرایەتی بکا بەنازناوی وەکو (ئەمیر) و (ئیمام) و (مورشید) و (مهدی). لە خشتەی ژمارە ٢دا، نیشاندراوە کە چۆن سەرکردایەتی کاریزمایی دامەزرێنەر وەرچەرخاوە بۆ کەسایەتییەکی کارهەڵسوڕێن کە رەوت و کاروانەکە درێژە پێ دەدەن.



**خشتەی ژمارە –٢: جۆرەکانی سەرکردایەتیی ئیسلامی**

| جۆری (کاریزمایی) | جۆری (ئیداری) "بیرۆکراتی" |
|---|---|
| ابن عبدالوهاب | آل الشيخ |
| محمد أحمد المهدي | عبد الله، الصادق المهدي |
| حسن البنا | عمر التلمساني |
| مصطفى السباعي | عصام العطار، سعيد حوى، سعد الدين |
| محمد باقر الصدر | محمد باقر الحكيم، محمد الشيرازي، هادي المدرسي |
| موسى الصدر | نبيه برى |

وێنەی کەسایەتیی سەرکردە فەندەمێنتالیستەکان، بە گشتی، ئاماژە بۆ پێشینەی گۆشەگیری دەکات، ئەوانە هەست بەبێزارییەکی توند لە کۆمەڵگە دەکەن و بۆ قەرەبووکردنەوەی دەردو ئازاری کەسایەتی و بێبەشیی خۆیان، کار بۆ وردو خاشکردنی رژێمی ئارا یان گۆڕینی ئەو رژێمە بەشێوەیەکی رادیکالی دەکەن. بەسانایی دەکرێ خەسڵەتی لە پەراوێزدابوو و نامۆیی و ئارەزووی گۆڕانکاریی هەمەلایەنە لە کن ابن عبدالوهاب، مهدی سوودانی، حەسەن ئەلبەننا، سەیید قوتب، شوکری مستەفا، ساڵح سریە، موسا ئەلسەدر، محەمەد باقر ئەلسەدر، عوتەیبی ببینینەوە. رووکارو بیچمێکی گرنگی تری سەرکردایەتیی ئیسلامی، بە پێشینەی سۆفیانەوە ژمارەیەک

سەرکردە لە ژێر کاریگەریی ئێش و ئازاری کەسایەتیی و هەلومەرجەکانی ئاژاوە و فیتنەدا بۆ خەباتگێڕیی سیاسی– رۆحی وەرچەرخاون. لەو سەرکردانەی کە هەوەڵجار وەکو سۆفی دەستیان پێکردووە و دواتر بوون بە هەڵسوڕاوی سیاسی، دەتوانین ناوی مەهدی سوودانی و حەسەن ئەلبەننا و، سەعید حەوا لە "الاخوان المسلمين"ەکانی سوریا بهێنین.

### مژدەدەرانی رزگاری و سەردەمی زێڕین

لە ئایینی ئیسلامدا، تەبای ئایینەکانی دی، سەرنج بۆ چاوەڕوانیکردنی سەردەمێکی زێڕین رادەکێشرێ کە لە دەوری بەڵێنێك بە پەیابوونی رزگاریکارێکی چاوەڕوانکراو دەخولێتەوە. ئەگەر ئایدیای رزگاریکەرێك – مەهدی– لە کن شیعە مەزەبان گرنگییەکی گەورەی ئایینی هەبێ، ئەوا لە کن سوننە مەزەبانیش ئەوا بەشێکە لە سیستەمی باوەڕی ئەوان و لە نزیکەی ( ٥٠ ) فەرموودەی "متواتر"دا ئاماژەی بۆ کراوە[79]. پرسە گرنگەکە ئەوەیە کە تا ئێستاش ئایدیای مەهدیزم دەربڕینی هاوچەرخانەی خۆی لە جەم فەندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان هەیە. دەشێ ئەمە لەلای چەندین کۆڕ و کۆمەڵە وەدۆزین لە پاشکۆی ژمارە–١، هەروا سەرباری چەندین باری مێژووییەنەش ( خشتەی –٣).

[79] بگەڕێوە بۆ:
Crescent International (Oct. 1-5, 1980)
کە تیایدا لیستێك بە ناوی زێتر لە ٣٠ مەرجەعی ئایینی لەبارەی مەهدی یەوە دەخوێنییەوە.



**خشتەی –٣: ئەو سەرکردانەی لە ئیسلامدا خۆیان بە "مەهدی" ناساندووە**

| ناو | بزووتنەوە | جێگە |
|---|---|---|
| محمد بن تومرت (١١٣٠) | الموحدون | باکووری ئەفریقیا |
| ابن فلاح المشعشعي (١٤٦٢) | المشعشعون (شيعة) | خوزستان |
| محمد أحمد (١٨٧٩) | المهدية | سوودان |
| شوکری مصطفى (١٩٧٥) | التكفير والهجرة | میسر |
| محمد بن عبد الله القحطاني (١٩٧٩) | الاخوان | عەرەبستانیسعودی |
| طه السماوي (١٩٨١) | جماعة المسلمين للتكفير | میسر |
| المهدي العربي (١٩٨٢) | العصبة الهاشمية | میسر |

### قەبارە و ژمارەی هێزە بنەوانخوازەکان

هەر بڕیارو دادوەرییەك لەمەڕ قەبارەی کۆمەڵە فەندەمێنتالیستەکان دەبێ کاتەکی بێت. (٤٠٪)ی ئەو (٩١) کۆمەڵە ئیسلامییەی خراونەتە بەرباس لە رووی ژمارەی ئەندامانەوە گچکەن و لە ١٠٠٠ ئەندامی بزۆز و هەڵسوڕاویان کەمتر هەیە. ( ٤٠٪)ەکەی تر، دەکرێ وەکو رێکخراوی قەبارە مام ناوەنجی



PDF 4 KURD

پۆلین بکرێن کە هەزاران ئەندامی چالاك و هەزاران ئەندامی ناچالاکیان هەس. ئەم بەشەیان: "التكفير والهجرة، جماعة الجهاد، حزب التحرير الاسلامی" دەگرێتەوە. دیماهی، ٢٠٪–ەکەش، کۆڕوکۆمەڵەی گەورەن کە هەر یەکە زێتر لە ٥٠٠٠ ئەندامی چالاك و هەڵسوڕاو و ملیۆنێك شوێنکەوتووی هەس. "الاخوان المسلمين"ی میسری، لقی سوریای "الاخوان"، "اهل الدعوة" لە جەزایر، و حزبی دەعوە لە عیراق، "أمل" لە لبنان، حزبەکانی سوودان لەم جۆرەی دوایی دادەنرێن. ئیعتوباری وەکیەکی ولأتان وا دەخوازێ کە قەبارە لە چاو ڕێژەی کۆی دانیشتوانی هەر ولأتە بخەملێنین: بەم مانایە، دەشێ "حزب التحرير"ی ئوردنی، "جمعية الاصلاح الاجتماعي"ی کوێتی، "الاخوان المسلمين" لە مەغریب بە کۆمەڵەی گەورە دابنێین. لەگەڵ ئەوەشدا، لەباری توان و شیانی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە، کۆڕ و کۆمەڵەی گچکەتر، مەترسی راستەوخۆیان بۆ سەر دەسەڵاتی ئارا هەیە، هەرچەندە رابوونی میللی پێویستی بە بەشداریی کۆڕ و کۆمەڵەی گەورە و ناوەنجییەوە هەیە.

### ڕەوشی هەنووکەیی و تەمەنی ڕێکخراوەیی

زۆربەی ئەو (٩١) کۆمەڵەیە، بە قانوون هەڵسوڕانی سیاسییان لێ قەدەخەکراوە و ژمارەیەکی کەمیان نەبێ کە ڕەزامەندیی نا ڕەسمییان لەلایەن دەسەڵاتەوە بە زەحمەت وەدەست هێناوە، بواری کارکردنیان پێ دراوە. لە کاتێکدا زۆرینەی ڕێکخراوە خەباتگێرییەکان دووچاری فشارو داپڵۆسین دەبنەوە، هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئەوانە بە نهێنی درێژە بە بوونی ڕێکخراوەیی خۆیان دەدەن و توانای هەڕەشەیان بۆ سەر دەسەڵات، هەیە. لە ناو کۆمەڵە سەرکوتکراوەکاندا، ڕێکخراوگەلی شیعە لە عیراقدا



ئاستێکی نزمی چالاکی سەربازییان هەیە لەبەر توندی ڕادەی داپڵۆسین لەلایەن دەوڵەتەوە. هەروابێتەوە، کۆڕوکۆمەڵە ئیسلامییە سورییەکانیش لە گێژاو و بێ سەروبەرییەکی گەورە دا دەژین لە ئاکامی ڕێوشوێنی سەختگرانەی حکوومەت لە ماوەی نێوان ١٩٧٩– ١٩٨٢دا. کۆمەڵە بزۆز و خەباتگێڕەکانی وەك "التكفير والهجرة و حزب التحرير الاسلامی" ناچاربوون پەنا بۆ کاری ژێرزەمینی ببەن. لە کاتێکدا دەبینین ژمارەیەك کۆمەڵەی فەندەمێنتالیست ڕێگەی کارکردنی نیمچە بە ئاشکرایان پێ دراوە. لەم بابەتە: "الاخوان المسلمين" لە میسر و لقەکانی لە ئەردەن و مەغریب و کەنداو. تەنیا لە سوودان، کۆمەڵەکانی ئیسلامی ریزی پێشەوەی سیاسەتیان گرتووە لەئاکامی ئاشتبوونەوەی نێوان سەرۆك نومەیری و حەسەن تورابی (جێگری گشتی) لە حکوومەتی سوودان و ڕابەری "الاخوان". کۆمەڵە تازەکانی ئیسلامی، وێڕای ئەوەی کە کارکردنی قانوونییان لێ قەدەخەکراوە، بەردەوام و خێرا لە زۆر بوون دان لەسەرانسەری ولأتانی عەرەبیدا وەکو وەلأمدانەوەیەکی کاودانی قەیرانە خۆجێییەکان. وەکو باوە، ئەم کۆمەلأنە، کەسایەتیی کاریزمایی دایاندەمەزرێنێ و ژمارەیەکی گچکە لە لایەنگر لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ بانگەشکردن بۆ وێناکردنی تایبەتی خۆیان بۆ ئیسلام. بە زۆری کۆڕو کۆمەڵەی بزۆزتر چ زوو چ درەنگ، لەگەڵ دەسەلأت بەرەو ڕووی یەکدی دەبنەوە، لە کاتێکدا هەندێکیان قەوارەیان فرەوان دەبێت و شێوەی حزبگەلی سیاسی وەردەگرن لە ڕێگەی هێورکردنەوەی خەباتی ئایدیۆلۆجیانەی خۆیانەوە.



PDF 4 KURD

### خشتەی —٤: زێدی ئەسڵیی کۆمەڵە ئیسلامییەکان

| ولآت | ژمارەی کۆمەڵە | ولآت | ژمارەی کۆمەڵە | ولآت | ژمارەی کۆمەڵە |
|---|---|---|---|---|---|
| میسر | ٢٩ | ئەردەن/کەناری ڕۆژئاوا | ٤ | یەمەن | ١ |
| عیراق | ١٢ | تونس | ٤ | بەحرێن | ١ |
| سوریا | ١٢ | جەزایر | ٣ | ئەمریکا | ١ |
| لبنان | ٦ | مەغریب | ٢ | ئیسرائیل | ١ |
| سوودان | ٥ | کوێت | ٢ | ئەلمانیا | ١ |
| سعودیە | ٥ | کەنداو | ٢ | | |
| | | | | کۆ: | ٩١ |

### زێدو هەواری ئەسڵی و پێوەندییەکانی نێوان ولآتان

میسر، بەو پێیەی گەورەترین ولآتی عەرەبییە لەرووی دانیشتوانەوە، زۆرترین ژمارە: ٢٩ کۆمەڵەی ئیسلامی لێیە. لە عیراق ١٢ کۆمەڵە هەیە، ١١ کۆمەڵەیان بەتوندی بەگژ ڕژێمی بەعس دادێنەوە. ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی دژ بە حافز ئەلئەسەد، ١٢ کۆمەڵەن. لە ولآتانی تری عەرەبدا، لە کۆمەڵەیەکەوە بگرە — تا شەش کۆمەڵەیان تێدایە. دەبێ لێرەدا بەپارێزەوە ئەو تێبینییە تۆمار بکەین سەبارەت بە پێوەندیی نێوان ژمارەی کۆمەڵە هەڵسوڕاوە بزۆزەکان لە هەر ولآتێکدا و ئاستی بزۆزی و هەڵسوڕاویی ئیسلامی لە هەمان ولآتدا. ئەگەر



ئەو ژمارە گەورە تۆمارکراوەی ناو میسر، ڕەنگدانەوەی ئاستی چالآکی ئیسلامی بێت، ئەوا لەهەمان کاتدا جەختکردنەوەیشە لەسەر پەرش وبلآویی و دابڕ— دابڕبوونی ئەو بزاڤە. ڕێی تێدەچێ، ئەو ژمارە گچکەیەی کە لێرەدا لە سعودیەو سوریا تۆمار کراوە ڕەنگە بۆ ئەو تۆزە زانیارییە بگەڕێتەوە کە لەبارەی ئەو کۆمەڵآنەوە لەبەردەستدان ئەگەر لەگەڵ کەشوهەوای زۆرتر کراوەی میسردا بەراورد بکرێ. دیماهی، لە باکووری ئەفریقیا و ئەردەن و سوودان، کۆمەڵە لەوە زۆرترن کە لە (پاشکۆی—١)دا ناویان تۆمارکراوە، چونکە ئەم ولآتانە بە دوورودرێژی ئەم لێوەکۆڵینە نەیگرتوونەتەوە.

لەڕاستیدا، ڕێکخراوە زل و قەبە فەندەمێنتالیستەکان پێوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوی هاوشێوەی خۆیاندا لە دەرەوەی ولآتەکانیان لە ولآتانی عارەبی و ئیسلامی و لە ئەوروپا و ئەمریکای باکووردا هەیە. لەهەموویان بەرچاوتر کە پێوەندیی جیهانیی هەبێ "الاخوان المسلمین"ی میسری و لق و هاوپەیمانەکانیەتی لە سوریاو ئەردەن و تونس و جەزایر و مەغریب و لبنان و سوودان و سعودیە و کەنداوو پاکستان و لیبیا. بەهەمان شێوە، حزبی دەعوەی ئیسلامی لە عیراق کە سەردەمانێك حزبێکی زل و قەبە بوو، پێوەندیی بە ئێران و سوریا و بە شیعەکانی لبنان و ولآتانی کەنداوەوە هەس. "أمل"ی لبنانیش پێوەندیی لەگەڵ سوریا و حکوومەتی ئێراندا هەیە. "جماعة المسجد" لە سعودیە لە کەنداوەوە تا عومان هەڵدەسوڕێ، حزب الله —ی یەمەنی لە سعودیە و ولآتانی کەنداوو لە کەناری ڕۆژئاوا و لە ئەوروپا خەریکی بانگەشەیە. کۆمەڵەی "انصار الدعوة" لە ناو ئەو موسڵمانە هیندی و پاکستانییانەی کەنداو و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە لە هیندو پاکستان بە بانگەشەوە خەریکە، کۆمەڵەی ریفۆرمی کۆمەڵآیەتیی کە لکێکی "الاخوان المسلمین" ە و بنکەکەی لە کوێت—ە، لە ولآتانی کەنداو کار بۆ پەرەپێدانی

کۆلتووری ئیسلامی دەکا. شایانی تێبنییە هەرچەند ئەم کۆمەڵانە لە میسر قەدەخەن لێ " الكلية الفنية العسكرية " و "التكفير والهجرة" پێوەندییان بەهەوادارانی خۆیانەوە لە چەندین وڵاتی عارەبیدا هەیە. دیماهی، جۆرو تەرزێکی تاکانەش هەیە کە ژمارەیەك لە رێکخراوگەلی ئیسلامی لە چەندین وڵاتدا کاردەکەن، وەکو "اهل الحديث" و "بزووتنەوەگەلی ئیسلامی" و یەکێتیی ئیسلامی کە لە ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدا کاردەکەن وەکو درێژبوونەوەی کۆمەڵەی ئیسلامیی گەورەتر لە دنیای عارەبیدا چەقیان خواردووە. ئیدی بەپشتبەستن بە بەڵگەکانی پێشەوە، لەم دەیەی دوایی بزاڤێکی ئیسلامی کە بەڕاست قەوارەیەکی جیهانی هەیە، سەریهەڵداوە. بەم شێوەیە، ئەو بزاڤە کە وەکو بزاڤێکی فرە– سەنتەر دەستپێیکرد، ئەمڕۆ بەشێوەیەکی روو لە زیاد، سیفەتی جیهانی وەردەگرێ و موسڵمانە دانیشتووەکانی رۆژئاوا و تەواوی جیهان کۆمەکی پێ دەکەن.

### کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە باری پەرەسەندندا: یەك ئەلگۆ

شیکردنەوەی ئامارەکیی (٩١) کۆمەڵەی ئیسلامی، بەسەر یەکەوە، ئاماژە بۆ پێوەندییەکی بەرچاو لە نێوان (٥) سیفاتی رێکخراوەیی دەکا: ١– تەمەنی کۆمەڵەکە ٢– جۆری سەرکردایەتیی ٣– قەوارە ٤– ئاستی خەباتگێری ٥– پێگە و رەوشی سیاسی. هاوبەندییەکی فرە بەرزی ئامارەکیی لە نێوان قەوارە بچووکی و خەباتگێریی و تازە دامەزران و ساوایی و سەرکردایەتیی کاریزمایی هەیە. بەپێچەوانەوە، ئامارگرییەگی فرەو بەهێز لە نێوان گەورەیی قەوارە و دابەزینی ئاستی نزمی خەباتگێریی، بە ئاشکرا چالاکی نواندن و کۆنینەیی و سەرکردایەتیی بیرۆکراتی هەیە. سەیری پاشکۆی ژمارە (٣) بکە.



ئەم پێوەندیگەلە جووتە لەگەڵ تەرزگەلی گشتی کە وێدەچێ بزووتنەوە شۆرشگێری و زیندوگەرییەکان لێکجیا دەکاتەوە. لە دەسپێکدا، کۆمەڵەیەکی گچکە، نهێنی، بەتاسەوەی سەردەمی زێڕین، خەباتگێڕ، کەسایەتییەکی کاریزمایی رێبەرایەتی دەکا و لە خورت و تۆلازی دڵگەرمی سەرەڕۆ پێکدێ. لە کاتێکی گونجاودا، کۆمەڵە دەبێتە بزاڤێکی گەورە، بە ئاشکرا هەڵدەسوڕێ و پلەیەکی کەمتر لە خەبات و بزۆزی لە خۆی نیشان دەدا، جۆرە سەرکردایەتییەکی "بیرۆکراتی" بەرێوەی دەبەن و ئەندامە کۆنەکانی کەرتێکی فراوان و پانی کۆمەڵەکە پێکدێنن.

ئەم دەرەنجامانە سەرلەنوێ، لە سەرەتاگەی تاقیکردنەوەی واقیعییەوە، کە تیوریگەلی "فیبەر" و "مۆنتسکیۆ" سەبارەت بە وەرچەرخانی سروشتی سەرکردایەتی و دەوریان لە دەسپێکی جولانەوەوە تا سەقامگیریی رێکخراوەییان دووپات دەکەنەوە[٨٠]. بەم پێیە، دەوری تەوەرئاسای دامەزرێنەری کاریزمایی، لە کۆتاییدا، سەرکردایەتیی بیرۆکراتی و هاکەزایی لە لایەنگرانی خۆی، جێگەی دەگرنەوە و سیستەمی هێزی کاریزمایی دەبێ بە سیستەمێکی رۆتین و بزاڤەکە خەسڵەت و سیمای رێکخراوێك وەردەگرێ و ئەم گۆڕانکارییە هەڵبەت سووککردنی پرەنسیپەکان و هەموارکردن و دەستپێداهێنانەوەی دەخوازێ.

[80] Montesquieu, Charles L., “Consideration sur les causes de la Grandeur des Romains et de leur Decadance” Oeuvres Comletes de Montesquieu, Paris, 1951, p.70.
Dekmejian R. Hrair, “Egypt under Nasir. Albany, N.Y.: Suny Press, 1971. P.14-15.

## رژێمگەلی فەرمانڕەوا و کاردانەوەکانیان لەڕاست فەندەمێنتالیزم


سەرهەڵدانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی وەکو هێزێکی سەرەکیی سیاسیی کۆمەڵایەتیی، رژێمگەلی عارەبی بەرەو رووی هەڕەشەیەکی بێ هاوتاو نوێ کردووەتەوە کە لە دوا ئاکامی ئەم شیکارییە، بناخە ئاکارەکییەکانی دەسەڵات و رەوایی بوونی هەر دامەزراوەیەك یان دەستەبژێرێکی حوکمڕان بنکۆڵ دەکاو هەڵدەتەکێنێت. هەر شیکارییەکی پۆلینبەندیی سیاسەتگەلی ولاتانی عارەبی لەڕاست کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا، هێلکاریی پۆلینکردنێکی فرە- رەهەند دەخوازێت کە جۆرەکانی رژێمەکان و خەسڵەتەکانی سیاسەتەکانیان بەیەکەوە کۆبکاتەوە. دەوڵەتانی عارەبی لە باری سیستەمەوە ناتەباییەکی بنەڕەتییان لە نێواندا هەیە لە پاشەیەتیی تەقلیدییەوە بگرە تا دیسپۆتیزمی میلیتاریستی چەپڕەوانە، هەر یەکێکیان سیاسەتێکی کاردانەوەی تایبەتی لەڕاست دیاریدەی فەندەمێنتالیستی پەرەپێداوە. سروشتی سیاسەتگەلی دەوڵەت لەسەر پلەی رەوایی و سەروەت و سامان و هێزی لێکدوورخەرەوەی خۆیی و هزری دەستەبژێر بۆ هەڕەشەی بنەوانخوازی دەوەستێت. لەتەك ئەم هۆکارانەدا، سیاسەتگەل لەڕاست فەندەمێنتالیزم، دەکەونە بەر کاریگەرییەکی بەهێزی ئایدیۆلۆجیای تایبەتیی دەستەبژێری حوکمڕان و ئاراستەو بۆچوونەکانی دەرهەق بە ئیسلام. دەکرێ رژێمەکانی عارەبی بۆ ٤ جۆری گشتی لەسەر بنەمای دوو تەوەر، پۆلین بکەین:

١- تەوەرەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە بەرەورووبوونەوەی نیگەتیڤانە لەڕاست ئیسلام ٢- تەوەرەی سەرەڕۆیی کۆمەڵایەتی لە بەرەورووبوونەوەی کۆنەپارێزیی کۆمەڵایەتی. رەهەندی ئیسلامیی رژێمەکان لەسەر بنەمای مەودای پشتئەستووربوونیان بە ئیسلام



وەکو دەستئاوێژێك بۆ وەدەستهێنانی شەرعییەت و ئاراستەکاریی سیاسەت.، رژێمەکان پۆلین دەکات. هەرچی رەهەندی پەڕگیری- کۆنەپارێزییە مەودای ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەی کە هەر رژێمە پێڕەوی لێ دەکاو سروشتی ئەو رژێمە رەچاو دەکا، کە لە نێوان شۆڕشگێڕێتی و بەرە-بەرەخوازو کۆنەپارێزیدا دەخولێتەوە[٨١]. پێگەی نزیکی هەر رژێمێ، هەروەکو ئێمە وێنای دەکەین لە شکڵ- ی ژمارە-٤دا روونکراوەتەوە:

**شێوەی (٤)**




[81] Ernest Gellner, Muslim Society (Cambridge: Cambridge University Press, 1981), p. 69.

ئەم پۆلینکردنەی پێشەوە، لەوانەیە وەکو بناخەیەك دەست بدات بۆ ریزبەندییەکی چوارینەیی سیاسەتگەلی وڵاتانی عارەبی لەڕاست کۆمەڵە فەندەمێنتالیستەکان و بزاڤە ئیسلامییە زلەکان دەستبدا.

### ئیسلامیزمی سەرەڕۆ: لیبیا (ایران).

ئیسلامیزمی کۆنەپارێز: سعودیە، مەغریب، ئەردەن، عومان، کوێت، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، سوودان.

سکولاریزمی بەربژێر: تونس، جەزایر، سوریا، عیراق، میسر، یەمەنی باکوور، یەمەنی خواروو.

سکولاریزمی کۆنەپارێز: لبنان.

### لیبیا: سەمت و ئاراستەی سەرەڕۆی ئیسلامی

لیبیا، بە هەموو پێوەران– بارێکی تاکانەیە لە دنیای عارەبی و لە کۆمەڵگەی جیهانیدا کە بە تاکە کەسەوە بەندە. "بانگەشە"ی موعەمەر قەزافیی برا کە تێکەڵەیەکی نائاساییە لە ئیسلام و پۆپۆلیزم و سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزمی عارەبی، کەسایەتیی ڕاڕای جیوەئاسای ئەو دەنوێنێ. قەزافی – بەسایەی پێکهاتەیەکی بەهەڤرای پۆپۆلیستیی کاریزمایی و فشار و داپڵۆسینی حیساب بۆ کراو و هاکەزایی، جماهیریەتێکی ئیسلامی، دەستکردی خەیاڵیی تایبەتی خۆی هێناوەتە ئاراوەو توانیویەتی، دەوڵەتێکی گەلێری توندوتۆڵی یەکپارچە دروست بکات کە کارایی هەموو کۆڕو کۆمەڵە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە کۆمەڵە ئیسلامییەکان و پەلەکانی سوپاو ناسرییەکانیشەوە لە پەل و پۆ بخات.



هەموو هەوڵێکی هەڵگەڕانەوەی وردوخاشکردووە، کەچی عەقید قەزافی بەردەوامە لەسەر ناردنەدەرەوەی ئەو شۆڕشە ئیسلامییە تایبەت بەخۆیەی کە لەسەر فەلسەفە کەسایەتییەکەی خۆی کە لە کتێبی "سەوزدا" هاتوون، رۆناوە.

پیاو هەق بڵێ میتۆدی حاڵیبوونی قەزافی لە ئیسلام لە تەواوی موسڵمانانی دی جیایە: لە ئایدیۆلۆجیستان و لە حکوومەتان. دوای هەوڵ وتەقەلای ژیاندنەوەی شەریعەتی ئیسلامی لە ساڵەکانی بەرایی دەیەی حەفتاکاندا، قەزافی هەنگاوی بۆ تەنگەبەرکردنەوەی شەریعەتی ئیسلام لە چوارچێوەی پرسگەلی ئایینی و رەوتاری ئاکارەکی و مەعنەویاتدا هەڵێناوەتەوە[82]. کتێبی سەوز کە جێگەی شەریعەتی ئیسلامی گرتۆتەوە بەتێڕوانینی قەزافی، بەرجەستەبوونی پرەنسیپێکی شۆڕشگێڕانەی نوێیە و چارەسەری ئاریشە مرۆییەکانی پێ دەکرێ. لەهەمانکاتدا، قەزافی "سوننەتی"ی نەبەوی و ئەو میراتە زل و قەبەیەی کە لە تۆژینەوەی زانایە باوەڕپێکراوەکان بەجێماون رەت دەکاتەوەو تەنیا قورئان–ی پێ پەسندە[83]. بەم مانایە، قەزافی فەندەمێنتالیستێکی پریمیتیڤە و تێگەیشتنی ئەو بۆ ئیسلام لە ئیجتیهادی کەسێتیی خۆی کە تەنێ پشت ئەستوورە بە قورئان، هەڵدەقوڵێت.

[82] Mayer, Ann Elizabeth, “Islamic Resurgence or New Prophet hood: The Role of Islam in Qadhafi’s Ideology.” In Islamic Resurgence in the Arab World, edited by A. E. H. Dessouki, New York: Praeger, 1982, p. 207.
[83] Ibid, p. 201

**ئاڕاستەی کۆنەپارێزی ئیسلامی:**

**سعودیە، مەغریب، ئەردەن، ولاَتانی کەنداو و سوودان**

ڕژێمە پاشایەتییەکان سیاسەتگەلێکی هەنگاو بەهەنگاو لە چوارچێوەی ئیسلامیی کۆنەپارێزدا کە پشتئەستووره بە لایەنگیریی خێڵەکی، پێڕەو دەکەن. بەم پێیە، ئیسلام، بە پلەی جیا– جیا، وەکو ئایدیۆلۆجیای رەسمیی دەستەبژێری حوکمڕان، وەکو میکانیزم بۆ شەرعیەتدان بەو دەستەیە خۆی، وەکو ئایینی دەوڵەت بەکاردێنێت. ئەم رژێمانە، کاتێ کە خەرمانەیەکی شەرعییەتی ئیسلامیی تەقلیدی بەدەوری خۆیاندا دەکێشن، دەیانەوێت پێشەبڕکە لە هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆن بگرنەوە، نەبادا ئیسلام وەکو ئایدیۆلۆجیایەك بۆ بەرهەڵستکاریکردن بەکاربێنن. شەبەنگی ئەم جۆرە حکوومەتانەش لە فەندەمێنتالیزمی کۆنەپارێزیی توندەوە بگرە لە سعودیە تا کۆنەپارێزیی ئیسلامی ئارام و هێوری ئەردەن، دەگرێتەوە.

لە سعودییە، ماڵباتی حوکمڕان بە پشتبەستن بە شەرعییەتی وەهابی فەرمانڕوایی دەکەن و خۆیان وەکو پارێزەری "الحرمین الشریفین" نیشاندەدەن. هەرچەندە ئەم تاپۆ و مۆنۆپۆلەی ئیسلام، نەبووە بە ڕێگر لەبەردەم سەرهەڵدانی بزاڤگەلی جیا–جیای فەندەمێنتالیستی چ هی شیعە و چ هی سوننی. لەسەرینی ئەوەی کە بشێوی و هەرای شیعە لە "القطیف" و دەسگرتنی "الاخوان" بەسەر "المسجد الحرام" دا هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بوون بۆ حکوومەتی پاشایەتی، بەتوندی و لێبڕاوانە سەرکوتکران. لێ حکوومەت بلەز دوابەدوای داپڵۆسینی ئەم بزاڤە یاخیگەرییانە کەوتە بەر پەرەپێدانی خێرای سیاسەتی رازیکردن، ئەمەیش لە ڕێگەی چەشەڕووکردن بۆ شیعەکان



و قەرەبووکردنەوەی سەخاوەتمەندانەی خێزانی شۆرشگێرە لەسێدارەدراوەکانی "الاخوان".

وێڕای وێکچوونی ئامانجگەلی هەر یەك لە سعودییەو مەغریب لەڕاست فەندەمێنتالیزمدا، لەگەڵ ئەوەیشدا جیاوازی گرنگ لە نێوان هەردوو لادا هەیە. هەردووکیان لەگەڵ فەندەمێنتالیزمی هێور و ئارامدا تا ئەو دەمەی پەنایان بۆ زەبروزەنگ دژی رژێم نەبردووە، بەپشوون. مەلیك حەسەن تا ئەم دوایییانە، توانی نەیارو بەرهەڵستکارانی خۆی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داپڵۆسینێکی پاژەکی و سازش و رازیکردن لە چوارچێوەیەکی سیاسیی کۆمەلاَیەتی ئیسلامیدا کە تا رادەیەکی گەورە بێنفرەتر بووە لە شێوازی سعودی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. لێ دوای بشێوییە میللییەکەی ینایری ١٩٨٤ کە حکوومەتی مەغریبی تووشی شۆك کرد و خستە لەرزەوە ئەم هەلومەرجە گۆڕاو بگرەو بکوژێکی بازنە فرەوانی لێکەوتەوە. لە کاتێکدا ئۆپۆزیسیۆن توێژێکی فراوانی کۆمەڵگەی مەغریبی گرتووەتەوە، وێدەچێ توخمگەلی ئیسلامی دەورێکی سەرکردایەتی لە تێکۆشان دژی فەرمانڕوایی پاشایی وەئەستۆ بگرن[84]. لەهەمانکاتدا، هێشتا، مەلیك حەسەن بەپشبەستن بە شەرعیەتی ئیسلامی بەو پێیەی "امیر المؤمنین"ە بەبێ ئەوەی قانوونگەل و رێوشوێنی فەندەمێنتالیستی توند پێڕەو بکا، حوکمڕانی دەکات.

ڕژێمی ئایینی لە عومان لە نیزامی مەغریب ئاسانگیر ترە، وێڕای کە بەرەسمی پابەندبوونی خۆی بە شێوازە توندە ئیسلامییەکانی سعودییە، رانەگەیاندووە. سوڵتان قابووس بەناوی شەرعییەتی ئیسلامییەوە بە مەزەبی "اباضی" حوکم دەکات، سوڵتان وەکو فەرمانڕوایەکی غەیرە سوننی و لە

[84] لۆمۆندی نێونەتەوەیی (ینایری ١٩٨٤).

دەوڵەتێکی نیمچە سوننی مەزەبدا، گرنگی بە سەرنجڕاکێشانی رەعیەتی سوننی، بە تایبەت سەرۆك هۆزەکانی زەففارو وەهابییەکان، دەدا. لەم سالأنەی دواییدا، وێدەچیٚ توانای سازان و خۆگونجانی سولّتان لە ئاکامی نەوت دەرهێنان و کۆمەك و باروبوی دەرەکیی ئەمریکا و ولأتانی کەنداودا، زیادی کردبێت.

پابەندبوونی رەسمیی بە ئیسلام لە ئەردەن و ولأتانی کەنداو وەکو ئەوەی سعودییەو، ئەوەی ئێران، تەواو نییە لەو پاشانشینانەدا جۆرە وەرچەرخانێکی تایبەت بەرەو سیاسەتگەلی ئاشتیدۆستی و بەیەکەوەهەڵکردن هەیە، کە بەیەکەوەسازانی لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵەی جیا-جیای ئیتنی و ئایینی لەوانە هەڵسوڕاوە ئیسلامییەکان لێکەوتووەتەوە. ماڵباتی حوکمڕانیی هاشمی لە ئەردەن بنەچەکەی خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەر (ص) ئەمەیش بۆ خۆی سیمبۆلێکی گرنگی شەرعییەتە. خەسڵەت و سیمای بەجیاهەڵکەوتووی سیاسەتی مەلیك حسێن، بە تایبەتی لەم دەیەی دیماهی، وەرچەرخانێکی داهێنەرانەیە. مەلیك سیاسەتی سازانئاسای لەگەڵ کۆمەڵەی "الاخوان المسلمين" کە پشتەوانییەکی بەهێزی فەلەستینی هەیە، پەیڕەو دەکا، دوای ئەوەی مەلیك ساڵی ١٩٧٠-١٩٧١ هەڕەشەی فەلەستینیی بۆ سەر مەملەکەت دوورخستەوە. "الاخوان المسلمين" بە رابەرایەتی عەبدولرەحمان خەلیفە، رۆڵی چاوەدێرێکی نارەسمی بەسەر رەوشتگەلی کۆمەلأیەتییەوە دەبینن، لیٚ خۆیان لە فشارهێنان بۆ پەسندکردنی قانوونگەلی توندی ئیسلامی دەپارێزن. بەپێچەوانەی ئەمە، حزب التحرير الاسلامى و دامەزرێنەرەکەی شێخ تەقیەددین ئەلنەبهانی، و لاباڵی توندڕۆی "الاخوان المسلمين" بەسەرکردایەتیی دکتۆر عەبدوڵلا عەزام، لەبەر بزۆزی و بەرهەڵستکاریکردنی حکوومەت بە تایبەتی سەبارەت بە دۆزی



فەلەستین رووبەرووی داپڵۆسین دەبنەوە.. لەم سالأنەی دوایی، ژمارەیەکی زۆرتر لە فەلەستینییەکان بەرەو رووی بزۆزی ئیسلامیی هاتوون لەبەر رۆشنایی چاوەڕوانی وەدی نەهاتوو سەبارەت بە چارەسەرکردنی دۆزو پرسەکەیان.

پێوەندیی بەیەکەوەژیانی بەرژەوەندخوازانەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە ئەردەن و لە ولأتانی کەنداویشدا خویایە. حکوومەتە سونییەکان لە کوێت و قەتەر و بەحرێن و ئیمارات لە رووبەڕووبوونەوەدان لەگەڵ بزاڤگەلی ئیسلامیی شیعی و سوننەدا. لەو ناوەدا بزاڤگەلی شیعی هەم بەهۆی کاریگەریی ئێرانییەوە بزۆزترن و هەم سامان و هێزیش بەدەستی سوننەوەیە. وێدەچیٚ، هەڵسوڕاوە شیعەکان لە چوارچێوەی شەڕی عیراق-ئێران، لەپشت تەقاندنەوەی کامیۆنە مینڕێژکراوەکان لە دیسامبری ١٩٨٣، دژی هەردوو سەفارەتخانەی ئەمریکی و فەرەنسی و نیشانەکانی تر لە کوێت، بووبن. سیستەمگەلی شێخان لە رێگەی چەشەی داراییەوە هەردوو جۆرە فەندەمێنتالیزمی بەخۆوە دەگریٚ. ئەم سیاسەتە نەرمو نیانە کۆمەڵە فارسییەکانیشی گرتووەتەوە، کە زۆرتر ئامادەگییان تێدایە بکەونە ژێر کاریگەریی پڕوپاگندەی ئێرانی تا هاوولأتییە عارەبە شیعەکان. ئاریشەی بەحرێن سروشتێکی تایبەتی هەس، لەویٚ کەمینەیەکی سوننی مەزەب، فەرمانڕوایی بەسەر زۆرینەیەکی شیعەمەزەبی بێبەش لە ئیمتیازات، دەکات. لیٚ حکوومەتی بەحرێن توانیویەتی رواڵەتەکانی ئەم دواییەی بزاڤیی شیعەگەری بنکۆڵ بکات و لەهەمانکاتیشدا، بەپلەیەك چاوی لێیان بیٚ و باروبووی کۆمەلأیەتییان بکات.

سوودان، لە شکڵی ژمارە- ٤ دا جێگەیەکی تایبەتی گرتووە. بەهۆی بڕیاری سەرۆك جوعفەر نومەیری لە پایزی ١٩٨٣دا سەبارەت بە پێڕەوکردنی

شەریعەت لە سەرانسەری وڵاتەکەدا. ئەمە بە لوتکەی بەموسڵمانکردن کە لە ١٩٧٧-ەوە دەستیپێکرد بە حیساب دێت کاتێ کە نومەیری لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکاندا ئاشت بووەوە بە "المهدية" و "الاخوان المسلمين"یشەوە. ئا ئاوا سوودان دوای پاکستان، یەکەمین وڵاتە کە پێڕەوی ئیسلام بکا، وێڕای ڕێگەی پلە بە پلەی پێڕەوکردن بەهۆی بوونی تیرەو هۆزی غەیرە عارەبی لە باشووری سوودان کە لە کریستیان و بتپەرستان پێکدێن. لێ ئەم شەپۆڵە نوێیەی بە ئیسلامکردن، بووە هۆی هەڵگەڕانەوەیەکی بە ئاشکرا لە ئوستانەکانی باشوورو گەڕانەوە بۆ شەڕی پارتیزانی کە لە شەستەکاندا باو بوو.

حەسەن تورابی و ئەلسادق ئەلمەهدی دوو کەسایەتیی ئەساسی بوون لە پاڵدان لەپێناو بە ئیسلامکردندا. تورابی، کە لە پلەی داواکاری گشتی بوو، دەورێکی گرنگی لە پێڕوکردنی شەریعەت گێڕا هەرچەندە لەلایەن هاوەڵە پەرگیرەکانی خۆیەوە لە ناو "الاخوان المسلمين" رەخنەی لێگیراو لەلایەن تەریقەتە سۆفیگەرییەکانەوە بەرهەڵستیکرا. لەهەمانکاتدا، سادق مەهدیش- نەوەی "المهدی"- بەرەنگاری تەقلیدیبوونی "الاخوان" بووەوە و بانگەشەی بۆ ئیسلامێکی مۆدێرن کرد کە لەسەر عەقڵ و هۆش دامەزرابێت[85]. وەرچەرخانی سوودان بەرەو رژێمێکی ئیسلامی، لەم قۆناخەدا، ناکۆکی و سەرەڕۆیی و ناهەقی وەکو خنکاندنی مەحمود مەحمەد تەها، پێشەوای "حزبی جەمهووری" لە ینایری ١٩٨٥ ی بەدواوە بووە. وێدەچێ هەوڵدان بۆ دامەزرانی رژێمێکی ئیسلامی دەستئاوێژێکی سەرنەکەوتوو بێت بۆ قایمکردنی شەرعیەتی حکومەت لەم هەلومەرجە سەختە سیاسیە- ئابوورییەدا.

85 Mahdi, Al-Sadiq Al. “Islam, Society and Change” in Voices of Resurgent Islam, edited by John. Esposito. New York: Oxford University Press, 1981, p. 239-240.



**ئاراستەی عەلمانیی بەربژێر:**

**سوریا، عیراق، میسر، جەزایر، تونس و هەردوو یەمەن**

ئەم حەفت رژێمە هەر هەموویان، رێبازی عەلمانییان بەپلەی جیا- جیا گرتووەتە بەر، لە کاتێکدا لە رێگەی "چەشەی"ی ئابووری و سیاسی و رەمزییەوە هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی کۆڕو کۆمەڵەی فەندەمێنتالیستی دەدەن. هەر کاتێ ئەم حکووماتانە لەگەڵ رواڵەتەکانی هەڕەشەی ئیسلامی بەرەو رووبووبنەتەوە، پەنایان بۆ شێوەو پلەی جیا-جیای داپڵۆسین بردووە. سوریاو عیراق هەردووکیان بەعسین، جاڕی عەلمانیبوونیان داوە، نیمچە سۆسیالیستن و لە بانگەشەکارانی ناسیۆنالیزمی عارەبن. لەگەڵ ئەوەیشدا، دوو لاباڵی دژ بەیەکی حزبی بەعس سەرکردایەتی ئەم دوو وڵاتە دەکەن، هێزو برست لە کەمینەی ئیتنی و دینی جیا وەردەگرن. ئاکام ئەوە بووە کە دیاریدەی ژیانەوەی ئیسلامی لە هەردوو وڵاتدا، هەڕەشەیەکی کوشندە بووە بۆ بناخەی ژیانی ئەم دوو رژێمە، چونکە هەردووکیان فەرمانڕوایی بەسەر زۆرینەیەکی تایەفیی دژ دەکەن.

حکوومەتی حافز ئەسەد، کە عەلەوییەکان سەرکردایەتیی دەکەن، بەرەو رووی بزاڤێکی فەندەمێنتالیستی خۆڕاگر بووەتەوە کە پشت بە زۆرینەیەکی سوننی مەزەب کە سەدا شەستی دانیشتوان پێکدەهێنن، دەبەستێ. حکوومەتی بەعس دوای زێتر لە دە ساڵ لە سیاسەتێکی ناسەرکەوتووانەی بارهێنانی سوننەکان، لە بەرەنگاربوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی پەرەگرتووی ئیسلامی پەنای بۆ داپڵۆسین بردووە. لەگەڵ ئەوەشدا رژێم، سووریش بووە لەسەر هەوڵ بەختکردن بۆ هێنانەژێرباری کۆمەڵەکانی ئۆپۆزیسیۆن.

لەعیراقیشدا هەلومەرجێکی هاوشێوە هەیە، حکوومەتی سووننە مەزەبی سەدام حسێن، فەرمانڕەوایی بەسەر زۆرینەیەکی شیعەی دوازدە ئیمامی (٥٥٪)دا دەکات. بەعسی عیراق لە کۆتایی حەفتاکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی حەماسی شۆرشگێڕانەی روو لە زێدەی شیعە، پەنای بۆ سەرکوتانەوە هێناوە. ئەم سیاسەتە، بنیادی رێکخراوەیی کۆمەڵە شیعەگەرەکانی کزو پەرپووت کرد. لەهەمانکاتدا، حکوومەت هەوڵی دەدا، لە رێگەی بەشدارییپێکردنی ژمارەیەك شیعە لە دەستەبژێری حوکمڕانیدا، شیعەکان بۆ لای خۆی رابکێشێت.

لە میسر، چ پێش تیرۆرکردنی سادات و چ دوای ئەویش کاردانەوەی حکوومەت لەڕاست هەڕەشەی ئیسلامی یەکلاکەرەوە بووە، بەلاّم تۆقێنەرانە نەبووە. حکوومەتی موبارەك، سیاسەتی ساداتی خستە ئەولاو، دەستیکرد بە دووبارە بارهێنانەوە و راکێشانی گەنجی موسڵمان. لە کاتێکدا رژێم جەخت لەسەر پابەندبوونی خۆی بە ئیسلام دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا بەردەوامە لەسەر پارێزگاریکردن لە ئاراستە عەلمانییەکەی بە گشتی، لێ بۆ نەبزواندنی توخمگەلی ئیسلامی، خۆی لە دەستپێشکاریی دەرەکی و ناوەکی لادەدا.

لە تونس، حزبی دەستووریی بۆرقێبە، وێڕای فشارو پاڵەپەستۆی توێژی بازاڕ، لەسەر ئاڕاستەی عەلمانی خۆی بەردەوامە. هێنانەگۆڕێی تازەی ئیسلام وەکو ئایینی رەسمی دەوڵەت لە لایەن رژێمەوە، کەمکردنەوەی هەندێ سیاسەتگەلی نوێخوازی[٨٦] بۆ هێورکردنەوەی کۆڕوکۆمەڵە تازە

[86] Vatin Jean Claude, “Revival in Maghreb, Islam as an Alternate Political Language,” in Dessouki, Islamic Resurgence in the Arab World, pp. 238-42. also: Peter Von Sivers, “work, Leisure and Religion, The social Roots of the Revival of Fundamentalist Islam in North Africa” in Islam et



فەندەمێنتالیستەکانی نمایندەی ئیسلامی پۆپۆلیستی، بەس نەبووە. وەکو ولاّتانی دیکە، لێرەش ئیسلام، زمانی پرۆتستۆ بووە دژی گەندەڵیی رەسمی، نا عەدالەتی کۆمەلاّیەتی– ئابووری و رۆژئاواگەری. بە هەراو هۆریا فراوانەکەی ینایری ١٩٨٤، کە لە ئاکامی گرانبوونی نرخی نان هاتە ئاراوە، هەلومەرجەکە قەیراناوی تر بوو. رژێم، سەرزەنشتی گرووپە ئیسلامییەکانی کرد کە دەستیان هەبووە لە کاری توندوتیژدا و فەرمانی بە سوپا دا، هەراو کێشەکە دابمرکێنێتەوە[٨٧]. حەبیب بۆرقێبە، لە بەرانبەر ئەو تورەییە بێ هاوتایە گشییەی خەڵکیدا، زێدەبوونی نرخی نانی راگرت. بەڵگەکان هەموو نیشانی دەدەن کە شەپۆلی ئیسلامگەریی بەرەو زێدەبوونە کە لە دوای مردنی بۆرقێبەوە، هەوڵ و تەقەلا بۆ خۆ سەپاندن دەداتەوە.

هەرچی جەزایرە، ئەوا لەباری ئایدیۆلۆجی و سیاسییەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەی ئیسلامی، لە تونس لەسەرپێ ترە. دەوڵەتی جەزایر، کە لە ئاکامی جەنگێکی شۆرشگێرانەی درێژخایەن هاتووەتە گۆڕێ، پێکهاتەیەکی ئایدیۆلۆجی لە ئیسلامی ریفۆرمخواز و سۆسیالیزم وەکو باوەڕو دروشمی رەسمی و ئەساسیی رەوایی میللی، بۆ خۆی داتاشیوە. لەسەردەمی سەرۆك بۆمدینەوە، ئاڕاستەی ئیسلامی بەردەوام بوو لەسەر مۆنۆپۆلکردنی کاری ئیسلامی لە کاتێکدا رێگەی لە کارو چالاّکی کۆڕ و کۆمەڵەی فەندەمێنتالیستی، لەبابەتی "القیام" و "اهل الدعوة"، دەگرت. ئەم رەگ و ریشە شۆڕشگێڕانەیەی دەوڵەتی جەزایر و سازان لەگەڵ ئیسلامدا، چەکێکی ئایدیۆلۆجی بەهێز بووە بە دەست بۆمدیان بۆ ڤالاکردنەوەی کارایی

Politique en Maghreb, edited by Ernest Gellner and Jean Claud Vatin (Paris, 1981), pp. 368-70.
[87] Le Monde (Jan. 5, 1984).



PDF 4 KURD

پرۆپاگەندەی فەندەمێنتالیستی. لەم ساڵانەی دواییدا، بزووتنەوەیەکی نوێی زیندووگەریی ئیسلامیی بزۆز، وەکو کاردانەوەیەك لە بەرانبەر بزووتنەوەی خێرای نوێسازی و ڕۆژئاواگەری، سەری هەڵدا. هەراو هۆریای خوێندکارانی زانکۆ لە نۆڤامبەری ١٩٨٢، لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ سەرەنگرێکردنی ڕژێم، ڕواڵەتێکی هەرە دیاری بزۆزیی ئیسلامی بوو. سەرۆك "شازلی بن جدید" کە دەستی دابووە چاکسازیی حکوومەت بە ئاراستەی "ڕەوشتگەریی ئیسلامی" Islamic Moralization لێبڕاوانە ئەوانەی تێکهاڕی، لەهەمانکاتدا لە جاڕدانی سیاسەتێکی نوێخوازانە کە مایەی ناتەبایی و ناکۆکی بێت، خۆ دەپارێزێ[88].

هەردوو یەمەنیش هەندێ کێشەو ئاریشەی تایبەت بەخۆیان هەیە. ڕژێمی یەمەنی باکوور، لە نێوان فشارگەلی پێکناکۆك لە لایەن پێڕەوانی زەیدی و شافعییەوە خۆی گرتووە، ئەمە سەرباری سیاسەتی دژمنکارانەی نێوان عەرەبستانی سعودی کۆنەپارێز و یەمەنی باشووری مارکسیستی. ڕژێم لە ڕێگەی بەلانس ڕاگرتن لە نێوان کۆڕو کۆمەڵەی زەیدی و شافیعی، مانەوەی خۆی پاراستووە و لە هەمانکاتدا بە پشتەوانیی سیاسی و ئابووریی عارەبستان، لە بەرانبەر یەمەنی خواروو ڕاوەستاوە. بەپێی قانوونی ئەساسی (دەستوور)، شەریعەت، سەرچاوەی قانووندانانە. "بەرەی ئیسلامی" کە لە ژێر کاریگەریی نفووزی "الاخوان المسلمین" دایە، توخمێکی گرنگیی هاوسەنگی هاوکێشەی سیاسییە. بەرە لە ڕێگەی هەزاران مامۆستای میسرییەوە کە لەم وڵاتەدا کار دەکەن پرۆپاگندە بۆ ئایدیۆلۆجیای الاخوان،

[88] Vatin jean- Claude, Revival in the Maghreb, Islam as an Alternative Political Language", In Islamic Resurgence in the Arab World, edited by A. E. H. Dassouki, New York, Praeger, 1982, p. 286



دەکا. دەڵێن، بەرەی ئیسلامی سەر بە عارەبستانی سعودی و چوار کەس لە لایەنگرانی ئەو بەرەیە، ئەندامی کابینەی ئۆکتۆبەری ١٩٨٣ یەمەنن[89].

کۆماری دیموکراتی میللیی یەمەن، وەکو ڕژێمێکی مارکسیستی، لە ناو وڵاتانی عارەبیدا، حاڵەت و نموونەیەکی تاقانەیە. وێڕای ئاراستەی مارکسییانەی حکوومەت، لە دەستووردا ئیسلام وەکو ئایینی ڕەسمی ڕاگەیەندراوە، هەندێ کەسایەتی پلەو پایە بەرزی دەوڵەتی، لە نوێژی هەینیان و جەژنە ئایینیەکاندا، پێشنوێژیی نوێژکەران دەکەن. ڕژێم بەخۆپارێزییەوە بۆ چاوخشاندنەوە بە تەشریعاتی ئیسلامی هەنگاو هەڵدێنێتەوە[90]. وێدەچێ سەرکردایەتیی وڵات، لە پرۆپاگندەی ڕەسمی خۆیدا، وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر سازان و بەیەکەوەگونجانی ئیسلام و مارکسیزم، بۆ پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیش، ڕێبازێکی بەرە–بەرەی پەرەگرتوو، بەخۆوە بگرێ.

### ئاراستەی کۆنەپارێزیی عەلمانی: لبنان

دوای نۆ ساڵ لە شەڕی ناوەخۆ، لبنان بۆ بەدیهێنانی سازان و ئاشتەوایی، بۆ فۆرمۆلەی یەکێتیخوازیی ساڵانی بەر لە شەڕ، گەڕاوەتەوە. بەگوێرەی ئەم سیستەمە، دەسەلات لە نێوان حەفت کۆمەڵەی سەرەکیی ئایینیی وڵاتەکە دابەش بووە. حکوومەت، وێڕای بناخەو ستراکتۆرە تایەفەییەکەی، لە

[89] Fred Halliday, "The Yemenis Conflicts and Coexistence", the World Today (Aug.-Sep. 1984), p. 359.
[90] Robert C. Stookey, "Religion and Politics in South Arabia" in Religion and Politics in the Middle East, edited by Michael Curtia (Bounder Co. West view, 1981), pp.356-361

بنەڕەتدا بەشێوەیەکی عەلمانی کار دەکات، ئەمەش بەهۆی بەلانسی نێوان تایەفە و کۆمەڵە جۆرەو جۆرەکانەوەیە. سیستەمی حکوومەتی لبنان، لە ڕێگەی بەشدارییپێکردنی پێشەوای کۆڕو کۆمەڵە ئایینییەکان لە کابینەدا، توانیویە سنوورێك بۆ بزۆزیی تایەفەگەری دابنێت.

حزوری خەباتگێڕانەی سوننە مەزەب و شیعە مەزەبان لە میانەی هێزگەلە هاوسەنگ و رکابەرەکانی لبناندا ئاشکرایە. لە شاری تەرابلووس چەندین بار هەڵسوڕاوە سوننییەکان لەگەڵ میلیشیاکانی لایەنگری سوریا تێکگیراون، لە کاتێکدا، بزووتنەوەی شیعەگەری "امل" و لاباڵە لایەنگرەکانی ئێرانی ئەو بزاڤە لە خوارووی لبناندا لەگەڵ سوپای لبنان، هێزە ئاشتیپارێزەکانی ئەمریکایی و فەرانسەیی و ئیسرائیلییەکاندا دەجەنگن[91].دەستەو تاقمە هەڵسوڕاوەکانی شیعەی لبنان، کە تا ڕادەیەکی گەورە بە وێنەی سازمانگەلی هەڵکەوتووی ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراوەیی رابوونی شیعەگەریی سەردەرکردووی ئێران و حزبی دەعوەی عیراقن، بە کوێت و بەحرێن و ئوستانی ڕۆژهەلاتی سعودی بڵاوبووەتەوە. جارێ زووە بڵێم کە فۆرمۆلەی یەکێتیخوازانەی ئاشتیدۆستانەی تازەی نێوان ئەمین جەمیل–ی سەرۆك کۆمارو ڕەشید کرامی سەرۆك وەزیران بۆ جێگیربوونی لبنان سەرکەوتنی وەدەست هێناوە یان نا.

[91] Augustus Richard Norton, “Making Enemies in South Lebanon, Harakat Amal, The IDF, and South Lebanon”, Middle East Insight (Jen.-Feb. 1984), p.13-20.





PDF 4 KURD

# بەشی دووەم

## رابوونی ئیسلامی لە جیهانی عەرەبدا

## -6-

## میسر: بێشکەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی

کۆمەڵەی "الاخوان المسلمين" لە هەر رێکخراوێکی دی زێتر، تەوەر و قزگەی ئایدیۆلۆجیی فەندەمێنتالیزم بووە لە ژینگەی عەرەبی و لە جیهانی ئیسلامی. ئەم کۆمەڵەیە، سەرباری سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەی دەوڵەت و ململانەی ناوەکی، پەنجا ساڵ زێترە زیندووەو خۆی راگرتووە. هێزی بنەڕەتی ئەم مانەوەیەی "الاخوان" رەگەکەی دەچێتەوە سەر بناخەی پتەوی باوەڕ و کولتووری ئیسلامی کە لە کەسایەتیی زۆرینەی میسرییاندا دەبیندرێ. وێڕای ئەسڵ و فەسڵ و بنەچەکەی میسرییانەی "الاخوان"، لێ نفووزی رۆحی و سیاسیی ئەم کۆمەڵەیە، بگرە لە سەرجەم وڵاتانی عەرەب و لەو دیوی ئەو وڵاتانەش، خویایە. بەهەق ناکرێ بەبێ تێگەیشتنێکی قوڵی رەگ و رەگەماکانی "الاخوان" و ئەو پەرەسەندنەی بەسەریدا هاتووە، لە فەندەمێنتالیزمی هاوچەرخی ئیسلامیی سوننە مەزەب و رواڵەتە عەرەبییەکانی حاڵی ببین.



**سەرهەڵدانی ئیخوان:**

ساڵی ١٩٢٨، حەسەن بەننا لە شاری ئیسماعیلیە، ئەم کۆمەڵەیەی دانا. دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بووە لە تێککردنەوەی تەوژمە بەهێزە کۆمەڵایەتییەکان و کەسایەتیی کاریزمایی بەننا[92]. میسر لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا، مەڵبەندی فشارو پاڵەپەستۆی ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێکناکۆك بوو، ئەمەش زەمینە و ژینگەیەکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی "الاخوان" سازکرد. ئەم ژینگە قەیراناوییە، بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، بەر لە "بەننا"، دەگەڕێتەوە کە ئەو دەم میسر لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانییەکان و بنەماڵەی غەوارەو لایەدی محەمەد عەلی دابوو، ئەوروپا لە باری سیاسی و کولتوورییەوە کنەی کردبوو. لەم ژینگە قەیراناوییەدا، بەرسڤی میسری لە نەشونماکردنی دوو تەوژمدا خۆی بینیەوە. تەوژمی یەکەمیان: ناسیۆنالیزمی میسری بوو کە بە راپەڕینی ئەحمەد عورابی پاشا (١٨٨١) دژی خدێوی و ئاغا پارێزوانە ئەوروپاییەکانی، بە هەوڵ وتەقەلای نەبەردخوازانەی مستەفا کامیل و محەمەد فەرید و سەعد زەغلوول دژ بە بەریتانییەکان، هێمای بۆ دەکرێ. تەوژمی دووەمیش: ریفۆرمی ئیسلامی (سەلەفییەت) بوو بە سەرپەرشتی شێخ محەمەد عەبدە. ئەم بەرسڤە ناسیۆنالیستی و ئیسلامییە بەیەکەوە گرێدراوە، لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانی و لە ناو گەرمەی رووبەروبوونەوەی سێ قۆڵی نێوان پاشا،

92 لەبارەی شەخسیەتی بەنناوە بڕوانە: رفعت السعيد، حسن البنا، القاهره، ١٩٧٩، ص٤٦–٥٩. هەروا : اسحاق موسى الحسينى، الاخوان المسلمون، بيروت، مكتبة خياط، ١٩٥٦، ص٢٥–٣٨. و لەبارەی کاریزماوە، بڕوانە:
Max Weber, The theory of Social and Economic Organization. New York: Oxford University Press, 1947.

بەریتانییەکان و سیاسەتکارە ناسیۆنالیستەکان بە سەرکردایەتی "حزبی وەفد" زەوینەیەکی بەپیتی بۆ هەڵکەوت. لێ بەپێی هزری میسرییان، ئەم بزووتنەوە فیکرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە نەشیان میسر لە ژێر نیری بەریتانی و نفووزو کاریگەریی کولتووری و ئابووریی گەندەڵی ڕۆژئاوا و حوکمڕانیی خراپی دەربار و سیاسەتکارەکان ڕزگار بکەن. هەروابێتەوە، سەرکردایەتیی میسری نەیتوانی فۆرمۆلەیەکی ئایدیۆلۆجی وا بنیاد بنێ کە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە و پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە. ئیدی، کاردانەوەی "بەننا" لەراست ئەم ژینگە قەیراناوییەدا، بانگەشەکردن بوو بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئوسوڵەکانی ئیسلام، واتە بانگەشەکردن بۆ فەندەمێنتالیزم. بانگەشەی بەننا، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەگەلی ژیانەوەی سەردەمی بەرێ بوو.

## بەننا: بەرجەستەبوونی فەندەمێنتالیزم

دەکرێ حەسەن بەننا، نەك کەسێکی تر، بە نوێنەرەوەی بوژانەوەگەریی سوننە مەزەبی سەدەی بیستەم دابندرێ. بەننا، بەرجەستەبوونێکی تاقانەی ڕۆحانییەکی سۆفی، زانایەکی موسڵمان و سەرکردەیەکی هەڵسوڕاو بوو کە توانایەکی دەگمەنی لە مۆبالیزەکردنی جەماوەردا هەبوو لە ڕێگەی تەرجەمەکردنی پرەنسیپە گرێچنە ئاڵۆزەکانەوە بۆ کاری کۆمەڵایەتی. ئەگەر بزاڤی بەننا بەقەد بزاڤی سەلەفیەت قوڵایی فەلسەفی نەشبووبێ، ئەوا توانی خەڵکی بێدار بکاتەوە و ڕێکیان بخا کە پێشتر هیچ بزووتنەوەیەکی ئیسلامی لەم سەدانەی دواییدا ئەوەی پێ نەکراوە. بەننا، پێوەندییەکی ئەوتۆی بە مەسەلە ئاڵۆز و پێچاوپێچەکانی فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیاوە، نەبوو، چونکە



ئەو خۆی بۆ بوژاندنەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی، بەبێ گوێدانە دابەشبەندیی تایەفی یان ناوەکی یان شتی تر، تەرخانکردبوو. بەننا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆجیای "الاخوان" پشت ئەستوور بوو بە قورئان و هەر شەش کتێبە بڕواپێکراوەکانی فەرموودان. هەروا بەننا پشتی بەو پێشینانەی فیکرو کاریش دەبەستا کە ڕێبەرانی بانگەشەی فەندەمێنتالیزم وەکو "ابن حنبل، ابن حزم، النووي" و زۆر هەڵسوڕاوی تیۆریسێن و پاڵەوانانی دیرۆکی ئیسلامی دایانمەزراندبوو[٩٣].

کۆمەڵەی "الاخوان"، وەکو نموونەیەکی درەوشاوەی جیهانیی سەرکردایەتیی فەندەمێنتالیزم، درێژبوونەوەی ڕێکخراوەیی کەسایەتیی کاریزمایی بەننا و ڕەنگدانەوەی بنیادیی جیهانبینی ئەو بوو. هاتنە ئارای بەننا، نموونەی ڕابەرو کەسایەتییەکی کاریزمایی بوو، ماکس ویبەر گوتەنی، کە لە ماوەگەلی قەیرانەکاندا سەرهەڵدەدا تا ئەرکی ڕزگاری ڕۆحی– جڤاکی خۆی جێبەجێ بکا و ڕابپەڕێنێ. بەننا – کە خۆی بەرهەم و ئاکامی ژینگەیەکی پڕ ململانەی میسری بوو– ڕووبەڕووی قەیرانێکی کەسایەتی بووەوە کە تێکۆشا لە ڕێگەی مەترەح کردنیەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. ئا لێرەوە، دیسان بەننا بریتییە لە پێشەوایەکی کاریزمایی، ئەریکسۆن گوتەنی، کە هەوڵ و تەقەلا بۆ ڕزگاریی تاکەکەسیی خۆی دەداو دەیکاتە پەیامێك بۆ گەڕانەوەی کۆمەڵگە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست. لە بارەی بەنناوە، پەیامی ڕزگاریخوازانە، زۆرتر ئاراستەی ئەو بڕوادارە میسرییانە دەکرا کە بۆ ئاریشە دەروونی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان وەدوای چارەسەر دەگەڕان. پاشان پەیامی کەسایەتیی کاریزمایی و ئەو کۆمەڵگەیەی کەوتبووە

93 Charles Wendell, ed., Five Tracts of Hasan al-Banna, Berkeley: Ca., 1978, p. 100, 149, 150, 160, 161

ناو ئەو قەیرانەوە، جووت بوون و ژمارەیەکی ئێجگار زۆری میسرییان لە ژێر ئالأی خۆپاککردنەوەی خەباتگێڕانەی ئیسلامی، چوونە ڕیزی "الاخوان"ەوە.

## "الاخوان" لە ڕەوش و بارێکی شۆڕشگێڕیدا

لە دیماهیی سییەکاندا، هەر لە دەسپێکی کارو چالأکییەوە، "الاخوان" بووە ڕێکخراوێکی هەرە بەهێزی میسر و ئەندامی لە توێژ و کەرتی جیا–جیای کۆمەڵگە بۆ خۆ ڕاکێشا: وەکو بیرۆکراتەکان، پیشەگەران، خوێندکاران، کرێکاران، دوکانداری گچکە و هەندێ وەرزێر و جۆتکار. بەننا، دەزگایەکی بەهێزی بۆ ڕێکخستن و پڕۆپاگندە دانا و وردە– وردە هەوڵیشی دا لە کاروباری میسریدا دەورێکی کاراتری سیاسیی وازی بکات. لە ساڵەکانی شەڕدا، بەننا کەوتە ململانە لەگەڵ دەسەلأتدارانی بەریتانی و حکوومەتی میسردا و لە سۆنگەی ئەمەوە چەند جارێك گیرا، کەچی ڕێکخراوەکە لە مۆبالیزەکردنی خەڵك دژی بەریتانییەکان دانەکەوت و پەرەی بە چالأکییە نهێنییەکانی خۆی دا لە ژێر ناوی "نیزامی تایبەتی"، یان"دەزگای نهێنی" هەروەکو بەم ناوەوە ناسراوە. لەهەمانکاتدا بەننا، ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەی بلأودەکردەوەو لە بەیاننامە نامێیەکەیدا پێوەندیی نائاسایی نێوان فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و کۆمەڵگەی مەدەنی نیشان دەداو جیهانبینیی ئیسلامییە فەندەمێنتالیستەکانی دەرهەق ڕاستیی کۆمەلأیەتی دەردەبڕی:

"برایان: ئێوە نە کۆمەڵەیەکی خێرخواز و نە حزبێکی سیاسی و نە دەستەیەکی خۆجێین کە بۆ مەبەستگەلێکی سنووردار دامەزرا بێ. بەڵکە ئێوە ڕۆحێکی تازەن لە دڵی ئەم ئومەتە کە بە پەنابردن بۆ قورئان، ژیانی



بەبەردا دەکەنەوە، ئێوە ڕوناهییەکی دەرکەوتووی نوێن بۆ ڕامالێنی تاریکایی ماتریالیزم لە ڕێگەی ماریفەت و زانینی خواوە، ئێوە دەنگێکی سەدا بەرزن کە بانگەشەی پەیامبەر (ص) دەڵێت و دەڵێتەوە. لەو ڕاستییەوە کە هیچ زێدەڕۆییەکی تێدا نییە، دەبێ ئێوە ئەو بارو ئەرکە بخەنە ئەستۆی خۆتانەوە کە خەڵکی تر نەشیان هەڵیبگرن. ئەگەر پێیان گوتن ئێوە داوای چ دەکەن؟ بێژن: بانگەشە بۆ ئەو ئیسلامە دەکەین کە محمد (ص) هێناویەو حکوومەت بەشێکە لەم ئایینە و ئازادی فەرزێکە لە فەرزەکانی ئیسلام. ئەگەر پێیان گوتن جا خۆ ئەمە سیاسەتە! بێژن: جا ئەمە ئیسلامە و ئێمە ئەو دابەش–دابەشە نازانین. ئەگەر گوتیان ئێوە پڕۆپاگندەچی شۆڕشن! پێیان بێژن: ئێمە بانگەشەکاری هەق و ئاشتین و بڕوامان پێیان هەیەو شانازییان پێوە دەکەین. ئەگەر لە دژی ئێمە ڕابن و ڕێگە لە بانگەشەی ئێمە بگرن، خوا مۆڵەتی داوین داکۆکی لە خۆمان بکەین و ئێوەش ڕاپەڕیوێکی ستەمکارن..."[٩٤].

جارڕدانی بەننا کە کۆمەڵەکەی ئەو، حزبێکی سیاسیی نییە، ڕێگەی لە خۆی و شوێنکەوتووانی نەگرت کە کار بۆ پۆلبەندیی گەورەترین ژمارەی هەوداران بکەن یان خۆنیشاندان بکەن، یان بەشداری لە هەڵبژاردنە سیاسییەکاندا بکەن. لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهاندا، چالأکیی ئەم کۆمەڵەیە گەیشتە ئەو پەڕەکەی، کاتێ دژی دەربار و حزبی وەفد و بەریتانییەکان قیت بۆوە. لە هەمانکاتدا، بەننا تەنزیمێکی پێکەوە نا کە ملیۆنێك شوێنکەوتوو و

[94] Richard P. Mitchell, The Society of the Muslim Brothers, London: Oxford University Press, 1969, p. 30

بۆ سەرچاوەی زێتر لەبارەی ئیخوانەوە بڕوانە:

زکريا سليمان بيومي، الاخوان المسلمون، القاهرة، ١٩٧٩

دەزگایەکی پتەوی کارکردن و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرتەوە، هەبوو: بانگەشەو پرۆپاگندە، کارگەران، جوتیاران، خوێندکاران، کارمەندان، ژیانی خێزانی، وەرزش، خزمەتگوزاریی قانوونی، رۆژنامەگەری، پەخش و وەشاندن، کاروباری ئابووری و دارایی. کۆمەڵە– لە پێگەی دڵسۆزی بۆ باوەڕی خۆی– هەوڵی دا نەتەوە بنیات بنێ: دەوڵەتێکی ئیسلامی لە ناو دەوڵەتی میسردا دروست بکات. لە ئاخیرو ئۆخری ساڵی ١٩٤٨دا، وەکو هەڕەشەیەکی هەرە خەتەر بۆ سەر فەرمانڕەوایی پاشایی سەیری ئەم کۆمەڵەیە دەکرا. لە دەسپێکی دیسامبەردا، نەبادا شۆرش بەرپا ببێ، حکوومەت، کۆمەڵەی "الاخوان"ی هەڵوەشاندەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی "الاخوان" لە سەر جادەو شەقاماندا بەشداریی چەند کارێکی توندوتیژی کرد و چەند کەسایەتییەکی هەڵکەوتووی تیرۆر کرد. هەوڵ و تەقەلاکانی بەننا بۆ دانوستاندن لەگەڵ "نیقراشی"دا هیچیان لێ نەکەوتەوە، سەرۆك وەزیران، بەتەواوی جڵەوی بۆ هێزەکانی دەوڵەت دژی "الاخوان" شلکرد. لە ٢٨–ی دیسامبەری ١٩٤٨دا، "نیقراشی" بە دەستی ئیخوانێك تیرۆر کرا. ئەم کارە سەردەمێکی پڕ لە داپڵۆسین و راوەدوونانی بۆ ئیخوان بەدواوە بوو. لە ئاکامدا لە ١٢ی فبرایری ١٩٤٩دا بەننا بەدەستی کرێگرتەکانی حکوومەت تیرۆرکرا.

لە ینایری ساڵی ١٩٥٠ حزبی وەفد هاتە سەر کار، ئیدی سەردەمی داپڵۆسین بەکۆتاهات و کۆمەڵەکە هاتەوە سەر باری قانوونی خۆی. لە ئوکتۆبەری ١٩٥١دا، قازی "حسن الهضيبي" بە "مرشد عام"ی ئیخوان هەڵبژێردرا. لەم کاتەدا دەستەکانی ئیخوان لە ناوچەی کەناڵی سوێس دژی بەریتانییەکان دەجەنگان. لە ٢٦ی ینایری ١٩٥٢دا، کاروکردەی گێرەشێوێنی دەستەجەمعی دژ بە بوونی بەریتانی گەیشتە لوتکە. ئیدی دامەزراوەو



کۆمپانیای رۆژئاوایی لە ناو جەرگەی قاهیرە بە هوتێلی شفرد shepherd یشەوە کەوتنەبەر پەلاماری تێکدان. بەشداریکردنی "الاخوان" لەم گێرەشێوێنیەدا دیارو بەرچاو بوو، لێ هیچ تۆمەتێکیان لەسەر ساغ نەبووەوە. لە ٢٦ی ١٩٥٢دا، کۆمەڵێك سوپایی بە سەرکردایەتیی لیوا (محمد نجيب) و بێگباشی (جمال عبدالناصر) بەبێ بەشداریکردنێکی کارای "الاخوان" و سەرکردایەتییەکەی، کودەتایان بەسەر مەلیك فاروق دا کرد.

لە ساڵی یەکەمی شۆرشدا، پێوەندیی نێوان "الاخوان" و رژێمی میلیتاریستی خۆش و دۆستانە بوو. لێ لە ناوەڕاستی ١٩٥٣ بەدواوە، خویا بوو کە "مجلس قيادة الثورة" بە سەرکردایەتیی ناسر بە ئاراستەی دەوڵەتێکی عەلمانی هەنگاو هەڵدێنێتەوە تا حوکمێکی ئیسلامی[95]. ئا لێرەوە، لە کەشوهەوای ململانەی نێوان ناسر و نەجیب لەسەر دەسەڵات، ئیخوان پشتی نەجیبی گرت و هاوشێوەی حزبە نا قانوونییە قەدەخەکراوەکان بەشداری لەو خۆنیشاندانەدا کرد کە جاریان بۆ حوکمێکی مەدەنی دەدا. سوپاییەکان، ئەو خۆپیشاندانانەی ئۆپۆزیسیۆنیان سەرکوتکرد و بە بیانووی پاکسازییەوە سەدان ئەفسەری سەر بە حزبی وەفد و چەپ و ئیخوانیان لە سوپا وەدەرنا. لە نیسانی ١٩٥٤دا، ناسر جێگە و رێگەی خۆی چ لە ناو "مجلس قيادة الثورة" و چ لە ناو سوپادا قایمکرد. لێ ململانەی نێوان ئیخوان و ناسر تا ١٩ی یۆلیۆی ١٩٥٤ توند نەببوو، واتە تا ئەو دەمەی ناسر رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ بەریتانیادا مۆرکرد و بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە دەبوایە بەریتانیا لە ناوچەی کەناڵ بکشێتەوە، ئیخوان دژی ئەم رێککەوتنە راوەستان و وەکو هەوڵێك بۆ مۆبالیزەکردنی ئۆپۆزیسیۆنی میسری و عەرەبی دژی ناسر، ئەم

[95] Hriar R. Dekmejian, Egypt under Nasir, Albany, N. Y.: SUNY Press, 1971, p. 25

ڕێککەوتنەیان بە "خیانەت" دانا. هاوین و پاییزی ئەم ساڵە جۆرە بەیەکەوەهەڵکردنێکی نا–ئاسان لەئارادا هەبوو، لێ بە هەوڵی تیرۆرکردنی ناسر (٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٤) ئەم ئاشتەوایی و بەیەکەوە سازانەش نەما. ئیدی ئیخوان تۆمەتبار کرا. ئەمەش داپلۆسینێکی دەستەجەمعی ئیخوانی لێکەوتەوە و سەرکردایەتی و زێتر لە ٤٠٠٠ ئەندامی ئیخوان گیران[96]. سەرکردە گەورەکانی ئیخوان لەبەردەم "دادگەی گەل" کە لە ئەفسەرانی "مجلس قيادة الثورة": جمال سالم، حسين الشافعي و انور السادات پێکهاتبوو، حوکم دران. شەش کەس لە تۆمەتپێکراوان لەسێدارەدران و هوزەیبی–یش حوکمی زیندانی هەتا هەتایێ بۆ بڕایەوە، دوای ٢٦ ساڵ، دەستەیەکی "الاخوان"، بە ناوی "الجهاد" لە ٦ی ئوکتۆبەری ١٩٨١دا، ئەنوەر ساداتی سەرکۆماری میسری تیرۆر کرد[97].

ڕووکاری سەرەکیی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و وێنە بەرجەستەبووەکەی لە "الاخوان"دا، بریتییە لە توانای ژیانەوە و هاتنەوە مەیدان دوای ماوەیەك کڕی و بێ دەنگی. تا دیماهی ١٩٥٤دا، ڕژێمی میلیتاریستی میسر، توانی بەشێوەیەکی سیستماتیك دەزگای "الاخوان"ی لەبەر یەك هەڵوەشێنێتەوە و هەوڵی دا "ولاء"ی جەماوەری میسری و عەرەبی لە ساتەوەختی هەڵکشانی جەماوەرییبوونی کاریزمای ناسردا بە لای خۆیدا رابکێشێ. هەروابێتەوە، ئایدیۆلۆجیای سۆسیالیستی و پان عەرەبیزمی ناسر، بەشێکی گرنگی لە

[96] Ibid, p.32-33

لەپێناو ڕاپۆرتێکی تەواو لەبارەی چەوساندنەوەی ئیخوان بڕوانە:

جابر رزق، مذابح الاخوان في سجون ناصر، القاهرة، ١٩٧٧

[97] بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ نییە کە بیسەلمێنێ بوونی سادات لەدادگە، هۆی سەرەکی تیرۆرکردنی سادات بووە.



خواستەکانی ئیخوان جێبەجێکرد. ڕژێم لە ماوەی دە ساڵ زێتر، توانی لەو بەڵێنانە زێتر پێشکەش بە عارەبان بکات کە "الاخوان" بە عەرەبانی دابوو: کەرامەت و یەکێتی و بەشداریکردنی میللی و بەرهەڵستیی ڕۆژئاوا و شێوە رووکارێکی دادپەروەریی کۆمەڵآیەتی– ئابووری. بەر لەوەی ناسریزم پێ بنێتە ناو دەیەی حەفتەمەوە، بە هۆی جیابوونەوەی سوریا (لە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو)و شەڕی یەمەن و ئاریشەگەلێکی ئابوورییەوە، ماندوو شەکەت ببوو، ئەمە جارێکی دی کەشوهەوای بۆ گەڕانەوەی "الاخوان" لە ساڵی ١٩٦٤دا خۆشکرد. لەم ساڵەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیستەکان، ناسر "الاخوان"ەکانی بەرهەڵدا.

لێ جارێکی تر، کۆمەڵەکە کەوتەوە پلان نانەوە دژی ڕژێم. لە ناوەڕاستی ١٩٦٥دا، دەزگاکانی ئاسایش، بەو پلان و نەخشەیەی ئیخوانیان زانی و ئیدی خەڵکێکی زۆریان لێ گیرا. سێ لە سەرکردە هەرە هەڵکەوتووەکانی "الاخوان" لەقەنارە دران: لەوانە "سيد قطب"ی تیۆریسێن و بە سەدان کەسیش زیندانی کران، خاڵی هەرە گرنگ ئەوە بوو کە زۆرێك لە پیلانگێڕان تا رادەیەك گەنج و سەر بە چینی نوێی ناوەند بوون: ئەندازیاران، کیمیاگەران، کارناسانی زانست و قوتابیان[98]. لە حەفتاکاندا، ئەم شێوە خەباتگێرییە ئیسلامییە لە ناو گەنجە خودان پسپۆڕێتیە باڵآکاندا، بووە خەسڵەت و سیمایەکی دیاری ئەندامانی کۆڕ و کۆمەڵە ئوسولییەکان. ژیانی سەخت و ناخۆشی ناو زیندان، تاقیکردنەوەیەکی تاڵ و سەخت بوو، ئاوەڕۆی بزاڤی ئیسلامی لە میسر لە ئایندەدا دیاریکرد. توندو تیژیی داپلۆسین، خۆدانەبەر شیکردنەوەیەکی بە ژان و ژووری لە نێو "الاخوان"دا لێکەوتەوە سەبارەت بە چاوخشاندنەوە

[98] Hriar R. Dekmejian, Egypt under Nasir, Albany, N. Y.: SUNY Press, 1971, p. 257

بەهەڵوێستەکانیان. گفتوگۆ و پیلەکەی بازنە فرەوان لە ناو چوار دیوارەکانی زینداندا دەکران کە پێکهەڵپژان و کەرت– کەرتبوونی ئیخوانەکانی بەدوادا هات. ئەندامە گەنجەکان لە سەرکردە گەورەکانی "الاخوان" دڵسارد ببوون، چونکە ئەو سەرکردانە بە شتی لاوەکییەوە مژول بوون و لە زیندانیشدا هەندە خۆڕاگر نەبوون کە لە ژێر ئەشکەنجەدا هەرەس نەهێنن[٩٩].

دوای نسکۆی ساڵی ١٩٦٧، دەرفەتێکی تر بۆ "الاخوان" هەڵکەوتەوە. گەورەیی ئەو کارەساتە، قەیرانێکی قوڵی هێنایە ئاراوە و سەرانی عەرەب و دامودەزگاکانی عەرەبیشی گرتەوە، بە شێوەیەکی دیارو خویا کاریزمای ناسر کەمبۆوە. ئەم تێشکانە، سەرانسەری کۆمەڵگەی عەرەبی هەژاند و شەپۆلێك لە خۆ ونکردن و بەخۆداچوونەوە کە پێشتر وێنەی لە مێژووی عەرەبدا نەبووە، دەستیپێکرد. بە گشتی بووە شتێکی بەڵگەنەویست کە ڕێگەچارە ئایدیۆلۆجیەکانی جاران، دەرەقەتی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی کە چەند قات تەشەنەیان کردووە، نایەن، ئا لێرەوە، بانگەشە بۆ گۆڕینی عەقڵیەت و وەرچەرخانی ڕۆحی و دەروونی جاڕی بۆ درا[١٠٠]. دیارە– لە ڕەوشی وروژان و هەڵلای دوای شەڕی یۆلیۆ– ئاقاری ئەو گۆڕانە ئەخلاقی و ڕەوتارییە دیار نەبوو، لێ بەڵگەکان ئەوەیان لێ دەخوێندرایەوە کە کەرت و توێژێکی زۆری کۆمەڵگەی میسری و عارەبی لەباری ئایدیۆلۆجییەوە دەگەڕانەوە بۆ ئیسلام. لە ئاستانەی نسکۆ و قەیرانی پێناسە کە لەم نسکۆیە

[99] جابر رزق، مذابح الاخوان في سجون ناصر، القاهرة، ١٩٧٧

Saad Eddin Ibrahim, Anatomy of Egypt's Militant Islamic Groups: Methodological Note and Preliminary Findings, IJMES 12 no. 4 (Dec. 1980), p.434-435

[100] Hriar R. Dekmejian, Egypt under Nasir, Albany, N. Y.: SUNY Press, 1971, p. 257



کەوتبۆوە، جەماوەر لە ئایدیۆلۆجیای پان– عەرەبیزم دەتەکینەوە و چی دی چاویان بەدوای ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕیی سۆسیالیستی یان ڕۆژئاوایی یان مارکسیزم نەدەگێڕا. بەڵکە تاکە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی– ڕەفتاریی خۆجێی بەردەست، ئیسلام بوو بە وێنە ئوسوڵییەکەیەوە.

پارادۆکس ئەوەیە، سەرهەڵدانەوەی فەندەمێنتالیزم لە دوای شەڕ، نەك هەر ڕێگەی پێدەدرا، بەڵکە لە لایەن دەسەڵاتدارانی میسری و عەرەبییەوە دەستیشی لەپشت دەدرا. سەرانی عەرەب، لە کۆششدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو قەیرانی شەرعییەتەی لە شەڕەکە کەوتبۆوە، لە ڕێگەی پەسندکردنی ئیسلامەوە، دەیانەویست پەرە بە شەرعییەتی خۆیان بدەن. ئەوڕۆی بەو هیوا و ئاواتەی کە ئیسلامییەکان بێ لایەن بکەن و ئەو پەڕەکەی پشتەوانی میللی، بۆ خۆیان پەیدا بکەن. دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەرانی عەرەب، بە ئاماژە بۆ خوا و پێغەمبەر و قورئانی پیرۆز، دەستیان پێ دەکرد. بۆ نمونە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن دوو ڕۆژ دوای شەڕی یۆنیە، گرنگیان بە ئامادەبوونی ناسر دا لە ئاهەنگێڕان بەبۆنەی لەدایکبوونی حەزرەتی پێغەمبەرەوە. زێتر لەمەش، لە مانۆڕێکی پڕۆپاگەندەی وەستایانەدا، ڕژێم هەوڵی دا قەزاو قەدەری ئیسلامی بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتیی ئەم تێشکانە، بەکاربهێنێ. دەگوترا ئەوە قەدەری خوا بوو کە تێبشکێین و بدۆڕێین تا گەلی میسر بەخۆ بێتەوە. هەڵبەت بەپێی ئەم مەنتیقە دەگوترا "ئیسرائل چونکە بۆ دینی خۆی دڵسۆز بوو سەرکەوت، ئێمە تێکشکاین چونکە باوەڕمان هەندە بەهێز نەبوو"[١٠١]. ئیخوان سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ لای خوا لەگەڵ حکوومەتدا هاودەنگ بوو، لێ سەرزەنشتی

[101] حسن حنفي، وكانت النكسة نقطة تحول، الوطن، ١٩٨٢/١١/٢٠

رژێمیشی دەکرد کە لە ئایین دوورکەوتووەتەوە. هەروابێتەوە، ئیخوان پێیان وابوو ئەو تێکشکانە، تۆڵە بوو کە خوا لە رژێمی ناسری کردەوە چونکە کۆمەڵەکەی ئەوانی تەپەسەر کردبوو: "هەر کێ شەڕ لەگەڵ سەربازەکانی خوا "الاخوان" دا بکا یان ستەمیان لێ بکات، ئەوا ژێردەکەوێ و دەدۆڕێ هەروەکو چۆن فیرعەون لەبەردەم موسادا (درودی خوای لێ بێ) تێکشکا"[١٠٢]. ئا ئاوا" الاخوان" ئەو بۆشاییە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەی کە دوای شەڕ پەیدا ببوو، بە دەرفەتێکی لەبار زانی بۆ ژیان بەبەرخۆداکردنەوە. لەهەمانکاتدا، چەندین کۆمەڵەی تری ئیسلامی بە تایبەتی نەوەی گەنجە نەبەردخوازە تورەو تووشەکان، هاتنەگۆڕێ.

### میسر لەسەردەمی ساداتدا: باڵادەستیی فەندەمێنتالیزم

بە مردنی عەبدولناسر، لە ٢٨ ئەیلوولی ١٩٧٠دا، بەتەواوی کۆسپە سەرکییەکەی بەردەم سەرهەڵدانەوەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی تەخت بوو، هەروا هاتنەسەرکاری ساداتیش دەرفەتێکی دەگمەنی لە بەردەم "الاخوان"دا کردەوە کە جارێکی تر ئامادەیی خۆیان بسەلمێنن. سادات وەکو سەرکۆمار، دوو ئەرکی راستەوخۆی بەرەو رووکرایەوە: جێگیرکردنی هێزی خۆ و بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل لە بیابانی سینا. هەروا سادات، لە ناوەوەشدا، رووبەرووی قەیرانی شەرعییەت بووەوە، چونکە لە چاو ئەوەی پێش خۆی، نە کاریزمای هەبوو، نە بناخەیەکی دڵنیابەخش لە ناو ستراکتوری هێزی میسریدا کە لە ژێر کۆنترۆڵی رکابەرە ناسرییەکانی دا بوو. بۆ راستکردنەوەی ئەم نا هاوسەنگییە، سادات ئیخوانە زندانیکراوەکانی ئازاد

102 هەمان سەرچاوە.



کردو هانی دان لە یەکێتییەکانی قوتابیان و رێکخراوەکانی تری ناو کۆمەڵگە، جێی خۆیان بکەنەوە. سادات سەرکەوتووانە سودی لە دژمنایەتی لەمێژینەی نێوان "الاخوان" و ناسرییەکان وەرگرت و بەرەنگاری یەکدی کردنەوە. پرۆسەی ئەنتی ناسریزم بەخێرایی چووە پێشەوە بەسایەی ئەو بزووتنەوە پاکسازییەی کە سادات لە دژی نەیارەکانی خۆی لە مایۆی ١٩٧١دا دەستی دابوویەو دوای شەڕی ئوکتۆبەری ١٩٨٣ کە لە مانگی رەمەزاندا لە ژێر ناوی "بدر" دەستیپێکرد ئەو جەنگەی حەزرەتی محمد (ص) تیایدا بەسەر قورەیشی مەککەدا سەرکەوت. سەرکەوتنی رێژەیی سوپای میسر، ساداتی کردە قارەمانی پەڕینەوە، ئیدی شەرعیەتی سادات زێدە بوو. لە سەر بنەمای لە شەرعییەت بە گومانکەوتن، سادات، سێ دەسپێشکەریی سیاسی بەیەکەوەگرێدراوی خستەروو:

١- رزگاربوون لەشوێنەوارەکانی ناسریزم لە کۆمەڵگەی میسریدا لەسەر بنەمای خۆرزگارکردن لە کەرتی گشتیی سۆسیالیستی.

٢- کرانەوە بەسەر رۆژئاوا، بەنیازی باروبوی ئابووری و وەبەرهێنانی سەرمایەی بیانی، بە تایبەتی ئەمریکایی، بۆ دروستکردنی کەرتێکی گەورەی تایبەتی.

٣- خۆ نزیك کردنەوە لە ئەمریکا، لەهەمانکاتدا، کارکردن بۆ لاوازکردنی پێوەندیی ئابووری و سیاسی و سەربازیی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیاتدا.

هەوڵ و تەقەلای سادات لە پێناو شەرعییەتدا، وای دەخواست زێتر پشت بە پرسگەلی ئیسلامی ببەستێ وەکو ئەلتەرناتیڤێکی پاژەکی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئایدیۆلۆجییەی لە ئاکامی وەلانانی بەربڵاوی ناسریزم کەوتبۆوە. بەپێی دەستوری ١٩٧١، ئیسلام بووە ئایینی رەسمی دەوڵەت، بڕیاردرا

شەریعەت سەرچاوەیەك بێت لە سەرچاوەكانی قانووندانان. وێڕای هەوڵ و تەقەلای سادات بۆ شەرعییەت وەدەستهێنان و پێڕەوكردنی سیاسەتگەلێكی گونجاو لەگەڵ ئیسلام و دەوری قارەمانانەی لە كاتی شەڕدا، بەو هێرشە راستەوخۆیەی لە نیسانی ١٩٧٤دا، كرایە سەر (الكلية الفنية العسكرية) رژێم تەواو شلەژا. هەروا بزاڤت و جولەی سەربازی و دیپلۆماسیی سادات، چ لەكاتی شەڕ و چ دوای شەڕیش لە لایەن هەندێ كەسایەتیی ناوبەدەرەوەی وەكو (محمد حسنين هيكل) و (سعدالدين الشاذلي) سەرۆك ئەركانی سوپا، دژایەتی دەكرا و ئەوی دواییان لەسەركار لابرا و كرا بە بالیۆز لە دەرەوە[١٠٣].

لە نیوەی حەفتاكاندا، سادات لە بوارو ئاقاری ئیسلامیدا، سیاسەتێكی سێ سەرەی گرتەبەر:

١- رازیكردنی "دامەزراوەی رەسمیی ئیسلام" كە خۆی لە "جامعة الازهر" و مزگەفتە حكومییە گەورەكاندا دەنواند بەو نیازەی سەركردایەتیی ئیسلامیی میسر ببێتە پشت و پەنای ئەو.

٢- رازیكردنی "الاخوان" بۆ بێ لایەنكردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئوسوڵی و سودوەرگرتن لە هێزی رێكخراوەیی "الاخوان" دژی ناسرییەكان.

٣- سەركوتكردنی ئەو كۆڕ و كۆمەڵە فەندەمێنتالیستە "نەبەردخوازانە" كە بە كاروكردەی توندوتیژییان، هەڕەشەیان لە رژێم دەكرد.

103 Hriar R. Dekmejian, Egypt and Turkey: The Military in the Background”. In Soldiers, Peasants and Bureaucrats, edited by R. Kolkowiez and A. Korbonski, London, George Allen and Unwin, 1982p. 37-40



سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەی رژێم – كە لە دوای پەلامار بۆ سەر كۆلیجی تەكنیكیی سەربازی لە نیسانی ١٩٧٤دا پەرەی سەند– دژی "جماعة التكفير والهجرة" تا مایۆی ١٩٧٥ بەردەوام بوو، لە هەمانكاتدا بەڵگەی واش هەبوو كە لە نێوان "الاخوان" و رژێمدا جۆرە هاریكارییەك هەیە. لە ١٩٧٦دا، سادات رێگەی دا هەر دوو گۆڤاری مانگانەی "الدعوة" و "الاعتصام" كە تێڕوانینی "الاخوان" یان دەردەبڕی، دەربچن. لە هەڵبژاردنی ١٩٧٦دا، "الاخوان"یش چوونە پاڵ كۆمەڵە سیاسییەكانی تر بۆ مۆبالیزەكردنی شوێنەوكەوتووانی خۆیان و هان دانیان كە زۆرینەیەك هەڵبژێرن كە سەر بە حكوومەت بێ لە ئەنجوومەنی گەلدا. ئەم هاریكارییە، وای لە "الاخوان" كرد لە هەراو هۆریای جەماوەری كە لە ینایەری ١٩٧٧دا ناسرییەكان سەركردایەتیان كرد، دوا بكەوێت. هەرچەندە هەندێ كەس و توخمی ئیسلامی بەشداریان لە پەلاماردان و شكاندنی هەندێ یانەی شەوانە و بار و جندەخانەدا كرد. ئەم لایەنگرییە بەردەوامەی سادات، وای كرد "الاخوان" بكەونە بادانەوەیەكی ئایدیۆلۆجی و سەرەنجام لایەنگیریی جەماوەریان كەم بێتەوە. لە ئاكامدا ساڵی ١٩٧٧، ناتەبایی لە نێوان سەمت و ئاراستەی هەردوو لادا دەركەوت و ئەم ناتەباییە هەر زوو بە نزیكبوونەوەی سادات لە ئیسرائیل، گەورە بۆوە. ئیخوان هێرشیان كردە سەر رێككەوتننامەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و میسر و سیاسەتی"كرانەوە" و جیهانبینیی كولتووریی رۆژئاواگەریی سادات بە تایبەتی سەبارەت بە ئافرەتان. هەروا ساداتیشیان بەوە تاوانبار دەكرد كە لە كێشەی نێوان موسڵمانان و قیبتییەكاندا، پشتی كەمایەتیی قیبتی دەگرێ. هەروابێتەوە سەركەوتنی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران، متمانەی زێتری بە ئیخوان دا كە درێژە بە ئامانجی خۆیان كە دامەزراندنی فەرمانڕوایی ئیسلامییە لە میسر، بدەن.

خۆنیشاندانەکانی ینایەری ١٩٧٧، دەسپێکی قەیرانێکی بەردەوام بوون لە بەردەم ساداتدا کە سەرەنجام بە تیرۆرکردنی ئەو، لە ئۆکتوبەری ١٩٨١دا، بەکۆتاهات. کاردانەوەی سادات سەبارەت بە ئۆپۆزیسۆنی روو لە زیادی سیاسەتگەلە دەرەکی و ئابوورییەکانی، جەختکردنەوە بوو لەسەر شەرعییەتی ئیسلامی. رژێم زنجیرەیەك گەلاڵەنامەی قانوونی لەمەڕ سزا "حەد" ی ئیسلامیی تایبەت بە "ریبا و هەڵگەڕانەوە و دزی و زینا و مەی" پێشکەشکرد کە دواتر رژێم ناچار بوو دوای بەرهەڵستیی قیبتەکان و موسڵمانە لیبراڵەکان، چاو لە زۆربەی ئەو گەلاڵەنامانە بپۆشێ[١٠٤]. لە مارسی ١٩٨٠دا، لە رێگەی راپرسییەکی گشتییەوە شەریعەت بە تاکە سەرچاوەی سەرەکیی قانووندانان، پەسند کرا. تەوەرەی هەوڵی سادات بۆ وەدەستهێنانی شەرعییەت، بەجێگەیاندنی رێورەسمی ئیسلامی بوو لە سەر ئاستی ناوەخۆ، هاوکات سادات هەوڵی دەدا لە رێگەی بەدیهێنانی ئاشتی لە نێوان عارەب و ئیسرائیلدا وەکو سیاسەتمەدارێکی جیهانی دەرکەوێ. وێڕای لێهاتوویی لەرادەبەدەری سادات وەکو ئەکتەرێك، لێ سووربوونی سادات لەسەر وازیکردنی ئەو دوو دەورە دژ بەیەکە، بەفەتارەتی دا. بەراستی، هەرگیز نەدەکرا ئەم دووانە: دەوری سادات و سەرەتاگە کولتوورییەکەی یەکبگرن: سەرکۆمارێکی لەخواترسی موسڵمان لە هەمبەر دۆست و هاواڵێکی رابەرانی رۆژئاوای بەرواڵەت کولتووریی بیانی لە کەسایەتییەکی

[104] سەبارەت بە پەلاماری ئیخوان بۆسەر سیاسەتی ناوەکی و دەرەکی، بروانە، بۆ نموونە: الدعوة، فبراير ١٩٧٧، ص ٢-١٦ و الاعتصام، ابريل- مايو ١٩٨١، ص ٢٨-٢٩
و سەبارەت بە رەزامەندی لەسەر قانوونی "حد الرده" بروانە:
Phillippe Rochot, La Grande Fievre du Monde Musulman, Paris: Sycomore, 1981, p. 143-145



دەسەڵاتخوازیی وەکو ئەو. لەگەڵ ئەوەشدا – وێڕای دژایەتی خویای نێوان ئەم دوو دەور و دوو کەسایەتییە– سادات خواپەرستی خۆی بە جەماوەرێك دوپات دەکردەوە کە گومانیان لە راستوێژیی ئەو هەبوو. سادات، لە هەوڵ وتەقەلای رازیکردنی پێکهاتەی ئیسلامیدا، بەرێگەیەکی خەتەردا هەنگاوی هەڵێنایەوە کە پێشە وی رابەرە موسڵمانەکانی تر پیایدا رۆیشتبوون و تیایدا سەرنەکەوتبوون. تەوەرەی ئاریشەو تێوەگلانی سادات ئەوەبوو کە نەیدەتوانی باوەڕ بە ئیسلامییەکان بهێنێ کە ئەو تەواو پابەندە بە ئیسلام. ئا لێرەوە، دەستپێشکەرییە ئیسلامییەکانی سادات، هەر چەندە خۆی راست و دڵسۆزیش بێ، بەهۆی سیاسەتگەلە ناوەکی و دەرەکییەکانی و بەهۆی پێداگیریی رەسەنی ئاقیدەی ئیسلامی، بە ناتەواو دەهاتنە بەرچاو. ئیدی لە واقیعدا، نەدەکرا رێگەیەکی ناوەندی لە بەردەم "نەبەردخوازە" ئیسلامییەکاندا هەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، دام و دەزگاکانی میدیای میسری، ساداتیان بە " الرئيس المؤمن" وەسف دەکرد کە پای لە ئەخلاقی نەریتپارێزانەی گوند و پاتریارکیی دەنایەوە. سادات پێی وابوو میسر ماڵبات و خێزانێکی گەورەیەو ئەویش گەورەو دەمڕاستی ئەو ماڵباتەیەو و دەبێ رۆڵەکانی بەبێ پرتە و بۆڵە بە گوێی قسە و فەرمایشتەکانی بکەن، لە هەلومەرجی ئابووری و کۆمەلایەتیی میسردا، ئەم جەختکردنەوانەی سادات جێگەی پەسندی خەڵك نەبوون[١٠٥]. رووکاری خواپەرستانەی سەرۆکایەتی لە رێگەی پەیدابوونی دروشمگەلی

[105] حسن حنفي، سلسلة مقالات واضحة في الوطن ابتداء من ١٩٨٢/١١/٢٠. لە ساڵی ١٩٨١دا حکوومەت بەڵێنی دا ١٠٠٠ مزگەوت دروست بکا، بروانە:
Phillippe Rochot, La Grande Fievre du Monde Musulman, Paris: Sycomore, 1981, p. 143-145

ئیسلامی لەسەر بینایە و دام و دەزگای حکوومەتی و لە وتارەکانی سەرۆکدا کە بە "بسم الله الرحمن الرحیم" دەستپێ دەکرد و بە ئایەتێکی قورئان کۆتایی پێ دەهێنا، بەهێز دەکرا.

ئەوانەی سادات چاك دەناسن، بە موسڵمانێکی دڵسۆزی بەڕاستی دەزانن کە تێکۆشاوە پرەنسیپە بنچینەییەکانی باوەڕی خۆی تەرجەمەی سیاسەتگەلێکی ناوەکی و دەرەکیی بنیاتنەرو بەکەڵك بکات. تراجیدیای سادات، وێڕای نیازپاکیی ئەو، ئەوە بوو کە بەشێکی گەورەی خەڵکی میسر گومانیان لەو پیاوەی لە "المنوفیە"وە هاتبوو، هەبوو. جەماوەر نەدەشیان لەبیری خۆیان ببەنەوە کە سادات لە شەوی شۆڕشی ١٩٥٢ دا جێگەی خۆی جێهێشتبوو. یان رووی خۆیان لە سپڵەیی سادات دەرهەق بە عەبدولناسر وەرگێڕن کە سادات هەوڵیدا کەلەپووری سیاسیی ناسر بسڕێتەوە. لە دیماهی حەفتاکاندا، کەلێنێکی کولتووریی فرە کەوتبووە نێوان سادات و گەلەکەیەوە. سادات کەوتبووە بەر رەخنەی توند و چڕو پڕەوە، لە ئاکامی بایەخدانی رابەرانی رۆژئاوا و میدیا بە سادات وەکو دەوڵەتدارو دروستکەری ئاشتی و پیاوە شیك پۆشەکە، سەرباری سیاسەتی سازشکارانەی لەگەڵ ئیسرائیل و دالدەدانی شای ئێران و گەندەڵیی ناوەخۆی وڵات. رژێم لە وەڵامی ئەم رەخنانەدا کەوتە کاروکردەی تۆڵەساندنەوەی رەمەکیانە دەرهەق بە سۆسیالیستەکان و ناسرییەکان و هەڵسوڕاوە ئیسلامییەکان. هاوکاتی ئەمەش، بەشێوەیەکی پڕۆپاگندەئامێز جەختی لەسەر بابەت و تێزی ئیسلامی دەکردەوە، وەکو: باوەڕ، خۆڕاگری، رەسەنزادەیی، سەبرو حەوسەڵە، خۆشەویستی، هیوا و سەرکەوتنی ئیلاهی و هیدایەت. مەبەستی ئەسڵی ئەم فشاری راگەیاندنە ئەوە بوو کە خەڵك بە چارەنووس و بەشی خۆیان رازی بن و بە ئومێدی دوارۆژێکی باشتر بژین. لەبەر رۆشنایی رەوشی



داتەپیوی کۆمەڵایەتی و ئابووریی زۆرینەی میسرییان، هەرگیز نەدەکرا خەڵك بەم تکاو نزا و دوعایە بڵێن ئامین. ئەم بۆشاییە ئایدیۆلۆجییەی لە ئاکامی لادانی ناسریزم کەوتبۆوە، تا رادەیەك فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی پڕی کردەوە و ئیدی سەرکردایەتیی سادات لە بەرانبەر پێوەرە باوەکانی شەرعیەتی ئیسلامی دۆش داما و شتێکی بەدەستەوە نەما. لە سایەی ئەم تێکەڵ و پێکەڵییەدا، ئەنجوومەنی گەل رایگەیاند کە سادات "پێنجەم خەلیفەی راشدین"ە، ئەم کارە، تا بڵێی کارێکی سیاسیی بێ مانا و ئەوپەڕی سوکایەتیکردن بوو بە "پیرۆزییەکان"[106]. هەروەکو دەزاندرێ، سەرۆك سادات ئەم دەسپێشکەرییەی مەحکوم کردو خۆی لە سازدانی ئەم کارە بردە دەرێ.

راستییەکەی، زۆر لە میسرییەکان، لە ئاکامی ئەو کەشوهەوا بێ ئومێدییەی لە سیاستگەلە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سادات کەوتبووەوە، ساداتیان بە "باوك"ی خۆیان نەدەزانی و پێیان ناخۆش بوو بە "رۆڵە"ی ئەو دابنرێن. لەهەمانکاتدا، ئیخوان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی تری ئیسلامی پێگەو جێگەی خۆیان لە ناو زانکۆکان و لە ناو کارمەندان و تارادەیەك لە ناو سوپاشدا قایم و پتەو کردبوو. لە ناو زانکۆ، قوتابییە هەڵسوڕاوە ئیسلامییەکان تەنگیان بە قوتابی و مامۆستا کریستیان و عەلمانییەکان هەڵدەچنی و هەراسانیان کردبوون[107]. وێدەچێ، سادات تا نیوەی ساڵی ١٩٨١، درکی بە خەتەری جیدی کۆمەڵە نەبەردخوازەکان نەکردبێ تا بشێوی و پێکدادانی کۆمەڵایەتیی لە نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکاندا روویدا. لە بزاڤێکی خۆپارێزانەدا، حکوومەت، لە سپتامبەری ١٩٨١دا "٣٠٠" کەسی گرت و هەموو مزگەفتەکانی

[106] Ibid, also Hassan Hanafi, The revolution of the Islamic alternative in Egypt", Arab Studies Quarterly 4, nos. 1 and 2 (spring 1982), P. 62-63.
[107] Nazih N. M. Ayubi. The political Revival of Islam, The case of Egypt, IJMES 12, no. 4 (Dec. 1980), 492.



PDF 4 KURD

خستە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی خۆیەوە. لە سۆنگەی ئەمەوە کە زۆربەی گیراوەکان، ئیسلامی بوون، ڕژێم– بۆ هاوسەنگ کردنەوە– پێشەوا دیارەکانی ناسری و سۆسیالیست و قیبتیەکان بە بابا "شنۆدەی سێیەم"یشەوە حەپسکرد. هاوڕێ لەگەڵ ئەم کردەی گرت و بڕەدا، سادات کەوتە هەڕو گیڤکردن ئەگەر ناحەزو نەیارەکانی ئاوەزیان نیەیەتەوە بەر و نێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست، ئەوا ٥٠٠٠ی تریشیان لێ دەگرێ. مانگێکی نەبرد، سادات بەدەستی گروپی "جیهاد" تیرۆرکرا. جیهاد ڕێکخراوێکی ئیسلامیی نەبەردخواز بوو بنکەکەی لە "الصعيد"بوو. لێرە بەدواوە، لێرەو لەوێ شەڕ و هەللا، لە نێوان هەڵسوڕاوە ئیسلامییەکان و هێزەکانی ئاسایش، بە زۆری لە "اسيوط"، دەقەوما. لە سەردەمی موبارەکیشدا، سیاسەتی سەرکوتانەوە هەر بەردەوام بوو، هەر چەندە سەرۆکی تازە، بە ئاشکرا دەیەوێ خۆی لە هەڵەو چەوتییەکانی سادات بپارێزێ و کەمتر حەز دەکات لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا سەرنجی بۆ ڕابکێشرێ و دەستی بە زنجیرەیەك ریفۆرم کرد. دوای دادگاییکردنێکی دوورودرێژ، ئەفسەری دوو ئەستێرە (خالید ئیسلامبولی) و چوار کەسی دی لەوانەی لە تیرۆرکردنی ساداتدا بەشدار ببوون، لە سێدارەدران. زێتر لە ٣٠٠ ئەندامی "جیهاد" درانە دادگا. بڕیاری سەرۆك موبارەك بە جێبەجێکردنی لە سێدارەدانی ئەوانە، لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا شەرمەزار کرا، هەندێ کۆڕ و کۆمەڵەی ئیسلامیش داوایان کرد موبارەك تیرۆر بکرێ، یان لە فەرمانڕەوایی لا بدرێ[108].

108 سەیری ئەو وتارە ڕاستەوخۆیەی لە "المجتمع"ی کوێتی کە لە ١٩٨٢/٥/١٩دا، ئاراستەی حوسنی موبارەك کراوە: ٤٤. ئەم گۆڤارە زمانحاڵی ڕەسمی "جمعية الاصلاح



دەکرێ بەم شێوەیە وانە سیاسییەکانی سەردەمی سادات پوخت بکەینەوە:

١– نابێ تواناو وزەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە ڕووی نفووزی بەربڵاو و پابەندبوونی ئایدیۆلۆجی و توانای ڕێکخراوەییەوە، بەهەند هەڵنەگیرێ.

٢– نابێ "چەکی ئایینی" بۆ ڕازیکردنی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی، زیاد لە ڕادە و سادە و ساکارانە بەکار بهێندرێ بە ئامانجی وەدیهێنانی ئامانجگەلی سیاسیی نەگونجاو لەگەڵ گیانی فەندەمێنتالیزمدا.

٣– دەبێ سیاسەتگەلێکی دەرەکی و ناوەکیی تا ڕادەیەك هاوئاهەنگ لەگەڵ سیستەمی باوی بەهاگەلی ئایینی و کولتووری پەیڕەو بکرێ بە شێوەیەك کە وەڵامدەرەوەی داخوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گەل بێ.

٤– دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکی ئیسلامی کە توانای ژیانی هەبێ و جێگەی فەندەمێنتالیزمی نەبەردخواز بگرێتەوە، تا ببێتە میکانیزمێکی سازاندنی کۆمەڵایەتی و ڕێنوێنیکارێك بۆ گەشەسەندنی ئابووریی بە کەڵکی جڤاکی و بۆ پرۆسەیەکی مۆدێرنیزەکردنی کۆنترۆڵکراو.

٥– جێبەجێکردنی پێکهاتەیەکی نوێی ئایدیۆلۆجی بەکەمترین ڕادەی گەندەڵیی دەستەبژێر و نا لێهاتووییەکەیەوە تا پێداویستی و داخوازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کەرت و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە جێبەجێ بکات.

الاجتماعي الكويتية". هەروا لە ١٩٨٢/٤/٢٥دا وا بلاوکرایەوە کە هەوڵی کوشتنی موبارەك دراوە. "المجتمع (١٩٨٢/٥/١١).

## سێ کۆمەڵەی هەڵسوڕاو

لە حەفتاکاندا ژیانی سیاسیی لە میسر بەهۆی چالاکی و کاروکردەی توندوتیژیی سێ گروپی ئیسلامی هاتەهەژان: "منظمة التحرير الاسلامى" و "جماعة المسلمين" و "منظمة الجهاد". "منظمة التحرير الاسلامى بە "جماعة الكلية الفنية العسكرية" ناسراوە و "جماعة المسلمين"یش بە ناوی "التكفير والهجرة". هەروا منظمة التحرير الاسلامى "شباب محمد"یشی پێ دەگوترێ، هەرچەندە چەند کۆڕو کۆمەڵێکی تری ئوسوڵیش لە ژێر ئەم ناوە کار دەکەن. جاروبار بە "جماعة الجهاد"یش دەگوترێ "الجهاد الجديدة". ئەم سێ گروپە لە کەشوهەوای مەینەتباری دوای شەڕی ١٩٦٧ هاتبوونە مەیدان. ئەم کۆمەڵانە، لە باری ئایدیۆلۆجی و تەنزیمییەوە، بە نەوەیەکی راستەوخۆی "الاخوان المسلمين" حیساب دەکرین.

## سەیید قوتب: ئەڵقەی بەیەکەوەگرێدانەوە

ئەگەر بە رووداوەکانی رابردوو دابچینەوەو رامینێین دەبینین سەیید قوتب ئەلقەی سەرەکیی بەیەکەوەگرێدانەوەی "الاخوان" لە لایەك و "م. ت. ا" و "التكفير" و "الجهاد"ە لە لایەکەی ترەوە. سەیید قوتب، وەکو ئایدیۆلۆجیستێکی نەبەردخواز، سەرپەرشتی پرۆسەی وەرچەرخانی نەوەو بەرەی نوێی لە فەندەمێنتالیزمی پوکاوەی" الاخوان"ەوە بۆ پەڕگیریی گەنجان لە حەفتاکاندا دەکرد. دەوری سەیید قوتب و نفووزی سەرەکیی ئەو بەسەر نەبەردخوازە نوێیەکاندا سێ خەسڵەتی هەیە: ١– وەکو تیوریسینێك، کاریگەرییەکی بەهێزی بەسەر نوێکردنەوەی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی و ئاراستەکردنەوەی دا هەبوو ٢– وەکو ئەندامێکی دیار، لە کۆمەڵەی



"الاخوان" ی کۆن، بەردەوامییەکی تەنزیمیی لە نێوان " الاخوان" و دەستەو تاقمە یاخیبووەکاندا هێنایە کایەوە ٣– هەروابێتەوە، وەکو هەڵسوڕاوێك، بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەت و دواتر مردنی، بۆ رێبەدێی ئەو، نموونەیەکی شەهیدبوونی خستە بەردەم نەبەردخوازە گەنجەکان.

سەیید قوتب لە سەرەتای شەستەکاندا، دەورێکی کارای لە سەرکردایەتیی "الاخوان"دا گێڕا بۆ سەر لەنوێ هاتنەوە مەیدان. سەیید قوتب زۆر جەختی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی رژێمی عەبدولناسر دەکردەوە، بۆ ئەمەش پشت ئەستوور بوو بە لابالی نەبەردخوازی "الاخوان" لە ناوەوە و دەرەوەی میسردا. چالاکی پیلانگێڕانە و بانگەشەکردن بۆ جیهاد، ناتەبا بوو لەگەڵ ئەو ئیسلامە زۆر هێمنترەی (حسن الهضيبي)ی مورشیدی گشتیی "الاخوان" لە وەعزدادان و گوتاربێژیدا برەوی پێ دەدا[١٠٩]. داپلۆسینی "نەبەردخوازە" "الاخوان"ەکان لە ساڵی ١٩٦٥–١٩٦٦دا، گۆڕانکارییەکی دوور مەودای بەسەر ئایدیۆلۆجیاو کاری فەندەمێنتالیستیدا هێنا. لە ژینگەی ناو زینداندا، قوتب، سەرچاوەی نفوزێکی ئایدیۆلۆجیای بالادەست بوو و لە کۆتادا بووە هۆی هاتنەئارای بزووتنەوەی ئیسلامی لە حەفتاکاندا. لێ سەیید قوتب، وێڕای ئەم نفووزەش ناتەبایی و کێشەو هەرا توندەکانی ناو دەستەو تاقمەکانی "الاخوان"ی لە زینداندا پێ چارەسەر نەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا، نفووزی بەردەوامیی ئەو بەسەر نەبەردخوازە گەنجەکاندا، چ لە ناو زیندان و چ لە دەرەوە دا، لە نووسراوەکانیدا بەرچاو دەکەوێ. قوتب، واقیعی کۆمەڵگەی بە ناکۆکی هەمیشەیی لە نێوان میتۆدی ئیسلامی و "جاهلية"دا لێکدەدایەوە. دەکرێ دارشتە ئایدیۆلۆجییەکەی بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە:

[109] حسن اسماعيل الهضيبي، دعاة لا قضاة، القاهرة، ١٩٧٧، ص ٦٣–٦٥.

١– ڕژێمی باڵادەستیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و نا ئیسلامیدا، ڕژێمێکی "جاهلي"یە کە بە گوناهکاری و بێ دادی، دەردو ئازار، ڕەنج و نەزانی و ئاگانەبوون لە ئیسلام و ڕێگە ئیلاهییەکەی دەناسرێتەوە[110].

٢– ئەرکی موسڵمانی ڕاستگۆ ئەوەیە کە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی "جاهلي" لە ڕێگەی بانگەشەو جیهادی نەبەردخوازانەوە، دەست بە ژیاندنەوەی ئیسلام بکەنەوە[111].

٣– گۆڕینی کۆمەڵگەی جاهیلی بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینەی ئیسلامیی، بەئەستۆی موسڵمانە پێشڕەوە فیداکارەکانەوەیە[112].

٤– مەبەستی کۆتایی موسڵمانە پابەندەکان، دامەزراندنی "حاکمیەت"ی خوایە، واتە فەرمانڕەوایی شەریعەتی خوا لەسەر زەوی تا گوناه و کوێرەوەری و داپڵۆسین لە بەین بچێ[113].

شوێنەواری تیوریسێنە بەراییەکانی موسڵمانان بەسەر بیروڕاو شێوازی سەیید قوتب، وەکو بانگەشەکارێکی فیکری ئوسوڵی، خویایە. بۆ نموونە، سیەیید قوتب، لە بەرەنگاربوونەوەی ئەبستراکتی فەلسەفی و جەختکردنەوەی لەسەر لێکدانەوەی دەقاو دەقی پرەنسیپە ئیسلامییەکاندا، لەسەر ئەو پێشینانە

---

[110] سيد قطب، معالم في الطريق، د.ن. ١٩٧٠، ص ٨–١٠، ٨٣–٩٦.

[111] المصدر نفسه، ص ٦٦–٨٢. بشأن الجهاد (الماضي) (الدائم)، انظر: سيد قطب، السلام العالمي والاسلام، القاهرة، د.ت. ص ١٥١.

[112] قطب، معالم، ص ٩–١٠

[113] المصدر نفسه، ص٨، ٢٥،٣٥.



دەڕۆیشت کە "ابن حزم" و:ابن تيمية" و شاگردەکانی چەسپاندبوویان. هەروا لە نووسەرانی سەدەی بیستەمیش، حەسەن بەننا و ئەبو ئەعلای مەودودی، کاریگەریی تایبەتیان لەسەر گەڵاڵەبوونی تیورییەکانی سەیید قوتب هەبووە. تیوریی "الحاكمية"– سوڵتانی خوا لەسەر زەوی– کەوتە بەر ڕەخنەوە چونکە بنەمایەکی قورئانی نەبوو[114]. سەیید قوتب، ئایدیای "الحاكمية"ی لە ئایدیایەکی گەورەتر، واتە "الالوهية" و زاراوەگەلی تری هاوپێوەندی وەکو: "الربوبية" و "الربانية" وەرگرتبوو[115]. سەیید قوتب، هەوڵی دەدا بەم فۆرمۆلانە، خواداناسیی فەندەمێنتالیستیی "ابن تيمية و ابن قيم الجوزية" کە دوو تیوریسێنی سەدەی چواردەم بوون، بژێنێتەوە[116]. ئا لێرەوە، ئەرکە ئایدیۆلۆجیەکەی سەیید قوتب ئەوە بوو کە میکانیزمێك بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی ئیسلامی بە ئامانجی دامەزراندنی فەرمانڕەوایی خوا لەسەر زەوی، بهێنێتە ئاراوە. دیارە پێویست بوو، تا ئەم مەبەستەی خۆی بەدی بهێنێ، "پیشەنگ"ێك لەو موسڵمانە فیداکار و پابەندانە دروست بکا کە ئامادەن دژی کۆمەڵگەی گوناهباری ئارا، جیهاد بکەن. ئا لێرەوە، وا دەخوازێ جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەو موسڵمانانەی سەر بە "سەردەستە"کەن و ئەوانەش کە لە دەرەوەی ڕێکخستندان، ئەم ئاریشەیە هەرگیز بەتەواوی بە سەیید قوتب چارەسەر نەکرا. ئا ئاوا سەیید قوتب دەرگای لەبەردەم لێکدانەوەی ناتەباو پێکناکۆکی نووسینەکانی خۆی کردەوە.

---

[114] انظر: نقد حسن الهضيبي، مرشد الاخوان السابق، دعاة لا قضاة، ص ٦٣–٦٥.

[115] سيد قطب، خصائص التصور الاسلامي و مقوماته، القاهرة، ١٩٦٥، ص ٤٩. لمزيد من التفاصيل، انظر : سيد قطب، في ظلال القرآن، مج ٤، اجزاء ١٢–١٨، بيروت، دار الشروق، ١٩٧٤، ص ٢٠١١– ٢٠١٣.

[116] سالم البهنساوي، الحكم وقضية تكفير المسلم، الكويت، ١٩٨١، ص ٤٨.



PDF 4 KURD

لە راستیدا، ئەمە ناكۆكی و ناتەبایی بوو لەبارەی یەكێتیی بزاڤی فەندەمێنتالیستی لە میسر. رەگ و رەگەمای ئەم ناتەبایی و جیاوازییە دەچوەوە سەر رابردوو، سەردەمی كۆچی پێغەمبەر (ص) بۆ مەدینە، بۆ "ولاية"ی ئەو موسڵمانانەی كە هاورێی پێغەمبەر بوون و لەو موسڵمانانە جیابوون كە لە مەككە مابوونەوە. وێدەچێ هەروەكو لە هەندێ لە نووسینەكانی سەیید قوتب و مەودودی را دیارە، هەردووكیان لەگەڵ "ولاية"ی ئەوانە دابووبن كە كۆچیان بۆ مەدینە كردبوو[117]. ئەم لێكدانەوەیە دەكرێ وا وەربگیرێ كە "قوتب" پێی وایە "سەردەستە"ی نەبەردخواز لە موسڵمانانی دی، ئەوانەی كە لە ناو كۆمەڵگەی "جاهیلی" دان، شەرعییەتیان زێترە. لەگەڵ ئەوەشدا، قوتب هەرگیز گومانی لە باوەڕی ئەو موسڵمانانەی لە چوارچێوەی جاهیلیدان و لەدەرەوەی كۆڕو كۆمەڵەی ئیسلامی دابوون، نەدەكرد. لێ پێی وابوو دەبێ موسڵمانان لاسایی كۆچی پێغەمبەر (ص) بكەنەوە و خۆیان لە كۆمەڵگەی جاهیلی دابڕن و "سەردەستە"یەكی بەهێز وەكو پێشقەرەولی سەركەوتنی كۆتایی: واتە دامەزراندنی حوكمڕانیی خوا لە سەر زەوی، پێكبهێنن.

فۆرمۆلەكانی قوتب، لە ناو مریدو شوێنكەوتووانی، لێكدانەوەی پێكناكۆكیان بۆ كرا كە لە دەوری چەند پرسگەلێكی بنەڕەتی دەخولانەوە: دەوری "سەردەستە"، خەسڵەتەكانی ئەندامان و سەركردایەتی، سروشتی جیابوونەوە لە كۆمەڵگە، پێوەندیی نێوان "سەردەستە" و ئەو موسڵمانە دڵسۆزانەی لە ژێر سایەی رژێمی جاهیلیدا دەژین. ناتەبایی سەبارەت ئەو

117 انظر بصفة خاصة، سيد قطب، في ظلال القرآن، ٤- ج ١٠، (د.ن، ١٩٦٦)، ص ٦٥-٦٧.



پرسگەلانە، كەرت- كەرتبوونی لە نێو شوێنكەوتووانی سەیید قوتب لێكەوتەوە[118]. گروپێكی گەورە لە گەنجەكانی "الاخوان"، كە شێخ "شوكری ئەحمەد موستەفا" سەركردایەتی دەكردن، بڕوایان بە لێكدانەوەیەكی بەرتەسكی بیروڕاكانی سەیید قوتب هەبوو، خۆیان لە كۆمەڵگەی جاهیلی و تاكەكانی دوور خستەوە و تۆمەتی كفریان دەدانە پاڵ[119]. ئەم كۆمەڵەیە ناوی خۆی نابوو "جماعة المسلمين" و دواتر بە ناوی "التكفير والهجرة"ەوە ناسرا، هەندێ ئەندامی "جماعة التبليغ"یشیان هاتە پاڵ، گروپ و كۆمەڵەی هاوشێوەی تریش لەسەر بنەمای خۆجیاكردنەوە لە كۆمەڵگە دامەزران. لەو كۆمەڵانە: "جماعة الحركية، جماعة العزلة الشعورية، جماعة التكفير" لە ئەسكەندەریە. لەم پیلەكەو وتووێژانەدا، ئەندامانی "الجهاد" و "التحرير الاسلامي"یش بەشداریان كرد. هەردوو گروپ بە پێداگرتنەوە بۆچوونەكانی "شوكری مستەفا" یان رەتكردەوە كە دەیگوت دەبێ كۆمەڵگەیەك لە بڕواداران لەسەر شێوەی "امة"ی پێغەمبەر (ص) دابمەزرێ كە تەواو دابڕاو بێ لە كۆمەڵگە[120]. ئەلهەقە، هەردوو گروپ، لەگەڵ سەیید قوتب هاوڕا بوون كە دامەزرانی كوپییەكی كۆمەڵگەی یەكەمی ئیسلامیی، بەكردەوە لەبەر پێداویستییەكانی ژیانی مۆدێرن، كارێكی كەس نەكردەیە.

ئا ئاوا، بزووتنەوەی فەندەمێنتالیستیی تازە پێگرتوو لە میسر، لە سەرەتای حەفتاكاندا پەرش و بلاو بۆوە. سەركردە كۆنەكانی بزاڤی "الاخوان" لە

118 البهنساوي، المصدر السابق، ص ١٢٧-١٣٣، وكذلك البهنساوي، العربي، يناير ١٩٨٢.

119 عبدالرحمن ابو الخير، ذكرياتي مع الاخوان المسلمين، القاهرة، ١٩٨٠، ص ١٩.

120 المصدر نفسه، ص ١٣٧.

زیندانەکان ئازاد کران تا بەرەنگاری ناسرییەکان و چەپەکان ببنەوە. لە هەمانکاتدا، نەبەردخوازە گەنجەکان جیهادیان دژی رژێم راگەیاند. "منظمة التحرير الاسلامى"یش، پێش وادە، بەهێرشێکی سەرنەکەوتوو بۆ سەر "الكلية الفنية العسكرية" لە نیسانی ١٩٧٤دا شەڕەکەی زوو دەست پێکرد. ئەمە پاڵی بە دەوڵەتەوە نا شاڵاوێکی بەرفرەی گرتن و راونانی سەدان ئەندامی "م.ت.ا" و "التكفير" و ئەوانی دی دەست پێ بکات. جارێکی تر، لە ناو ژوورو هۆلەکانی بەندیخانەی بەناوبانگی "ابو زعل" ململانەی ناوەخۆ و پیلەکەی فیکری سەری هەڵدایەوە[121]. ئەم گەنگەشانە، رووە گرنگەکانی رێککەوتن و ناتەبایی لە نێوان ئەم کۆمەڵانەیان لێکەوتەوە سەبارەت بە ئایدیۆلۆجیاو سەرکردایەتی و رێکخستن و رێبازەوە.

## التحرير الاسلامي والتكفير والهجرة

ئەم دوو کۆمەڵە فەندەمێنتالیستە، لە ژینگەیەکی هاوبەشیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆ

لۆجیدا سەریان هەڵداوەو دوچاری داپڵۆسینی دەسەلاّت و هەمان چارەنووس بوونەتەوە[122]. لەسەرینی جیاوازیی ئایدیۆلۆجیا و سەرکردایەتییەوە، ئەم دووانە بوونە رکابەری یەکتر، وێڕای کە هەردووکیان، بەهەمان چاو سەیری

[121] المصدر نفسه، ص١٣٨–١٣٩.

[122] Saad Eddin Ibrahim, Anatomy..." PP.423-453.



دەوڵەت دەکەن و پێیانوایە بتپەرست و تاغوتییە، کەچی نەیانتوانی یەك بەرەی یەکگرتوو دژی رژێم پێکبهێنن. وێدەچێ، سروشتیی داخراوی ئایدیۆلۆجیای "التكفير" و کەسایەتیی سازشنەکر و منجڕی شوکری مستەفا، دەورێکی کاریگەریان هەبووبێ لەسەر سەرنەکەوتنی هاریکارییەکی کارای نێوان "التكفير و منظمة التحرير الاسلامى و الجهاد" و کۆمەڵە ئیسلامییە بچوکەکانی تردا.

## ئایدیۆلۆجیا

هەم "التكفير" و هەم "منظمة التحرير الاسلامي" – بەو پێیەی پێشتر دەستەو پەلی "الاخوان" بوون– هاودەنگ بوون لەگەڵ پرەنسیپە فەندەمێنتالیستە رەنگ و رووە پەڕەگیرەکانی بەننا و سەیید قوتب. هەردووکیان وەکو لایەنی کەم داوای پابەندبوون بە هەر پێنج بنەڕەتەکەی ئایینی ئیسلام دەکەن. هەروا لە موسڵمانی ساڵحیش، دەخوازرێ هاوبەشیی کەسانی دیکە بکا بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی ساڵح هەروەکو قورئان و سوننەت وێنەیان کێشاوە. لەسەرینی ئەمەوە، رژێمی فەرمانڕەوایی میسری وەکو رژێمێکی گەندەڵ و کلکی رۆژئاوا و ئیسرائیل و یەکێتیی سۆڤیەت چاوی لێ دەکرێ.

لە کاتێکدا، "منظمة التحرير الاسلامى" بەشێوەیەکی سەرەکی پەلاماری حکوومەتی دەدا، ئەوا "التكفير" هەم رژێم و هەم کۆمەڵگەی شەرمەزار دەکرد لەسەر ئەو بنەمایەی کە گوایا لە بارو رەوشێکی "جاهلية" دان[123]. لە بواری ئابووریدا، هەم کۆمۆنیزم و هەم سەرمایەدارییان وەکو دوو رژێمی کافری نا

[123] سالم البهنساوی، العبي، يناير، ١٩٨٢.

ئینسانی، ڕەتدەکردەوە. هەردوو گروپ، بڕوایان وابوو دەبێ شەرعیەتی حکوومەت لەسەر ئەو بناخەیە دابمەزرێ کە داخوا چەند دەکارێ دادپەروەریی کۆمەلأیەتیی بەپێی "العدل اساس الملك" بێنێتە دی. هەروا پێوەرگەلێکی تریش هەبوون کە موسڵمانان چۆن فەرمانڕەوای خۆیان هەڵبژێرن: خواپەرستی، ئاوەز و هۆش، بەرفەرمانبوونی شەرعی خوا. دەبێ ئەنجوومەنەکانی "شورا"ش بە کارو کردەی حوکمڕاناندا بچنەوە و ئەگەر ئەرك و فەرمانی خۆیان لە بەرانبەر خوا و کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەجێ نەگەیاند، ئەوا دەبێ لەسەرکاریان لابدەن. هەروا هەردوو گروپ، دژی "زانایان" وەستانەوە بەو پێیەی کاربەدەستی سەر بە ڕژێمن. هەرچەند "التكفير" بە چاوێکی دژمنانەی توندتر سەیریان دەکردن و ئامۆژگاری ئەندامەکانی خۆیان دەکرد لە دوای ئەو مەلایانە لە مزگەوتان نوێژ نەکەن[١٢٤]. ئەگەر "التكفير" بەتوندی پێی لەسەر گەڕانەوەی کۆمەڵگەی پێغەمبەر دادەگرت، ئەوا "منظمة التحرير الاسلامی" بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، لاری لەوە نەبوو پەنا بۆ هەندێ ڕێوشوێنی مۆدێرن ببات. "التكفير" لە باری ئاراستەی ئایدیۆلۆجییەوە لە "منظمة التحرير الاسلامي" توند تر بوو. شوکری مستەفا، لە کاتێکدا تۆمەتی کفری دەدایە پاڵ هەر تاکەکەسێکی ناو کۆمەڵگە، پێی وابوو موسڵمانان ڕزگار نابن ئەگەر نێنە پاڵ گروپەکەی ئەو و – بەهۆشیارییەوە– خۆیان لەو ژینگە گوناهبارە کۆمەلأیەتی و ڕۆحییە دانەبڕن. دانەری ئەم پرەنسیپە گۆشەگیرییە "علي عبدة اسماعيل" بوو کە شێخێکی کەس سەر لێ دەرنەچووی "جامعة الازهر" بوو، هەوڵی دەدا پرەنسیپەکانی "التكفير" و چالأکییەکانی لەسەر نموونەی ژیانی پێغەمبەر

[124] Saad Eddin Ibrahim, Anatomy..”, PP.432-435



(ص) لە ماوەی یەکەمی مەککەدا دابڕێژێتەوە[١٢٥]. لەسەرەتای کاردا، ئەو وەختەی کۆمەڵەی موسڵمانان کزو لاواز بوون، بە ئاسانی دەکرا لە ناو ببردرێ، پێغەمبەر (ص) جیهادی نەدەکرد تا "ئۆمەت"ەکەی بەهێز و زۆر بوو لە ڕێگەی گۆشەگیری لە باری ڕۆحی و شوێنەوە لە ژینگەی گەورەی بتپەرستیدا. ئا بەم شێوەیە، شێخ ئیسماعیل بە ئەرکی موسڵمانان دەزانێ کە لە قۆناخی ئێستا، لە "سەردەمی کز و نابوودی "ی ئیسلامی دا، پراکتیزەی "دابڕانی هەستەکی" خۆیان بکەن بۆ بەهێزکردنی "ولاء"ی خۆیان لە ڕێگەی چوونە ناو ڕێکخراوی "التكفير"ەوە. لەهەمانکاتدا، تا گروپەکە شنگ و توانا پەیدا دەکا، دەبێ واز لە "جیهاد" بهێنن[١٢٦]. ئەمەش وای پێویست دەکرد کە بچنە ناو کۆمەڵەی تەکفیرەوە و "ولاء"ی تەواو بۆ ئایدیۆلۆجیا و سەرکردایەتییەکەی دەربڕن چونکە ژیانی ڕاستەقینەی ئیسلامی تەنیا لە ناو ئەم گروپەدا دێتەدی. لەڕاستیدا، ئەندامانی "التكفير" پێیان وایە هەموو کۆڕو کۆمەڵە ئیسلامییەکانی دوای سەردەمی پێغەمبەر (ص) و خەلیفەکانی ڕاشیدین، لە گاوران پێك دێن[١٢٧].

## سەرکردایەتی و ڕێکخستن

"منظمة التحرير الاسلامي" لە ژێر ڕابەرایەتی ساڵح سریەدا بوو. ساڵح سریە کابرایەکی فەلەستینی بوو، دکتۆرای لە دەرسدانی زانستەکاندا هەبوو، پێشان ئەندامی "حزب التحرير الاسلامي" بوو کە یەکێ بوو لە دەستەو

[125] سالم البهنساوی، الحکم.. صص ٣٣–٣٧.

[126] المصدر نفسه، ص ٣٦–٣٨

[127] ابو الخير، ذكرياتي، ص ١٠.



PDF 4 KURD

تاقمەکانی "الاخوان المسلمین" لە ئەردەن. دوای شەڕی ١٩٦٧، ساڵح سریە چووە ناو چەند گروپ و کۆمەڵەیەکی فەڵەستینی لێکجیا و پێوەندیی بەهەردوو رژێمی عیراق و لیبیاوە کرد. ماوەیەك زیندانی کرا. لە ساڵی ١٩٧١–ەوە لە میسر گیرسایەوەو بووە کارمەند لە "الجامعة العربیة" و دەستی کرد بە دامەزراندنی ئۆرگان و لك و پۆپی نهێنی لە قاهیرەو ئەسکەندەریە[١٢٨].

هەروا شوکری مستەفای دامەزرێنەری (التکفیر)یش پێشتر ئەندامی "الاخوان المسلمین" بوو. ساڵی ١٩٦٥ گیرا و لە زیندانیٚ، پاش بێنەو بەردەی ناوخۆیی، دەستی لە هاوەڵە کۆنەکانی خۆی شوشت[١٢٩]. ساڵی ١٩٧١ ئازادکراو ئیدی کەوتە فراوانکردنی بزووتنەوەکەی. شوکری–یش تەبای ساڵح، خوێندنی مۆدێرنی تەواو کردبوو، بەکالۆریۆسی لە کشتوکالدا هەبوو. دەڵێن هەر دوو سەرکردە، کەسایەتی بەهێزی کاریزماییان هەبووە و ئاگادارییەکی باشیان لە ئیسلام هەبووەو ئازا و خواپەرست بوون. ساڵح لە ناو شوێنکەوتووانی خۆیدا، خۆشەویست بوو، لیٚ شوکری مستەفا چاوەکانی بەکار و کاریگەر بوون. وەکو ئاشکرایە شێوازی لێکجیای سەرکردایەتیی هەر یەك لەم دوو پیاوە، رەنگی لەسەر سروشتیی رێکخراوەکەکانیان دابووەوە. ساڵح سریە، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنێکی دوازدە ئەندامی دەکرد و لە رێگەی "الاجماع" و بەشێوازێکی دیموکراتیی پرسوڕایان بەیەکدی دەکرد. لە سریە دەگێڕنەوە کە ئەو لەگەڵ ئەو رایەدا بووە کە لە ماوەی میللیی بوونی سادات دوای شەڕی ئۆکتۆبەر، بەرەنگاریی رژێمی سادات نەکریٚ، ئا لێرەوە، پەلامارەکەی سەر "الکلیة الفنیة العسکریة" سەری نەگرت. سریە لە نۆڤامبەری ١٩٧٦دا لە قەنارە درا. هەرچی شوکری مستەفایە، ئەو "امیر المؤمنین"ێکی سەرەڕۆ بووە و هەموو

[128] Saad Eddin Ibrahim, Anatomy..", PP.435-436

[129] البهنساوي، العربي، يناير ١٩٨٢.



بڕیارەکان لە دەستە خۆی دابووە[١٣٠]. شوێنکەوتوانی شوکری بە "مەهدی"یان دادەناو بەپێی گرێبەستی "بەیعەت" گوێڕایەڵی بوون[١٣١]. ئا ئاوا، گروپی "التکفیر" بە پێچەوانەی "منظمة التحریر الاسلامي"، خەسڵەتگەلی بزاڤێکی "رزگاربەخش"ی هەبوو.

## پێکهاتەو ئەندامێتی

هەردوو گروپ بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناو قوتابیان و دەرچووە تازەکانی کۆلیجان ئەندامیان بۆ خۆ پەیدا دەکرد. "التکفیر" پشتی بە پێوەندیی خزمایەتی و دۆستایەتی دەبەست، هەرچی "منظمة التحریر الاسلامي" بوو لە ناو گەنجە نوێژکەرەکاندا بە تایبەتی لە مزگەوتە زۆروزەبەندە ئەهلییەکاندا، ئەندامی بۆ خۆ رادەکێشا. زۆرینەی ئەندامانی "منظمة التحریر الاسلامی" خەڵکی قاهیرە و ئەسکەندەریە و دەلتا بوون، ئەندامەکانی "التکفیر" یش بەزۆری خەڵکی "الصعید" بوون. بەشێکی گرنگی ئەندامان، تازە شاری بوون لە شارۆچکەو دێهاتەکانەوە هاتبوونە شارە پڕو قەوغاکانەوەو رۆڵەی چینی ناوەندو چینی ناوەند– خواریٚ بوون. ئەوانە تێکڕا خوێندەواری باش بوون، بە تایبەتی لە بوارگەلی زانستی و تەکنیکی دا، خودان پەیام و باوەڕی جێگیر و ئامادەگی شەهیدبوونیان تێدا هەبوو[١٣٢]. گروپی "التکفیر" لە هەندیٚ رووەوە سیماو خەسڵەتی تایبەتمەندی خۆی هەبووەو ژینگەیەکی تەواوکاری بۆ چالاکی ئەندامەکانی رەخساندووەو هەمیشە بە نوێژ و دوعاو سەلەوات و

[130] Saad Eddin Ibrahim, Anatomy..", PP.437

[131] Israel Altman, Islamic Movements in Egypt, The Jerusalem Quarterly (Winter 1979), p.101.

[132] Saad Eddin Ibrahim, Anatomy..", PP.436-439



PDF 4 KURD

خوێندنەوەو وەرزش و بانگەشە و کارکردن لە پرۆژەکانی گروپی "التكفير" خەریکبوون. ئا ئاوا ئەندامەکانی ئەم گروپە خۆیان لە کۆمەڵگە دابڕی و بۆ هەموو پێداویستییەکانی خۆیان پشتیان بە گروپەکە دەبەست. هەر ئەندامێك لای بدایە ئەوا وەدەردەنراو دوچاری سزای جەستەیی دەبووەوە[133]. خۆ ئەگەر ئەندامێك کۆمەڵەکەی بەجێ هێشتابایە، ئەوا بەگاور دادەندراو لە دەرەوەی گروپەکە بواری خۆ-دەربازکردنی بۆ نەدەمایەوە[134].

## پلان و شێواز (ستراتیژی و تاکتیك)

"منظمة التحرير الاسلامي" لە نەخشەو پلانی سیاسیی خۆیدا، هەم لە "الاخوان" و هەم لە "التكفير" بەتەواوی جودا بوو. "الاخوان" ستراتیج و پلانێکی بەرە-بەرەو هەنگاو بەهەنگاوی بۆ دامەزراندنی رژێمێکی ئیسلامی گرتبووە بەر، لە کاتێکدا ئامانجی راستەوخۆی "منظمة التحرير الاسلامي" هاتنەسەر دەسەڵات بوو، خۆی خزاندبووە ناو سوپاو پۆلیس و ئەندامەکانی - بێ لە سالح سریە- بە ئاراستەی بەرپاکردنی کودەتایەکی زوو وەخت کاریان دەکرد. بەپێچەوانەی ئەمە، شوکری مستەفا، نەخشەو پلانێکی درێژخایەنی گرتبووە بەر کە لەسەر بنیاتنانی ناوکێکی بەهێز لە بڕواداران بە وێنەی کۆمەڵگەی سەردەمی پێغەمبەر (ص) دامەزرابێت و دەست بەجیهاد دژی دەسەڵات نەکرێ تا ژمارەی خێزانەکانی بە رادەیەك بێ کە بتوانن بەراستی بەرەنگاری رژێم ببنەوە. هێزەکانی ئاسایش ئەم نەخشەیان

---

133 Ibid, p.441

134 احمد كمال ابو المجد، التطرف غير الجريمة والتشخيص الدقيق مطلوب، العربي ١٩٨٢، ص٣٦-٤٠، وابو الخير، ذكرياتي، ص٩-١٣.



پوچەڵکردەوە وەختێکی دوا بەدوای داپڵۆسین و تارومارکردنی "منظمة التحرير الاسلامي" کەوتنە گرتن و راوەدونانی ئەندامەکانی "التكفير"یشەوە. حکوومەت، کۆمەڵەی "التكفير"ی بە رفاندن و کوشتنی شێخ حسێن زەهەبی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پێشوو، دوای داخوازی ئازادکردنی ئەندامە زیندانیکراوەکان، تاوانبار کرد. دوای شەڕو کوشتار لە نێوان هێزەکانی ئاسایش و "نەبەردخوازەکان"، ٤٠٠ ئەندامیان لێ گیرا و لە مارسی ١٩٧٨دا (٥) لە پێشەوایەکانی "التكفير" لەسێدارەدران. پاشان ئەم حاڵ و بارە سەری هەڵدایەوە، لە کاتێکدا دەزگاکانی راگەیاندن بە رێکخراوی "التكفير" یان دەگوت "خوارج"ەکانی سەدەی بیستەم[135]. بەپێی راپۆرتەکان، هەردوو کۆمەڵەی "التكفير و منظمة التحرير الاسلامي" وێڕای سەرکوتانەوە و داپڵۆسین، بەنهێنی چالاکی دەنوێنن و شۆرشی ئێرانیش هانی دانەوە. وێدەچێ ئەم دوو کۆمەڵەیەو کۆڕو کۆمەڵەی دیکەی ئیسلامیش، شۆرشی ئێرانیان بە نموونەیەك بزانن کە شایانی لاسایی کردنەوە بێ بە دەسکاری کردنی هەندێ نەخشەو پلان لە پێناو بەرپاکردنێکی راپەرینێکی میللی لە زانکۆو شەقام و جادەکاندا.

## رێکخراوی جیهاد

رێکخراوی جیهاد هەوەڵجار لە ئاکامی تێوەگلان لە چالاکیی دژ بە قیبتییەکان لە ساڵی ١٩٧٨دا ئاشکرا بوو. لێ تەنیا لەسەروبەندی تیرۆرکردنی ساداتدا تواناو شیانی بەتەواوەتی دەرکەوت. هێزی رێکخراوەیی جیهاد لە (اسيوط لە الصعيد) خڕببۆوە، ئەندامەکانی لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش دوا بەدوای

---

135 ابو الخير، ذكرياتي، ص ٦١، والمصور (١٩٨٤/٥/٤)، ص ٢٠-٢٥.



PDF 4 KURD

تیرۆرکردنی سادات کەوتنە شەرێکی دەستەویەخەی توندەوە. لە مانگەکانی بەرودوادا، نزیکەی ٣٠٠٠ فەندەمێنتالیست گیران کە زۆربەیان سەر بە "الجهاد"، "التكفير والهجرة" بوون.

جیهاد– بەپێچەوانەی التكفير– مەیلی بەلای خۆخزاندنە ناو هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایش و دام و دەزگاکانی تری حکوومەتەوە بوو، نەك خۆجیاکردنەوە و دابڕان لە کۆمەڵگە. ئا لەم رووەوە، جیهاد خەتەرترە لە التكفير. بێ لەمەش، سەرکردایەتیی جیهاد بە کۆمەڵ بوو نەك سەرکردایەتیەکی تاکە کەسیی کاریزمایی لەبابەتی "شوکری مستەفا و سالح سریە". ئەم خەسڵەتە، وایکرد جیهاد بۆ وەرگرتنی بڕیارەکان و جێبەجێ کردنیان، دەستی کراوەتر بێت. سەرکردایەتیی رێکخراوی جیهاد، لەرووی ستراکتورەوە، لە دەزگای سەرکردایەتی و دەزگای هەڵسەنگاندن پێك دەهات. ئەرکی دەزگای سەرکردایەتی، کار هەڵسوڕاندنی گشتی و پلان و سیاسەت دانان بوو و بە ئەنجوومەنی "شورا"شەوە کە لە (١٠) ئەندام پێکدێ و شێخ عەبدولرەحمان کە مامۆستایەکی نابینایە لە کۆلیجی ئوسوڵەکانی ئایین لە (اسیوط)، سەرکردایەتی شورا دەکات و هەر ئەویش لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی و پێشینەی دیرۆکی بە مەبەستی شەرعیەتدان بە سیاسەتگەل و کاروکردەکانی "جیهاد" فەتوا دەدا. ئا ئاوا دەزگای سەرکردایەتی ناکارێ بڕیارێك لەبارەی ئامانجگەلێکی دیاریکراوی کارێکی تیرۆریستی بدا بەبێ رەزامەندیی ئەنجوومەنی شورا وەك دەستەبەرێکی قانوونیبوون و رەوایی بوونی کارەکە. لێ بەکردەوە کارهەڵسوڕاندن بە ئەستۆی دەزگای هەڵسەنگاندنەوەیە کە بەرپرسە لە ئاراستەکردنی سێ دەزگای تر: یەکەمیان بەکاری بانگەشەو خەڵك راکێشان و لێوەکۆڵین و جێبەجێکردنی قانونگەلی ئیسلامییەوە خەریکە. دووەمیان، کۆمەك و



یارمەتی پێویست بۆ بزووتنەوە دابین دەکا لە بوارەکانی تەکنیك و ئەندازە و چەك پەیداکردن و ئیستخبارات و لە ئەرککەلی تایبەتمەندی وەکو چاپکردنی بەلاڤۆك و مۆر هەڵکەندن و "تزوير"ی دۆکیومێنتی حکوومەتی و گواستنەوە و تەقەمەنی. سێیەمیشیان: دەزگای بەرەنگارییە، ئەرکی ئەو، راهێنانە لەسەر هونەرەکانی شەڕو نیشانەگرتن و فریاکەوتنی پزیشکی و چەکسازیی (سەیری شکڵی ژمارە ٥ بکە). هەروابێتەوە، دەزگای بەرەنگاری نوێنەرو تەتەری خۆی بۆ لای ئەو ئەندامانەی خۆی دەنێرێ کە لە دەرەوە دادەنیشن بە مەبەستی پشت وپەنا پەیداکردن و باروبووی دارایی، هەروا سەرپەرشتی تۆڕەکانی گەیاندن لە ناوەوە دەکات. ئەندامەکانی ئەم رێکخراوە وەکو پاژگەلی ژمارەیەکی نادیاری "گروپ" و "هێشوو" کار دەکەن کە لێرەو لەوێ لە ناو کۆمەڵگە گەورەکەدا بڵاوبوونەتەوە. هەر هێشووێکی شۆرشگێرانە داخراوە و لەباری کاربەرێوەبردنەوە نیمچە سەربەخۆییە. ئەگەر هێشووێك لە گروپە سەرەکییەکە دابڕا، ئەوا هێشووەکانی تر بە ئاسانی بۆ دەزگاکانی ئاسایش ئاشکرا نابن[136].

لەم شێوە رێکخستنەی جیهاددا، وێنەی هاوشێوە لە ئوستانەکانی (المنيا و سوهاج و قنا) هەیە. ئەنجوومەنی باڵای شورا، وەکو چەترێکی تەنزیمی سەرجەم رێکخستنگەلی ئوستانەکانی بەیەکەوە دەبەستەوە. سیستەمی جیهاد– لەسەر ئاستی تیوری– پرەنسیپی لێنین–ی لەبارەی "سانترالیزمی

[136] من اجل التفاصيل، انظر: الجهاد (٣١/١٢/ ١٩٨٢)، ٢٢،
Mohamed Heikal, Autumn of Fary, (London, Andre Deutsch, 1983), pp.242-255
انظر: حسن حنفي، الحركات المعاصرة الاسلامية، الوطن ، ٢٠/١١–١٢/١٢/١٩٨٢.

دیموکراتیك" دەردەبڕی[١٣٧]. لێ لە ئاستی پراکتیکدا، کردەوەکانی جیهاد سانترالیست نەبوون و "مرن" بوون. ئەو گروپەی ساداتی تیرۆرکرد، بەرپرسە ئایدیۆلۆجیایەکەی (محمد عبدالسلام فرج) بوو، بەرپرسە سەربازیەکەشی ملازمی یەکەم (عبود عبد اللطیف حسن الزمر) بوو کە بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکان بوو. فەرەج و زومەر – وەکو دوو بەرپرسی ئایدیۆلۆجی و سەربازی– بەرپرسیش بوون لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی شورا. فەتوای شێخ عەبدولرەحمان سەبارەت بە کافرێتیی سادات لە داڕشتندا خۆیا نەبوو، لێ حوکمی دەستەجەمعی ئەنجوومەنی شورا بە کوشتنی سادات بڕایەوە[١٣٨]. فەرەج و زومەر لە کۆبوونەوەیەکی هێشوەییدا لە ینایر یان فەبرایەری ١٩٨١ دەستیان بەو کردەیە کرد کە بە کوشتنی سادات بەدەستی ملازمی یەکەم (خالد الاسلامبولي) و هەردوو هاوکارەکەیەوە، بەکۆتاهات. فەرەج و زومەر لە چەند نەخشەو پلانێکیان بۆ تیرۆرکردنی سادات کۆڵییەوە لەبەر رۆشنایی ئەو گریمانەیە کە بەلای زۆرەوە سادات قورتاری دەبێ. "هێشووەکە" کارەکەی بە گونجاو نەدەزانی، تا (الاسلامبولي) ئەفسەری دوو ئەستێرە، بۆ بەشداربوون لە خۆنیشاندانی سەربازی داندرا، ئەوجا لەسەر لێکۆڵینەوەی نەخشەکە بەردەوام بوون. کتێبی "سبع رسائل- جهيمان العتيبي" ی سەرچاوەی سەرەکیی ئیلهامی (خالد الاسلامبولي) بوو، رێی تێدەچێت لە رێگەی محمدی برایەوە کە لە دەسگرتنی "الاخوان" بەسەر "المسجد الحرام"دا لەوێ بوو، ئەم کتێبەی

[١٣٧] Nazih N. M. Ayubi, Militant Islamic Movements, Journal of International Affairs 36, no.2 (FallLwinter 1982-1983): 279

[١٣٨] حسن حنفي، الوطن، ١٩٨٢/١٢/٨



دەست کەوتبێ. هەروا خالید کتێبەکانی ابن تيمية و ابن كثير-یشی خوێندبوونەوە[١٣٩].

ئامانجە دیاریکراوەکان و هۆکارو پاڵنەرە ئایدیۆلۆجییەکانی "الجهاد" لە کاتی دادگاییکردندا وەدەرکەوتن. ملازم خالید سێ هۆی بۆ کوشتنی سادات هێنایەوە: ١- قانوونگەلی ئێستای میسر دەقاو دەقی شەریعەتی ئیسلامی نین و ئەمەش دەردو بەلای بەسەر موسڵماناندا هێناوە ٢- ئاشتیی سادات لەگەڵ ئیسرائیلدا ٣- گرتنی فەندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان لە سپتامبەری ١٩٨١ و چەوساندنەوەو سوکایەتی پێکردنیان. ئاشکرایە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی باو و رێککەوتنامەی "کامپ دیڤید" و ئەو زەبرو زۆرەی دەوڵەت بەکاری هێناوە کاریان لە بکوژەکان کردبوو[١٤٠]. ئەم هۆکارو پاڵنەرانە بوونە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆجی کە "فرج" پێشکێشی کردبوو هێڵە پان و گشتییەکانی لە (الجهاد: الفريضة الغائبة) داڕشتبوو.

دەکرێ ئەم چوارچێوەیە لەم ١١ پرسەدا کورت بکەینەوە:

١- ئەوە ئەرکی هەموو موسڵمانێکە لە پێناو ئۆمەتی ئیسلامیدا تەقەلا بەخت بکات. ئەم ئەرکە خوا و شەریعەتی خۆا فەرزیان کردووە. ئەگەر قانوونگەلی وڵاتانی ئیسلامی، قانوونگەلی گاوران بێ، ئەوا ئەرکی موسڵمانی بەڕاستی راگەیاندنی جیهادە دژی ئەو حوکمڕانانەی لەسەر دەستی مەسیحییان و کۆمۆنیستان و زایۆنیستان لە رۆژئاوا پەروەردە بوون.

[١٣٩] Mohamed Heikal, Autumn of Fary, (London, Andre Deutsch, 1983), pp.246-247, 249

[١٤٠] Ibid, p.246

٢- حوكمڕانە موسڵمانەكان یان گروپە موسڵمانەكان، ئەوانەی كە شەریعەتی خوا ڕەت دەكەنەوە، ئەوا بە لە ئایین هەڵگەڕاوە و بەدەر لەقەڵەم دەدرێن با خۆشیان بە موسڵمان دابنێن. بە واتایەكی تر، هەمیشە دەبێ "ئیسلامێتیی" تاكە كەس ساغ بكرێتەوە، چونكە تاكەكەسی لاسار ئەگەر لەسەر هەڵگەڕانەوەو گوناهەكانی خۆی سوور بوو، ئەوا چی دی موسڵمان نییە، كفریش گەورەترین لە خواعاسیێ بوونە.

٣- هاریكاری موسڵمان لەگەڵ حوكمڕانێكی كافردا كە لافی ئیسلام لێدەدا، لەخوا عاسیێ بوونە. سزای حوكمڕانێكی ئەوتۆیی كوشتنە، تەنانەت ئەگەر نەتوانێ داكۆكیش لە خۆی بكات. لەسەر موسڵمانە ڕاستەكان پێویستە خۆیان لە فەرمان و وەزیفەی حكوومەتی و خزمەتی سەربازی بپارێزن.

٤- جیهادی هەمیشەیی دژی دەوڵەتێكی كافر، مەزنترین فەرزە و تاكە چارەسەرە لە بەردەم ئەو موسڵمانە ڕاستگۆیانەی كە دەیانەوێ كۆمەڵگەی جاهیلی وردو خاش بكەن و ئیسلام بژێننەوە.

٥- جیهادی بەشیر، تاكە شێوەیەكی پەسندكراوی جیهادە.

٦- جیهاد لە ڕێگەی دەستئاوێژی ئاشتیانەی وەكو وتاردان و حزبگەلی ئیسلامی یان "هجرة"وە، ترسنۆكانەو دەبەنگانەیە. ئیسلام بە زەبری چەك نەبێ سەرناكەوێ هەروەكو چۆن لە ڕابردوودا ڕوویداوە و گروپێكی بچووكی موسڵمانان لە پۆلە جیدی و بەراستەكان توانیان لە ڕێگەی غەزەواتەوە پەیامی ئیسلام بڵاوبكەنەوە. لەسەر موسڵمانە ڕاستگۆیەكان پێویستە، ژمارەیان هەرچەند كەمیش بێت، دەست باوێنە جیهاد.

٧- جیهاد بە گاورەكانی ناوخۆ دەست پێ دەكات (دەوڵەتی میسر)، پاشان بە گاورەكانی دەرێ (جیهانی نا ئیسلامی).



٨- دەشێ هەر موسڵمانێ خۆی بەبێ تەقەلا بەختكردنێكی گەورە یان فێركردن، جیهاد دیراسە بكات، كەمی زانست بە بیانووی جیهاد نەكردن داناندرێ.

٩- دەبێ سەركردایەتی لە ئیسلامدا، مافی بڕواداری هەرە بەهێز و هەرە لە خواترس بێت. دەبێ سەركردە بە كۆمەڵ هەڵبژێردرێ و هەر كە هەڵیشبژێردرا دەبێ گوێی بۆ ڕابهێڵدرێ.

١٠- جیهاد نەكردن هۆی سەرەكیی ڕەوشی مەینەتباری ئەمڕۆی موسڵمانان و سوك و چروكی و بێ نرخ سەیركردنیان و پەرت و بڵاویانە.

١١- خوا لە مێژووی ئیسلامیدا (٥) قۆناخی دیاریكردووە:

أ- ئومەت لەسەردەمی پێغەمبەردا

ب- ئۆمەت لەسەردەمی خەلیفەكانی ڕاشدیندا

ت- ئۆمەت لەسەردەمی پاشانشینەكاندا

پ- ئۆمەت لەسەردەمی دیكتاتۆرەكاندا

ج- ئیسلامی سەردەمی ئێستامان كە دیكتاتۆری و سەرەڕۆیی و زوڵم نامێنێ و ئۆمەت بەپێی سیستەمێكی هاوشێوەی كۆمەڵگەی پێغەمبەر (ص)، فەرمانڕەوایی خۆی دەكات و ئیدی ئیسلام باڵادەست دەبێ[١٤١].

ئەم كتێبەی "فرج" خویایەو پەراوێزەكانی ڕێكن و كتێبێكی نەبەردانەی بە زات و زیپك، بەپێی لێكدانەوەگەلێكی قورئانی و پێشهاتی مێژوویی و نووسەرانی وەكو: ابن حزم وابن تیمیة و القاضی عیاض وابن القیم و ابن كثیر و

[141] محمد عبدالسلام فرج، الفریضة الغائبة، (د.ن،د.ت)، ص ١٩.

النووي و سيد قطب و هی تر (فرج) پەنابردن بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگی کرووەتە بنەڕەتی شەشەم لە بنەڕەتەکانی ئایینی ئیسلام. جیهاد– بە پێچەوانەی التكفير– سەرکردایەتیەکی تاکە کەسی وەکو شوکری مستەفای نەبوو کە لەسەر شوێنکەوتوانی پێویست بووبێت "ولاء"ی تەواویان بۆ هەبێت. ئا لێرەوە، ئایدیۆلۆجیای "خلاصية"ی جیهاد، وەکو ئایدیۆلۆجیای التكفير نەبوو. سەرکردەی جیهاد نەیدەگوت کە ئەو "مەهدی"ی ئایندەیە. هەروا ڕێکخراوی جیهاد هاوڕای ڕێکخراوی "التكفير" نەبوو سەبارەت ئایدیای خۆکێشانەوە لە کۆمەڵگەو دواخستنی جیهاد بۆ کاتێکی لەبارتر. بەڵکە لە جیاتی ئەوە، پرەنسیپی "پابەندبوون" بە ئیسلامی دانا کە لە دوا شیکردنەوەدا وەدی نایەت، مەگەر لە ڕێگەی جیهادی بەردەوامەوە بێت. سەرنەکەوتنی موسڵمانان و رابەرانیان لە بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرك و فەرزە ئیسلامییانەدا کردوونی بە گاور و نەمانی شەرعییەت و بەرەو هەڵدێرچوون، "فرج" وەکو نموونەیەکی واقیعی، ناوی تاکە سەرکردەیەکی هێناوە کە ئەویش ئەنوەر ساداتە[١٤٢].

## فەندەمێنتالیزمی میسری و کاردانەوەی دەوڵەت

هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە میسری هاوچەرخدا ئاماژە بۆ سووربوون لەسەر گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ریشەی ئیسلامی دەکات لە ناو کەرت و توێژێکی گرنگی دانیشتوانی میسردا. رواڵەتگەلی ئیسلامی لە ناو سەرجەم کۆمەڵگەی میسریدا ئاشکران، وێرای وەی کە زۆرینەی لایەنگرانی "بزاڤی نەبەردخوازی" لە ناو چینەکانی ناوەندو ناوەند– خوارێ دایە کە

142 لەبەر هۆیەکی نەزانراو تەنیا لە چاپە ئینگلیزییەکەی " الجهاد: الفريضة الغائبة، ص ١٩، ناوی سادات هاتووە.



ئامادەگیی تایبەتیان تێدایە بۆ بەپیرەوەهاتنی "بانگەشە" لەبەر ڕۆشنایی ئاستی بژێو و فێربوون و خوێندن و هوشیاریی کۆمەڵایەتی و نائومێدی ئابووریباندا.

## کۆڕو کۆمەڵەی گچکە

ئێستاشی پێوە بێت، فەندەمێنتالیزمی هاوچەرخ، بە وێنە ڕێکخراوەیەکەیەوە، لەسەر کەلەپوری ڕۆحی و تەنزیمی و ئایدیۆلۆجی (الاخوان المسلمين) کە بەننا دایمەزراند بوو، دەژی. لێ نفووزو کاریگەریی "الاخوان" دوای وەی کۆڕو کۆمەڵەی ئیسلامی زۆر بوون، کەم بووەتەوە. ئەگەر گروپ و کۆمەڵەی لەبابەتی "التكفير، الجهاد، منظمة التحرير الاسلامي" کە لە سەرەتای حەفتاکاندا وەکو وەچەیەکی ڕاستەوخۆی ئیخوان سەریان هەڵدابێت، ئەوا پێوەندیی گروپ و کۆمەڵەی تر بە ئیخوانەکانەوە کز و لاوازە. لە پاشکۆی ژمارە–١دا، ناوی ٢٩ گروپی ئیسلامی میسری هاتووە. کە لە نێوان کۆمەڵەی جەماوەری وەکو ئیخوان–ی نیمچە ئاشکرا، تا ڕێکخراوی قەبارە مامناوەندی وەکو "التكفير، و منظمة التحرير الاسلامي، الجهاد" و ژمارەیەکی گەورەی کۆمەڵە و گروپی بچووك– بچووکی وەکو "الفرماوية، الاهرام، جنود الله، جماعة المفاصلة الشعورية، جنود الرحمن، جماعة المسلمين للتكفير، المكفراتية، قف وتبين، الجماعة الحركية، القطبيين" دەخولێتەوە. زۆربەی ئەو گروپانەی دوایی کە دەکرێ بە "نەبەردخوازی" ناویان ببەین، بەنهێنی کار دەکەن. بەڵام هیچ کام لەو گروپانە قەبارە و هێزی زەبروزەنگیان بەقەد "التكفير" یان "الجهاد" نییە. بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە کە ئەو گروپە بچووکانە ناتوانن جولەو بزاڤی یاخیگەرانەی سنووردار بکەن یان ناتوانن هەوڵی تیرۆرکردنی سەرانی حکوومەت بدەن. لە میسردا، زێتر لە ٢٩ گروپی ئیسلامی نەبەردخواز و نا نەبەردخواز هەن. وێدەچێ بەردەوام گروپ و کۆمەڵەی نوێ دروست ببێ هەرچەند نائومێدی تەشەنە بکات بە تایبەتی لە ناو

لاوان و بێکاراندا. سەرهەڵدانی ئەم گروپانە یان ونبوونیان پەیوەندیی بە ئاشکرا بوونیانەوە لە لایەن حکوومەتەوە هەیە و پاشان گرتن و راونان و بنکۆڵکردنیان، ئیدی جارێکی تر بە بەشێوەیەکی فرەوان دەکەونەوە کاری ژێرزەمینی. بەپێی راپۆرتەکان، دەسەلأتی میسری ژمارەی گشتی گروپە ئیسلامییەکانی بە ٢٩ گروپ داناوە، لە کاتێکدا بەقسەی گۆڤارێکی ناوبەناوی ئوسولّی کە لە کوێت دەردەچیّ ژمارەی ئەو گروپانەی بە ٦٠ گروپ داناوە[١٤٣].

دەکریّ جۆری گروپ و کۆمەڵە ئیسلامییەکان لەسەر بناخەی جوگرافی دیاری بکەین: جۆری یەکەمیان: ئەو کۆمەلأنەن کە لە شارۆچکە بچووکەکانی ئوستانی "الصعید، الدلتا" دا هەن، ئەندامەکانیان خەڵکی خوێندەوارو نیمچە خوێندەوارن و لە کوڕ و رۆڵەی کارمەندانی ئوستانەکان، قوتابیان و کرێکاران و جوتیاران لە چینی ناوەند– خواریّ پێکدێن. جۆرە خۆبەخۆیی و سادەییەك بەو کۆمەلأنەوە دیارە لە ئاکامی دووریان لە سەنتەرە شارستانییەکان و کاریگەرییەکانی بیانی. ئیدی ئەوانە نابنە سەرچاوەی خەتەری سیاسیی تا ئەو وەختەی سەرکردایەتییەکانیان بڕیار دەدەن لە پایتەخت جێگیر بن هەروەکو شوکری مستەفا. جۆر دووەمیان: ئەو گروپە نەبەردخوازانەن کە لە شارە گەورەکاندا هەن بە تایبەتی لە گەڕەکە پڕدانیشتوانەکانی قاهیرە و لە قوتابیان و دەرچووە بێکارەکان و کرێکاران و سەربازان و ئەفسەری پلە بچووك پێك دێن. زۆربەی ئەم توخمگەلە کۆمەلأیەتییانە، لە ناو ئەم شارانەدا رەگ و ریشەیان نییە و دەرفەتێکی سنوورداریان لەبەردەمدا هەیە کە پێگەو جێگەیەکی باش لە ناو کۆمەڵگەدا پەیدا بکەن کە لەگەڵ شارەزایی و ئەزموون و ئاواتەکانیاندا بگونجێت. هەندێکیان هەوڵیاندا ئەم پێگەیە لە کەرتی تایبەتیدا کە لە میسر ئازادە، وەدەست بێنن، لیّ سەرنەکەوتن، لە کاتێکدا دۆستان و خزمەکانیان بە رێگەو

[143] انظر: المجتمع (١٩٨٢/١٠/١٣)، وايضا المجتمع (١٩٨٢/١٢/١٤).



شێوازی دەغەڵکارانەو بە گزی و فزییەوە دەوڵەمەند بوون. لەمەش زێتر، زۆرێك لەوانەی لە ئوستانەکانەوە بۆ ناو ئەم گروپانە هاتوون خەڵکی ناوچەو دەڤەری دواکەوتووی وەکو "الصعید"ن و لە لایەن کەمینەی بەرچاوی قیبتییەوە رکابەرایەتی دەکرێن.

جۆرێکی تری گروپ و کۆمەڵەی ئیسلامی بریتیین لەو دۆست و ناسیاوانەی ناو گەڕەکێك کە هامشۆی مزگەفتێکی ناوچەکە دەکەن. ئەم کۆمەلأنە، بەشێوەی کۆمەڵەی خێرخوازی ناتوندوتۆڵ یان بە ئەڵقەو بازنەی قورئانی کە ناوبەناو بۆ دەرس و دەورکردنەوەی قورئانی پیرۆز سەرباری کێشەو ئاریشەی گەڕەك و کۆمەڵگە دەست پێدەکەن. لەکاتێکی لەباردا، ئەم گروپانە دەبنە گروپی نەبەردخواز وەکو وەلأمدانەوەی ئەو مەینەتی و دەردەسەریانەی لە ئاکامی تەنگ پیّ هەڵچنینی حکوومەت یان ستەم یان کوشت و بڕ یان دەستپێشکەرییەك لە سیاسەتی دەرەکیدا دروست دەبن. مادام کۆبوونەوەی گشتی بەپێی قانوون قەدەخەیە ئەو کۆمەلأنە پەنا بۆ مزگەوتان دەبەن بە تایبەتی لە نوێژی خەوتنان و بەیانیان. دوای وتار و وەعزدان، بڕواداران لە سەر زەوی مزگەوت بە شێوەی ئاڵقە– ئالقە دادەنیشن و وتووێژان دەکەن. وتووێژی ئەو گروپانە کە بە زۆری بە دەنگێکی نزم و هێدی دەکریّ، دەشیّ باس لە دابەشکردنی ئەرك و فەرمان بەسەر ئەم و ئەودا بکریّ لە چوارچێوەی کۆمەڵەی خۆخزمەتکردنی چالأکی ناو گەڕەك– لە گەیاندنی خۆراگ بۆ خێزانی هەژاران و نەدارانەوە بگرە تا سەردانی دکتۆر بۆ لای نەخۆش یان ئامادبوونی پارێزەر لە جیاتی "موکل"ەکەی، یان ئەو کۆمەلأنە باس لە کاروباری سیاسی و تەنانەت پلاندانەوە بۆ رابوون بە خۆنیشاندانی میللی تا توندوتیژی، وەکو شانەگەلی رێکخراوە گەورەکان. لە رێگەی نوێنەرانی شانەکانەوە هەماهەنگی لە نێوان تۆڕە جیا–جیاکانی مزگەوتاندا دەکریّ بە گەڕان و سەردانی رۆژانەی مزگەوتان و نوێژکردن لە مزگەوتە جیا–جیاکانی هەمان گەڕەك و دەرەوەی گەڕەك. ئەم شێوازەی



PDF 4 KURD

پێوەندی بەیەکەوەکردنە، تۆڕێکی وا دروست دەکا کە زۆر لە گەڕەکەکان بگرێتەوە و بکرێ بەشێوەیەکی کارا و لە ماوەیەکی تا رادەیەك کورتخایەندا ببزوێندرێن. گروپەکانی مزگەوت بەڕاستی وەکو کۆمەڵەی خۆخزمەتکردن کارایی خۆیان سەلماندووە کە حکوومەت بە پارێزو لەبەر رۆشنایی ئەگەری بەکارهێنانی وزەو توانا ئایدیۆلۆجی و تەنزیمییەکان لە کاروکردەی یاخیگەرانەدا، سەیریان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەت خۆی یان ئەوەتا دەستاوێژی وای نییە یان حەزی لێ نییە ئەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیانەی خەڵك پێویستیان پێیان هەیە پێشکەش بکات[١٤٤].

### فەندەمێنتالیزم لە ناو سوپادا

رواڵەتەکانی رابوونی ئایینی لە ناو سوپای میسریدا، بە تایبەتی لە ناو دەرەجەدارانی پلە بالاَ و ئەفسەرانی پلە نزم و مامنەوەندا ئاشکراو خویان. هەروا دلگەرمیی ئایینی لە ناو ریزەکانی قوتابیانی کۆلیجە سەربازییەکاندا بە ئاشکرا دیارە. بۆ نموونە، قوتابیان، کۆمەڵ– کۆمەڵ لە ماوەی رابواردن و کات بردنەسەردا، نوێژ دەکەن و لەجیاتی فیلم و یاری توپی پێ، کتێب و نوسراوەی ئایینی دەخوێننەوە. وەکو دەزاندرێ ئەفسەرە فەرماندارەکان لە پۆلەکانی کۆتایی هەوڵ و تەقەلا بەخت دەکەن بۆ دڵنەواییکردنی ئەم رواڵەتکارە فەندەمێنتالیستانە سەرەرای بوونی هەندێ نموونەو باری لە فەرمان دەرچوون. ئەم دڵڕاگرتنە، ترس لە هەر کاردانەوەیەکی تەمبێ کارانە دەرهەق بە کردەوەگەلی ئیسلامییانەی پێوە دیارە کە لەوانەیە بەسوك سەیرکردنی پابەندبوونی سەربازی و تەنانەت هەڵگەڕانەوەی لێ بکەوێتەوە. لەمبارەوە پێویستە جەخت لەسەر هەست و نەستی نیگەتیڤانە لە لای ئەفسەرە

١٤٤ من هذه الجمعيات الذاتية: الجمعية الشرعية، انصار السنة المحمدية، جماعة الهداية، الوعظ والارشاد، الامر بالمعروف والنهي عن المنكر.



ئوسوڵییەکان و ناسرییەکان دەرهەق سەرکردایەتیی بالاَی میسر، بەتایبەت مشیر (عبدالحليم ابو غزالة) بکرێتەوە. کاری موشیر وەکو "مولحق"ی سەربازی لە واشنتۆن و پاشان وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی بەرگری دوابەدوای رووداوی مردنی چاوەڕوان نەکراوی فەریق (بدوي)، وایکرد ابو غزاله لەلایەن ناسرییەکان و ئیسلامییەکانەوە تۆمەتبار بکرێ.

گومان لەوەدانییە کە گروپ و کۆمەڵە ئیسلامییەکان ئەندام و هەواداریان لە ناو سوپاو تەنانەت لە ناو هێزەکانی ئاسایشیشدا هەیە[١٤٥]. دوای تیرۆرکردنی سادات، لە ناو سوپادا پاکسازی دەستی پێکرد، چونکە دوو کەس لە جێبەجێکارە سەرەکییەکان – الاسلامبولي و الزمر– ئەفسەری سوپا بوون. هەرگیز ناکرێ کاریگەری و نفووزی ئیسلامی لە ناو سوپادا قەدەخە بکرێ مادامەکێ سوپا بەشێکە لە کۆمەڵگە. گروپ و کۆمەڵە ئیسلامییەکان زۆر جاران بانگەشە لە ناو خزم و کەسوکاری ماڵباتە گەورەکاندا دەکەن کە هەندێکیان توخم و سۆرە و تۆرەیان لە ناو هێزە چەکدارەکاندا هەیە و خەڵکیان لێ دەکەنە ئەندام.

### کرانەوە بزوێنەرێکی ترسناك

زۆرجار ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە بزوێنەری یەکەمی نەبەردخوازە ئیسلامییەکان، خراپ دابەشکردنی داهاتە لە ئاکامی سیاسەتی کرانەوەی ئابووریی سەرۆك ساداتدا. بەڵگەکان ئاماژە بۆ کەلێن و درزی نێوان داهاتی هەژاران و دەوڵەمەندان دەکەن. ئەمە لە خشتەی ژمارە–٥دا ئاشکرا و روونە کە کۆکراوەی داتای بەراوردکارە لە حەوت سەرچاوەی جیا–جیاوە. لە ١٩٦٤–١٩٦٥دا ١٩,٢٪ی داهات هی ٥٪ لە مەللاکە هەرە دەوڵەمەندەکانی میسر بووە و

١٤٥ انظر: ابو خالد (اسم قلمي)، الحركة الاسلامية ونظام حسني مبارك، المجتمع (١٩٨٢/١٠/١٣)

له ساڵی ١٩٧٩دا ئەم ڕێژەیە بووە ٢٢٪. لەهەمان ماوەدا، داهاتی ٢٠٪ ی نەدارترین خەڵك بە ڕێژەی لە سەدا نیو زێدە بووە. ئەگەر ژمارەکانی ١٩٦٤–١٩٦٥ ی سەردەمی سۆسیالیستیی عەبدولناسر لەگەڵ نمرەکانی ساڵی ١٩٧٩ی سەردەمی کرانەوەدا بەراورد بکەین دەبینین کەلێن لە دابەشکردنی داهاتدا زۆر خویاو ئاشکرایە. لەم یازدە ساڵەدا، داهاتی ٦٠٪ لە خەڵکی هەرە هەژار بەشێوەیەکی زۆر لە ٢٨,٧٪ –ەوە بۆ ١٩,٩٣٪ دابەزیوە و داهاتی ٣٠٪ ی چینی نەوەند سەدا پەنجا دابەزیوە واتە لە ٤٠,٢٪ –ەوە بووە بە ٢١,٥٢٪. ئاکامێکی گرنگی تر لەسەر هەمان ئاست کە نمرەکانی خشتەی ژمارە –٥، ئاماژەیان بۆ دەکا، زێتر دەوڵەمەندبوونی چینەکانی سەرەوەیە لە سەردەمی کرانەوەدا. بۆ نموونە داهاتی ١٠٪ ی هەرە دەوڵەمەندەکان بەشێوەیەکی کتوپڕ لە ٣١,١٪ لە ساڵی ١٩٦٤–١٩٦٥دا بۆ ٥٨,٥٥٪ بەرزبووەتەوە لە ساڵی ١٩٧٦دا. واتە سەروەت و سامانی دەستەبژێری ئابووری لە میسر دوو قات زیاد بووە.

وێڕای کەمی داتاو زانیاری لەمەڕ دابەشکردنی داهات، لێ ئاشکرایە سەمتەکە بە ئاراستەی هەراوبوونی جیاوازیی داهات و ئەگەری ململانەی نێوان چینەکان گەشە دەکا. سەبارەت بە سەقامگیریی سیاسی، گرنگترین هۆکاری بشێوی و بێ سەروبەری پەرەسەندنەکان، کەمبوونەوەی بەرچاوی داهاتی چینی ناوەندو چینی ٦٠٪–ە هەرە هەژارو نەدارەکەی دانیشتوانە. دیارە بەرێککەوتیش نییە کە ئەم چینانە سەرچاوەی هەرە گەورەی ئەندامێتیی نەبەردخوازە ئیسلامییەکان بن. ئەو هەستە توندو بەهێزەی بەهۆی بێبەشی ڕێژەییەوە دروست دەبێ، دژایەتی ڕژێم و هاوپەیمانە سەروسەمت ڕۆژئاواییەکانی کەرتی تایبەتی و لە سیاسەتگەلی سادات سوودمەندبوون، لێ دەکەوێتەوە. لە کاتێکدا بۆ توخمگەلی چینی ناوەند–خوارێ زەحمەت بووە جێ پێیەك بۆ خۆیان لە ناو چینی ناوەند دا بکەنەوە، ئەوا زۆرێك لە توخمەکانی ئەم چینە بەشێوەیەکی بەربڵاو جێگەو پێگەی ئابووریی خۆیان لەدەست داوەو بەرەو چینی ناوەندی



خوارێ گەڕاونەتەوە. هیچ بەڵگەیەك نییە کە ئەم ئاراستەو سەمتە لەم ساڵانەی دواییدا پێچەوانە بووەتەوە.

**خشتەی ژمارە –٥: دابەشکردنی داهات**

| مەلّلاك | ١٩٦٠ | ١٩٦٤–١٩٦٥ | ١٩٧٠ | ١٩٧٥ | ١٩٧٦ | ١٩٧٩ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| بالاّ ٥٠٪ | ١٧,٥ گوندەکی* | ١٩,٢** | – | ٢٠** | – | ٢٢* |
| بالاّ ١٠٪ | – | ٣١,٩** | – | – | ٢٨,٥٥** | – |
| ناوەند ٣٠٪ | – | ٤٠,٢** | – | – | ٢١,٥٢** | – |
| خوارێ ٦٠٪ | – | ٢٨,٧** | – | – | ١٩,٩٣** | – |
| خوارێ ٤٠٪ | – | ١٤,١** | – | ١٣,٩ ** | – | – |
| خوارێ ٢٠٪ | ٦,٦ گوندەکی* | ٤,٦* | – | ٥,٢** | – | ٥,١* |

(•) World Tables, Washington, D.C., The World Bank, 1980, P. 463.
(••) Shail Jain, Size Distribution of Income (Woshington, D.C.: IBRD, 1975) Table 21.
× × World Bank, World Economic and Social indicators. July 1978;M.S. Ahluwalia, N.G. Carter, and H.B. Chenery, Growth and Poverty in Developing Countries, World Bank, 1978; G.Sheehan and M.Hopkins, Basic Needs Performance,ILO,1978.
See R.Eckaus and A.Mohie- Eldin, Consequences of Changes in Subsidy Policy (Cairo:DRTPS, Cairo University, 1980). See also R.Eckaus, D.Mackarthy and A.Mohie-Eldin, General Equilibrium Policy Models for Egypt (Cairo, Cairo University/MIT Technology Adaptation Program, 1978).

(٥٥) الأخبار ( ١٩٨٢/٥/٩ ) .

## کاردانەوەو بەرسڤەکانی دەوڵەت

وەکو باوە، دەسەڵاتی میسری و دەزگاکانی راگەیاندن بە گەنجی توندڕەوی ئیسلامی دەڵێن "نەوەی ونبوو". ئەمە، لە بنەڕەتدا، وەسفێکی راستی واقیعەکەیە کە حکوومەتی میسر ناکام بووە لە وەدیهێنانی بەیەکەوە گونجانێکی کۆمەڵایەتیی لەباری ژمارەیەکی گەورەی گەنجە نموونەییەکان لە سەردەمی دوای عەبدولناسردا. لێ وەکو دێتە بەرچاو وەسفی "نەوەی ونبوو" بەتەنیا گەنجان ناگرێتەوە، بەڵکە گەورەکان و کەرت و توێژە هەرە جێگیرەکانی وەکو کرێکاران و دوکاندار و ئەفسەرانی سوپا و پۆلیس و ئەندازیاران و مامۆستایان و پزیشکان و تەنانەت ئاغا و مەللاکی زەویش دەگرێتەوە. ئەمە بەشێوەیەکی پاژەکی لەو راپۆرتە پەخشکراوانەدا روونکراوەتەوە کە لەبارەی ٣٠٣ ئەندامی رێکخراوی جیهادەوەن کە پێش تیرۆرکردنی سادات گیرابوون و پێوەندییان بە باکگراوندی وەزیفیانەوە هەیە. گیراوەکان، کەرتێکی فراوانی کۆمەڵگەی میسری رەنگ پێ دەدەنەوە[١٤٦]:

قوتابی پەیمانگاو زانکۆ: ١١٢

کرێکار: ٤١

دەرچووی پەیمانگاو زانکۆ: ٣١

کارمەندو بیروکرات: ٢٦

[146] الاخبار، (٩/٥/١٩٨٢)



لە قانوون راکردوو: ٢١

قوتابی قۆناخی ناوەندی: ١٧

ئەفسەری سوپا و پۆلیس و ئیستخبارات: ١١

بیزنسمان و دوکاندار: ١٠

ئەندازیار: ٧

بێکار: ٧

مەللاکی زەوی: ٦

پزیشك: ٦

مامۆستای زانکۆ: ٤

مامۆستای ناوەندی: ٣

رۆژنامەنووس: ١

---

کۆ: ٣٠٣

هەر لە دەسپێکی سەردەمی ناسرەوە، سیاسەتی میسر دەرهەق بە فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، بریتی بووە لە کۆکردنەوەی داپڵۆسین و لەخۆ نزیك کردنەوە وەکو شێوازێکی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هەڕەشە بەردەوامەی سەر دەسەڵاتی دەوڵەت. سەرکەوتنی ناسر لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئیخواندا هەم بۆ کاریگەریی نا ئاسایی کاریزمای خۆی و هەم بۆ بوونی دەزگایەکی

ئیستخباراتی زۆر کارا دەگەڕێتەوە. کاریزمای ناسر، نفووزی ئایدیۆلۆجی ئیخوانی لاواز کرد بوو. هەرچی سادات بوو شتێکی نەبوو جێگەی کاریزمای پێ بگرێتەوە و هەروا نەدەشیا گوتەی ئایدیۆلۆجی وا دابڕێژێ کە ملیۆنان گەنجی میسری پێ لەبار بێنێ و پەروەردە بکات. سادات بە بەرەنگاربوونەوەی ناسریزم، بۆشایەییەکی ئایدیۆلۆجی دروستکرد، ئاکامەکەی ئەوە بوو بانگەشەی فەندەمێنتالیستی کە کۆمەڵەی ئیخوان و دەستەو تاقمەکانی دەستیان دابوویێ، بەشێوەیەکی پاژەکی ئەم بۆشاییەی پڕ کردەوەو ئەمەش زیانی بەدەوڵەتی میسر گەیاند. تراجیدیای میسر ئەوەبوو نە سادات و نەهاوکارانی وەکو پێویست گرنگیان بە فێرکردنی گەنجان نەدەدا – لەرێگای ئایدیۆلۆجیا و بارهێنانی کۆمەڵایەتییەوە– تا هاوولاتی دڵسۆزی دەوڵەتیان لێ دەربچێ. ئا ئاوا، ساغ بووەوە کە نەخشەی سادات بەئازادی دان بە ئیخوان دژی ناسرییەکان، بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەرك و فەرمانی خۆی سەری نەگرت. ئەو هیوایەی سادات بە هاوولاتییەکی ئاسایی میسری دەدا، تۆزە هیوایەك بوو کە ئەگەر لە کەرتی تایبەتدا کار بکات لەوانەیە شتێکی لەو دەوڵەمەندبوونە خێرایە بەرکەوێت. خۆ ئەگەر هەندێك بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن سەرکەوتوون، ئەوا هەرێ و بەڵێنی بەتاڵی سادات سەبارەت بە ملیۆنان میسری ئومێد بڕبوون. بانگەشەی سادات بۆ نیشتمانپەروەرێتیی میسری، دوای سوکە سەرکەوتنێك لە شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٦٧دا، بانگەشەیەکی بەتاڵ بوو لەبەر نەبوونی ئاشتبوونەوەیەکی "شەرافەتمەند"انە لە نێوان عارەب و ئیسرائیلدا. ئەو کەلێنە بەردەوام لە نێوان ملیۆنێران و چینەکانی ناوەندو خوارێ دا فراوان دەبوو. هەروا شەپۆڵ– دوای شەپۆڵ گرتنی سەرکردە نەبەردخوازەکان یان لەسێدارەدانیان هیچ کەڵکێکی پێوە نەبووە لەهێنانەدی سەقامگیرییەکی



درێژخایەندا لە کەشوهەوایەکدا کە حکوومەت هیچ پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆجی– رۆحی و ماددی بەدەستەوە نەبوو کە بتوانێ دڵسۆزیی گەل بۆ خۆی دەستەبەر بکات. هەروابێتەوە، سادات دژایەتی ریفۆرمگەلی جەوهەری ئەوتۆیی بوو کە ستۆپ بە کاروکردە ناقانوونییەکانی خزم و کەسوکارو نزیکەکانی خۆی بگرێت. پاکتاوکردنی سەندیکای پارێزەران و دەرکردنی "قانوونی عەیبە"، بۆ ئەوە داڕێژران تا بەدەستئاوێژی قانوونی، ئۆپۆزیسیۆن بخنکێنێ.. هەروا رژێم، دامەزراوەی ئایینی "زانایانی ئەزهەر"ی بەجولە خست تا لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندن و مینبەرەکانی مزگەوتانەوە شالاوێکی پرۆپاگندە دژی کۆڕ و کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەست پێ بکەن. بۆ ئەوەی موفتی گەورەی میسر، شێخ جاد الحق، وێنەی کۆمەڵەی جیهاد بشێوێنێ، "فەرموودە"یەکی نامۆ و سەیری دۆزییەوە کە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ص) ئامۆژگاری موسڵمانان دەکات گوێڕایەڵی حکوومەتی ئیسلامی بن تەنانەت ئەگەر ئەندامەکانی ئەو کابینەیە دزی و زیناش بکەن[١٤٧]. شێخ داوای لە گەل کرد کە فەرمانەکانی دەسەلات جێبەجێ بکەن مادامە حکوومەتی موبارەك بەڵێنی داوە بۆ راستکردنەوەی ستەمکارییەکانی رابردوو دەست بە ریفۆرم بکات.

لەراستیدا مردنی سادات، پشوودانێکی کاتەکی رەخساند و تەقینەوەی رەوشە قەیراناوییەکەی میسری بۆ ماوەیەك دواخست، موبارەك ویستی بە هەندێ ریفۆرمی پاژەکی رووی رژێم بگۆڕێ. لێ سەرۆکی تازە، وێڕای نیازو مەرام چاکی، نە میکانیزمێکی ئایدیۆلۆجی و نە کادیری دڵسۆزی هەبوون کە

[147] See: Amr H. Ibrahim, Legitimated et Revolution en Islam, Peuple Medteraneens no 21. (Oct.-Dec 1982), 81-101 and Also Al-ahram (21 Nov. 1981)

بەشێوەیەکی هەمەگر نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەی میسرییان پێ چارەسەر بکات. داتەپینی ئابووری، سووربوونی موبارەك لەسەر پابەندبوونەکانی سادات لە بەرانبەر ئیسرائیل و ئەمریکا، ڕێگەیان نەدا شەرعییەتی ئیسلامی کە بۆ فەرمانڕوایيکردنی میسر پێویستی پێ هەبوو، زێتر بەکاربێنێ. لە کاتێکدا سەرۆك ویستی دیالۆگ لەگەڵ لاوانی میسردا دەست پێ بکات، بەناچاری بەناوی "قانوونی کتوپڕ و لەناکاو" و لە ماوەی پچڕ–پچڕدا، ڕێوشوێنی داپڵۆسێنانەی دژ بە کۆڕو کۆمەڵەی ئیسلامی گرتووەتەبەر[148]. لە سەردەمی موبارەکدا، "شارەزای ئایینی" بۆ مزگەوتان نارد کە گەنجە نەبەردخوازەکان قەناعەت پێ بکەن کە تێگەیشتنی ئەوان بۆ ئیسلام هەڵەو چەوتە. بەپێی هەندێ ڕاپۆرت زانایانی ئەزهەر لەم تەقەلا بەمەبەستەدا بۆ گەڕاندنەوەی لاوان هاریکاریان کردووە. لە کاتێکدا وەزارەتی ئەوقاف بە پێناخۆشبوونەوە بەشداری کرد. لە وتوێژەکانی زیندانەکاندا، هەندێ لە نەبەردخوازەکان– بە تەقییەوە– بەم هەڵوێستەی حکوومەت ڕازی بوون و ئەمەشیان –تەنیا– بۆ ئەوە بوو کە دوای ئازادکردنیان لە زیندان دەست بەکاری ئیسلامییانەی خۆیان بکەنەوە[149]. پەنابردنی چەند جارە بۆ دەستئاوێژی سەرکوتکارانە کارێکی نامۆ و لە سروشتی سەرۆك بەدەرە، لێ پەککەوتەیی ئەو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاریشەگەلی زێدەبووی کۆمەڵایەتی و ئابووری، غەزوی لبنان لە لایەن ئیسرائیل، و لکاندنی کەرتی ڕۆژئاوا، پێگەکانی ڕژێمیان لاواز کرد. دیارە سەختە– لە کەشێکی وادا– نەگەینە ئەم

[148] لە ئەیلوولی ١٩٨٢دا، حکوومەت ساڵێکیتر قانوونی عورفی تازە کردەوە، لەهەمان کاتدا خەڵکی ئیسلامی گیران و ڕاوەدونران و لە زیندانداندا شێخ محمد کمالا سەنانیری کوژرا، انظر: المجتمع: (١٩٨٢/٧/٢٧)، ص١١


[149] ڕێژەی سەرکەوتنی ئەم بەرنامەیە ٧٠٪ بوو، المجتمع (١٩٨٢/١٠/١٣): ص٢٠



قسەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی ببێتە هەڕەشەیەکی پەرەگرتوو بۆ سەر سەقامگیریی ڕژێمی میسری.

### شێوەی ژمارە (٥)

### پەیکەری گشتی ڕیکخراوی جیهان



# بەشی سێیەم

## فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی

### دەرەنجام و ئەگەرەکان

-7-

## فاکتەرەکانی پێشبینیکردن لە ژینگەگەلی قەیرانەکاندا

هەر جۆرە هەوڵ و تەقەلایەك بەمەبەستی پێشبینی و دیاریکردنی ئاریشەکان لە ژینگەی عەرەبی لەبەر زۆری گۆڕاوەکان و ئەگەری رووداوی کتوپڕ و پێشهاتێکی پێشبینی نەکراوادا دەشێ جۆرێ لە ریسك و هەڵەشەکاری و بێ هودەیی بێت. لەبارترین پێوەری پێشبینیکردن لەم بوارەدا، قەیرانگەلی قوڵ و بەربلاوی کۆمەڵایەتییە – واتە قەیرانی پێناسە، شەرعیەت، حوکمڕانی، کولتوور، پێشکەوتنی ئابووری و راستوێژیی میلیتاریستی. هەروا کێشمەکێشی نێوان رۆژئاوا، ئیسرائیل و یەکێتیی سۆڤیەت لە دەرەوەو، هۆکارەکانی ناوەخۆ کە لە ئاکامی خراپ دابەشینەوەی سەروەت و سامان، ستەم و بێ دادی کۆمەڵایەتی، گەندەڵیی حکوومەت و نەبوونی ئاسایش پەیدا بوون، هەر هەموو بەهەڤرا زەوینەو شانۆیان بۆ ژینگەیەکی سیاسیی تەواو نا شلۆق و سەقامگیر خۆشکردووە. لەبەر رۆشنایی ئەم قەیرانانەندا، وا دەخوازرێ دەوری هێزەکی (بالقوة)ی ئیسلامی سیاسی و کۆمەڵە ئیسلامییەکان شی بکرێتەوە. شێوەی ژمارە ٦– پێوەندیی هۆکارێتیی هزرکراو و ئەو چوارچێوەیەی لەم ژینگەیەدا وەدەست دێ، بە پوختی نیشان دەدات کە لە سنووری ئەودا ئەگەری پەرەگرتنی جیهانی عارەبی هەیە.



ئەم ٦ توخمگەلەی ژینگەی قەیرانی عەرەبی، هەروەکو لە دەسپێکی ئەم لێوەکۆڵینەدا قامکمان لەسەر دانان، چاوەڕوان دەکرێ لە ئایندەی بەرچاویشدا بەردەوام بن. لەڕاستیدا مرۆ دەکرێ بە دڵنیایی و بە بێ سێ و دوو بڵێ ئەم هۆکارانەی قەیران، کە کاردانەوەی فەندەمێنتالیستیان لێکەوتووەتەوە، هەروا زوو بە زوو لە گۆڕەپان ناسرێنەوە. لەبەر رۆشنایی ئەم هەلومەرجە ناسازو ناهەموارەدا، سێ هۆکاری دیاریکەر کە لە رووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی نێوان خەباتگێڕیی ئیسلامی و دەسەڵاتی حوکمڕاندا بەرچاون، بریتین لە:

١– رەوتاری دەستەبژێر (نخبە– ئیلیت)

٢– بزوێنەری دەرەکی

٣– دەسپێشکەریی ئیسلامییەکان

دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە شوێنەواری ئەم سێ هۆکارەی پێشەوە بەستراونەتەوە بە کاردانەوە و بەرکاری و کارلێکی نێوانیان لە چوارچێوەی ژینگەی قەیرانەکەدا. بە دەربڕینێکی تر، رەوتاری دەستەبژێر، هەم دەکەوێتە ژێر باندوری هەلومەرجی قەیرانی خۆیانەوە، هەم ئەو ژینگە دەرەکی و ئۆپۆزیسیۆنە ناوخۆییەی کە لەوانەیە رووبەرووی دەستەبژێر ببنەوە. ئا ئاوا چلۆنایەتی سەرکردایەتیی سیاسی لە دیاریکردنی ئەنجامە "ئەگەرەکانی" سەقامگیری یان نا سەقامگیریی رژێم، دەورێکی ناوەندی دەگێڕێ.

### سیاسەتەکانی دەستەبژێر

دەکرێ بە جیدی بپرسین کە داخوا سیاسەتگەلی دەستەبژێری حوکمڕانی عەرەب لەڕاست بزووتنەوە و کۆمەڵە ئوسوڵییەکاندا تا چەند کارا بوون و سوودیان هەبووە. لێ ناکرێ کارایی بەسەریەکەوەی سیاسەتی دەوڵەتان– گەرچی جیاوازی

لە نێوان ئەم رژێم و ئەو رژێمدا بەدی دەکرێ– لە مەودایەکی درێژخایەندا بە زۆر بزانین. بەهەق ئەم دەورە بێ سوودەی سەرکردایەتی سۆنگەی ئەوە بووە کە کۆڕو کۆمەڵە ئوسولّییەکان، هەموو رەوتار و هەنگاوەکانی دەستەبژێر بەبێ کەڵك لەقەڵەم بدەن. دەستەبژێری عارەب ئەگەر بیەوێ پێش بە رەوتی فەندەمێنتالیستی بگرێ و ئاستی گرژی و تێکهەڵچوونی کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە، ئەوا دەبێ سێ سیاسەتی هاوپێوەند بگرێتەبەر: ریفۆرمێکی گشتی، بارهێنانی سیستماتیکی کۆمەڵایەتی، میانەڕۆیی لە بەکارهێنانی هێزی دەوڵەت دژ بە نەیار و ناحەزان. مێژووی ناوچەکە نیشانی دەدات کە ناکرێ لە ریفۆرمێکی بنەڕەتیی پلە ناوەند زێتر چاوەڕوان بین، چونکە ئەمە پابەندبوون، فیداکاری، دووربینیی دەستەبژێر و وزە و توانا خەرجکردنی پێ دەوێ. هەروا کۆنترۆڵکردنی نەبەردخوازە ئیسلامییەکان وا دەخوازێ دەستەبژێری حوکمڕان نموونەی میانەڕۆیی، دەسپاکی و نا گەندەڵی بێت و سیاسەتێکی کارای بارهێنانی جڤاکی لە رێگەی ئایدیۆلۆجیایەکی ئالتەرناتیڤەوە پەیڕەو بکات. تراجیدیای عەرەب ئەوەیە کە لە دوای هەرەسهێنانی سەردەمی پان عەرەبیزمی ناسرییەوە، هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی بەردەوامی نەبووە. زۆر لە سەرکردەکانی عەرەب تەنانەت بەوانەشەوە کە نیازو مەرامی پاکیان هەیە، هەندە ئاگایان یان سەروکاریان لەگەڵ ئەو بۆشاییە ئایدیۆلۆجیەدا نییە کە لە ئارادایە و هەست بە پێویستیی پرۆسەیەکی بارهێنانی کۆمەڵایەتی– سیاسیی خەڵك ناکەن. تەنیا قەزافی لە لیبیا توانیویە سەرکەوتنێکی کەم لەم بارەوە وەدەستبهێنێ، گەرچی سەرکردەکانی سعودیەو سوریا و عیراق–یش درك بە پێویستبوونی ئایدیۆلۆجیا دەکەن، لێ هەر یەك لەم وڵاتانە رووبەرووی ئەم ئاریشەیە بوونەتەوە کە لە نێوان ئایدیۆلۆجیا، سیاسەت و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و دیموگرافیی وڵاتەکەیدا هەیە. هەرچی تەقەلا و کۆششی سەرۆك موبارەکیشە بۆ بارهێنانەوەو داڕشتنەوەی باوەڕو ئەندێشەی نەبەردخوازە ئیسلامییەکان لە زیندانەکاندا، بەڕواڵەت سەرکەوتنێکی سنوورداری بەدەست



هێناوە، چونکە ئەم کارەی موبارەك هیچ رووێکی ئایدیۆلۆجی نەبوو، نەیتوانی ریفۆرمگەلێکی بەرفرە بکات و بەگشتی نەشیا خۆی لە کەلەپوری سادات دوور بخاتەوە [150]. هەروا حکوومەت میکانیزمگەلێکی وای بەدەستەوە نییە کە باری داتەپیوی ئابووری خۆی لە بەرانبەر زێدەبوونی دانیشتوان، پێ راست بکاتەوە. بەڕواڵەت تاکە کارو پلانی شیاوی سەرۆك موبارەك تێکەڵکردنی ناسریزم– ئیسلامێتییە بۆ بووژاندنەوەی هەست و سۆزی نەتەوەیی لە بەرانبەر فەندەمێنتالیزمدا. ئەم چەشنە سیاسەتە لەوانەیە تاکە ئەلتەرناتیڤ بێت لە بەرانبەر هەڕەشەی بەرەو ژوور هەڵکشاوی ئیسلامی. لە هەمانکاتدا، موبارەك دەبێ ئیمتیازاتی گرنگ و گەورەی لە حکوومەتی ئایندەی ئیسرائیل سەبارەت بە دۆزی فەلەستین و قەوارەی فەلەستینی دەسکەوێ. ئاریشەو هەلومەرجی میسر دژوارو تاقانە و بێ وێنەیە، لێ تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئەم ئاریشەیە لە زۆربەی وڵاتانی عارەبیدا دەبیندرێ. لێرە بەدواوە سیاسەتگەلی ریفۆمخوازی و ئایدیۆلۆجی و سازگارانەی وڵاتانی عەرەب دەرهەق بە فەندەمێنتالیزم بەم شێوەیەی خوارەوە پوخت دەکەینەوە:

ئەو هەڵسەنگاندنە پوختەیەی لە خشتەی ژمارە ٧دا نیشان دراوە، چوار رەهەندی بەیەکەوەگرێدراوی کارو "ئەدا" و وزە و تواناکانی رژێمەکان دەگرێتەوە. دەکرێ بەم شێوەیە ئەم رەهەندانە دەست نیشان بکەین:

١– **تاسەو حەزی ریفۆرمخوازانە:** واتە پلەی پابەندبوونی سەرکردایەتی بە پێڕەوکردنی ریفۆرمگەلێکی واقیعی و هەمەلایەن لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و جڤاکیدا.

---

[150] انظر ابو خالد: المجتمع (١٩٨٢/٧/١٧).

٢– **توانای ئایدیۆلۆجی:** واتە پلەی توانای دەستەبژێری سیاسی لە گەلاڵەکردنی چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆجی لەبارو هاوئاهەنگ بۆ پرۆسەی بارهێنانی کۆمەڵایەتی بشێت و شەرعیەتی نوخبە و دامەزراوەکانی پێ بەهێز بکات.

٣– **توانای رازیکردن:** بەرەنجامی توانای دەستەبژێر و نیزامی سیاسییە بە گشتی لە بەشدارییپێکردنی زێتری هاوولاتیان و وەدەستهێنانی پشتگیریی ئەوان لە رێگەی بارهێنانی سیستماتیکی جڤاکی و پابەندبوون بە ریفۆرم و باروبووی ئابوورییەوە.

٤– **وزەو توانی ئیسلامییەکان:** باری ئێستای رێکخراوەیی نەبەردخوازە ئوسوڵییەکان لە هەر ولاتێکی عەرەبی و ئاستی توانای هەڕەشەکردن لە دەسەلاتی ئارا.

وا دێتە بەرچاو کە رژێمگەلی ئاست نزم و ناوەندە– نزم لە پابەندبوون بە ریفۆرم و توانای ئایدیۆلۆجی، ئاستێکی تا رادەیەك نزمیان لە توانای رازیکردنی خەڵکدا هەبێ. لە هەلومەرجی وادا، چاوەڕێ دەکرێ چالاکی ئیسلامی زیاد بکات. ئیدی ئەمەش بە دەوری خۆیەوە کاردانەوەی توندی داپلۆسێنانەی لە لایەن کاربەدەستانەوە بەدواوە دێت. ئەگەر لە بارێکدا کاربەدەستان نەشیان میکانیزمگەلێکی سەرکوتانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڕەشەی ئوسولی سازو ئامادە بکەن، ئەوا ئەگەری رووخانی رژێم دێتەگۆڕێ. ئەگەر گۆڕاوەکان بەیەکدا بچن، وەکو سامان، ئەوا دەشێ ئەنجامەکان لە ولاتانێکی وەك سعودی و کەنداوی فارس بگۆڕێن. سەرباری ئەوەش دەشێ حکوومەتێك بەپشت بەستن بە کەمینەی تایەفی ساز و تەییارکراو، یان بەهۆی باروبو و کۆمەکی بیانییەوە توانا و شیانی داپلۆسێنانەی خۆی زێدە بکات. ئەم نەخشەو بەرنامەیە دەتوانێ، سەرەڕای ئاستی نزمی توانای ریفۆرمخوازی و ئایدیۆلۆجی و رازیکردنی خەڵك، رژێم بۆ ماوەیەکی کورت بپارێزێ.



**خشتەی ژمارە (٧): ئەدا و کار و تواناکانی رژێم**

| ولات | حەزی ریفۆرمخوازی | توانای ئایدیۆلۆژی | توانای سازان | توانای ئیسلامییەکان |
|---|---|---|---|---|
| میسر | ناوەند | نزم | نزم | ناوەند/ زۆر |
| سوریا | ناوەند | ناوەند | نزم/ ناوەند | ناوەند/ زۆر |
| عیراق | ناوەند | نزم/ ناوەند | نزم/ ناوەند | ناوەند/ زۆر |
| ئەردەن | ناوەند | ناوەند | ناوەند | نزم/ ناوەند |
| عەرەبستانی سعودی | ناوەند | ناوەند | ناوەند | ناوەند/ زۆر |
| کوێت | ناوەند/ زۆر | ناوەند | ناوەند/ زۆر | ناوەند |
| لیبیا | ناوەند/ زۆر | زۆر | زۆر | نزم |
| جەزایر | ناوەند/ زۆر | ناوەند | ناوەند | نزم/ ناوەند |
| تونس | نزم/ ناوەند | نزم/ ناوەند | نزم/ ناوەند | ناوەند |
| مەغریب | نزم/ ناوەند | نزم | نزم/ ناوەند | ناوەند |
| سودان | نزم | نزم | نزم | ناوەند/ زۆر |



PDF 4 KURD

## پاڵنەری دەرەکی

هۆکارە دەرەکییەکان — تا رادەیەکی گەورە– کار لە پەرەسەندنی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی دەکەن. بۆ نمونە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە هەر بەخۆداهاتنەوەیەکی بەرچاوی نەبەردخوازیی ئیسلامی لە میسر لە سەرانسەری جیهانی عارەبدا دەنگ بداتەوە. لەوەش پڕ مەترسی تر ئەوەیە کە ئیسلامییەکان لە ولاَتێکی گەورەی عەرەبدا، حوکم بگرنە دەست. لەراستیدا، "هۆکاری خومەینی"، واتە ئەگەر شۆرش، بەڕابەری کەسایەتییەکی کاریزمایی سوننەمەزەب لە دەوڵەتێکی سەرەکیی عەرەبی بوایە، ئەوا زۆر بە زەحمەت کۆنترۆڵ دەکرا. وا دێتە بەر چاو کە شۆرشی ئێران هەندێ لە دڵگیری و کاریگەری خۆی لە ناو فەندەمێنتالیستە سوننە مەزەبەکانی عەرەب، جگە لە عیراق و ناوچەی کەنداوی فارس، لە دەست دابێ. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا ئایەتوڵڵا خومەینی مایەی سەرنج و ئافەرین و خۆشحاڵیی موسڵمانانی میسر و جەزایر و سوریا و ئەردەن و تونس و لیبیا و لبنانە. وەکو تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو کە دەکرێ لاسایی بکرێتەوە چاو لە شۆرشی ئێران دەکرێ. هەروابێتەوە، پێوەندیی توندوتۆڵ لەنێوان ئێرانییەکان و هەندێ کۆڕ و کۆمەڵی ئوسوڵی عەرەبیشدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، وێدەچێ کاریگەری و نفووزی ئێران لە ناوچەی عەرەبیدا، مادام شەڕی عیراق– ئێران بەردەوامە، سنووردار بێت. بەرەی ناوخۆیی ئێرانیش دوچاری بشێوی و بێ سەروبەری بووە. لەمەش زێتر، کاریزمای ئایەتوڵڵا خومەینی بە هۆی پشتەوانیکردنی رژێمی سوریا و کاڵ نەکردنەوەی بۆیەی شیعەگەری لە شۆرشی ئێران، سنووردار بووە.

هۆکارێکی تری بزوێنەر ململانەی عەرەب– ئیسرائیلە. کزی و لاوازیی سەربازیی عەرەب لەراست ئیسرائیلدا، چەکێکی بەهێز بووە لە عەمباری پرۆپاگندەی ئیسلامییەکان بۆ پەلاماردانی "هەموو" سەرکردەکانی عەرەب. بگرە هەموو



کەرت و توێژەکانی کۆمەڵگەی عەرەبیش، تەبای ئیسلامییەکان رەخنەی توندو قوڵ لە سەرکردەکان دەگرن. لەم پێڤاژۆیەدا، "پێوەندیی" ئەمریکا بە ئیسرائیل و ولاَتە سەرەکیەکانی عەرەب، سۆنگەی کەمبوونەوەی شەرعیەت و متمانە بووە بە دەستەبژێری عەرەب. ئیسلامییەکان پێیانوایە پێوەندیی سەربازیی ئەمریکا بە هەریەك لە میسرو ئەردەن و سعودیە، هەمیشە پێگەی سەربازی ولاَتانی عەرەبی لەچاو ئیسرائیلدا کزو لاواز کردووە. ئەمە سەرباری نفووز و کاریگەرییە شوومەکانی ئابووری و کولتووریی ئەمریکا. داتەپینی بەردەوامی پێگەی عەرەب لەڕاست ئیسرائیلدا، هەروابێتەوە سەرنەکەوتنی ئەمریکا لە پێکهێنانەوەی عارەب و ئیسرائیل بە شێوەیەك کە بەلای هەردوو لایەنەوە پەسند بێ، لەوانەیە لە دوتوێی خۆیدا تۆوی شۆڕشێکی ئیسلامی و نەتەوەیی دژی دەستەبژێری عارەبی سەر بە ئەمریکا لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێ[151]. هەروا هۆکاری تری دەرەکیی بزوێنەر هەن، دەکرێ بۆ نمونە ئاماژە بە دەسپێکردنی شەڕێکی هەمەگیری نێوان عارەب– ئیسرائیل، یان بەرپابوونی شۆرشێك بە فیتی سۆڤیەت بکرێ.

## شێوەکانی دەستپێشکەریی ئوسوڵی

هەروا پەرەسەندنی بزاڤی فەندەمێنتالیستی ئیسلامی، بەندە بە چلۆنایەتی سەرکردایەتییە فیکری و سیاسییەکەیەوە. لەم دووڕیانەدا، ئەم بزووتنەوەیە لەباری رێنوێنیی ئایدیۆلۆجی و سیاسی و تاکتیکییەوە کەموکوڕی، تەواو پێوە

---

[151] سەبارەت بە پێوەندیی هۆکارێتیی نێوان فەندەمێنتالیزم و ململانەی عەرەب– ئیسرائیل، بڕوانە:

R. H. Dekmejian, Islamic Revival and Arab-Israel Conflict, New Outlook (Nov.-Dec. 1980)



PDF 4 KURD

دیارە. هەڵسوڕاوە هەڵکەوتووەکانی ناو ئەم یان ئەو کۆڕو کۆمەڵەی نەبەردخوازی ئیسلامی کوژراون لە بابەتی: سریە و مستەفا و جوهەیمان و موسا سەدر و فەرەج و باقر سەدر و مەروان حەدید و هەندێکیشیان هێشتا لە زیندان دان. رەنگە چەند ساڵێکی تری بوێ تا رابەری نوێ دێنە سەر شانۆ، هەرچەند ئەگەری ئەوەش هەیە ژمارەیەك کەسایەتیی کاریزمایی پلەو پایەخواز لەناو ئەو کۆمەڵانەی تازە بە نهێنی پێکهاتوون، هەبن. هەرچی سەرکردایەتیی "الاخوان المسلمین"ە لە میسر و وڵاتانی تری عەرەبدا، دوای چەندین ساڵی راوەدونان، زیندان، ئازارو چەوساندنەوە پیرو شەکەت بوونە. بەڵام ئەو کادیرانەی ماون، شارەزایی و ئەزموونێکی سیاسیی ئەوتۆیان هەیە کە لەناو هیچ کۆمەڵەیەکی ئیسلامیدا وێنەی نییە. ئەگەر دوای (عمر التلمسانی)، رابەرێکی هەڵسوڕاوی گەنج سەرکردایەتی ئیخوان بگرێتەدەست، ئەوا رەنگە ژیان بەبەر ئەم سازمانە گەورەیەدا بکاتەوەو بیکاتە خەتەرێکی راستەقینە کە هەڕەشە لە رژێم بکات. هەنوکە ئیخوان لە پێگەو بارێکی سەیر دایە، حەز دەکات وەکو گروپێکی ئۆپۆزیسیۆن، بەشێوەیەکی قانوونی بەشداریی لە سیاسەتدا بکات، لەهەمان کاتیشدا دیدو تێڕوانینی ئیسلامییانەی خۆیشی بپارێزێ. لێ لەم ساڵانەی دواییدا ئیخوان بەپارێز بووە نەبادا هەڵبخلیسکێت و پێشوەختە بەرەنگاری هیچ دەوڵەتێکی عارەب ببێتەوە. بەهەق وێدەچێ ئیخوان و لقە سەرەکییەکانی لە وڵاتانی عارەبیدا، بڕیاریان دابێ لە جیاتی ئەوەی هەوڵی نا وەخت بۆ دەسەلأت بدەن و خۆیان دووچاری داپڵۆسین بکەنەوە وەکو لە سوریا رووی دا، خۆیان بۆ ئایندە ئامادە دەکەن. لەناو کۆمەڵە گەورە فەندەمێنتالیستەکاندا سەمتێکی خویا و روون دەرکەوتووە کە کار بۆ بە ئیسلامکردنی رژێمی سیاسی دەکات لە رێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی ئاشتیخوازانەی هەنگاو بە هەنگاوەوە، دەکرێ تەقەلاکانی تورابی لە سودان و تلمسانی لە میسردا بەنموونەی ئەم شێوازە لە کاری ئیسلامی دا



بنێین. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەگینە کە هەر کارێك توندوتیژی تێ بکەوێ و کۆڕ و کۆمەڵەی گچکەتری نەبەردخواز ئەنجامی بدەن، پرۆسەیەکی داپڵۆسێنەرانەی بازنە فراوانی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە کە ئەو ئیسلامییانەش بگرێتەوە کە بڕوایان بە سیاسەتی هەنگاو بە هەنگاو هەیە وەکو ئیخوان. ئیدی بەم شێوەیە ئەگەرەکانی بەئیسلامکردنی بەئاشتییانە لەبار بچن. هەروا لەوانەیە نموونەی میسری و سعودی–یش دووپات ببنەوە، کاتێ کە کاروکردەی توندوتیژی سنووردراری گەنجە ئیسلامییەکان دژ بە رژێم، رێگە لەبەر پابوونی شۆرشێکی فەندەمێنتالیستی دەگرن. ئیخوان و کۆمەڵە ئیسلامییەکانی تر لە کۆتاییدا دەبێ دەست بە هەڵێنانەوەی سێ هەنگاوی سەرەکی بکەن:

١– **گەلاڵەکردنی بەرنامەیەکی ئایدیۆلۆجیی ئیسلامیی نەرم و بەرفرە کە بالاترین پلەی دڵبەستەگی و راکێشانی کەرتە سەرەکییەکانی دانیشتوانی تێدا بێت:** بەرنامەیەکی لەم بابەتە دەشێ ببێتە پێشەکییەك بۆ رێکخستنی "بەرەیەکی نەتەوەیی" لەگەڵ کۆمەڵە غەیرە ئوسوڵییەکانی دژ بە حکوومەت. ئەم شێواز و میتۆدە تا رادەیەك بە دەوری ئاخوندەکانی ئێران دەچێ کە هاوپەیمانییەکی فرەوانیان ساز کرد و رژێمی شایان پێ روخاند. بەکردەوە ئیخوان لە سوریا و دەعوە لە عێراق بەم ئاقارەدا هەنگاو هەڵدێننەوە. بزووتنەوەی هاوشێوەش لە میسر هەیە. هەر چەندە کۆمەڵە گچکە ئیسلامییەکان و ئەندامە نەبەردخوازەکانی ئیخوان تۆزقالێك ئامادە نین دەست لە بێگەردیی ئایدیۆلۆجی خۆیان بەربدەن. لەمەش زێتر، ئاشکرا نییە کە داخوا بزووتنەوە ئیسلامییەکان خۆیان، جگە لەوانەی کەوتوونەتە ژێر نفووزو باندووری راستەوخۆی ئیخوانەوە، لەسەر چەمکێکی ئاقیدەو باوەڕ رێك دەکەون یان نا.



PDF 4 KURD

٢- **پێکهێنانی رایەڵکەیەکی بەهێزی بان نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا چ لەناوەخۆو چ لە دەرەوەی جیهانی عەرەبدا:** بەڵگەی وەسا هەن کە نیشانی دەدەن ئەم ئاستی هاریکارییە ئیسلامییە بان نەتەوەییە لەم دەیەی دواییدا زێدە بووە. لەمبارەوە دیسان دەکرێ ئاماژە بۆ (اخوان المسلمین)ی میسر وەکو هۆکارێکی سەرەکی بکرێ بەو پێیەی کۆنترین رێکخراوی ئوسوڵییە لە هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، نزیکەی نیو سەدە دەبێ لە سەرجەم ولاّتانی عەرەب و لە دەرەوەی ئەم ولاّتانەدا بانگەشەی ئایدیۆلۆجیی بۆ خۆی دەکات. هەروا ئیخوانە هەڵەتەو دوورە ولاّتەکانیش کە لەم یان ئەو ولاّتدا دەژین بوونەتە دەستەی پرۆپاگندەچی بانگەشەکار، لە پێناو مەبەستگەلێکی ئیسلامیدا هاوولاّتیان و پەیڕەوی ولاّتان لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. ئەم کارە پرۆپاگندەییە، لە دوای سەرکوتکردنی ئیخوان لەلایەن عەبدولناسرەوە، بەرهەمی گرنگی لێ کەوتووەتەوە. هەروەکو لە پاشکۆی ژمارە -١دا دەردەکەوێ، زۆر لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان، لە کەنداوی فارس و سعودییەوە بگرە تا ئەردەن و سوریا و کەناری رۆژئاوا و لبنان و سودان و مەغریب، لە هێڵە گشتییەکانی ئایدیۆلۆجیا و لە ئامانجە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکاندا لەگەڵ ئیخواندا یەکدەگرنەوە. هەندێ لەم کۆمەلاّنە بە درێژبوونەوەی ئیخوان دادەنرێن، هەرچەندە ئیخوانەکانی قاهیرە "سەرکردایەتی بالاّ"یان لە ئەستۆ نەگرتووە. لێ گروپ و دەستەکانی ئیخوان پێوەندیی توندو تۆڵی رۆحی و سیاسی و داراییان بەیەکەوە هەیە. هەروا ئیخوان، پێوەندیشیان لەگەڵ کۆمەڵە ئیسلامییەکانی تردا لە سەرانسەری جیهاندا هەس، بە رێکخراوە شیعییەکان و ئاخوندەکانی ئێرانیشەوە. بەکردەوە تۆڕەکانی ئیخوان تا ئێستا رۆڵی سیاسیی گرنگیان لە کاروباری ناوەخۆی عەرەباندا گێڕاوە، لە وەتاق خستنەوەی هەردوو



رژێمی سوریا و میسرەوە بگرە تا کەمکردنەوەی باروبووی ئابووریی ولاّتانی کەنداوی فارس بۆ سوریا و لایەنگیریی کردنی عەرەفات دژی ئەسەد. هەروا ئیخوان و لقەکانی، لە هەر هۆکارو رێکخراوێکی تر زێتر، بەشدارییان لە بەئاگاهێنانەوەی ئیسلامی لەسەر ئاستی جەماوەر لە سەرانسەری جیهانی عەرەبدا کردووە. لە ٣٠ ساڵی رابردوودا، ئیخوان توانیویانە لە رێگەی کاری بانگەشەکاریی لەسەرەخۆ لە ناو جەرگە و گەرمەی قەیرانێکی تەشەنەسەندوودا، جەماوەرێکی فرەوان لە موسڵمانی بەئاگای سیاسی دروست بکەن.

٣- **پەروەردەکردن و ئامادەکردنی کادیری بەتوانا بۆ سەرکردایەتی:** وێدەچێ ئیخوان تەنانەت لە مەڵبەندە سەرەکییەکەیدا لە قاهیرە، "پێشەنگ"ێکی شۆڕشگێڕانەی پتەو و بەتوانای وەسای نەبێ کە لاسایی نموونەی "لێنینی" یان "خومەینی" لە رێکخستنی شۆڕشگێڕیدا پێ بکاتەوە. هەروا کەسایەتییەکی کاریزمایشی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیخوان رێکخستن و ئایدیۆلۆجیایەکی روونی هەیە- پێکهاتەیەك کە هەندێ حکوومەت ناتوانن شان لە شانی بدەن. لە ژینگەیەکی تایبەتی قەیراندا، دەکرێ بەم توانا و برستانە دەسەلاّت بگرێتە دەست لە ولاّتێکی عەرەبی یان زیاتر، یان بە لایەنی کەمەوە، بشێوی و ناسەقامگیری بە مەبەستی روخاندنی ئەو رژێمانەی سەر بە رۆژئاوان بنێتەوە. ئەگەر گریمان هۆکارو پاڵنەرەکانی قەیران لە واقیعدا هەبن، ئەوا دەمێنێتەوە ناسینی ئەو "پاڵنەرە"ی کە هێزێکی شۆڕشگێڕ دەخاتە سەر رێگای جموجول و بزاڤەوە.

## کارلێکەکانی ململانە

سەرهەڵدانی نەبەردخوازیی ئوسوڵی لە ئایندەدا، بەندە بە وەرچەرخان و رووداوی جۆراو جۆری ناوەکی و دەرەکییەوە، کە تەنیا دەکرێ بە شێوەیەکی ئیمپریکی "تجریبی"، هەندێکیان لێ بناسین. لەو سیناریۆ و کارلێك و پەرەسەندن و ئەگەرانەی کە دەکرێ کاردانەوەی فەندەمێنتالیستی راستەوخۆ یان دوور مەودایان لێ بکەوێتەوە، چوار رووداوی گرنگ لە رووی دەنگدانەوەیان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و جیهانی لەبەر چاو دەگرین:

### شەڕی عیراق– ئێران

ئەنجامی کۆتایی شەڕی نێوان عیراق– ئێران کاریگەرییەکی بەهێزو بنەڕەتی لەسەر گەشەکردنی ئیسلامی نەبەردخواز لە جیهانی عەرەبیدا لێ رەچاو دەکرێ. ئەگەر ئێران سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە وەدی بهێنێ، لەوانەیە گۆڕانکاریی رژێمی بەعس لە بەغدای لێ بکەوێتەوە و رژێمێکی بە رەنگ و روو شیعەگەری سەر بە ئێران بێتە سەرکار. ئەنجامێکی وەسا لەوانەیە فشاری زێتر بە ئاقاری گۆڕانکاریی شۆرشگێڕانە لە سعودی و وڵاتانی کەنداو دروست بکات. هەروا بێتەوە، وێڕای پێوەندیی دۆستانەی سوریا لەگەڵ ئێراندا، رژێمی سوریاش لە فشار و پاڵەپەستۆی ئیسلامیی ئێران قورتاری نابێت. سەرباری وەش بە سەرکەوتنی ئێران، کۆمەڵە شیعەگەرەکانی لبنان و وڵاتانی کەنداو رادیکالتر دەبن. لە کۆتاییدا، سەرکەوتنی فەندەمێنتالیزمی ئێرانی لەوانەیە ئیسلامگەرە سوونە مەزهەبەکان، چ نەبەردخوازەکان و چ ئەوانەش کە بڕوایان بە سیاسەتی هەنگاو بەهەنگاو هەیە هان بدا، کە لاسایی نموونەی شۆرشگێڕانەی ئێران بکەنەوە. لە واقیعدا، سەرکەوتنی ئێران، خەرمانەیەك لە پیرۆزیی دەسەلاتی خوایی بە دەوری شۆرشی ئیسلامیدا دەکێشێ و ئیدی نەبەردخوازان وەکو هێزێکی مەهدیگەرای بان سنووری هەرێمایەتی جیهانی عارەب، دەسەلاتێکی بێ سنوور پەیدا دەکەن.



### تێکشکانی عەرەبان لەبەرانبەر ئیسرائیلدا:

درێژبوونەوەی ماوەی بەرەنگاریی چەکدارانەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لەوانەیە سەرنجی نەبەردخوازیی ئیسلامی لە حکوومەتەکانی عەرەبەوە بگوازێتەوە بۆ سەر ئیسرائیل. فەندەمێنتالیستەکان، چ تاك تاك و چ وەکو کۆمەڵەی نەبەردخواز و پاسیف و ژێر زەمینی، هەمیشە هەڵوێستێکی توندیان لە بەرانبەر ئیسرائیل و ئایدیۆلۆجیای ئیسرائیلپارێزدا هەس. لەبەر رۆشنایی ئەم هەڵوێستە توندو پێگیرەدا، کۆمەڵە ئیسلامییەکان هەموو هەل و دەرفەتێك بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا دەقۆزنەوە، هەرچەندە بڕوایان وایە کە رژێمگەلی عەرەبی، بە رژێمی سوریاشەوە، گەرەکیان نییە بەرەنگاری دەوڵەتی جوولەکە ببنەوە. ئیدی ئەوان زۆربەی دەستەبژێری عەرەب وەکو "کرێگرتەی بێگانە" سەیر دەکەن، بەو مانایەی کە بارێکی هەمیشەیی ژێردەستەیی سەربازییان بەسەر گەلانی خۆیاندا سەپاندووە لەبەرانبەر ئیسرائیلدا. لەبەر رۆشنایی ئەم باکگراوندە بەرچاوە، هەر جۆرە سەرکەوتنێکی ئیسرائیل، بەسەر وڵاتێك یان زیاتری عارەبیدا، بەرهەڵستکارییەکی بازنە فراوانی دژی ئەمریکاو حکوومەتە عەرەبییەکانی سەر بە ئەمریکای لێ دەکەوێتەوە. بەسەرچاوەگرتن لە هزری باوی قەوارەی هێزەکان لە جیهانی عارەبیدا، وێ دەچێ توخمگەلی ئۆپۆزیسیۆن لەژێر ئاڵای ئیسلامی لە ناو هاوبەندییەکی پان و بەریندا دژی کاربەدەستان و چینە فەرمانڕواکان یەکبگرن.

### دەستپێشکەرییە سەربازی و سیاسییەکانی ئەمریکا

لەم ساڵانەی دواییدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەست و نەستی دژایەتی ئەمریکا لە ناو عەرەباندا زیادی کردووە. لەم دەیەی دواییدا، بیروڕای گشتیی عەرەب، هەرچی بەلاّ و خراپەیەك بەسەر ناوچەکەدا هاتووەو بێ، لە تێکشکانی

سەربازییەوە بگرە تا نوچدانی ئابووری، بە ملی ئەمریکای دادەبڕێ و بە هاوبەشی دەزانێ. بەڕەچاوکردنی ئەم باکگراوندە روونە، پێشوازی لە هیچ چەشنە مایەی خۆتێکردنی ئەمریکی ناکرێ، تاکە ناوازە رووبەڕووبوونەوەی پەلاماری راستەوخۆی سۆڤیەتە، لێ ئەم ئەگەرەی دوایی لە دیدی عەرەبانەوە دوورە رووبدات. لێ ئەگەری هەرە زۆر ئەوەیە، ئەمریکا کارێکی سەربازی بۆ قورتارکردنی رژێمێکی عەرەبی بەلاداهاتووی نابوود بکات. لەوانەیە دەستپێشکەرییەکی لەم جۆرە شوێنەوارێکی وای لێ بکەوێتەوە کە بزووتنەوەیەکی نەبەردخوازانەی فەندەمێنتالیستی لە ناو جەماوەردا بەدواوە بێت. تەنانەت لە باری سەرکەوتنی هەوڵێکی ئەمریکایی لەمجۆرەشدا، رێی تێ دەچێ ئەو بڕە شەرعییەتە لەرزۆکەی دەستەبژێری عەرەبی هەیەتی، ئەوەشی لە دەست بچێ. هۆکارێکی تریش هەیە، کە لەوانەیە کاردانەوەی خەباتکارانەی ئیسلامی لێ بکەوێتەوە، ئەو ژی ئەوەیە ئەمریکا دەستپێشکەرییەکی سیاسی سەرەکی بە قازانجی ئیسرائیل بکات، نموونەی هەرە خویاش ئەوەیە کە ئەمریکا بڕیار بدات سەفارەتخانەی خۆی بۆ قودس بگوازێتەوە.

## ناسەقامگیریی لە میسر

کۆمەڵێ پێوەری بابەتی میسریان کردووە بە دەوڵەتێکی بنچینەیی لە جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناڤیندا. لەباری "ستراتیجی" یەوە هیچ ئەلتەرناتیڤێك بۆ میسر نییە، واتە لە رووی پێگە و شوێنی جوگرافی– سیاسی، بنکەی هاوچەشنی دیمۆگرافیا، مەڵبەندیی کولتووری و توانای سەربازییەوە. هەروا میسر زێدی گەورەترین بزووتنەوەی ئیسلامییە لە جیهاندا، واتە "الاخوان المسلمين" و پەل و دەستە نەبەردخوازەکانی. هەر پلانێك سەبارەت بە سیناریۆیەکانی ململانە لە ژینگەی میسریدا دەبێ بە لایەنی کەمەوە ئەم شەش هۆکارەی گۆڕان لەبەرچاو بگرێ:



١– قەوارەی قەیرانی جڤاکی– ئابووری
٢– تواناو بڕستی دەستەبژێر.
٣– ئۆپۆزیسیۆن: ئیسلامییەکان و ناسرییەکان.
٤– کارایی دەستئاوێژەکانی داپلۆسین و رازیکردن.
٥– میکانیزم و سروشتی هۆکارە بزوێنەرەکان.
٦– باری دەروونیی جەماوەر.

## ژینگەی قەیران و توانای دەستەبژێر (١،٢)

گومان لە قەبەیی و گرانایی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی میسر نییە. گەشەکردنی چەندایەتی دانیشتوانیی میسر لە چوارچێوەی پانتایەکی دیاریکراوی توانای ئاکنجیبوون و دەگمەنیی سەرچاوەی داهاتەکان بەسن بۆ شلەژاندن و بێ بایەخکردنی هەوڵ و تەقەلای هەر سەرکردەیەك، هەرچەند بەرێزو داهێنەریش بێ. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەدای دەستەبژێری میسر هیچ جیاکارییەکی نییە، وێڕای دەسپێشکەرییە زۆر بەسوودەکانی سەرۆك موبارەك بە گشتی و، کەسایەتیی بەناوبانگی وی وەکو مرۆڤێکی سەرڕاست. بەپێچەوانەی وێناکردنە چەوتەکانی رۆژئاواوە، سیاسەتی "کرانەوەی ئابووری"ی سادات بووە هۆی دابەشینەوەی خراتری سەروەت و سامان. لەهەمانکاتدا، چاوەڕوانییەکانی جەماوەر لە قازانجی ئابووری لەسایەی وەرچەرخانی سادات بەرەو "رێگەچارەی ئاشتی ئەمریکایی" هیچیان لێ شین نەبوو. لەبەردەم ئەم ئاریشانەدا، توانا و وزەی دەستەبژێری میسری بێ فەڕ ومفا دێتە بەرچاو. هەرچی توانای نیزامی سیاسییە بۆ رازیکردنی خەڵك سنووردارەو چونکە نەدەکارێ چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆجی بەهێز، گەلاڵە بکات و نە پاڵنەرێکی ئابووریی تەواویشی لەبەردەست دایە.



PDF 4 KURD

## رایەڵکەی ئیسلامی– ناسری (٣)

لە دەیەی ١٩٧٠دا، دوو جۆر لە دیاریدەی ئیسلامی وەکو بەرسڤدانەوەی قەیرانی جڤاکی، هاتنە گۆڕێ:

١–زۆربوونی کۆمەڵەی ئیسلامی بە هەردوو جۆرە نەبەردخوازو ئارام و هێورەکەیەوە ٢–بڵاوبوونەوەی شێوە رەوتاری ئیسلامی لە ناو توێژێکی گەورەی خەڵکدا. بە زمانی ئایدیۆلۆجیا، لەدەسپێکدا، وا دەهاتە بەرچاو کە رۆحی ئیسلامی جێگەی ناسریزم–ی گرتووەتەوە، لێ لە کۆتایی حەفتاکاندا، ناسریزم و ئیسلامگەرێتی لەیەکدی نزیکبوونەوە و لە ئاکامی ئەوەدا تێکەڵەیەکی سەیرو سەمەرە و تایبەتی ئایدیۆلۆجی کە لەسەر ناڕازیبوون لە رژێم بنجی داکوتاوە، دروست بوو. لەکایەی هەراو هۆریای ینایری ١٩٧٧دا نیشانە سەرەتاییەکانی ئەم نزیکبوونەوەیە لەسەر ئاستی میللی وەدیار کەوتن. ئەم بەیکگەیشتن و هاریکاری کردنی یەکدییە لە نێوان ئەم دوو گردبوونەوە جەماوەرییەدا دەشێ بە هەق خەتەرێکی هێزەکی (بالقوە) بێ بۆ سەر دەستەبژێری حوکمڕان.

## میکانیزمی هۆکاری ئاژاوەنانەوە، بەرسڤەکانی دەوڵەت

### باری دەروونیی جەماوەر (٤،٥،٦)

وێڕای بوونی هۆکارەکانی قەیران لە کۆمەڵگەی میسردا، لێ ناکرێ پێشبینیی ئەوە بکرێ کە داخوا شێوەکانی ناڕەزایی کەی و چۆن رووبەڕووبوونەوەی راشکاوانەی رژێمیان لێ دەکەوێتەوە. کات و ساتی یاخیبوونی چەکدارانە بە هۆکاری کت و پڕ و لەناکاو، یان نەخشەبۆکێشراو و تایبەتمەندییەکانی خووخدەو باری دەروونیی گەل بەستراوەتەوە. دوا هۆکار (باری دەروونی)



بەهۆی سروشتی هێمنانەی میللی میسر زەحمەتە مەزەندە بکرێ. میسرییەکان – بەپێچەوانەی خەڵکی عەرەبی تر– پشودرێژن و حەزیان لە بزاوتی جەماوەری توندو تیژی سەرتاپاگر نییە. لە رەوش و باری دەگمەندا نەبێ، هەرگیز سەرانسەر رانەپەریوون وەکو ئاگرکەوتنەوەکەی ساڵی ١٩٥٢ی قاهیرە، دەست لەکارکێشانەوەی جەمال عەبدولناسر (١٩٦٧)، ناشتنی تەرمی ناسر (١٩٧٠)، هەراو هۆریای بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك دژی سادات (١٩٧٧). بەڵام داخوا جەماوەر دژی سەرۆك موبارەك دەبزوێ و رادەپەڕێ، یان "بنەمای فەرعونێتی" دیرۆکی میسر بەردەوام دەبێ ودەسەڵات دەوڵەت بۆ خۆی کۆنترۆڵ دەکات؟ بەرپابوون و کارایی بزووتنەوەیەکی یاخیگەرانەی چەکداریی بنکە میللی، پشت بە چەند هۆکارێکی بەیەکەوە گرێدراو دەبەستێ:

١– پلەی دووریی "گردبوونەوەی ناسری" لە رژێم. ئاشکرا نییە کە داخوا ناسرییەکان تا چەند لە سیاسەتگەلی ریفۆرمخوازانەی موبارەك و ژیاندنەوەی پاژەکیی کەلەپوری مێژوویی ناسر،رازین یان نا.

٢– پلەی تێکچوونی پێوەندیی نێوان موبارەك و "الاخوان" و گردبوونەوە ئیسلامییەکان، لە ئاکامی ئەو فشارانەی ئاڕاستەی کۆمەڵە ئوسولییەکان دەکرێن.

٣– پلەی ئامادەگی موبارەك و "حزبی نیشتمانیی دیموکراتی فەرمانڕەوا" بە دەرفەتدان بە کەناڵی دەستوریی ئازادیی رادەربڕین، بەتایبەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

٤– سەرهەڵدانی هۆکارێك کە پرۆسەی یاخیبوون و ئاژاوەی لێبکەوێتەوە. ئەم هۆکارە دەکرێ لە رێگەی گێچەڵکردنی حکوومەت بە ئیسلامییەکان و ئەوانی ترەوە رووبدا، یان لە رێگەی هۆکارێکی دەرەکییەوە کە کولتووری باڵادەستی کۆمەڵگە بخاتە ژێر پێوە، یان هەست و رای گشتیی خەڵك

بریندار بکات. بۆ نمونە لیستی ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی تەقینەوەو ڕاپەڕین بریتییە لە:

- گرت و برێکی بەرفراوان، یان داپلۆسین و ئەشکەنجەدان.
- بڕیارگەلێکی گرنگی ئابووری کە شوێنەواری نیگەتیڤیان لەسەر ژیانی ژمارەیەکی زۆری خەڵك هەبێ.
- شەڕێکی بەرفرەی نێوان عارەب و ئیسرائیل، کە سووك و چروك بوونی عەرەبی بەدوادا بێت.
- بزاوتێکی سەرەکیی – میلیتاری و سیاسیی ئەمریکا لە جیهانی عەرەبیو لەوانە مایەی خۆتێکردنی سەربازی.
- پەرەسەندنی پێکدادانی ناوخۆی نێوان گەل و پۆلیس لە ئاکامی بەربوونی ئاوەڕۆ، یان کەمی ئاو، یان خۆنیشاندانی قوتابیان، یان هەراسانکردنی کۆمەڵە ئاینیەکان لەلایەن دەسەلاَتەوە.

هەر یەك لەم هۆکارانەی سەرەوە لەوانەیە ببێتە مایەی نیگەرانی و هەراسانی گشتی لە ناوچەیەك یان چەند ناوچەیەکی شار و دواتر تەشەنە بکات و سەرتاپای قاهیرە، یان سەرجەم میسر بگرێتەوە. وێدەچێ حکوومەتی موبارەك هەستی بەم خەتەرە کردبێ و پێوەیە بەم سێ ڕێگایە خۆی لێ دەرباز بکات:

١- بەپەرۆشبوون کە سەرۆك و کاربەدەستانی تری دەوڵەت بە ڕووکارێکی سادە دەربکەون. هەروا دوورکەوتنەوە لە دەستپێشکەری سیاسی قەبارە مەزن چ لەسەر ئاستی ناوەخۆ و چ لەسەر ئاستی دەرەکی.



٢- پشتبەستن بە ڕێوشوێنی خۆپارێزانەی تەناهی دژ بە کۆمەڵە ئیسلامییەکان، لەهەمانکاتدا بەکارهێنانی زمانێکی "لەبار و لووس" بۆ ڕازیکردن و هێورکردنەوەی جەماوەر.

٣- تەنگەبەرکردنی ململانە لە ناوچەگەلێکی دیاریکراودا بەتایبەتی لە قاهیرە، لە ڕێگەی دابڕین و ئابلوقەدانی ناوچە شلۆق و نائارامەکان، گرتنی پردە سەرەکییەکان، قەدەخەکردنی هاتوچۆ بۆ ڕێگەگرتن لە جێبەجێکردنی هەر کارێکی هەماهەنگ لە سەرانسەری شاردا.

ئامانجی هێزەکانی ئاسایشی میسر ئەوەیە کە ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەو هەلومەرجە بگرن کە تەقینەوەکەی ینایری ١٩٧٧ ی لێ کەوتەوە.

دەبێ هەمیشە ئەوەش ڕەچاو بکرێ کە ئاژاوەو بشێویی بەردەوامی بازنە فراوان، توخمێکی بنەڕەتی هەر سیناریۆ و کارلێکێکی شۆرشگێرانەی خویایە. ڕووداوەکانی ١٩٧٧ نا لێهاتوویی هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەتیان نیشان دا لە کۆنترۆڵکردنی کاری بێ قانوونی و ڕووداوی میللی قەوارە گەورەی هەڵگەڕانەوە لە قانوون. لە هەلومەرجی وادا پەنا بۆ سوپا دەبردرێ تا ڕژێم ڕزگار بکات. بەلاَم لێوەکۆڵینی زانستی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەکارهێنانی سوپای نیزامی بۆ هێورکردنەوەی وڵات و کوژانەوەی ئاژاوەو بشێوی ناوەخۆ کارێکی چەند خەتەرە. کارێکی لەمبابەتە ناکامیی دەسەلاَتی مەدەنی دەردەخات و سۆنگەی ئەوەیە سوپا خۆی بە بەرجەستەی هەرە بالاَ و کارای نەتەوە و دوا دادوەر لە کاتی تەنگوچەلەمەدا بزانێ. لە میسرێ، بە هۆی بوونی سەمتی ئیسلامی و ناسری لە ناو تیپەکانی ئەفسەراندا، ئەم ئاریشەیە ئاڵۆزتر دەبێ و لەوانەیە هەندێ لە ئەفسەران دژایەتی ڕژێم بکەن و لە گەڵ کەسوکارە خۆنیشاندەرەکانی خۆیاندا هاوسۆزو هاودەرد بن. ئەفسەران لەسەردەمی ساداتدا بە ڕەسمیی لە سیاسەت دوور خرانەوەو تایبەتمەندییە ئایدیۆلۆجیی

خۆیان لە دەست دا. لەماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا، سوپا دەستی لە لایەنگریی ئایدیۆلۆجیی "پان–عەرەبیزم"ی خۆی هەڵگرت و دەورێکی نا دیارو تەماوی لە سیستەمی ئاسایشی عەرەب لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بەئەستۆوە گرت. ئەم سەمت گۆڕینە کت وپڕ و خێرایە، شوێنەواری بەکەڵك و دروستی لێ نەکەوتەوە. ئەم ئایدیۆلۆجیا نادیارو تەماوییانە، وێڕای ئاڕاستەی بەهێزی ئیسلامی و ناسری لە ناو ئەفسەر و دەرەجەداراندا، وا دەکەن پشت بە سوپای میسر وەکو میکانیزمێك بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوەخۆی وڵات، نەبەسترێ. خۆدزینەوەی هەندێ لە تاکەکانی هێزە چەکدارەکان لە رووبەرووبوونەوەو شەڕ لەگەڵ ئەو مەدەنییانەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێزو خزمایەتیان لەگەڵیاندا هەیە، ئەم دەرەنجامە دوپات دەکاتەوە. لە ئایندەدا هەرچەند سوپا وەکو هێزی پۆلیس بۆ رووبەرووبەوەی خەڵك بنێردرێ، ئەگەری روودانی کودەتا دژی حکوومەت زیاد دەبێت. ئەگەری ئەوە هەیە کودەتایەك بە وێنەی شۆرشی ناسری، ئەفسەرانی پلە ناوەندی ناسیۆنالیست و ئیسلامی بەیەکەوە بێنێتە حوکم و لە لایەن چەپی ناسری و کۆمەڵە ئیسلامییەکانەوە بە سەرکردایەتی "الاخوان" پشتەوانی لێ بکرێ. هەروا چەندین ئەگەری تر هەن کە لەوانەیە سوپا بۆ رێگەگرتن لە ئاژاوە و بێ و سەروبەری، کودەتا بکات و دەسەڵات بگرێتە دەست، یان ئەفسەرە ئیسلامییەکان بەپلەی سەرەکی کودەتایەکی سەربازی ساز بکەن. هاتنەسەرکاری رژێمێکی شۆرشگێڕانەی ئوسوڵی لە میسر دەبێتە گەورەترین دەسکەوت بۆ رێکخراوی ئیسلامی بان وڵاتان. ئیدی ئەو دەمە میسر کە رۆژێك لە رۆژان بە "دەوڵەتی کاکلە" و ناوپشتەی بزووتنەوەی "پان–عەرەبیزم"ی عەبدولناسر دادەنرا، دەبێتە مەڵبەندیی سەرەکیی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیو ئیدی شوێنەوارێکی لە ژمار نەهاتووی بۆ سەر رۆژهەڵاتی ناڤین و رۆژئاوا و یەکێتیی سۆڤیەت دەبێ.



### فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و بەرژەوەندەکانی ئەمریکا

سەرهەڵدانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی وەکو دیاریدەیەکی بان نەتەوەیی، ئەمریکا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی، رووبەرووی کێشەیەکی جیدی کردووەتەوە. بەرسڤ و کاردانەوەی ئەمریکایی لەبەرانبەر فەندەمێنتالیزم، بەتایبەتی لە ناوچەی عەرەبیدا، لە تێگەیشتنێکی راست و دروستی باوەڕو رۆحی ئیسلامییەوە نەهاتووە و ئەمە کارە دەبێ سیاسەتێکی ژیرانەی بۆ بکێشرێ و لە پراکتیکدا پێڕەو بکرێ. لەوانەیە ئەم تێگەیشتنە نادروستە، هەروەکو لە ئێران و لە لوبنان بینرا، بۆ بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیجییەکانی ئەمریکا، زیانبار بێ و بە گران بکەوێت.

لە دیدو تێڕوانینی ئوسوڵییانەوە، سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا، هەندێ بنەمای جێگیری وەسای هەن کە ئەم وڵاتە بەرەنگاری بزووتنەوەی ئیسلامی دەکەنەوە. ئەم تایبەتمەندییانەی سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا بریتین لە:

١– پشتەوانیکردنی ئەو رژێمگەلە عەرەبییە سەروسەکوت عەلمانییانەی کە سەمتێکی پرو–ئەمریکاییان هەیە.

٢– پشتەوانیکردنی بەڕاستی و بێ مەرجی ئیسرائیل. ئەمەش وایکردووە عەرەب لە رووی سەربازییەوە لاواز و ژێردەستە بن. بوونی سەربازیی ئەمریکایی–یش لە ژمارەیەك وڵاتی عەرەبیدا ئەم لاوازییەی زێتر کردووە.

٣– پێداگرتن و پێڕەوکردنی سیاسەتگەلێکی تایبەتی ئابووری کە دابەشینەوەی داهاتی لە وڵاتانی عەرەب خراپتر کردووە.

٤– بڵاوبوونەوەی بەهاگەل و شێوە ژیان و کولتووری رۆژئاوایی– ئەمریکایی نامۆ بە ئیسلام.

هیچ ئەگەرێکی نزیك دیار نییە کە داخوا گۆڕان و ریفۆرم بەسەر بیروباوەڕە ئیسلامییەکانی پێشوو دا دێ یان نا. بەم پێیە، مەنتیقی واقیع وا دەخوازێ لە نێوان بەرژەوەندەکانی ئەمریکا و ئامانجگەلی ئیسلامیدا، ململاتەو ناکۆکیی درێژخایەن، بەردەوام ببێ. لەڕاستیدا، لەباری تیورییەوە ناکرێ ئەم دووانە بەیەکەوە هەڵبکەن. لێ لە بازنەی سیاسەتی کردەنیدا، دەشێ لە هەندێ رووەوە ئەم دووانە بەیەکەوە بسازێن، تەنانەت بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ناوچەو چاوگێڕانەوەو ریفۆرم و ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر سیاسەتی ئەمریکادا دێن، هاریکاریەکی سنووورداری یەکتریش بکەن. لەراستیدا، رووداني هەندێ ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سیاسەتی ئەمریکا لەوانەیە لە جۆش و خرۆشی ئیسلامی کەم بکاتەوە و زەوینەش بۆ هاریکارییەکی شیاو لەگەڵ توخمە میانەڕۆی ئیسلامی یان نەتەوەیی خۆش بکات. هەنوکە ئەمریکا وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکیی هۆکاری دەرەکی و ناوەکیی کە کاردانەوە و بەرسڤی ئوسولیان لێبکەوێتەوە، لە قەڵەم دەدرێ. دەرەئەنجام، وا دەخوازێ ئەمریکا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندە زیندووەکانی خۆی لە ژینگەی عەرەبی– ئیسلامیدا، دوو هێڵی سیاسی بۆ بەرسڤدانەوەی فەندەمێنتالیزم بگرێتەبەر:

١– چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانەی عەرەب– ئیسرائیل، کە زەوینە بۆ دامەزرانی قەوارەیەکی فەلەستینیخۆش بکات لە گەڵ بوونێکی ئاشکرای ئیسلامیی لە شوێنە پیرۆزەکانی قودس دا.

٢– ئەمریکا بە روونی هانی ریفۆرمگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی بدات بە تایبەتی لەو وڵاتانەی لە بازنەو فەلەکی ئەودا دەخولێنەوە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی باڵاتری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

وەدیهێنانی پێشڤەچوونێکی بەرچاو لەم دوو رەهەندەی سیاسەت تا رادەیەکی زۆر، شەرعیەتی دەستەبژێری لایەنگری ئەمریکا بەهێز دەکات و بەم شێوەیە



دوو هۆ و پاڵنەری گرنگ کە بەرسڤی ئوسولیانەیان لێ دەکەوێتەوە، لەنێودەچن. لەوانەیە لە ئاکامدا ژینگەی قەیران بەشێوەیەکی وەتۆ چاك ببێ کە نوێنەرو توخمە هەرە توندڕەوەکانی ناو فەندەمێنتالیزم بێ لایەن و خاو بکاتەوە و کەشوهەوایەکی لەباریش بۆ سەرهەڵدانی دەستەبژێرێکی ریفۆرمخواز ساز ببێت.

## پێوەندیی ئەمریکا و رژێمە لایەنگرەکانی

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ناتەباییە گەورەیەی لە نێوان رژێمە عەرەبییەکاندا هەیە، دارشتنی هێڵێکی پان بۆ سیاسەتی ئەمریکا کە بەیەك شێوە بەسەر هەمووواندا پێڕەو بکرێ، کارێکی کەس نەکردەیە. لێ دەکرێ پێشنیار بکەین کە شێوەیەکی نەرمی رەوتارو هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو حکوومەتانەی کە لایەنگری ئەمریکان، گەڵاڵە بکرێ کە لە ئایندەدا ئەنجام و بەرهەمی بەسوودو هاندەری لێ بکەوێتەوە. دەکرێ ئەم سیاسەتە بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە:

١– دەبێ ئەمریکا فشار نەخاتە سەر ئەو حکوومەتە عەرەبە دۆستانەی خۆی (وەکو ئەردەن و سعودیەو میسر) بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە پرۆسەگەلی هەستیاری سیاسیی پڕ ریسکی ئاشتەواییکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا. لەبەر رۆشنایی هەقیقەتی ئیسلامگەرایی، هەر جۆرە پرۆسەیەکی ئاشتەوایی، کە بە دامەزرانی قەوارەیەکی فەلەستینی و بوونێکی ئیسلامی لە قودس کۆتایی نێت، لە باری سیاسییەوە بۆ هەموو دەستەبژێری فەرمانڕەوای عەرەب، بەتایبەتی دەستەبژێرە دۆستەکانی ئەمریکا، پرۆسەیەکی پڕ خەتەرە.

٢– ئەمریکا هەندە داهات و سەرچاوەو توانایەی نییە، یەکە یەکەی رژێمە عەرەبییەکانی لایەنگری خۆی لە نەیارە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان لە



PDF 4 KURD

گەرمەی بارو هەلومەرجی شۆرشگێرانەدا بپارێزێ. هەروا هەڵگێڕانەوەی پرۆسەیەکی شۆرشگێرانەی وەجولەکەوتووش، کارێکی کەس نەکردەیە. پاشان دەبێ هەر کۆشش و تەقەلایەکی خۆپارێزانەی ئەمریکایی، ماوەیەکی تەواو بەر لە تەقینەوەی باری شۆرشگێری، دەستی پێ بکرێ. سەرباری یارمەتی ئیستخباراتی و چەك و چۆڵ و شارەزایی رێکخراوەیی ئەم رژێمانە، ئەمریکا، بێ لە کارکردن بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمگەلی ئابووری و سیاسی لەم ولأتانەدا، هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تری نییە. پاشان باروبووی ئەمریکایی زۆر کەم بە کەڵکی ئەو رژێمانە دێ کە حەزیان لێ نییە دادپەروەریی کۆمەلأیەتی بێتە دی. باروبووی سەخاوەتمەندانەی ئەمریکا بە ولأتانێکی لەبابەتی میسر، نابێ بۆ پەرەپێدانی ململانەی چینەکان و خراپ دابەشینەوەی سەروەت و سامان بەکار بێت.

٣- بەپێی ئەزموونی رابردوو، کنەکردن و نفووزی لەرادەبەدەری ئابووری، کولتووری و سەربازی لە مەودای درێژخایەندا زەرەرو زیانی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەبووە. سیاسەتگەلێکی لەمبابەتە، لەو کۆمەڵگە ئیسلامییانەی کە لەبەرانبەر شێوەکانی نفووزی دەرەکی و بێگانەدا زیاد لەپێویست حەساسیەتیان هەیە، وەزیفەو فەرمانی خۆیان بەجێ ناگەیەنن. بە گشتی بوونی تیمی گەورە- گەورە و ئاشکرای دیپلۆماتکار و تەکنیکار و سەربازی، بەزۆری بێزاری میللییان لێ کەوتووەتەوە.



**ئەلتەرناتیڤی ئیسلامی:**

**شیکردنەوەیەکی رەخنەگرانە**

فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، لە دوا مەنتیقی خۆیدا، چەمکی "دەوڵەتی نەتەوەیی Nation state" ی مۆدێرن و نموونەگەلی ئەم دەوڵەتە لە ژینگەی ئیسلامی عەرەبیدا، رەتدەکاتەوە. مەیدانخوازیی ئیسلامی هەر لە ولأتانی عەرەبی دا نییە و سیستەمی "دەوڵەتی نەتەوەیی"ی مۆدێرن بەگشتی و بەتەواوی لەبەر یەکهەڵدەوشێنێتەوە، چونکە ئیسلامی ئوسوڵی دان بە سنوورو تخوبی نەتەوەیی دانانێت. لە ژینگەی قەیرانی ئێستای کۆمەلأیەتیی سیاسیدا، ئەلتەرناتیڤی ئیسلامی- بەشەوق و شوری ئەخلاقی و نەبەردخوازیی سیاسیی خۆیەوە- متمانە و بەهای بۆ خۆی پەیدا کردووە. لە ماوەیەکی کورتدا، واتە نزیکەی (٥) مانگێك، لە ئوکتۆبەری ١٩٨٣-ەوە تا فبرایەری ١٩٨٤، فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە رێگەی شێوەی جیا-جیای کاری سیاسییەوە بوونی خۆی لە لبنان و کوێت و تونس و مەغریب سەلماند. لەهەموو ئەم ولأتانەدا، مەیدانخوازیی ئیسلامی روون و خویا بووە. لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆرێ: ئایا ئەلتەرناتیڤی ئیسلامی شایانی جێبەجێکردنە؟.

بەلایەنی کەمەوە، رابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ، چوار لایەن وتایبەتمەندیی وەزیفی هەیە:

١- میکانیزمێکی رۆحییە بۆ دوورکەوتنەوە لە نامۆیی.

٢- ئایدیۆلۆجیایەکی نارەزایی دەربڕینە دژی ستەمی کۆمەلأیەتی و سیاسی.

٣- ئایدیۆلۆجیایەکە بۆ گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە.

٤- بنەمایەکی ئایدیۆلۆجییە بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسی و نیزامێکی ئیسلامی. وێدەچێ ئەلتەرناتیڤی ئیسلامی لەم بوارو کایە وەزیفیانەدا، بە پلەی جیا-جیا

بێتە جێبەجێ کردن. ئاشکرایە، فەندەمێنتالیزم لەوەدا سەرکەوتوو بووە کە هەستێکی قوڵی دڵبەستەگی و برایەتیی لە نێوان ملیۆنان موسڵمانی بێبەش و نامۆدا دروست بکا. لەڕاستیدا، پەیامی رۆحیی ئیسلام، پێوەندیی بەهێزی کۆمەڵایەتی و ئاکارەکی و لەباری خۆی بە ژیانی مۆدێرن پاراستووە. هەروا بەهەمان ئەندازە دەوری فەندەمێنتالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی ناڕەزایی دەربڕین دژی حکوومەتێکی سەرەڕۆ و ستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەبایەخ و گرنگە. لەسەرینی نەبوونی کەناڵگەلی تری ئایدیۆلۆجی و رەسمیی ئۆپۆزیسیۆن، فەندەمێنتالیزم، دەستاوێژێکی ئولەکی پەسندکراوی بۆ دەربڕینی ستەم و ناڕەزایی خەڵك، رەخساندووە. بەهەرحاڵ، نارازیی کۆمەڵایەتی لە زۆر وڵاتی عەرەبی و ئیسلامیدا، داپڵۆسین و بەرەو ژوور هەڵکشانی ململانەی سیاسی لێ کەوتووەتەوە. لە هەلومەرجی لەم بابەتەدا نارازیبوون دەبێتە شۆرش، چونکە جەماوەری تووڕەو بێزار بە دوای میکانیزمێکدا دەگەڕێ کە سەمت و بۆچوونی شۆرشگێڕانەی خۆی لە بەرانبەر دەسەڵاتی حوکمڕان پێ دەربڕێ و ئا لێرەوە فەندەمێنتالیزمی وەکو ئایدیۆلۆجیایەك بۆ بزواندن و سازدانی جەماوەر کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لێ داخوا ئیسلامی نەبەردخواز لە هەلومەرجی نوێدا بە میکانیزمێکی کارای شۆرش دەژمێردرێ ؟ وەڵامەکە بە ئەرێیە بە گوێرەی سەرکەوتن و باڵادەستیی هێزی ئیسلامی لە ئێران. بەڵام زۆربەی وڵاتانی عەرەب، بە زۆرینە سوننە مەزەبەکانیانەوە و بەپێی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان، لەوانەیە دژی دوبارەبوونەوەی شۆرشی ئێران بوەستنەوە. هۆکارێکی گرنگ و ئاشکرا هەیە، ئەویش نەبوونی پێشەنگێکی گەورەی رۆحانی تەواو سەرو سەمت سیاسی و رادیکالە کە دەسەڵات و قورساییەکی مەزنی ئایینی — سیاسی و ئەخلاقییان هەبێ. لەڕاستیدا، زانایە سوننە مەزەبەکان بە گشتی هەندەی هاوشێوە شیعە مەزەبەکانیان نفووزی ئەخلاقی و سیاسییان نییە و لەهەمانکاتدا دەسەڵاتی شەرعی پراکتیزەکردنی "ئیجتیهاد"یشیان نییە.



لەوەش خویاتر، زانایانی سوننە مەزەب هەندەی زانا شیعە مەزەبەکان لە چوارچێوەی تۆڕێکی رێکخراوەیی هەرەمیدا تەباو تفاق نین. لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی بەڵگەی بەردەست زانایە سوننە مەزەبەکانیش لە رادیکالبوون و چوونە ناو رێکخستن بێ بەری نین. ئەمە لە سوریا و بە پلەیەکی کەمتریش لە میسر و ئەردەن و وڵاتانی باکوری ئەفریقیادا دەبیندرێ. زانا سوننە مەزەبەکانی سوریا دەورێکی دیار و بەرچاویان لە سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەبووە. لە میسریش زۆر لە وەعزخوێنە بەناوبانگەکانی وەك شێخ مەحلاوی و حافز سەلامە و یوسف بەدری و عەبدولحەمید کوشك و ئادەم ساڵح و عەبدوڵڵا سەماوی لە رەوت و بزووتنەوەی ئوسوڵی هالاون [152]. سەرباری ئەمە، بە نەریتیکردنەوەی تازەی کۆمەڵگە لەم دواییانەدا لەرێگەی ژیاندنەوەی سوننەت و شێوە ژیانی ئیسلامی و، بێکاریی روو لە زیاد، وایان کردووە قوتابیان بە لێشاو و بەشەوقێکی زۆرەوە خەریکی لێوەکۆڵینی ئایینی بن. ئیدی لە ئاکامی ئەوەدا، چاوەڕێ دەکرێ هەروەکو ئێران، چینێکی گەورە و بلاوی کۆمەڵایەتی پەیدا ببێ کە بە کاروباری ئایینەوە خەریك بن و مەیدانخوازییەکی درێژخایەنی ئیسلامی دژی دەسەڵاتی سیاسی، توند ببێ.

بەم حاڵەشەوە، بزووتنەوەی هاوچەرخی فەندەمێنتالیستی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا دوچاری دابەشبوون بووە. جیاوازیی لە ئایدیۆلۆجیا و تاکتیکەکاندا، کە لە ململانەی نێوان سەرکردەکان کەمتر نین، هەمیشە لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی کۆمەڵە ئیسلامییەکانیان زێتر کردووە. لە ئاکامی راڤەو لێکدانەوەی ناتەبا بۆ پەیامی ئەسڵیی ئیسلام و، هەروا ئەو جیاوازیانەش کە لە پێگە کۆمەڵایەتییەکانی کۆڕو کۆمەڵەی ئیسلامی جۆربەجۆر و پێشەواکانیان

[152] نبيل عبد الهادي، الاسلام والاعلام المصري، الجهاد (طهران، ١٩٨٢/١٢/٣١)، ص٢٠

سەرچاوە هەڵدەگرن، ململانەی ئایدیۆلۆجی پەیدا بووە[153]. دیارە قازانج و بەرژەوەندیی فەندەمێنتالیزمی چینی ناوەنجیی شارنشین لەوە دایە، باری داخوراوی کۆمەلأیەتی و ئابووری خۆی چا بکاتەوە و ئیدی لەمەوە تێدەگەین کە لەبەر چ سەمتی چینی ناوەنجیی شارنشین بە ئاراستەی لایەنگریکردنی خەتی گشتیی فەندەمێنتالیزمی ئیخوان و لقەکانی دادەشکێتەوە. بەپێچەوانەوە، دەبینین ئیسلامچێتیی چینی ناوەند–خوارێی گوندنشین و رایەڵکە تازەکانی لە شاراندا، سادەو ساویلکەیی گوند، ریزپەڕی، گەڕان بە دوای "مەهدی"رزگارکەر و پەڕگیریی شۆرشگێڕانەی پێوە دیارە. لەوانەیە سەمت و ئاڕاستەی شۆرشگێڕانەی زیاد لە پێویستی ئەم چینە، بەبەراورد لەگەڵ چینی ناوەنجیی شارنشیندا، سەرچاوە لە هەستی قوڵی ئەم چینە بە بێبەشی رێژەیی و هەستکردنێکی توند بە تێداچوونی پێناسەی کۆمەلأیەتی و دەروونیی هاوبەند بە پرۆسەی بەشاری بوون، هەڵبگرێ.

هۆکارەکانی پەرت و بلأوی و جیاوازی لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا، شانبەشانی ترس و خۆف لە پۆلیس، رێگەیان نەداوە ئەو "پێشەنگە بڕوادارە" شۆرشگێڕەی کە سەیید قوتب جاڕی بۆ دەدا، دروست ببێ. لەباری نەبوونی رێکخستنێکی پێشڕەودا، بەزۆری تای تەرازوو لە ململانەی ناچاری نێوان کۆمەڵە فەندەمێنتالیستەکان و دەوڵەتدا بە قازانجی دەوڵەت لەنگ دەبێت، بە لایەنی کەمەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا. زۆربەی ولأتانی عەرەب و ئیسلامی، وێڕای ئاستی بەرەوژێری شەرعییەت، بەرواڵەت هێشتا دەکارن هێزی داپڵۆسێنەرانە سازو ئامادە بکەن و پشتگیریی بۆ زاڵبوون بەسەر هەڕەشەی فەندەمێنتالیستیدا وەدەست بێنن. دەزگای دەوڵەت پشت ئەستوور بە

[153] لە پێناو میتودێکی هاوشێوەی پشتئەستوور بە دیراسەی جلنەر و ئەوانی دی بڕوانە:
Michael M. J. Fisher, Islam  and the Revolt of the Petit Bourgeoisie, Daedalus (Winter 1982) p.110-120



تەکنەلۆجیای نوێباو، هەمیشە بالأدەستی خۆی پاراستووە و بە تاکتیکی خۆی و بە زۆر پشتگیریی ئەو چینە عەلمانی و کەمینە و بازرگانانەی لە ئاژاوەی سیاسی و ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ئیسلامییەکان هەراسان دەبن و دەترسێن، وەدەست بێنێت.

ئەم هەلومەرج و رەوش و تێکەڵ پێکەڵییەی سەرەوە لەوانەیە بەرپابوونی شۆرشێکی ئیسلامیی میللی بە شێوەی ئێران لە ژینگەی عەرەبیدا، لەبار ببات.. لێ دەشێ ئەو ئاریشە کۆمەلأیەتی و ئابوورییانەی بەرۆکی ولأتانی عەرەبی و ئیسلامییان گرتووە لە ئاکامی کەمبوونەوەی داهاتی نەوت، وشکە ساڵی و قاتوقڕی لە باکووری ئەفریقیا و گەشەی کۆنترۆڵ نەکراوی دیموگرافیا، زێدە ببن. ئیدی مەرج نییە هێزو دەسەلأتی دەزگای دەوڵەتیش خۆی لەبەرانبەر ئەم ئاریشانەدا بگرێ. لەبەر رۆشنایی ئاڕاستە و درێژەکێشانی هەلومەرجەکانی قەیران، رابوونی ئێستای ئیسلامی سیاسی تەنیا دیاریدەیەکی کاتەکی و بزووتنەوەیەکی بە کەف و کوڵی شۆڕشگێرانەی وا نابێت کە دەزگاکانی دەوڵەت بکارن سەرومڕ تێکی بشکێنن و لەناوی ببەن[154]. لەراستیدا تا هەلومەرجی قەیران لە ئارادا بێت و کۆمەڵە "بڕوادارێکی جیدی و سەرڕاست"یش ئامادەبن "لە رێگەی خوادا" بۆ دامەزراندنی فەرمانڕەوایی خوا لەسەر زەوی، قوربانی بە خۆیان بدەن، ئەوا نەبەردخوازیی ئیسلامی–یش بەردەوام دەمێنێ. بەم پێیە، شێوازو میتۆدی لێوەکۆڵینی رۆژئاوایی و مارکسیانەی دیاریدەی فەندەمێنتالیزم لە روانگەیەکی کۆمەلأیەتی — ئابوورییەوە، لەباشترین باردا تەنیا بەرسڤی بەشێکی پرسیارەکان دەداتەوە. لێ ئاقیدەو بڕوای تەواو و پابەندبوونی رەهای کەسانێکی وەکو: بەننا، قوتب،

[154] سەبارەت بە بەردەوامیی بوژانەوەگەری وەکو دەربڕێکی کولتووری، بڕوانە:
Ira M. Lapidus, Contemperory Islamic Movements in Historical Perspective (Berkeley: University of California Press, 1983), pp.62-63

باقر سەدر و ئایەتوڵڵا خومەینی بە ئارمانج و ئایدیالەکانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، ناکرێ تەنیا بەگەڕان بە دوای رەگ و ریشەی چینایەتیی ئەوان راڤە بکرێ. مەیدانخوازیی رۆحییانەی ئیسلامییەکان لەبنەڕەتدا لە بەرژەوەندە ماددییەکانی ئەم یان ئەو چینی تایبەت، یان بەرژەوەندو قازانجی ئەم یان ئەو کەس سەرچاوە هەڵناگرێ، بەڵکە رەگ و ریشەی دەچێتەوە سەر ئەو بڕوا تەواو و رەهایەی ئەوان کە خۆیان بە دەستاوێژێکی وەدیهێنانی ئیرادە و ویستی خوا لە قەڵەم دەدەن. ئا لێرەدا شکۆی ئەخلاقی و شنگ و بڕستی سیاسی– رۆحیی داخوازیی فەندەمێنتالیستەکان بۆ دەسەڵات وەرگرتن دەسەڵات خۆ دەنوێنێ.

هیچ دەوڵەتێك لە جیهانی عەرەبی یان ئیسلامیدا –ئێرانی لێ بترازێ– ناتوانێ لافی ئەوە لێ بدا کە شەرعیەتی وی بناخەیەکی ئایینی (خوایی) هەیە. مادام لەم کەشوهەوای ئێستای قەیراندا، لاف و گەزافی ئیسلامییەکان سەرنجی جەماوەر رادەکێشێ، ئیدی رەنگە دەزگای دەوڵەت نەتوانێ بەشێوەیەکی کارا ببێتە رێگر و کۆسپ لەبەردەم فەندەمێنتالیزمدا. لەم بشێوی و بێ قانوونییە بەربڵاو و درێژخایەنەدا، تیپێکی سوپا بە ئاسانی دەتوانێ بگاتە دەسەڵات و دەوڵەتێکی ئیسلامی بە پشتەوانی رێکخراوگەلی فەندەمێنتالیستی دابمەزرێنێ. هەروابێتەوە، لەوانەیە دەستەبژێری داڕووخاوی حوکمڕانیش، لەژێر فشاری کۆڕو کۆمەڵە بەهێزە ئیسلامییەکاندا، هێدی هێدی فەندەمێنتالیزم پەسند بکات.

لەگەڵ ئەمەشدا، هاتنەسەرکاری ئیسلامییەکان لە وڵاتێکی عەرەبیدا، بە مانای دامەزرانێکی سەرکەوتووانەی کۆمەڵگەیەکی سیاسی وەسا نایەت کە توانای مانەوەو گەشەکردنی بەردەوامی هەبێ. نموونەی ئێران ئاریشەگەلێکی چەند لایەنەمان بۆ وێنا دەکات کە بۆ چارەسەر کردنیان، وەرچەرخانی شۆرش بۆ دەوڵەتێکی جێگیر پێویستە. لە چوارچێوەی فەندەمێنتالیستی سوننەگەردا، جیاوازی و ناکۆکی و کێشە لەسەر پرەنسیپ و سیاسەتەکان، ئاریشەو کۆسپی گەورەیان لە بەردەم ئەرکی گۆڕینی تیوریی سیاسی بۆ سیاسەتگەلێکی عەمەلی



دروست کردووە. ئەرکی پڕکردنەوەی ئەم کەلێن و درزەی نێوان پرەنسیپی ئیسلامی و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ، وا لە رۆشنبیرو فەقیهە داهێنەرەکان دەخوازێ "ئیجتیهاد"ێکی کاریگەرو بەهێز بکەن. هەنوکە ناکرێ بەڕەهاو دڵنیایی تەواوەوە بوترێ کە پێشەوا و تیوریسینە ئیسلامییەکان لە ئایندەدا دەکارن بەسەر ئاڵۆزی و پاڵۆزییەکانی ئاریشەگەلی گەشەکردن و ئابووریدا زاڵ ببن و مافە بنەڕەتییە مرۆییەکانی سەرجەم موسڵمانان و ناموسڵمانان بە یەکسانی رەچاو بکەن. لە راستیدا نەرێتی ئیسلامی، وەکو هەر ئایدیۆلۆجیایەکی ئایینی و سیاسیی تر، هەم زەوینەی بۆ بەرقەراری دیموکراسی و هەم بۆ فەرمانڕەوایی تاکە کەسی سەرەڕۆ هەیە. دوا کۆنترۆڵ بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئایندە لەسەر زەوی، بەدەست ئەو موسڵمانە لە خواترسەیە کە بتوانێ پرەنسیپە هەرە رەسەنەکانی باوەڕی خۆی بە لێبوردەیی و بەبێ فیز بخاتە واری کردەنییەوە.

### شێوەی ژمارە ٦

### پێشبینییەکانی ژینگە

